سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

# ریشە و بنچینەکانی توندوتیژیی ئایینی

چاپی یەکەم

٢٠٠٧

# ریشە و بنچینەکانی توندوتیژیی ئایینی

نوسینی

**سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی**

◆◈◆

**تایپ و هەڵەبڕی و دیزاین و بەرگ: نوسەر**

◆◈◆

**چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧**

◆◈◆

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**هەمو مافێکی پارێزراوە بۆ نوسەر**

# وتەیەک

خوێنەری ئازیز!

ئـەم لێکۆڵینەوەیـەی بەردەسـتت، کـە وزەیـەکی زانسـتی و هونـەریی زۆری تێـدا بەکارهاتوە، ساڵێك زیاترە تەواو بوە و تایپ کراوە و ئامادەی چاپە، بـەڵام ئێسـتە دەگاتـە بەر دەستی خوێنەرانی.. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرەتا لە (سەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجیی کوردستان) پێشکەشم کردوە و لەوێ چاپکردنی کتێبەکە زۆر دواکـەوت، دواتـر ناردم بۆ سەنتەری توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی (موکریانی) لە هەولێر، لـەوێش نزیکـەی (٥) مانگ سەرقاڵیان کردم بە کێشەی فۆنت و دیزاین و چاوەڕێکردنی ئەنجامی هەڵسـەنگاندنی کەسی شارەزا «خبیر» (!) ەوە، تا لە کۆتاییدا بە بڕیارێکی سیاسی (کە باڵادەسـتە بەسـەر بڕیاری زانستی و ڕۆشـنبیریدا) پـڕۆژەی چـاپکردنەکەیان ڕەت کـردەوە و ریسـەکەیان لـێ کردمەوە بە خوری، ئەوەش بە بەهانەی ئـەوەی کـە لێکۆڵینەوەکـە کێشـەیان بـۆ دروسـت دەکات و ڕەنگە جەماوەرێکی ئایینداریان لـێ هان بدات، بە تایبەتی لـە شـاری (هـەولێر) ئەو شارەی کە مامەڵەکردن لەگـەڵ ئـایین و ئاییـندارەکانی هەسـتیاریەکی زۆری تێدایـە و چیرۆکی پڕ سەیروسەمەرەیشی هەیە.. من ئەمەم دەزانی، بەڵام ئەوەی پێشـبینیم نـەدەکرد ئەوە بو لە شاری (سلێمانی) یش ژمارەی سپاردنیان بە لێکۆڵینەوەکە نەبەخشی چونکە بـە پێی بۆچون و هەڵسەنگاندنی شارەزا «خبیر» یکی تر(!)[1] لێکۆڵینەوەکە بـۆ بڵاوکردنـەوە ناشێت و لە بەرژەوەندی و ئاسایشـی بەڕێوەبەرایـەتیی چـاپ و بڵاوکردنـەوە نیـە ژمـارەی سپاردنی بدرێتێ[2].. ئامانجی منیش لە وەرگرتنی ژمـارەی سـپاردن تـەنها ئـەوە بـو کـە کارێکی نایاسایی نەکەم، بەڵام لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو دڵنیایان کردمـەوە کـە ژمـارەی سپاردن مەرجێکی زۆر گرنگ نیە و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بەبێ ژمارەی سپاردنیش توشی هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی نابێت، بەم شێوەیە ڕێگایەکیان بۆ دانام و منیش لەسەر ئـەو ڕێنومایییە سوپاسم کردن! بۆیە خوێنەر سەرنج دەدات ئەم کتێبە ژمارەی سـپاردنی لەسـەر نیە، هەر بۆیە ناوی دەزگـا و چاپخانەیشـی لەسـەر نیـە! هـەروەکو ئـەوەی لـە ئورۆپـای

---

[1] بۆیە ئیتر من رقم لە وشەی (خەبیر) دەبێتەوە!

[2] ئەمە لە کاتێکدا ئەو نامیلکە سەلەفیانەی کە شوێنی ڕاستەقینەی بڵاوکردنەوەیان سەعودیەیە نەك کوردستان ئەوانە زۆر بە ئاسانی ژمارەی سپاردن وەردەگرن و هیچ کێشەیەکیان نیە و بە بڕوای خەبیرەکان هیچ زیانێکیان بۆ کولتوری ئێمە نیە.

سەدەکانی ناوەڕاست و لە سەردەمی دادگاکانی پشکنیندا بڵاو بوبێتەوە و نوسەرەکەی لەگەڵ (لوسیفەر) دا دەستی تێکەڵ کردبێت!

بەڵام ئاشکرایە کە بە گشتی توێژینەوەی رەخنەیی لەسەر بیری ئایینی بە هۆی کاری هەندێك کۆلکە خوێندەوارەوە ناشیرین بوە و (مەشبوهـ) بوە.. واتە لە دوای کێشەی چەند کتێبێکی وەکو (سێکس و شەرع و ژن) ـەوە، کە کۆمەڵێك حیکایەتی سێکسیە و نوسەرەکەی بە زمانێکی وروژێنەر و نازانستی لە کۆمەڵێك دەق و کتێبی کۆنەوە بەبێ ساخکردنەوە و توێژینەوەیان بە میتۆدێکی زانستی کۆی کردونەتەوە و بۆ وروژاندنی رای گشتی بڵاوی کردونەتەوە، ئەمەش واتە ویژدانی رەشەخەڵك دەوروژێنێت بە پشتبەستن بە هەمان میکانیزمەکانی ئیشکردنی عەقڵی رەشەخەڵك! ئەو زامە قوڵەی کە لە کولتوری ئێمەدا هەیە و بریتیە لە تێڕوانین بۆ ژیانی سێکسی وەکو شتێکی نەنگ و پیس و ناشایستە، نوسەری کتێبی ناوبراو هەمان زامی قوڵ کردوەتەوە و پشتی بە هەمان تێڕوانینی دواکەوتوانە بەستوە بۆ ناشیرینکردنی کۆمەڵێك کەسێتی و هێمای ئایینی.

بەڵام بەدبەختانە و لە کڵۆڵیی رۆشنبیریی کوردی، بڵاوبونەوەی کتێبی ناوبراو دۆخێکی هێناوەتە کایە کە هەمو توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی چەمکە ئایینیەکان وەکو ئەو بابەتە پۆلێن دەکرێت و بواری ئەوە نەماوە بە شێوەیەکی زانستی و لەسەرخۆ و ئاسایی توێژینەوە لەسەر مێژوی ئایینەکان و چەمك و دیاردە ئایینیەکان ئەنجام بدرێت و هۆشیاریی زانستی بڵاو بکرێتەوە.. لە کاتێکدا کاتی ئەوە هاتوە و درەنگیش بوە کە وەکو چۆن مرۆڤ نهێنیەکانی سروشت و گەردونی بۆ رون بوەتەوە رازونیازی ئایینەکان و چیرۆکە ئایینیەکانیشی بۆ رون ببێتەوە. هەمو مرۆڤێك، بە تایبەتی مرۆڤی خۆرهەڵاتی و موسڵمان، مافی خۆیەتی بۆی رون ببێتەوە (قورئان) - بۆ نمونە - چ جۆرە دەقێکە و سەرچاوەی چیرۆك و یاسا و چەمکەکانی چین و لە چ قۆناغێکی مێژویی و چ ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و لە وەڵامی چ پێداویستی و بارودۆخێکی کولتوریدا هاتوەتە کایە.. مرۆڤێکی موسڵمان دەتوانێت هەست و سۆزی ئایینیی خۆیشی بپارێزێت و سەرقاڵی ئەم لێکۆڵینەوە زانستیانەش ببێت، چونکە ئەم حاڵەتە نمونەی هەیە لە جیهانی مەسیحی و یەهودیدا.. من زۆر ئێرەیی بە ناوەندە مەسیحیەکانی ئەوروپا دەبەم کە هەرچەند سەرقاڵی بانگەواز و کاروباری ئایینین لە هەمان کاتدا مێژوی دەقەکانی پەڕاوی پیرۆز بە شێوەیەکی زانستی[٣] دەنوسنەوە و بە وردی سەرچاوە و

---

[٣] هەڵبەتە مەبەستم (زانستی) ی پڕاوپڕ و لەسەداسەد نیە و لە هەندێك بابەتی زۆر بنەڕەتیدا پشت دەبەستن بە باوەڕی چەسپاو.

پێشینەکانی دەقەکانی (پەیمانی کۆن) و (پەیمانی نوێ) لە دابونەریتی ئایینیی جۆر بە جۆر و چین بە چیندا دەدۆزنەوە و، پێیشیان وایە ئەو وتەیەی مەسیح جێبەجێ دەکەن کە وتویەتی (کتێبەکان بپشکنن) (*ئینجیلی یۆحەننا* : ٥: ٣٩). من بۆ رۆژێکی ئاوا ئاوات دەخوازم لە وڵاتانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتیدا بێتە کایە، کە لێکۆڵینەوەی زانستیی چەمکە ئایینیەکان ببێتە (زانست) ێك کە ئەکادێمیا لە خۆی بگرێت و لە کێشمەکێش و شەڕی ئایدیۆلۆجیا و حیزب رزگاری ببێت و ئاسایی ببێتەوە و بە نیازێکی زانستیی پاکەوە پەرەی پێ بدرێت و هەر بەو شێوەیەش لێك بدرێتەوە و لە قەڵەم بدرێت.. بێگومانیشم کە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی دەق و چەمکە ئایینیەکان لە داهاتودا دەبێتە زانستێکی چەسپاو و ئاسایی و لە بەشەکانی خوێندنی ئایینییشدا دەخوێنرێت.. بەڵام داهاتو دروست دەکرێت و لە خۆیەوە نایەتە دی.

لە لایەکی تریشەوە ئەو حیکمەتە فێر بوم کە هەتا بتوانم جارێکی تر کتێب و نوسراوی خۆم پێشکەشی هیچ سەنتەر و ناوەندێکی لێکۆڵینەوە نەکەم، چونکە سەرەتا مانگێك گەرماوگەرمیە و هیچ وەڵامێکت نادەنەوە، مانگێکی تریش وەڵام ئەوەیە کە هەڵی دەسەنگێنن و وەڵامێکت لێ دەگێڕنەوە، مانگێك تا چەند مانگێکی نادیاریش هەڵسەنگاندن بەردەوام دەبێت، تا لە کۆتاییدا ئەگەر زۆر گونجاو و قازانجهێنەر بو دەخرێتە تابوری پرۆژەی چاپکردنی کتێبەوە، لەو تابورەیشدا چەند مانگێك دەبێت چاوەڕێ بیت هەتا دەروازەی بەختت دەکرێتەوە و کتێبەکەت روناکی دەبینێت و ئینجا لە مەودایەکدا دابەش دەکرێت کە زۆر جار لە شارەکەی خۆت و شارۆچکەکانی دەوروبەری تێپەڕ ناکات.. ئەمەش ئەگەر مەزبوت بیت و لێکۆڵینەوەکە بە تایپکراوی و هەڵەگیراوی پێشکەش بکەیت، بەڵام ئەگەر دەستنوسێك پێشکەش بکەیت ئەوا دەبێت حەولێك چاوەڕوانی تایپکردنی و هەڵەگرتنی بیت لەلایەن کەسانێکەوە کە هیچ دەربارەی بابەتەکە نازانن و سەریان لێی دەرناچێت..

بۆیە بڕیارم دا ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلان خۆمەوە و بە هاوکاریی چەند برادەرێکی کتێبفرۆش و چاپخانەیەکی ئاسایی، دەروێشانە چاپی بکەم و قەلەندەریانە بڵاوی بکەمەوە، چونکە رێگایەکی خێرایە و چەندوچونی بێمانای تێدا نیە و (عەمەلی) ــە.. ئەوەش بە هیوای ئەوەی بگاتە بەر دەستی خوێنەران و بزانرێت کە کۆششێکی لەم شێوەیە کراوە بۆ لێکدانەوە و توێژینەوەی دیاردەی (توندوتیژیی ئایینی)، لە کاتێکدا لە دوان و نوسینی کوردیدا ئەوەی هەیە زیاتر لە شێوەی وتاری رۆژنامەیی و راپۆرتە هەواڵ و شیکردنەوەی بارودۆخێکی هەنوکەیی و هەندێك دروشمدا دەردەکەون، واتە توێژینەوەیەك نین کە رەگوڕیشەی مێژویی دیاردەکە بدۆزێتەوە و پەیوەندیی نێوان

ئێستا و رابردوی دیاردەکە دەستنیشان بکات و بە رونی قسە لەو کولتورە بکـات کـە توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت.. جگە لەوەی ئەو لێدوان و نوسراو و وتارە رۆژنامەییانەی لەو بوارەدا بەر چاو دەکەون ئەسیری دەستی کۆمەڵێك بیرۆکـەی تەقلیـدی و ئامـادە و پێشوەختن و کۆمەڵێك داب‌ونەریتیان بەسەردا زاڵە کە کردونیەتە یەك کۆرس بـە یـەك ئاواز، هۆکاری بنەڕەتیی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە زۆربەی ئەو وتراو و نوسراوانە گوتارێکی سیاسین و پاڵنەری حیزبییان لەپشتەوەیە نەك مەعریفی، کە ئەمەش زۆرجار گوتارێکی روکــەش و ســاختە بەرهــەم دەهێنێــت، بۆیــە هەڵوێســتیان لــە دەستنیشــانکردنی رەگ‌وڕیشەی توندوتیژیی ئایینیدا رون و یەکلایی نیە، واتە نازانن چ لایـەنێك تاوانبـار بکەن بە بەرهەمهێنانی توندوتیژی: ئایین یان تەنها کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕ.. ئەگەر راست بڵێین ئایین؛ روبـەڕوی جـەماوەرێکی ئاییـندار دەبنـەوە کـە توندوتیـژی و تێـرۆر رەت دەکەنەوە یان ئەو تۆمەتە رەت دەکەنەوە، ئەگەریش بڵێین گروپە تێرۆریستـەکان تـەنها کەسانێکی ئاژاوەگێڕ و لەرێدەرچون؛ روبەڕوی گوتاری ئەو گروپانە دەبنـەوە کـە پشـت ئەستورە بە بیروباوەڕ و دەقی ئـایینی.. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە رون بکرێتـەوە کـە چ جۆرێك لە ئایین و ئاییـنداری توندوتیژی دەهێنێتە گۆڕێ، ئەم لێکۆڵینەوەیەش وەڵامـی ئەم پرسیارە دەداتەوە.. ئەوەش هەم بۆ پەرەپێدانی هۆشـیاریەکی زانسـتی و هـەم بـۆ ئاڕاستەکردنی گوتاری دژی توندوتیژی، چونکە پێویستە ئەو گوتـارە زاراوەی گونجـاوی هەبێت بۆ ناونان و جیاکردنـەوەی ئـەو ئـایین و ئاییندارییـەی کـە توندوتیـژی بەرهـەم دەهێنێت، ئەو کاتە ئایینێکی تایبەتی یان شـێوازێکی ئاییـنداری یـان ئاڕاسـتەیەکی ئایینی تاوانبار دەکرێت بە توندوتیژی.. بۆ نمونە لە خۆرئاوادا بۆ ناونان و جیاکردنەوەی گروپە ئایینیە توندڕەوەکان ئاماژە ناکرێت بۆ ئایینی مەسیحی (یاخود ئیسـلامی..)، بەڵکو بە زاراوەیەکی وەکو بنچینەگەری «الأصولية» Fundamentalism ناو دەنرێن و جیا دەکرێنەوە. بەم شـێوەیەش دوشمـن بـە ئاسـانی دەستنیشـان دەکرێـت و ئابڵوقـە دەدرێت، لە هەمان کاتیشدا ئەم زاراوە تایبەتیە ناڕاستەوخۆ سەرکۆنەی ئەو ئایینـەش بە گشتی دەکات کە سەرچاوەی ئەو ئاڕاستە و گروپانەیە.

بیرۆکەیەکی تەقلیدی و ئامادەی تر کە بوەتە داب‌ونەریتێك لـە وتـار و لێدوانەکانـدا دەربارەی توندوتیژیی ئایینی، ئەوەیە کە بڕوایەك هەیە بەوەی گروپی ئایینیی (توندڕەو) (میانـەڕەو) لـە گۆڕێـدا نیـە و هـەمویان یـەك بەرنامـە و رێبازیـان هەیـە. مـن لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا رەگ‌وڕیشـەی ئیـۆلۆجیـایی «لاهـوتي» ی گروپـە توندڕەوەکانم رون کردوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێـت کـە ئـەو گروپانـەی توندڕەوی و تێرۆریـان لـە جیهـانی ئیسلامیی هاوچەرخدا هێناوەتە کایە لە بیری ئایینییشیاندا جیاوازن لە گروپەکانی تـر.. ئیتر سادەکاریە کەسێك وا بزانێت مادامیـێك ئایینەکـە هـەر یـەك ئایینـە ئـیتر هـەمو

شوێنکەوتەکانی یەك بیری ئایینییان هەیە و یەك شـێوازی ئاییـنداریيان هەیـە، چـونکە لێرەدا شێواز و میکانیزمی بیرکردنەوەی ئایینی بۆ پۆلێنکردنەکە گرنگـە نـەك تـایتڵ و ناونیشان.. بۆیە لە جەماوەری هەر سێ ئایینی (یەهودی) و (مەسـیحی) و (ئیسـلامی) دا وەکو یەك ئاییندارى (عەقلانی) و (میانەڕەو) و (توندڕەو) هەیـە، کـە ـ بـۆ نمونـە ـ عەقلانیەکانی هەر سێ ئایینەکە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و چـەمکیان لـە نێوانـدا هەیە، یان بە لای کەمەوە لێکچونێکی زۆریان هەیە. لێرەدا نمونەیەکی جوان هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە: لە جیهانی ئیسلامیدا سێ ئاڕاستە هەبوە دەربـارەی سروشـتی قورئـان بـەو پێیە کە وشە «کلمة» ی خوایە: موعتەزیلە (و شـیعە) وتویانـە قورئـان دروسـتکراوە و سیفەتی ئەزەلیی خوا نیە، ئەشعەریەکان وتویانە تەنها بێژە «لَفْظ» ـەکەی دروسـتکراوە و واتاکەی ئەزەلیە، حەنبەلیەکانیش (کـە پێشـینانی وەهابیـەکانی ئێسـتەن) وتویانـە هەردو بێژە و واتای ئەزەلین و دروستکراو نین.. بە هەمان شێوە لە جیهانی مەسیحییشدا هەر سێ ئاڕاستەکە هەبوە دەربارەی سروشتی مەسیح بەو پێیە کە وشـە (لۆگـۆس) ـــە: ئاڕاستەیەك (وەکو ئەبیونیەکان) وتویانە مەسیح (یەشوعی نـازیری) مرۆڤێکـی ئاسـایی بـوە و هـیچ بەشـێکی خـوایی نـەبوە، ئاڕاسـتەیەکی تـر (کـە بـریتین لـە مەسـیحیە ئورۆپاییـەکان: کلیسـای کـاثـۆلیکـی و پرۆتسـتانتیەکان) پێـی وا بـوە کـە مەسـیح جەستەیەکی مرۆیی و ڕۆحێکی خوایی هەبوە، ئاراسـتەیەکی تـریش (کـە پێیـان وتـراوە تاکسروشتگەرەکان و کلیسـا ئـۆرثـۆدۆکسـیەکان دەگرێتـەوە) وتویانـە مەسـیح تـەنها سروشتێکی خوایی هەبوە و جەستەکەشی تەنها تارماییەك بـوە[٤]. لـە هـەردو جیهـانی ئیسلامی و مەسیحیدا مشتومڕی سروشتی (قورئان ـ و ـ مەسیح) توندترین مشتومڕ بوە و ئازاردان و بەندکردن و دەستبەسەرکردنی لـێ بوەتەوە و لە جۆری تۆمەت و بەڵگـە و بەڵگەکاریەکانیشدا لێکچونێکی زۆر لەنێواندا هەبوە!

لە کۆتاییشدا هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە نەزانراوێك بۆ خوێنەران ئاشکرا بکـات و چوارچێوەیەکی زانستی بسازێنێت بۆ بیرکردنەوە لە دیاردە ئایینیەکان.

**س. ع. پێنجوێنی**
sarwar-penjweni@hotmail.com

[٤] هەڵبەتە مەبەستم لەم بەراوردە ئەوە نیە بڵێم لە هەمو لایەنێکەوە ئەنجامی راست و واقیعی دەدات بە دەستەوە، چونکە هەر ئایینێك سروشت و بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە.

# دەروازە

(توندوتیژیی ئـایینی) «العُنْـف الـديني»، ئـەم دەسـتەواژەیە لـە روالّەتـدا لـە دو چەمکی دژبەیەك پێك هاتوە، ئەویش بە پێی ئەو وێنەیەی کـە خـەڵك لـە رابـردودا و پێش هاتنەکایەی گروپە ئایینیە نوێـیەکان وەریان گرتوە لـە ئـایین، کـە ئاییـنداری و توندوتیژی کۆ نابنەوە. لێرەدا پێویستە بەدوای ئەوەدا بگەڕێـین کە بۆچی ئـەو وێنەیـە شێوا و گۆڕا..؟ بۆچی لە کۆمەڵگای ئیسلامیی چەند سەدەیەك لەمەوپێشـدا مرۆڤـی ئاییندار ـ دەگمەن نەبێت ـ بەرهەمهێنەری توندوتیژی نـەبوە و ئاییـنداری لـە خۆیـدا سەرچاوەی توندوتیژی نەبوە..؟! (مەگەر تەنها ئەو کاتەی ئاییـنداری بـەکار هێنرابێـت وەك دەمامکێك بۆ ئامانجە سیاسـی و ئـابوری و نەتەوایەتیـەکان، کـە ئەمـەیان لـە کرۆکدا توندوتیژیی دەوڵەت و هێزی سیاسیە یان توندوتیژیی دەمارگیریی نەتەوەییە)، بەڵام دەبینین لە پانتاییەکی زۆری کۆمەڵگای ئیسلامیی هاوچەرخدا ئاییـنداری بوەتـە چاوگەیەکی رەسەنی توندوتیژی و تـاکی ئاییـندار لـە بیرکردنـەوە و هەڵسوکـەوت و هەڵوێستدا توندوتیژە. ئەم وەرچەرخانە بۆ رویدا..؟ مەگەر لە کۆمـەڵگای ئیسـلامیی رابردودا ئایین و ئاییندار نەبوە..؟ (بێ گومان وەڵامی ئەمە ئاشکرایە کە لە رابـردودا ئایین خـاوەنی جـەماوەرێکی زۆرتـر بـوە).. مەگـەر گروپـە ئایینیـە توندوتیـژەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیی هاوچەرخ ئاییندار نین..؟! (وەڵامی ئەمەش ئاشـکرایە کـە ئـەم گروپانە ئۆرثـۆدۆکسترین و توندترین گروپن لە جێبەجێکردنی ئاییندا و ئاییـنداری پلـە یەکن). بێ گومان ئایینەکەش لە دوێنێ و ئەمڕۆدا بـە گشـتی هـەر هـەمان ئـایینی ئیسلامە.. کەواتە ئایا بە راسـتی ئـایین سەرچـاوەی لێکبـوردن «التسـامح» ـە یـان توندوتیژی «العنف»..؟ بۆچی ئایین لە کات و شـوێنێکدا و لـە لای هەنـدێك گروپـی ئایینی لێکبوردن دەهێنێتە گۆڕێ، بەڵام لە کات و شوێنێکی تردا و لـە لای هەنـدێك گروپی ئایینیی تر سەرچاوەی توندوتیژیە..؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەولێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسـیارانە. ئـەوەش لـە رێگـەی سەربوردێکی مێژوییەوە بۆ دیاردەی ئایین، بە تایبەتی لەو وەرچـەرخانە گرنگـەوە کـە هاتە کایە لە مێژوی ئایینەکاندا کە بریتی بو لـە دابەشـبونی ئایینـەکان بـۆ ئـایینی یەکتاپەرستی و ئـایینی فرەپەرسـتی و نـاکۆکیی نەپسـاوەی نێوانیـان. جیـاوازی (ی کاریگەریی سۆسیۆ ـ سایکۆلۆجیایی) ی ئەم دو جۆرە ئایینە و کاریگەریی هەریەکەیان لەسەر شێوەکانی دوێنـێ و ئـەمڕۆی ئاییـنداری و شـۆڕبونەوەیان بـە هـەناوی گروپـە

ئایینیە جیاوازەکاندا، تیشکۆی چەمکە پێشنیارکراوەکانە لە لێکۆڵینەوەیەکەدا. بێ گومان من لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها بەراییەك پێشکەش دەکەم لە توێژینەوەیەکی چڕوپڕ کە دەبێت پێی هەستم ئەگەر بمەوێت مافی تەواو بە هەمو لایەنەکانی بابەتەکە بدەم.

دەبێت ئەوەش ئاشکرا بێت لە لای خوێنەر کە کاتێك لە (توندوتیژیی ئایینی) دەدوێین، ئەمە واتای ئەوە نیە کە تەنها توندوتیژیی (ئایینی) هەیە لە کۆمەڵگا ئیسلامی و خۆرهەڵاتیەکاندا.. بێ گومان چەندین جۆر و رەنگی تری توندوتیژی و توندڕەوی هەیە، بەڵام من لێرەدا تەنها لە (توندوتیژیی ئایینی) دەدوێم، چونکە دەمەوێت لە رێگەی پسپۆڕی یان خولیای خۆمەوە کە بواری مێژوی ئایینەکان و توێژینەوەی دەق و چەمکە ئایینیەکانە دیاردەکە لێك بدەمەوە.. هەتاکو دەربارەی (توندوتیژیی ئایینی) یش من تەنها لە دوی رەگوڕیشە ئایینی و کولتوریەکانی ئەم توندوتیژیە دەگەڕێم، ئەگەرنا توندوتیژیی ئایینی وەکو دیاردەیەکی واقیعی (نەك بیرۆکەیەك لە هزری من و تۆ و ئەودا) لە کۆمەڵگا ئیسلامی و عەرەبیەکاندا سیستەمێك لە فاکتەر و هۆکاری بنەڕەتی و یارمەتیدەری تری هەیە وەکو فاکتەرەکانی: برینداربونی ویژدانی ئایینی و نەتەوایەتی لە ئیمپێریالیزم و لە ماکی بەجێماوی ئیمپێریالیزم (زایۆنیزم) و زەوتکردنی خاکی فەلەستین و ئاوارەکردنی گەلەکەی، جگە لە کێشەی لوبنان و کێشەی چەندین شوێنی تر کە ئەمانی تریش هەر چێنراوی ئیمپێریالیزم بون. هەروەها کاریگەری و درێژبونەوەکانی جەنگی سارد و کێشمەکێشی بلۆکی خۆرهەڵات و ئەوی خۆرئاوا (وەکو پشتگیریی جیهادیەکانی ئەفغان دژی یەکێتیی سۆڤیێتیی جاران کە شتی زۆری بەدوادا هات وەکو پشتگیریی رژێمی تالیبان لە سەرەتادا..) و دواتریش یەکجەمسەریی ئەمێریکا و هێرش و جەنگەکانی ئەمێریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ پاراستن و بەهێزکردنی بەرژەوەندیەکانی، بە تایبەتی جەنگی کەنداو، کە کاریگەریی زۆریان بەجێ هێشت و زۆر کێشەیان وروژاند، جگە لە چاوبڕینی ئەمێریکا لە ئاسیای ناوەڕاست و سامانەکانی لە پیترۆڵ و گازی سروشتی کە ئەفغانستانی کردە تیشکۆی کێشمەکێشی سیاسی و ئابوری. هەروەها زاڵبونی کۆمەڵێك رژێمی دیکتاتۆری و چەوت و کۆنەپەرست و بەکرێگیراو بەسەر ملی مرۆڤی خۆرهەڵاتی و موسڵمان و عەرەبەوە بە زیندان و بەندیخانە دۆزەخیەکانیانەوە، کە مرۆڤێکی زۆریان فێری کینەی رەش کرد بەرامبەر کۆمەڵگا و بارستەی مرۆیی ناهەماهەنگ و نەتواوەیان لە کۆمەڵگادا دروست کرد. هەروەها ساختەبونی دیمۆکراسی و هەڵبژاردن لە گەلێك شوێندا و ـ لەمەشەوە ـ نەمانی متمانە لە لای پارت و گروپی ئۆپۆزیسیۆن بە پارتی دەسەڵاتدار. هەروەها نەبونی زەمینەی گفتوگۆ

وەکو بەشێك لە سروشتی کۆمەڵگا و رژێمەکان. هەروەها پەیدابونی توندوتیژیی پەرچەکردار دوابەدوای توندوتیژیی پیادەکراو. هەروەها پەنابردنی بزوتنەوە رزگاریخوازی و نیشتمانیەکان بۆ تیرۆر کاتێك دڵنیا دەبن کە بە شێوازی گفتوگۆ یان روبەڕوبونەوەی ئاسایی ناگەنە ئامانجەکانیان. هەروەها بەرایی بونی ژینگە و قۆناغی ژیاریی ئەو کۆمەڵە مرۆییەی کە گروپە ئایینیەکە پێك دەهێنێت و نزیکبونی لە ژینگەی بیابانی و قۆناغی شوانکارەیی و کشتوکاڵیی سەرەتاییەوە. ئەم فاکتەرانە و هەندێك فاکتەری تریش بەشێکن لە واقیعەکە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی یان بە شێوەی فاکتەری یاریدەدەر «عامل مساعد» رۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە دیاردەی توندوتیژیی ئایینیدا، بە شێوەیەك ئەگەر ئەم فاکتەرە نوێیانە نەبونایە رەنگە توندوتیژیی ئایینی تەنها کێشەیەکی ناوخۆیی رۆشنبیریی ئایینی بوایە و نەبوایە بە کێشە و مەترسیەکی بەرچاو و جیهانی. جگە لە هەمو ئەمانەش نابێت ئەوە لە بیر بکرێت کە تواناکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا بۆ وێرانکردن و روخاندن و کاولکاری هەروەها توانای پێشکەوتوی راگەیاندن (وەکو سودبینین لە سیستەمەکانی پەیوەندی و راگەیاندنی هەرەشە تیرۆریستیەکان) هۆکارێکی یارمەتیدەری ترن کە توندوتیژیان لە هەمو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا کردوەتە مەترسی و نیگەرانیەکی واقیعی و هەمیشەیی.

بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها گەڕانە بە دوای رەگوڕیشە و باکگراوندە ئایینی و کولتوریەکانی توندوتیژیی ئایینیدا، واتا دۆزینەوەی هۆکاری ئەو ئامادەییە خۆیی «ذاتي» یەی کە لە هەندێك گروپی ئایینیدا بۆ توندوتیژی و تیرۆر هەیە، بەڵام کاتێك ئاماژەیەکی خێرامان کرد بۆ ئەم فاکتەر و بارودۆخە نوێیانە ئەوە تەنها بۆ ئەوەبو کە نەبینە هەڵگری هزرێکی ئایدیالی «مثاليّ» ی داپچڕاو لە واقیع. من لەم لێکۆڵینەوەیەدا قسەی تێروتەسەل لەسەر ئەم فاکتەرە نوێیانە بەجێ دەهێڵم بۆ کەسی خۆی و بواری خۆی، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ئایین و کولتور و رابردووەوە هەیە دوای بەدواداچون و چاودێریکردن لە نزیکەوە بۆ گوتاری گروپە ئایینیە جۆراوجۆرەکان لەسەری دەدوێم.

بۆ ئەوەش کە چەمکی (تیرۆر) «الإرْهاب» Terrorism[٥] لەم لێکۆڵینەوەیەدا

---

[١] لێرەدا سێ چەمك ئامادەن: ١. **توندوتیژی** «العُنْف» Violence، کە چەمکێکی گشتیە و هەمو شێوازێکی توند لە مامەڵەدا دەگرێتەوە، یاخود بریتیە لە پەنابردن بۆ زەبری دەست و چەك لەبریی ئاخاوتن و دیالۆگ و لێکحاڵیبون. ٢. **تیرۆر** یاخود تیرۆریزم، کە ئەمە جۆرێکی رێکخراوی توندوتیژیە کە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوی لەپشتە. ٣. **غافڵکوژی** «الاغتیال» Assassination کە دیارترین دیمەنی توندوتیژیە و شێوازێکی باوی تیرۆریزمە، زۆر جاریش لە دوان و نوسینی کوردیدا پێی دەوترێت (تیرۆرکردن)،

لای خوێنەر رون بێت پێناسەی دەکەین بەوەی کە بریتیە لە: (بەکارهێنانی رێکخراو و بەرنامەرێژی توندوتیژی و تۆقاندن، لە لایەن دەوڵەت و گروپ و تاکەوە دژی دەوڵەت و گروپ و تاك، بۆ دروستکردنی کەشێکی گشتی لە ترس و دڵەڕاوکێ، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی یان فیکری و بۆ سەپاندنی بیروڕای سیاسی و فیکری)(٦). بەم شێوەیەش هەمو هەوڵێکی فراوانخوازیی و داگیرکاریی دەوڵەتان و، هەر هەوڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای سیاسی و فیکری و ئایینی بە شێوازی سەپێنەر و توندوتیژ و، هەمو دەستاودەست و وەرچەرخاندنێکی دەسەڵات لە رێگەی میلیشیا و سوپاوە، و زۆربەی شۆڕشە خوێناویەکان و، هەر بەکارهێنانێکی نادیموکراسیانەی دامودەزگاکانی دەوڵەت وەکو سوپا و دەزگای هەواڵگری و ئاسایش و پۆلیس، ـ هەتاکو ـ هەر شێوازێکی نایاسایی و نەشیاوی گروپە نیشتمانیەکان لە روبەڕوبونەوەی داگیرکەردا (وەکو بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لەناو خەڵکی مەدەنیدا)؛ دەگرێتەوە. بێ گومان تیرۆر وەکو چەمك و واقیع مێژویەکی دورودرێژی هەیە هەرچەند وەکو زاراوە نوێیە. لە بنەڕەتیشدا تیرۆر پرۆسێسێکی سیاسیە و زادەی هەندێك رژێمی سیاسیە، دواتر هەندێك شۆڕشی سەردەمە نوێیەکان لە زۆر لای جیهاندا وەکو قوتابخانەیەك پەرەیان پێ داوە و وەکو ئامرازێکی بەکار بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا بیری لێ کراوەتەوە. هەروەها بە درێژایی مێژو بۆ سەپاندنی بیروباوەڕ و پراکتیس و دەسەڵاتی دامەزراوەکانی ئەو ئایینانەش بەکارهاتوە کە دەوڵەتێکی ئایینییان پێك هێناوە یان ئەو ئایینانەی کە ئایینی دەوڵەتن، واتە کاتێك ئایینێك دەچێتە بواری سیاسەتەوە ئیتر خۆی ئەو دەسەڵاتەی پێك هێنابێت (دەوڵەتی ثیۆکراسی ـ دەوڵەتی پیاوە ئایینیەکان یان ئەوانەی پیاوی ئایینییان لە پشتە) یان دەسەڵاتێکی دنیایی ئایینەکەی کردبێتە ئایینی رەسمیی خۆی. ئەمانەش هەموی مۆرك و سروشتی سیاسیانەی تیرۆر دوپات دەکەنەوە. بۆیە ئەو پێشەوا و پیاوە ئایینیانەی کە بیری تیرۆر پەرە پێ دەدەن هەر

---

جیاوازیەکەیشی لە تیرۆریزم ئەوەیە کە غافڵکوژی لەچاو تیرۆریزم تەنها شێوازێکە و تیرۆریزم شێوازی تریشی هەیە، هەروەها تیرۆریزم ئایدیۆلۆجیایەك یان کۆمەڵێك بنەمای جاڕدراو و ئاشکرای هەیە، بەڵام غافڵکوژی رەنگە لایەنێکیش پەنای بۆ بەرێت کە ئایدیۆلۆجیایەکی تیرۆریستیشی نەبێت بەڵام وەکو پاککردنەوە و ساخکردنەوە «تصفية» و نەبونی چارەسەری بەدیل بەکاری دەهێنێت، بۆیە زۆرتر سروشتێکی سیاسیی روتی هەیە و کەمتر پەیوەستە بە ئایدیۆلۆجیای جاڕدراوەوە.

(٦) ئەمە پێناسەی ئێنسایکلۆپیدیای بریتانیە بە هەندێك دەستکاریەوە. بڕوانە:

**Encycl**opædia **Britannica** 2005 Deluxe Edition CD-ROM (*from* Fifteenth Edition). Article: *Terrorism*, by John Philip Jenkins (Professor of History and Religious Studies, Pennsylvania State University).

ئەوانەن کە بیرێکی ئـایینی ـ سیاسـییان هەیـە و نەخشـە دەکێشـن بـۆ دامەزرانـدنی دەسەڵاتێکی ئایینی یان بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات لە بەرژەوەنـدیی بنـەمای ئـایینی. ئەو ئایین و ڕێبازە ئایینیانەش کە مێژویەکیان لە سەپاندن و توندوتیژیدا هەیە هەر ئەو ئایین و ڕێبازە ئایینیانەن کە سروشتی سیاسییان هەیە. کە ئەم بابەتەش دەچێتەوە سەر باس‌وخواسی ئایینی یەکتاپەرستی (گشتگیر) و ئایینی فرەپەرستی (نەتەوەیی).. بۆیـە هەوڵ دەدەیـن لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ئـەم مێـژوە دولایەنـەی ئـایین بنوسـینەوە. لـەم بارەیشەوە تەنها دەست هەڵ دەگرین بـە نوسـینەوەی مێـژوی ئـایینی یەکتاپەرسـتی، چونکە باوەڕمان وایە کە ئایینی فرەپەرستی بنچینە و بنەڕەتە و ئایینی یەکتاپەرسـتی جیاوازیی هێناوەتە کایە و شۆڕشـێکە بەسـەر ئـایینیی فرەپەرسـتیدا، ئـیتر لێرەشـدا ئامانجەکەمان نوسینەوەی مێژوی (ئایین) نیە کە بە ئـایینی فرەپەرسـتی و پەرستشـی خواوەندی دایك (ی بەدور لە خۆسەپاندن و توندوتیژی بە سروشـتی مێیایـەتیی خـۆی) دەست پێ دەکات، بەڵکو ئامانج نوسینەوەی مێژوی (توندوتیژی) ی ئایینیە کـە ـ بـە پێی ئەنجامە بەراییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ـ بە ئایینی یەکتاپەرسـتی (ی هـەڵقولاوی کۆمەڵگای پەرەسـەندوی قۆنـاغی باوکسـالاری) دەسـت پـێ دەکـات.. دوای ئـەوەش ئاڕاستەی دەقگەرایی لە ئاییندارییدا بە میراتگری یەکتاپەرسـتی دەزانـین و ئاڕاسـتەی عیرفانگەرایی بە میراتگری فرەپەرستی دەزانین.. بۆیە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە گشـتی بەراوردێکـە لـە نێـوان (یەکتاپەرسـتی ـ دەقگـەرایی ـ توندوتیـژی) و (فرەپەرسـتی ـ عیرفانگەرایی ـ لێکبوردن) دا.

**سەروەر ع. پێنجوێنی**
٢٠٠٥/١١/٧ [٧]

[٧] لەم بەروارەدا لە نوسینی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە بومەتەوە و بۆ بڵاوکردنەوە پێشکەشم کردوە، بەڵام هەتا دەورووبەری (٢٠٠٦/٩/٢٠) بەردەوام بوم لە پێداچونەوە و پاڵفتەکردن و زیادکردنی هەندێك پەرەگراف و بابەت و پەراوێز و سەرچاوەدا، بەڵکو تا بە چاپ گەیشتنیشی جاروبار بۆ هەندێك وردەکاری بۆی گەڕاومەتەوە.

# بەشی یەکەم

# کورتەی مێژوی یەکتاپەرستی

وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژوی ئایینەکاندا بریتیە لە سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی «التوحيد» Monotheism کە سەرهەڵدانی پرۆسێسێکی سروشتیە و دەرهاویشتەی گەشەکردنێکی پلەبەندیی ئایینەکانە لە چەمکی (خواوەند) دا. بێ گومان مرۆڤ چەندین جۆر و شێواز و ئاراستەی هەبوە لە چونیدا بەرەو یەکتاپەرستی کە لە سیستەمی یەکتاپەرستیە تەواوەکانیشدا رەنگ دەدەنەوە، وەکو:

- نیمچەیەکتاپەرستی «التفريد» Henotheism یاخود Kathenotheism، واتە باوەڕ بە خواوەندی هەرە گەورە لەگەڵ خواوەندەکانی تردا. کە ئەمە قۆناغێکی رێخۆشکەرە بۆ یەکتاپەرستی و بە رونی لە جیهانی دێریندا، بە تایبەتی لە عێراق و میسر و هیندستان و یۆنان و لە گەلانی ئێرانیدا، دەبینرێتەوە[٨].
- گشتخوایی «وَحْدة الوُجُود» یاخود «الحُلُول» Pantheism (← پان πάν: گشت، ثیۆس Θεὸς: خوا)، واتە ئاراستەی یەکسانکردنی بونەوەر و خواوەند، واتە ئەوەی کە بونەوەر خوایە یان بونەوەر هەموی دەرکەوتنی خوایە، کە ئەمەش لە قوتابخانە عیرفانیەکاندا و لە قەببالای یەهودییشدا ناسراوە، یان باوەڕ بە خواوەندێك لەگەڵ کۆمەڵێك خواوەندی تر کە تەنها دەرکەوتن و شێوەی جیاوازی ئەون، وەکو ئەوەی لە بنەڕەتی ئایینی هیندۆسیدا هەیە کە خواوەند (براهما) Brahma ब्रह्मा خواوەندی راستەقینەیە و کەسێتیە خواییەکانی تر تەنها دەرکەوتنی جیاوازی ئەون[٩].

---

[١] دەربارەی Henotheism، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Atr. *Monotheism*.

The **I**nternational **S**tandard **B**ible **E**ncyclopedia (**ISBE**) (On studylight.org). Orr, James, M.A., D.D. General Editor. Art. *God*, by T. Rees.

**Wikipedia**, the Free Encyclopedia. (English). @http://en.wikipedia.org. Art. *Henotheism*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Henotheism

[٢] دەربارەی Pantheism، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Monotheism*, *Pantheism*

گشتـخوایی جۆرێکی تری هەیە پێی دەوترێت (گشت ـ لە ـ خـوایی) Panentheism و بریتیە لە باوەڕ بەوەی کە خوا لە هەمو بەشێکی بونـەوەردا دەردەکـەوێت بـەڵام لـە خۆیدا جیاوازە و بانترە لە بونـەوەر، کـە ئەمـە زیـاتر بەسـەر گشتـــخوایی قوتابخانـە عیرفانیـەکان و قـەبباڵای یەهودیـدا (بـە تایبـەتی لای حەسـیدگەرایی Hassidism חסידות) دەسەپێت، هەروەکو لە گەلێك کولتوری بەراییشدا هەیە[١٠].

● خواگەرایی «الرُّبوبيّة» Deism واتە باوەڕ بە جۆرە تەنها خوایەکی تایبەتی یان نائایینی[١١]. ئەمە جـۆرە یەکتاپەرسـتیەکە کـە چـەمکی خـوا تێیـدا زیـاتر دەبێتـە راستەقینەیەکی رەها یان هێزێکی هەژموندار بەسەر بونەوەردا یان یاسای گەردونی یان یاسای رەوشتی، ئەمەش تایبەتمەندیی ئایینیی تێدا کەم دەبێتەوە و دەبێتە بیرۆکەیەکی فەلسەفی.. بیرکردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخ دەربارەی خوا هەر بەم جۆرەیە، لە فەلسەفەی ئورۆپایی سەدەی هەژدەهەمیشدا بوە قوتابخانەیەك، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش زۆر جـار پێی دەوترێت (ئایینی سروشتی). لە رابردوشدا لە بیری یۆنانیـدا [بیرۆکـەی پێویسـتی «الضَّرُورة» Necessity (ανάγκης)] و لە چیندا [پەرستشی خواوەندی ئاسمان تیـان Tian 天] و لە هەندێك کۆمەڵەی ئایینیی یەهودیدا (وەکو کۆمەڵـەی صـادوقیەکان Saducees لە فەلەستیندا کە لە ساڵی ٧٠ ز. دا کۆتاییان پێ هـاتوە) و رەنگـە لای

---

ISBE. Art. *God*.

Wikipedia. Art. *Pantheism*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Pantheism

هەروەها بڕوانە:

**المسيري**، د. عبد الوهاب، *موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية* (CD-R). بيت العرب للتوثيق العصري والنظم، الزمالك، القاهرة. مج. ٥، ج. ١، الباب ٢، مُدخَل: *الحلولية الكمونية اليهودية: تاريخ*. مج. ١، ج. ٣، الباب ١، مُدخل: *وحدة الوجود*.

[١] دەربارەی Panentheism، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Monotheism*. *Pantheism.*

Wikipedia. Art. *Panentheism*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Panentheism

[٢] دەربارەی Deism، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Deism*.

ISBE. Art. *God*.

Wikipedia. Art. *Deism*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Deism

هەندێك كەرتەی بیری ئایینیی مەسیحی و ئیسلامییش، کەم تا زۆر ئەم ئاراستەیە هەبوە.

● هەروەها یەکتاپەرستیەکی بەرایی لە لای سامیە کۆنەکان، کە باوەڕ وایە خێڵە سامیە دێرینە بیابانشینەکان لە سەرەتادا جۆرێکی بەراییان لە یەکتاپەرستی تێدا بوبێت[12]، بە شێوەی پەرستشی خواوەندێکی تاك کە زیاتر هێمای خێڵە و پەرستشی دەبێتە گوزارش لە (انتماء) ی خێڵەکی، هەندێك جار بنچینەیەکی تەوتەمییشی هەیە کە تەوتەم Totem یش تاکە و تایبەتە بە تاکە خێڵێکەوە. بەڵام ئاشکرایە کاتێك کۆمەڵێك خێڵ یەك دەگرن و کۆمەڵگایەك پێك دەهێنن ئەو کاتە کۆمەڵێك خواوەند پێك دێت و دەبێتە فرەپەرستی.

فەیلەسوف و مێژونوس و خۆرهەڵاتناسی فرەنسایی ئەرنێست رێنان Ernest **Renan** (١٨٢٣ ـ ١٨٩٢ ز.)، ئەویش تیۆریەکی هەبوە کە پێی وابوە سامیەکان بە سروشتی خۆیان یەکتاپەرست بون و لە کاتێکی زوەوە یەکتاپەرستییان تێدا بوە. بەڵام ئەم تیۆریە بەم شێوە رەهایە ئێستە جێی رەخنەیەکی زۆرە[13]. جگە لە رێنانیش هەندێك پسپۆری کولتورە بەراییەکان باوەڕیان بە کۆنەیەکتاپەرستی *Urmonotheismus* هەبوە، بە تایبەتی زانای سکۆتلاندی ئەندراوس لانگ Andrew **Lang** (١٨٤٤ ـ ١٩١٢ ز.) و زانای ئەنثرۆپۆلۆجیستی ئۆستریایی «نِمْساويّ» ڤیلهێلم **شمیت** Wilhelm **Schmidt** (١٨٦٨ ـ ١٩٥٤ ز.)، ئەوەش بەو پێیە کە یەکتاپەرستی یاخود پەرستنی یەك خواوەند یان پەرستراو ئایینی هەرە دێرینی مرۆڤایەتی بوە و دواتر بە کەڵەکەبونی کۆمەڵە خواوەند و بە کاری جادو و دامەزراوەکانی ئەو ئایینە بەراییە تێك چوە. بەڵام ئەم تیۆریەش لە دواییدا لایەنگری نەماوە و قوتابیەکانی ئەو قوتابخانەیەش دەستیان لێ هەڵ گرتوە، و ئێستە بە تەواوی رون بوەتەوە کە یەکتاپەرستی لە ئایینە بەرایی یان دێرینەکاندا نەبوە[14]. چونکە ئەگەر لە خێڵێکی بەراییشدا باوەڕ بە یەك دروستکەر یان یەك باوك هەبێت ئاشکرایە کە لە هەمان کاتدا باوەڕیان بە کۆمەڵێکی زۆر لە خواوەندی تر هەیە کە فرمانی تریان هەیە جگە لە خولقاندن و لە مرۆڤەوە نزیکترن،

---

(1) ISBE. Art. *God.*

بە پێی بۆچونی فلایدلەر Fleidler لای سامیەکان خواوەندی نەتەوەیی تاك هەبوە کە لە کۆتاییدا یەکتاپەرستیی لێ کەوتوەتەوە. بڕوانە:

د. **جواد علي**، *تاريخ العرب قبل الإسلام*. مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٥٤. ج. ٥، ص.٦٣.

(٢) المصدر السابق. ج. ٥، ص. ٢٠.

(3) Encycl. Britannica. Art. *Monotheism.*

جگە لە باوەڕ بە چەندین جۆری گیان و هێـزی شـارراوە لـە سروشـتدا. بـەڵام دەبێـت ئەوەش بڵێین کە ئایینە فرەپەرستیەکان لە سەرەتادا سادەن و لە دواییدا گەشە دەکەن و ئاڵۆز دەبن و پانشیۆنێکی ڕێکخراو و ئـاوەدان بـە ژمارەیـەکی زۆر لـە خواوەنـد پێـك دەهێنن، بۆ نمونە لە میسری دێریندا سێینەی (ئۆزیریس) Osiris ی باوك و (ئیـزیس) Isis ی دایك و (حۆروس) Horus ی کوڕ، دەبینین.. ئەم سـێینەیە لـە خۆیـدا زادەی گەشەکردنێکە، چونکە لە قۆناغـە بەراییـەکانی ئـایینی میسـریی دێرینـدا ئـەم سـێ خواوەندە بەم شێوەیە پێکەوە پەیوەست نەبون، بەڵکو خواوەند (ئیـزیس) خواوەنـدێکی کچ «عذراء» بوە بەڵکو ـ بە پێی هەندێك دەقی میسری ـ جادوگەرێك بـوە، خواوەنـد (حۆروس) خواوەندێکی سەربەخۆ بوە و کوڕی ئیـزیس نـەبوە و لقێکـی ئـەو سـێینەیە نەبوە، هەروەکو خواوەند (ئۆزیریس) ئەو فرمانانـەی نـەبوە کـە لـە چوارچـێوەی ئـەم سێینەیەدا وەریگرتون و بەو رادەیەش جەماوەری نەبوە کە دواتر لە سایەی چیرۆکەکانی مردن و زیندوبونەوەیەوە بە کۆششی ئیـزیس وای لـێ دێـت.. جگـە لـەوەی سـەرنج دەدرێت کە هەر شارێك لە میسـری دێرینـدا (هـەروەها عێراقـی دێـرینیش) سـەرەتا خواوەندێکی تایبەت بە خۆی هەبوە پاشـان خواوەنـدەکانی شـارەکانی تـری بـۆ زیـاد کراوە[15]، بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین لە پـانتـیـۆن (کۆگـای خواوەنـدان) ی میسـریی دێریندا هەر خواوەندێك لە ناوچەیەکی میسرەوە هاتوە، جگە لـەوەی خواوەنـدی ـ بـە بنەڕەت ـ بێگانەیشـی تێـدا بـوە، وەکـو خواوەنـد ئـامۆن Amon کـە لـە بنەڕەتـدا خواوەندێکی لیبیایی بوە بە ناوی هامۆن Hamon کە لە شێوەی بەراندایە. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە فرەپەرستی بەو سیستەمە ئاڵۆز و ڕێکخراوەوە کە هەیەتی لە خۆیدا گەشەکردنێکە و زادەی گەشەکردنی کۆمەڵگا و ئاڵۆزبونیـەتی و ئـەوەی لـە سـەرەتادا هەیە دەتوانین ناوی بنێین (فرەپەرستیی بەرایی) یـان (بەراییـەکانی فرەپەرسـتی). جـا ئەگەر کۆمـەڵگایەك هەبێت کە گەشە نەکات و پارێزگاری لە پێکهاتەی سـادەی خـۆی بکات و هەمیشە لەو دۆخەدا بمێنێتـەوە، کـە ئـەوەش لـە کۆمـەڵگای بیابانشـینیدا بەرجەستە دەبێت، ئەوا ئەو ئایینە فرەپەرستیە بەراییە وەکو خـۆی دەمێنێتـەوە و بـە بـەراوردکردنی بـە فرەپەرسـتیە گەشـەکردوەکان وەکـو یەکتاپەرسـتیەکی بـەرایی

---

[1] بڕوانە:

**Brown**, Brian (Editor), *The Wisdom of the Egyptians - The Story of the Egyptians, the Religion of the Ancient Egyptians, the Ptah-Hotep and the Ke'gemini, the "Book of the Dead," the Wisdom of Hermes Trismegistus, Egyptian Magic, the Book of Thoth*. New York: Brentano's, 1923. Chap. II: Religion of Ancient Egypt, The Gods of Ancient Egypt, pp. 42, 43.

دەردەکەوێت.

لە سەرهەڵدانی ئەم ئاڕاستە یەکتاپەرستیە بەراییەدا لە لای بیابانشینەکان چەند رەهەند و فاکتەرێك هەیە:

١. دورەپەرێزیی خێڵەکی و بیابانی[١٦]، کە ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی پەرستش لە تێکەڵبون بە پەرستشی خێڵ و گەلانی تر و رێگرتن لە دروستبونی کۆمەڵە خواوەند.

٢. خۆبەگەورەزانینی هۆز و گەلەهۆز[١٧]، واتە خێڵی بیابانشین شانازیەکی زۆر بە کەسێتی و سروشتی کولتورەکەیەوە دەکات و ئامادە نیە تێکەڵ ببێت بە خەڵکی تر بۆیە پارێزگاری لە پەرستشی یەکڕەنگی خۆی دەکات.

٣. بیابانشینی و ژیانی بیابانشینیی سادە کە سادەیی و یەکڕەنگی و یەکشێوەیی لە بیرکردنەوە و گوزەراندا بەجێ دەهێڵێت کە ئەوەش لە بیرکردنەوەی ئایینی و جیهانی خواوەنددا رەنگ دەداتەوە.

٤. بیابانشین ژیانێکی کۆمەڵایەتیی سادەی هەیە، چونکە کۆمەڵگایەکی شارنشین «متحضّر» ی وا لە گۆڕێدا نیە کە جیاوازیی چینایەتیی تێدا دروست بوبێت، چینێکی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتێکی هەڕەمی لە ئارادا نیە، لەبەر ئەوە لە ژیانێکی دیموکراسیانەدا دەژی، جۆرێکی بەرایی لە دیموکراسی. سەرۆك خێڵ هەر ئەوەندەیە لە هێرشدا پێشیان دەکەوێت، وەکو سەرۆکی گەلەگورگ و، پلە و تایبەتمەندیەکی ئەوتۆی نیە، هەر ئەندامێکی خێڵ دەتوانێت لە خۆیەوە خۆی بکات بە خێوەتی سەرۆك خێڵدا و چیی پێ خۆشە پێی بڵێت، بۆ نمونە سادەترین تاکی بیابانشین دەتوانێت بانگ لە سەرۆك خێڵ بکات تەنها بە ناوی خۆی بەڵکو هەتاکو بە دەستەواژەی (یا أبا شوارب!).. ئەم کولتورە کۆمەڵایەتیە وەکو هەمیشە لە بیرکردنەوەی ئایینی و جیهانی خواوەندیشدا رەنگ دەداتەوە، بۆیە باوەڕێکی توند گەشە دەکات بە خوایەکی تەنها کە هیچ هاوبەشێکی لەگەڵ نیە و هیچ «واسطة» یەك لە نێوان ئەو و خەڵکدا نیە، بەڵام لە شارەکاندا (وەکو شارەکانی عێراق سەرچاوەی خواوەندی زۆر / ئەولیا و نزرگەی زۆر) هەر لە کۆنەوە بارودۆخەکە جیاوازە، چونکە کۆمەڵگاکە شارستانیە و چینایەتیی جیاوازی تێدا ئاشکرایە و دەسەڵاتێکی هەڕەمی هەیە و دوای چەندین قۆناغ و «واسطة» و پرسگە، ئینجا کەسێك دەتوانێت بگاتە لوتکەی هەڕەم، ئەمەش لە

---

(2) ISBE. Art. *God*.

(3) Ibid.

پانثیۆن و هەرەمە خواییەکەدا رەنگ دەداتەوە، ئەو کاتەش دەوڵەتە خواییەکە پێك دێت لە خواوەندی گەورە و خواوەندە جێگر و یارمەتیدەرەکان و «واسطة» کان[18]..

پەرستشی خواوەند (یهْوَه) יְהוָה لە خێڵ /یان خێڵەکان/ ی بەنو ئیسرائیلدا ـ بە شێوە بنەرەتیەکەی ـ نمونەیەکی ئەم جۆرە یەکتاپەرستیەیە [هەرچەند وا دەردەکەوێت کە لەگەڵ (یهْوَه) دا خواوەندی تر هەبون، وەکو (عَشیره) Asherah کە خواوەندێکی مێیە[19]، و (یهْوَه) بەسەریاندا زاڵ بوە یان لە تەوراتدا، بە تایبەتی لە سەرچاوەی یەهوایی {J} دا، زاڵ کراوە، ئاشکرایشە کە بەنو ئیسرائیل، یان خەڵکی هەردو شانشینیی ئیسرائیل و یەهودا، لە هەمو قۆناغەکاندا خواوەندی زۆری تریان پەرستوە، بە تایبەتی (بَعْل) خواوەندی بەپیتیی سروشت لە لای کەنعانیەکان، بە شێوەیەك رەنگە تێکەڵ بە (یهْوَه) کرابێت یان ئاکارەکانی بۆ (یهْوَه) خوازرابن[20]]، بۆیە دەبینین لە دەقە یەهودیەکاندا خواوەند (یهْوَه) بە شێوەی ناپاکی «خیانة» ی خێڵەکی یان

---

(1) لەم بیرۆکەیەدا قەرزباری (د. علي الوردي) ـم. بڕوانە: **الوردي**، د. علي، *دراسة في طبيعة المجتمع العراقي ـ محاولة تمهيدية لدراسة المجتمع العربي الأكبر في ضوء علم الاجتماع الحديث*. مطبعة العاني، بغداد، ١٩٦٥. الفصل الرابع: أعماق الثقافة البدوية: مقارنة في التدين، ص‌ص. ١٠٣ ـ ١٠٦، الديمقراطية في البداوة، ص‌ص. ١٠٦ ـ ١٠٩.

هەروەها دەربارەی دیمۆکراسیی بیابانیشینی، بڕوانە:

**فاسيلييف**، أليكسي، *تاريخ العربية السعودية* (الترجمة العربية). شركة المطبوعات، بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠. مكتبة الحرمين على الإنترنت (PDF). الفصل ١: الجزيرة العربية قبل الوهابية، ص‌ص. ٣٥ ـ ٣٧.

دەقی روسیی ئەم پەڕاوە بە ناوی:

**Vasiliev**, A. M., *Istoria Saudovskoi Aravii*. Moscow, 1982.

وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی:

**Vassiliev**, Alexei, *The History of Saudi Arabia*. Saqi Books, 1997.

(1) دەربارەی خواوەند (عشيره)، بڕوانە:

ISBE. Art. *Asherah*. By A. H. Sayce.

Encycl. Britannica. Art. *Asherah*.

(2) ISBE. Art. *Baal*. By A. H. Sayce.

**Jewish Encycl**opedia. Published between 1901-1906. (Online Version 2002). Art. *Ba'al and Ba'al-Worship*. By Morris Jastrow Jr., J. Frederic McCurdy & Duncan B. McDonald.

المسيري، *الموسوعة*. مج. ٤، ج. ١، الباب ١١، مُدخَل: *بَعْل*.

نەتەوەیی لە پەرستشی خواوەند (ی خێڵ و گەلان) ی تر دەدوێت، هەندێك جاریش بە شێوەی ناپاکیی ژنومێردایەتی! هەروەها ئەو ترادیسیۆنەی کە چینێکی ناهەماهەنگ پێك دەهێنێت لە کتێبی یەکەمی تەورات (واتە کتێبی *خولقاندن* «التکوین» ـ بیرێشیت בְּרֵאשִׁית) دا دەربارەی بیری ئایینیی ئیبراهیم بەو پێیە کە ئیبراهیم ناوی خواوەندی تاك دەبات بە ناوی خوای بەرز «العَلِيّ» (عِلیۆن עֶלְיוֹן) (بڕوانە *خولقاندن*: ١٨/١٤ ـ ٢٢)، هەروەها ئەوەی لە (کتێبی *ئەییوب* אִיּוֹב) دا وەکو ناوی سەرەکیی خواوەند هاتوە و بە پێی (کتێبی *کۆرەو* «الخُروج» شمۆت שְׁמוֹת) ناوی خواوەندی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب بوە، کە بریتیە لە ناوی خوای بەهێز «الشّدید» Almighty (شَدَّاي שַׁדַּי) (بڕوانە: *کۆرەو*: ٦/ ٢، ٣، *ئەییوب*: ٦/ ٤)[٢١]، ئەمەش نمونەیەکی تری ئەم یەکتاپەرستیەیە. لێرەدا سەرنج بۆ ئەوەش رادەکێشم کە ئەو چیرۆکە قورئانیەی لە گەشتی ئیبراهیم دەدوێت لە پەرستش یان بە خوا زانینی ئەستێرەوە بۆ مانگ و ئینجا بۆ خۆر و لە کۆتاییشدا بۆ خوای دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی (*الأنعام*: ٧٥ ـ ٧٩)، ئەم چیرۆکە بنەڕەتی تەوراتیی نیە و لە سەرەتادا لای رەببانی (رابي) ـەکانی فەلەستین لە سەدەی (٢ ز.) دا گەشەی کردوە و دواتر لەگەڵ فۆلکلۆری کەلدانیدا گونجێنراوە و لە تەلمود و میدراشدا دەرکەوتوە[٢٢]، لەبەر ئەوە پەیوەندیی بە ژیانی راستەقینە / یاخود کەسێتی/ ی ئیبراهیمەوە یاخود ـ بەلای کەمەوە ـ بەو سەردەمانەوە زۆر لاوازە (بە پێچەوانەی هەندێك نوسەرەوە[٢٣] کە ئەو چیرۆکە دەکەنە نیشاندەر «مؤشّر» ێك بۆ گەشەکردنی ئایینی لە عێراقی دێرینی سەرەتای هەزارەی دوەمی پ. ز. دا، واتە سەردەمی گریمانەیی ئیبراهیم!).

- هەتا دەگاتە یەکتاپەرستیە تەواوەکان، کە ـ وەکو زۆربەی جۆرەکانی یەکتاپەرستی ـ هەندێك رەگوڕیشەیان لە پەرستشی هەندێك دیاردەی سروشتیی دور

---

[٣] دەربارەی ناوی (عِلْیُون) و (شَدَّاي)، بڕوانە:

Jewish Encycl. Art. *Names of God.* By J. F. McLaughlin & Judah David Eisenstein. ISBE. Art. *God, Names of.* By Edward Mack.

[١] بڕوانە:

Jewish Encycl. Art. *Abraham*. By Charles J. Mendelsohn, Kaufmann Kohler, Richard Gottheil, Crawford Howell Toy.

المسيري، الموسوعة. مج. ٤، ج. ١، الباب ٨، مُدخَل: *إبراهيم*.

[٢] بۆ نمونە: **البدري**، جمال عبد الرزاق (عضو اتحاد المؤرخين العرب)، *نَبيّ العراق و العرب ـ رؤية تحليلية معاصرة في الشخصية التاريخية و الدينية و العصر السياسي للرسول العراقي العربي الكريم إبراهيم الخليل خارج المنظور الصهيوني*. طبع الدار العربية، بغداد، ١٩٨٩. ص‌ص ٤٥، ٤٦.

لە مرۆڤ و بەرزدا هەیە وەکو (ئاسمان) و (خۆر) و، بە یەکتاپەرستیەکەی فیرعەونی نۆهەمی بنەماڵەی هەژدەهەمی میسری (ئەخناتۆن) Akhenaton (أخِن - إتن) (١٣٥٣ - ١٣٣٦ پ. ز.) دەست پێ دەکەن[٢٤].

ئایینی یەکتاپەرستیی ئەخناتۆن بریتی بو لە پەرستشی خواوەند ئاتۆن بە تەنها و نەفیکردنی هەر خواوەندێك یان کەسێتیەکی میتافیزیایی تر. لەگەڵ ئەوەشدا کە بیری ئەخناتۆن زیاتر بیرێکی فەلسەفی و تایبەتی و نائایینی بو (هەرچەند کۆمەڵێك رەگەز و دیمەنی ئایینییشی تێدایە وەکو ئەوەی ئەخناتۆن خۆی بە کوڕی ئاتۆن ناو دەبات یان ئەوەی کە لە رۆژی دواییدا مرۆڤەکان بە چاکە و بەخششی ئەخناتۆن سەرفراز دەبن، جگە لە مانەوەی داب‌ونەریتی بە خوا زانینی فیرعەون)، بەڵام لە بنەرەتدا ئاتۆن (آتِن) Aten (إتن) 𓇋𓏏𓈖𓇳 شێوەیەکی خواوەندی خۆر بو لە میسری دێریندا[٢٥].



بنەماڵەی ئەخناتۆن لە پەرستشی ئاتۆندا کە بە هێمای پەپکەی خۆر نیگار دەکرێت

پێشتریش خواوەندی هەرە گەورەی خۆر (ئامۆن - رەع) Amon-Ra (إمن - رَع)

---

(٣) دەربارەی (ئەخناتۆن) و یەکتاپەرستیەکەی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Akhenaton*. By John A. Wilson (Andrew MacLeish Distinguished Service Professor of Egyptology, University of Chicago 1953-68).

**السواح**، فراس، *دين الإنسان - بحث في ماهيّة الدين و منشأ الدافع الديني*. دار علاء الدين، دمشق، الطبعة الرابعة، ٢٠٠٢. الباب ٣: الأشكال الاجتماعية للدين و مستوياته الشمولية، الفصل ٢: نماذج من الأديان الشمولية، ١. أخناتون و الآتونية، صص. ٩٣ - ٩٧.

(٤) دەربارەی خواوەند (ئاتۆن)، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Aton*.

بەرەو ئەوە دەچو ببێتە خواوەندی تاك، بە تایبەتی لـە شـاری ثیبـە (طیبـة) Thebes دا، ئەم خواوەندە خۆیشـی زادەی یەكخسـتنی خواوەنـد رەع Ra و خواوەنـد ئـامۆن (آمِـن) Amen (إمـن) بـو[٢٦]، هـەروەها ئامونحوتێـب Amenhotep (إمن ـ حُتِب) ی سێیەم (سـەدەی ١٤ پ. ز.) (بـاوكی ئامونحوتێبـی چوارەم واتە ئەخناتۆن) پێشتر بیری كردوەتـەوە لـە رێكخسـتنی ئـایینی میسـری لـە پەرستشـی یـەك خواوەنـددا وەكـو ئـامۆن ـ رەع، بۆیـە ئـەخناتۆن تەواوكـەرێكی ئاراستەیەكی پێشوتر بو.. هاندەرێكی سیاسی و كارگێڕییشی هەبو ئەویش لاوازكردنی دەسەڵاتی پیاوە ئایینیەكانی ئایینی باوی پەرستشی ئـامۆن بـو كـە زاڵ ببـون بەسـەر ژیانی سیاسییشدا. بەڵام ئەوەندە هەیە ثیۆلۆجیای ئەخناتۆن یەكتاپەرستیەكی رەها بو چونكە جگە لە ئاتۆن باوەڕی بە بونی هیچ كەسێكی میتافیزیایی تر نەبو، ئەمەش تـا ئێستە لە هیچ ئایینێكدا لەو ئایینانەی ـ بە زاراوەیەكی نازانسـتی ـ پێیـان دەوترێـت (ئایینی ئاسمانی) نەهاتوەتە دی، بۆیە زیاتر یەكتاپەرستیەكی فەلسەفی و هەڵبژاردەییە، هەر لەبەر ئەمەش بو مرۆڤی میسری وەری نەگرت.

ئایینێكی تر كە بوەتە سەرچاوەی بیرۆكەی یەكتاپەرستی، ئایینی زەردەشـتیە، كـە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ (كۆتایی هەزارەی ٢ پ. ز.) یان (سەرەتای هەزارەی ١ پ. ز.)، هەرچەند ناسراوە بەوەی لەسەر بنەمای دوالیزم «الثُّنائیّـة» وەسـتاوە، بـەڵام لـە راستیدا سەرچاوەیەكی گرنگی ئەو یەكتاپەرستیە سـتانداردەیە كـە دواتـر لـە ئـایینی یەهودی و مەسیحی و ئیسـلامیدا دوابـەدوای یـەك دەردەكـەوێت. بنـەڕەتی ئـایینی زەردەشتی بریتیە لە باوەڕ بە خواوەندێكی دروسـتكەری چـاكەخواز بـە نـاوی ئـاهورا مـەزدا (ئـەهورە مـەزدە) Ahura-Mazda، واتـە خواوەنـد (= زیندوی بەئاگا) ی دانا (= بەدیهێنەری ئاوەز). ئاهورا مەزدا لـە ئـایینی زەردەشـتیدا سـەرەتا و كۆتاییـە و دەسـەڵاتی یەكەمـە لـە بونـەوەردا، هەڵبژاردنیشـی لـە لایـەن زەردەشتەوە وەكو خواوەندی تاك شۆڕشێكی چاكسازی بوە لە ئـایینی ئێرانیـی كۆنـدا، چونكە لە ئایینی هیندۆئێرانیی كۆندا دو جۆر خواوەنـد هـەبوە، دێڤـا देव كـان: ئـەو خواوەندانەی كە هێمای پێكهاتەكانی سروشتن و پەیوەندییان بە مرۆڤەوە نیـە، ئاسـورا असुर كان: ئەو خواوەندانەی كە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە مرۆڤەوە هەیە و پارێزەری پرینسیپە رەوشتیەكانن. لە ئایینی زەردەشتیدا، بە تایبـەتی لـە دەقـە بنەڕەتیـەكانی وەكو گاثاكاندا، دێڤاكان وەكو (دێـو) و خواوەنـدی سـاختە و درۆینـە پێشـان دراون و كراونەتە هێمای درۆ و هەمو خراپەیەكی تر.. (ئاسورا) كە لە زمانە ئێرانیە كۆنەكەدا

---

[1] Encycl. Britannica. Arts. *Aton, Akhenaton, & Amon*.

دەبێتە (ئاهورا) وەکو خواوەندی راستەقینە دیاری کراوە، گەورەترین ئاسورایەکیش لە ئایینی هیندۆسیی کۆندا خواوەند ڤارونا Varuna یە کە خواوەندی یەکەمی بنەما رەوشتیەکانە (و لە بنەڕەتدا خواوەندی ئاسمان و بارانی ئاسمان و زەریای ئاسمانیە)، ئەم خواوەندەیە کە زەردەشت بە ناوی (ئاهورا مەزدا) وە کردویەتیە بنچینەی چاکسازیە یەکتاپەرستیەکەی خۆی کە سروشتێکی رەوشتیی رونی هەیە. ئەم چاکسازیە یەکتاپەرستیەش کە بریتیە لە باوەڕبون بە خواوەندێکی تەنها کە پەرستشی لێپرسراوێتیەکی رەوشتیە، وەرچەرخانێکی گرنگە لە مێژوی ئایین و یەکتاپەرستیدا، و ئەو جیاوازی و گیانە نوێیەی لە ئایینە یەکتاپەرستیە ستانداردەکان (ی یەهودیی گەشەکردو و مەسیحی و ئیسلامی) دا دەیبینینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وەرچەرخانە گرنگە. بێ گومان هەر لە بنەڕەتی ئایینی زەردەشتیدا لەگەڵ ئاهورا مەزدادا کۆمەڵێك کەسێتیی میتافیزیایی هەن کە هێما و دەرکەوتن «تجلّي» ی خودی ئاهورا مەزدان و زیاتر وەکو فریشتە و بەردەستی ئەو دەردەکەون، بە تایبەتی (ئەمێشە سپێنتە) 𐬀𐬨𐬆𐬱𐬀 𐬯𐬞𐬆𐬧𐬙𐬀 Amesha Spenta کان (نەمرە پیرۆزەکان)، کە بریتین لە شەش گەورە فریشتە، کە ئەم شێوەیەش دواتر لە ئایینە یەکتاپەرستیە ستانداردەکاندا دەبێتە باو، واتە خواوەندێکی دروستکەری تەنها لەگەڵ کۆمەڵێك فریشتە کە هەر یەکەی فرمانێکی هەیە. هەروەها زەردەشت بۆ چارەسەری بیرۆکەی بونی (خراپە) لە بونەوەردا باوەڕی دو هێزی (چاکە) و (خراپە) ی هێناوەتە کایە بەو پێیە کە لە بونەوەردا دو هێزی هاوتا هەیە، یەکەمیان هێزی چاکەیە کە لایەنی ئاهورا مەزدایە و سپێنتە مەینیو 𐬯𐬞𐬆𐬧𐬙𐬀 𐬨𐬀𐬌𐬥𐬌𐬌𐬎 Spenta Mainyu (گیانی پیرۆز) هەڵی دەسوڕێنێت، دوەمیشیان هێزی خراپەیە کە لایەنی (ئەنگرە مەینیو) 𐬀𐬢𐬭𐬀 𐬨𐬀𐬌𐬥𐬌𐬌𐬎 Angra Mainyu (گیانی تووڕە) یە، هەریەکە لە (سپێنتە مەینیو) و (ئەنگرە مەینیو) یش دروستکراوی ئاهورا مەزدان.. بە پێی چەمکەکانی ئایینی زەردەشتی هەرچەند ئاهورا مەزدا خواوەندی دروستکەرە بەڵام هەریەکە لە ئاهورا مەزدا و ئەنگرە مەینیو (ئەهریمەن) وەکو یەك دەسەڵاتیان لە بونەوەردا هەیە و لە کێشمەکێشێکی بەردەوامدان، تا لە رۆژی دواییدا ئاهورا مەزدا بەسەر ئەهریمەندا سەردەکەوێت و هێزی چاکە دەبێتە تاکە هێزی باڵادەست. ئەم بیروباوەڕەش زیاتر رەهەندێکی رەوشتیی هەیە و هاوشێوەی بیرۆکەی (الشیطان) ـە لە ئایینە یەکتاپەرستیە ستانداردەکاندا، کە (شەیتان) یش لەم ئایینانەدا تا رۆژی دوایی بواری هەیە لە جیهان (ی مرۆڤ) دا رۆڵی خراپەخوازیی خۆی ببینێت، کە ئەم چەمکەش راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشتی.

بەڵام ئەوەندە هەیە ئایینی زەردەشتی گەشە و گۆڕانێکی بەسەردا هاتوە کە

کردویەتیە ئایینێك یان ئایینزایەکی جیاواز بە ناوی زورڤانی، کە لە لایەن موگەکانەوە پەرەی پێ دراوە و ئەو زەردەشتیە رەسمیەی کە لە دەوڵەتی ساسانیدا هەبوە ئەم جۆرەی ئایینی زەردەشتی بوە نەك زەردەشتیی رەسەن.. کە ئەویش بریتیە لە باوەڕ بە خواوەندێکی یەکەم بە ناوی زورڤان Zurvan کە خواوەندی کات (ی بێسنور ـ ئەزەلی و ئەبەدی) و چارەنوس بوە[27]، ئەم خواوەند زورڤانە بە پێی ئەم باوەڕە باوکی هەردو خواوەندی چاکە (ئاهورا مەزدا) و خواوەندی خراپە (ئەنگرە مەینیو) یە (کە ئەمەش لە خۆیدا هەوڵێك بوە بۆ لەناوبردنی دوالیزم و هێنانەکایەی یەکبونی خواوەند).. بە پێی ئەمەش ئاهورا مەزدا دەبێتە خواوەندێکی لاوەکی کە تەنها لایەنێکە بەرامبەر ئەهریمەن و هیچی لەو زیاتر نیە. کە لە راستیدا ئەو ئایینی زەردەشتیەی لە رۆژگاری کۆندا بڵاو بوەتەوە و هەندێك بیرمەندی ئایینیی وەکو (مانی) رەخنەیان لێ گرتوە و چاکسازییان تێدا کردوە ئەم جۆرە گۆڕاوەی ئایینی زەردەشتی بوە[28].

دوای ئەوەش ئایینی یەهودی وێستگەیەکی گرنگی یەکتاپەرستیە. لە رابردویەکی نزیکدا بەشێك لە زانایانی مێژوی ئایینەکان، بە رچەشکاندنی سیگموند فرۆید **Freud** Sigmund (١٨٥٦ ـ ١٩٣٩ ز.)[29]، موسایان بە یەکێك لە شوێنکەوتوانی

---

[1] رەنگە ئەو زاراوەی (الدَّهْرِيَّة) ـەی لە کەلەپوری ئیسلامیدا هەیە و بە گروپێك لە مسقۆفەکان «الزنادقة» دەناسێنرێت، لە بنەڕەتدا وەکو وەرگێڕانێکی (زورڤانی) هاتبێتە کایە، چونکە (دَهْر) و (زورڤان) بەرامبەری یەکترن. بە تایبەتی کە وشەی (زنديق) و (زندقة) یش وا دەردەکەوێت لە بنەڕەتدا لە (زەند) ەوە هاتبێت واتە (زەند ئاڤێستا). ئینجا پێناسەی (زنديق) لە کەلەپوری عەرەبی ـ ئیسلامیدا ئەوەیە کە کەسێکە بە رواڵەت موسڵمان بوە و لەژێرەوە بێباوەڕە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەسانێکی زۆر لە گەلانی ئێرانیدا لە سەرەتاوە بە رواڵەت بونەتە موسڵمان.

[2] دەرباری ئایینی زەردەشتی و یەکتاپەرستی و دوالیزم لەو ئایینەدا، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Zoroastrianism*. By Jacques Duchesne-Guillemin (Emeritus Professor of Indo-Iranian Studies, University of Liège, Belgium).

**Encycl**opædia **of Relig**ion **and Eth**ics (Online). Edited by James Hastings. Vol. XII. Art. *Zoroastrianism*. By A. J. Carnoy.

@http://home.houston.rr.com/genoa/hastings/zoroastrbb.html

Wikipedia. Art. *Zoroastrianism*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Zoroastrianism

[1] ئەوەش لە دوا نوسینیدا بە ناوی

*Der Mann Moses und die monotheistische Religion*

*(موسا و ئایینی یەکتاپەرستی)* (١٩٣٨)، یاخود *Moses and Monotheism* *(موسا و یەکتاپەرستی)*. بڕوانە:

یان پیاوە ئایینیەکانی ئایینی ئەخناتۆن دادەنا یان یەکتاپەرستیی موسایان بە هەمان یەکتاپەرستیی ئەخناتۆن دادەنا، بەڵام لە روی مەیدانیەوە و بە پێی دابونەریتی یەهودییش خواوەند (یهۆاه) تەنها خواوەندێکی خێڵەکیی تایبەتیە و خواوەندی هەمو مرۆڤەکان نیە، لە کاتی ئێستاشدا بیروڕای زانستی لەسەر ئەوەیە کە پەرستشی خواوەند (یهۆاه) گەشەکردنێکی ناوخۆیی ئایینی کەنعانیی کۆنە [لە سەرەتادا (یهۆاه) لە ئایینی کەنعانیی دێریندا یەکێك بوە لە حەفتا منداڵەکەی خواوەندی هەرەگەورە (إیل El، پاشان (یهۆاه) جێی ئیلی گرتوەتەوە و ژنەکەشی واتە (عَشیرە) بۆ ئەو ماوەتەوە](٣٠) لەگەڵ ئەگەری هەندێك کاریگەریی کولتوری ژینگەی بیابانی و گڕکانیی ناوچەی مەدیان، بە تایبەتی کە (یهۆاه) خواوەندێکی تایبەتی بوە لە ناوچەی مەدیان و لەوێ پەیکەری دۆزراوەتەوە(٣١). لەبەر ئەوەش بە رونی لە دەقە یەهودیەکاندا نیشانەی پێشینەی فرەپەرستی لە ئایینەکەدا دەبینرێتەوە، بۆ نمونە دەدرێتە پاڵ موسا کە وتویەتی لە ستایشی خواوەند (یهۆاه) دا: (لەناو خواوەندەکاندا کێ وەکو تۆیە.. !؟) (*کۆرەو*: ١٥/ ١١)، بۆیە زانایان دەڵێن یەکتاپەرستی و پەرستشی خواوەندی هەمو جیهان وەکو ئاڕاستەیەکی گشتی تەنها بە پلەبەندی و لە درەنگێکدا دروست بوە لە ئایینی یەهودیدا، بۆیە لە ئایینی یەهودیدا (وەکو دەقە بنەڕەتیەکان) هیچ بانگەشەیەك نیە بۆ مرۆڤەکانی تر کە خواوەند (یهۆاه) بپەرستن، بەڵکو ئەو خواوەندە تایبەت بو بە خێڵەکانی بەنو ئیسرائیلەوە (هەرچەند دواتر ئایینی یەهودی سروشتی مژدەدەرانەی پەیدا کردوە و تا سەدەی ١٣ ز. دەرگای بەجولەکەبون واڵا بوە(٣٢)).

بەڵام لە مێژوی بیری ئایینیی عیبرانیدا (واتە عیبری زمان) بانگەوازی خواوەندی تاکی هەمو جیهان لە لای پێغەمبەرێکی شوان و نەخوێندەواری بەنو ئیسرائیل بە ناوی عامۆس עָמוֹס (نزیکەی ٧٨٣ پ. ز.) دەست پێ دەکات. هەتاکو مێژونوس (د.

---

**فروید**، سیغموند، *موسى و التوحید*. ترجمة: جورج طرابیشي. دار الطلیعة للطباعة و النشر، بیروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٣. ص‌ص. ٤٠ ـ ٤٩.

(2) **Smith**, Mark S. (Skirball Professor of Bible and Near Eastern Studies, New York University), *The Origins of Biblical Monotheism: Israel's Polytheistic, Background and the Ugaritic Texts.* The Bible and Interpretation, 2000.
@http://www.bibleinterp.com/articles/MSmith_BiblicalMonotheism.htm

(٣) دەربارەی پەیوەندیی خواوەند (یَهْوٰه) بە ناوچەی مەدیانەوە، بڕوانە:
المسیري، *الموسوعة*. مج. ٥، ج. ٢، الباب ١، مُدخَل: یهوه *(یهوڤاه)*.

(٤) بۆ نمونە بڕوانە: سوسە، د. أحمد، *مفصل العرب و الیهود في التاریخ*. الطبعة الخامسة، دار الحریة للطباعة ـ بغداد، ١٩٨١. ص. ٦٢٥.

فیلیپ حِتّي) (١٨٨٦ ـ ١٩٧٨ ز.) پێغەمبەر عـامۆس بـە یەکـەم یەکتاپەرسـت لـە مێژودا دادەنێت چونکە (یهْوٰه) بە خواوەندی هەمو گەلان دەزانێـت نـەك تـەنها بـەنو ئیسرائیل[٣٣]، حیتتی سەرنج لەوەش دەدات کە عامۆس شـوانێك بـوە و نەخوێنـدەوار بوە وەکو موحەممەد[٣٤]. بەڵام ئەم رایەی حیتتی زیادەڕەویەکی تێدایە، چـونکە کاتێـك کتێبـی *عامۆس* دەخوێنینەوە سەرنج دەدەین کە هەرچەند رویـەکی نیمچـە جیهـانیی هەیە و دەڵێت خوا هەژمونی هەیە بەسەر بزاوت و ئاکامی گەلاندا: (*عـامۆس*: ٦/ ٢، ١٤، ٩/ ٢ ـ ٨)، ئاگاداری بیرکردنەوەکانی مرۆڤە و بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەمو گەلاندا دەکات لەسەر کۆمەڵێك بنەمای رەوشتیی بەرز و بێ جیاوازی (*عامۆس*: ١/ ٣ ـ ١٥، ٢/ ١ ـ ٨)، سزای گەلانی دەوروبـەر دەدات لەسـەر ئـەو تاوانانـەی ئـەنجامیان داون: (*عـامۆس*: ١/ ٣ ـ ١٥)؛ بـەڵام لەگـەڵ ئەوانەشـدا خواوەنـدی تـاکی عـامۆس پەیوەندیەکی تایبەتیی بە گەلەکەیەوە (بەنو ئیسرائیل) هەر ماوە، چونکە ئەو گەلانەی دەوروبەر کە ناویان دەهێنێت (ئارامیەکانی دیمەشق، فینیقیەکانی صور، کەنعانیەکانی غەززە، ئەدۆمیەکان، عەممونیەکان) هەر ئەوانەن کە بە دەوروبەری بەنو ئیسرائیلدا بون و پەیوەندی و مێژویەکی نیمچە هاوبەشیان هەیە، جگە لەوەی لەو کتێبەدا خواوەند لە روی بەنو ئیسرائیلدا دەڵێت کە لە هەمو گەلانی زەویدا بـە تایبـەتی ئێـوەم ناسـیوە و چاکەم بەسەرتانەوە هەیە لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی تایبەتی لێتان دەپرسـمەوە و سـزاتان دەدەم لەسـەر هـەمو تاوانـەکانتان (*عـامۆس*: ٣/ ١ ـ ٣)، جگـە لەمـەش بیرۆکـەی یەکتاپەرستی لە لای عامۆس پەیوەستە بـە دادوەریـی کۆمەڵایـەتی و روبەڕوبونـەوەی چینی سەرمایەدار و سودخۆر و خاوەنی زەویوزار و چینی پیاوی ئایینی کە لە رێگەی سروتی رواڵەتیی قوربانیکردنەوە خەڵکیان بە کەڵك دەهێنـا.. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی پەیامەکەی عامۆس ئاڕاستەی شانشینیی باکور (شانشینیی ئیسرائیل) بـو، کـە لـەو کاتەدا بە هۆی فراوانکردنی قەڵەمڕەوەوە سامان و سـەرمایەیەکی بەسـەردا رژا بـو و چینی پیاوی ئایینییش تیـێدا زاڵ ببون[٣٥] (زانراویشە کە سەرچاوەی کەهـەنوتی {P} لە سەرچاوەکانی بیری ئایینی لە دو توێی کتێبەکانی تەوراتدا کە لە پیاوە ئایینیەکانی

---

[١] المصدر السابق. ص. ٤٠٤. ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:
**Hitti**, P. K., *History of Syria*. London, 1951. PP. 213, 214.

[٢] سوسه، *مفصل العرب و اليهود في التاريخ*. ص. ٤٠٤.

[٣] دەربارەی (عامۆس) و کتێبـی (عامۆس)، بڕوانە:
Jewish Encycl. Art. *Amos.* By Karl Budde, Kaufmann Kohler & Louis Ginzberg.
ISBE. Art. *Amos.*

المسيري، *الموسوعة*. مج. ٥، ج. ٢، الباب ٥، مُدخَل: *عاموس*.

سەرپەرشتیکاری پەرستگا و قوربانیەوە هاتوە و زیاتر رۆڵی پیاوە ئایینیەکان و بنەماڵەی کەهەنوتیی هارون دوپات دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شانشینیی باکور[٣٦]).. لەبەر ئەمانە بانگەوازە یەکتاپەرستیەکەی عامۆس درێژەیەکی ئاسایی بیری ئایینی پێشوە و رەگوریشەی تەواوی لە کولتوری دێرینی ناوچەکەدا هەیە، هەرچەند تا رادەیەکی بەرچاویش بەرەو پێش چوە و قۆناغێکی گرنگی یەکتاپەرستیی یەهودیە. بەڵام ئەگەر سرودەکانی ئەخناتۆن بخوێنینەوە دەبینین یەکتاپەرستیەکی رونتر و بیرێکی ئایینی جیهانیتریان تێدایە بە شێوەیەك کە ئاتۆن پەروەردگاری هەمو مرۆڤەکانە و لەو سرودانەدا ناوی گەلێکی تایبەتی دوپات نەکراوەتەوە (بەڵکو باسی سروشت و روەك و گیاندار و مرۆڤ کراوە)، لە روی مێژوییشەوە ئەخناتۆن نزیکەی حەوت سەدە پێش عامۆس دەرکەوتوە.

دوای عامۆس، هۆشەع הוֹשֵׁעַ Hosea و پێغەمبەرانی دواتری بەنو ئیسرائیل و ئەو کتێبانەی نوسراون و دراونەتە پاڵیان زیاتر یەکتاپەرستیی یەهودییان بەرەو پێش بردوە، ئەوەش ـ وەکو توێژەرانی ئێستا دەڵێن ـ بە کاریگەریی یەکتاپەرستیی زەردەشتی و پەرستشی ئاهورا مەزدا[٣٧]، چونکە بیری یەهودی (واتە کولتوری خەڵکی شانشینیی یەهودا) لە بابیلدا و لە ژێر سایەی هەخامەنشیەکان و دەسەڵاتەکانی دواتردا بە تەواوی کەوتە ژێر کاریگەریی کولتور و ئایینی ئێرانی (واتە ئێرانی زمان). دواتریش کاتێك ئەدەبیاتی رەببانی (تەلمود و میدراش) دەبوژێتەوە و ئایینی یەهودیی نمونەیی (ستاندارد) پێك دێت یەکتاپەرستیی یەهودی دەبێتە نمونەی یەکتاپەرستی بە شێوەیەك رەنگرێژیی ئایینە یەکتاپەرستیەکانی دواتر دەکات.

دوای ئەوەش ئایینی مەسیحی لە بنجە یەهودیەکەی گەشە دەکات و دەبێتە ئایینێکی یەکتاپەرستیی تر. سەبارەت بە خودی یەشوعی نازیری «يسوع الناصري» Jesus the Nazarene (عیسا)، هەندێك بڕگەی ئینجیلەکان وا پیشان دەدەن کە بیرکردنەوەی ئایینیی ئەو بیرکردنەوەی جولەکەیەکی پابەند بوە بە بیروباوەڕ و شەریعەتی تەوراتەوە لەگەڵ هەندێك چاکسازی (بە تایبەتی لە چەمکی فریادڕەس

---

(١) دەربارەی سەرچاوەی کەهەنوتی و سەرچاوەکانی تر، بڕوانە:

المسيري، *الموسوعة*. مج. ٥، ج. ٢، الباب ٤، مُدخَل: *نقد العهد القديم*.

**الفغالي**، بولس، *في رحاب الكتاب، العهد الأول* ـ القسم الثاني: تقاليد الفكر الديني في التوراة، الفصل ١٥: الأبحاث حول التقليد الكهنوتي. على موقع المؤلف (paulfeghali.org).

(٢) بڕوانە: **السوّاح**، فراس، *آرام دمشق و إسرائيل، في التأريخ و التأريخ التوراتي*. دار علاء الدين، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٥. ص‌ص. ٢٧٤ ـ ٢٨٠.

«مسیح» دا کـە هـەوڵی داوە رویـەکی رۆحیـی بـداتێ دوای ئـەوەی جولەکـە وەکـو پاشایەکی دنیایی بیریان لـێ دەکردەوە و چاوەڕوانی بون و بە دواکەوتنی بێهیوا بـون) و لەگەڵ هەندێك رەخنەشدا لـە شـێوازی ئایینـداریی پیـاوە ئایینیـەکانی پەرسـتگای جولەکە لەو سەردەمەدا.. بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکی زانسـتیی دڵنیـا نیـە لەسـەر کەسێتیی راستەقینە و ئاراستەی ئایینیی ئەو کە ئاماژەیەك بێـت لـە دەرەوەی دەقـە ئینجیلیەکان و سەرچاوەیەکی هاوچەرخی خۆی بێت (بە شێوەیەك کە ئەمە گومانی لە بونی مێژویی خۆیشیدا دروست کردوە)؛ لەبەر ئەوە هیچ قسەیەکی لەسەر ناکرێـت بـە دڵنیایی. بەڵام توێژینەوە نوێیەکان هەنـدێك بـیروڕای نوێیـان خسـتوەتە رو، بـە پێـی بیروڕایـەك یەشـوع رەنگـە ئەنـدامێکی یـان مامۆسـتایەکی کۆمەڵـەی ئەسـینیەکان «الأسـيْنيّون» Essenes بوبێـت[٣٨] کـە ئـەوانیش بـاڵێکی تونـدی فەریسـیەکان «الفرِّيسـيّون» Pharisees بون و لە ئەشکەوتەکانی دەوروبەری دەریای مـردودا وەکـو کۆمەڵەیەکی رەبەنی دورەپەرێز دەژیان و چـاوەڕێی هـاتنی فریـادڕەس و مەلـەکوتیان دەکرد[٣٩]. لە هەندێك دەق و نوسراوی ئەسینیەکاندا کە بـە (دەستنوسـەکانی دەریـای مردو) دەناسرێن، باس لە مامۆسـتایەك دەکـەن کـە لـە لایـەن کەسـانێکی خراپـەوە کوژراوە.. لێرەوە لە هەندێك ناوەندا بـیر لـەوە کرایـەوە کـە ئەمـە بـاس لـە پیـاوە ئایینیەکانی پەرستگای یەهودیی ئورشەلیم دەکات کە چۆن تێ کۆشان بـۆ لەخاچـدانی مەسیح و گوایە ئەو مامۆستایە مەبەست مەسـیحە. بـەڵام ئێسـتە بـە پێـی نیشـانە مێـژویی و دەقیـەکان رون بوەتـەوە کـە مەبەسـت لـەو مامۆسـتایە (ئۆنیـا) Onias (Ονιου) ی سێهەمە کە گەورە پیاوی ئایینیی پەرستگای یەهودی بـوە و دواتـر (بـە پێی کتـێبی دوەمـی *مەککابیـەکان* Μακκαβαιων B: ٤/ ٣٠ ـ ٣٥) لـە هـەوڵی تالانکردنی پەرستگاکەدا لە لایەن سـەلوکیەکان و داردەسـتەکانیانەوە کـوژراوە. ئـەم کەسێتیە لە ئەدەبیاتی یەهودیدا زۆر گرنگ بوە و لە کتـێبی (*دانیـال* דָּנִיֵּאל) دا بـە

---

[١] بۆ نمونە، بڕوانە: المسيري، *الموسوعة*. مج. ٥، ج. ٣، الباب ١، مُدخَل: *الأسينيون*. مج. ٥، ج. ٢، الباب ٤، مُدخَل: *مخطوطات البحر الميت*.

[٢] دەربارەی (ئەسیەنیەکان)، بڕوانە:

Jewish Encycl. Art. *Essenes*. By Kaufmann Kohler.

**Catholic Encycl**opedia. Robert Appleton Company, 1907. (Online Edition, 2003). Vol. V. Art. *Essenes*. By E. P. Graham.

Encycl. Britannica. Art. *Essene*.

ISBE. Art. *Essenes*. By J. E. H. Thomson.

المسيري، *الموسوعة*. مج. ٥، ج. ٣، الباب ١، مُدخَل: *الأسينيون*.

(سەرۆکی مەسحکراو) «مسیح» ناو براوە (*دانیال*: ٩/ ٢٥)، ئیتر زۆربەی ئەو نیشانە و ئاکارانەی بۆ فریادڕەس «مسیح» لە نوسراوە یەهودیەکاندا دیاری کراون دەگەڕێنەوە بۆ ئەم کەسە. بەم پێیەش ئەو دەقانەی دەستنوسەکانی دەریای مردو ئاماژە بۆ کۆمەڵێك روداوی رابردو دەکەن ئەگەر بە شێوەی پێشبینیی داهاتویش داڕێژرابن. بەڵام ئەو بیروڕا زانستیەی کە دەکرێت پەسەندی بکەین ئەوەیە کە(٤٠) یەشوع لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی (الجلیل) ی باکوری فەلەستین بوە و لەوێ لە دایك بوە و لەوێش پێ گەیشتوە و بوەتە مژدەدەری باوەڕێکی نوێ.. ئەم ناوچەیەش لە درەنگێکدا و بە زۆری بنەماڵەی یەهودیی مەککابیەکان ئایینی یەهودیی تێدا بڵاو کراوەتەوە و لەبەر ئەوەش خەڵکەکەی لە جولەکایەتیدا کاڵ بون و جولەکەیەکی پابەندی داب‌ونەریتی یەهودی نەبون، جگە لەمەش ئەو فرەپەرستیە تەقلیدیەی کە لە ناوچەکەدا بوە رۆح و ناوەڕۆکی بنەڕەتیی خۆی لە دەست داوە و بوەتە فرەپەرستیەکی رواڵەتی کە ناتوانێت ببێتە جیهانبینیەکی رون بۆ مرۆڤ.. بۆیە لەم ناوچەیەدا هەندێك گروپ و قوتابخانەی گنۆسی «عرفانيّ» زیاتر برەویان هەبوە کە هەڵگری بیری ئایینیی جیهانیی نوێ بون و بانگەشەیەك بون بۆ رەتکردنەوەی کەلەپور و شەریعەتی یەهودی و تەوراتی بەو کۆت و بەندانەوە کە هەمو ژیان ئابلوقە دەدەن و لە کۆمەڵێك سروتی رواڵەتی و بێگیان و قورسکاردا بەرجەستە دەبن و کۆمەڵێك پیاوی ئایینییش پارێزگارییان لێ دەکەن کە دەبنە بارێکی گران بەسەر ژیانی ئایینی و رۆحیی راستەقینەی مرۆڤەکانەوە. یەشوعیش لە بنەڕەتدا ئەندامێکی ئەم گروپە گنۆسیانەی ناوچەی جەلیل بوە، بە تایبەتی گروپێك بە ناوی (نازیریەکان) Nazarites [کە دەگونجێت لە وشەی (نازیر) נזר ی عیبریەوە (= ناذِر ـ ی عەرەبی) هاتبێت بە واتای (تەرخانکراو یان پیرۆزکراو بۆ کاروباری ئایینی)، هەروەکو بە واتای (میر) یش دێت]، بەم پێیەش (یەشوعی نازیری) واتە ئەندامێکی گروپی نازیریەکان [نەك خەڵکی شارۆچکەیەك بە ناوی نازەرێت «الناصرة» Nazareth کە ئەو کاتە ئەو شارۆچکەیە هەر نەبوە!]. ئیتر یەشوع بەو باکگراوندە گنۆسیەوە بانگەشەی دەکرد بۆ (ڕزگاری) ـەك کە هەمو مرۆڤەکان

---

(١) دەربارەی ئەم بیروڕا زانستیە نوێیە سەبارەت بە کەسێتی و کولتوری بنەڕەتیی یەشوع، بڕوانە:

**جنیبیر**، شارل، *المسیحیة ـ نشأتها و تطوّرها*. ترجمة: د. عبد الحلیم محمود. المكتبة العصرية، صیدا ـ بیروت. ص‌ص. ٢٥ ـ ٦٦.

**السواح**، فراس، *الوجه الآخر للمسیح ـ موقف یسوع من الیهود و الیهودیة و إله العهد القدیم، و مقدمة في المسیحیة الغنوصیة*. دار علاء الدین، الطبعة الأولی، ٢٠٠٤. ص‌ص. ٧ ـ ١١٥. ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:

**Lewis**, Harvey Spencer (1883-1939), *The Mystical Life of Jesus*. AMORC, SanJose California, 1982. PP. 53, 72; 141-158.

بگرێتەوە نەك تەنها جولەکە، هەروەها باوەڕ و چەمك و فیرکاریەکانی هەڕەشەیەك بون بۆسەر دەسەڵاتی (شەریعەت) ی یەهودی و دەسەڵاتی رژێمـی (کەهـەنوت) و پیـاوانی ئـاییـنیی پـارێزەری شـەریعەت و پەرسـتگا.. هـەتاکو لـە ناوهێنـانی خواشـدا زاراوە تەوڕاتیەکانی بەکار نەدەهێنا بەڵکو هەمیشـە خـوا ناودەنێـت (بـاوکی ئاسمـانی) کـە ئەمەش زاراوە و چەمکێکی گنۆسیە. بەڵام لە دواییـدا ئـەو جولەکانـەی کـە شـوێنی کەوتن و بونە بەشێك لە هەڵگرانی بانگەوازەکەی، باوەڕ و چەمکەکانی ئەویان لەگـەڵ باوەڕی یەهودیی گشتیدا گونجاند و (کلیسای ئورشەلیم) یان پێك هێنا کـە (پـێترۆس) «بِطـرُس» سەرۆکایەتیی دەکرد و تەنها ئەندامی جولەکە (خەتەنەکراو) یان وەردەگرت، کە ئەم کلیسایە دواتر چەندین گروپ و کۆمەڵەی یەهودی ـ مەسیحیی لـێ کەوتـەوە کە ماوەیەك کاریگەرییان هەبوە و دوای ئەوە لەناو چون.. ئەو بڕگە ئینجیلیانەش کـە لەسەر زمانی یەشوعەوە هاتون و گوایە یەشوع تەنها بۆ (بەرخە ونبوەکـانی نـەوەکانی ئیسرائیل) نێرراوە (*ئینجیلی مەتتا* Μαθθαῖον: ١٠: ٦) و تـەنها بـۆ ئـەوە هـاتوە (شەریعەت) تەواو بکات نەك هەڵی بوەشێنێتەوە (*مەتتا* : ٥: ١٧)، بە رونی دیارە کـە ئەم بڕگانە لـە لایـەن ئـەو ئاڕاسـتە یـەهودی ـ مەسـیحیەوە زیـاد کـراون بـۆ دەقـە ئینجیلیەکان. لە بەرامبەری کلیسای جولەکە ـ مەسیحیەکانیشدا کلیسـایەکی تـر لـە (ئەنتاکیە) پێك دێت بـە رێبـەریی (پـۆڵس) کـە پێـی دەوترێـت کلیسـای گـەلان (ی ناجولەکە)، ئەم کلیسایە لە هەمو گەل و نەتەوەیەك ئەندام و شوێنکەوتەی وەردەگـرت و مەرجی (خەتەنە) ی بەتاڵ کردەوە و بەم شێوەیەش لە جیهانی یۆنانیـ ڕۆمانیدا برەوی پەیدا کرد.. ئەم کلیسایە کە تا رادەیەك شوێنپێی باوەڕی جیهانی و کراوەی یەشـوعی هەڵ گرتوە ئایینی مەسیحیی لە چوارچێوەی تەسکی یـەهودی و خۆرهـەڵاتی هێنایـە دەرێ، بۆیە ناوەندێکە لە نێوان باکگراوندە گنۆسیەکەی یەشوع و ئاڕاسـتە یـەهودی ـ مەسیحیەکەدا، و بوە بناغەیەك بۆ ئایینی مەسیحیی نمونەیی. ئەوەی کە پەرەی دا بـە بنـەڕەتی بانگـەوازە گنۆسـیەکەی یەشـوع ئاڕاسـتەیەکی تـر بـو کـە پێـی دەوترێـت (مەسیحیەتی گنۆسی) و کۆمەڵێك رێبەر و مامۆسـتای خـۆی هـەبوە کـە کۆمـەڵێك نوسراویان بەجێ هێشتوە، بەڵام، لەبەر ئەوەی ویستویانە ئایینی مەسـیحی لـە هـەمو پاشماوە و خڵتەیەکی یەهودی و تەوراتی پاك بکەنەوە، لـە لایـەن ئاڕاسـتە مەسـیحیە نمونەییەکـەوە دژایـەتییان کـراوە و لـە چوارچـێوەی بـاوەڕی مەسـیحی دەر کـراون و خوێندنەوەی نوسراوەکانیان قەدەغە کراوە، لە کۆتاییشدا بـەرەو نـەمان چـون و تـەنها نوسراوەکانیان بۆ سەردەمی نوێ بەجێ ماوە.

سەبارەت بە ئـاییـنی مەسـیحیی نمونـەییش دەتـوانین قسـەی تێروتەسـەل بکـەین: هەرچەند ئایینی مەسیحی لە سـەرەتادا جیابونـەوە «انشـقاق» ێـك بـوە لـە ئـاییـنی

یەهودی، بەڵام ئەو ئایینە مەسیحیە نمونەییەی کە لە کتێبەکانی پەیمانی نوێ «العهد الجدید» دا دامەزرێنراوە و ئێستەش لە شێوەی کلیسا جیاوازەکاندا دەیبینین، ئەمە لە راستیدا سەرەنجامی گەشەی کولتوری گەلانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بوە، چونکە لە لایەکەوە ئایینی میثرایی لەو سەردەمەدا ئایینێکی زۆر بڵاو بوە لە کۆمەڵگای رۆمانیدا بە تایبەتی لە چینی سەربازاندا.. ئایینی مەسیحی هێما و سروت و جەژن و بۆنەیەکی زۆری ئەم ئایینەی دەست بەسەردا گرت و بە کەڵکی هێنان. جگە لە سودبینینی لە کۆمەڵێك رەگەزی تری کولتور و ژیانی رۆمانی. هەروەها سێینەی (باوك و کوڕ و دایك) وەکو بیرۆکە و وەکو ئایکۆن لە جیهانی یۆنانی ـ رۆمانیدا بڵاو بو و سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سێینەی ئۆزیریس Osiris (ئوسیر) ی باوك و ئیزیس Isis (ئێاست) ی دایك و حۆروس Horus (حور) ی کوڕ، لە میسری دێریندا و دواتر لە جیهانی یۆنانی ـ رۆمانیدا.



سێینەی میسری: ئۆزیریس، ئیزیس، حۆروس (هەڵۆ)

هەروەکو پێشتر ئایکۆنی ئیزیس هەبو کە حۆروسی کوڕی لە باوەش بو بەڵام ئایینی مەسیحی ئەو ئایکۆنەی لە خۆ گرت و بو بە ئایکۆنی ماری کە یەشوعی کوڕی لە باوەشدا بو.



ماری و یەشوع



ئیزیس و حۆروس

لێرەوە ئایینی مەسیحی چوەوە سەر بنەڕەتی هەمو ئایینەکان کە ئایینی قۆناغی دایکسالاری و پەرستشی خواوەندی دایك و کوڕە بێباوکەیەتی. جگە لە خواستنی چەندین چەمك و بیرۆکەی تر لە کولتوری ئورۆپایی بە گشتی، وەکو چەمکی لۆگۆس «الكَلِمة» λόγος لە کولتوری یۆنانی. لەبەر ئەمانە ئایینی مەسیحیی نمونەیی (نەك ئایینی یاخود ئایینزای نەصرانی واتە ئاڕاستەی زوی جولەکە مەسیحیەکان خاوەنی *ئینجیلی عیبرانیەکان*) هەرچەند بە هۆی ریشە یەهودیەکەیەوە روالەتی ئایینی یەکتاپەرستیی هەیە و هەرچەند ئەپۆلۆجیا «علم الدفاع الدّينيّ» ی مەسیحییش بنەما و بەڵگەی عەقلّی و فەلسەفیی بۆ یەکتاپەرستی داڕشتوە (بەو پێیە کە سێ ئوقنوم Hypostasis ـەکە سێ ئاکار «صفة» ی جیاوازی یەك خود «ذات» ـن)؛ بەڵام لە کرۆکدا ئایینە دێرینەکان [ی بەپیتیی سروشت و خواوەندی دایك (کچی هەمیشە کچ) و کوڕی دایك (بێباوك)] ی قۆناغی دایکسالاری و سێینەی (باوك ـ کوڕ ـ دایك) ی متوربەکراو بە کولتوری باوکسالاری.. بە شێوازێکی نوێ لە ئایینی مەسیحیدا خۆیان دەرخستوەتەوە. هەر بۆیە لە ئەدەبیاتی تەلمودیدا هەمیشە وەکو بەشێك لە بتپەرستان یان مسقۆفان مەسیحیەکان ناو براون(٤١)، لە کاتێکدا لە ئەدەبیاتی یەهودیی دواتردا موسڵمانان بەو شێوەیە واتە وەکو بتپەرست ناو نەبراون، بەڵکو تەنها وەکو پێغەمبەرایەتیەکی ناڕاست باسی ئیسلام کراوە.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئایینی مەسیحیدا هەوڵی هەندێك لە ئیمپراتۆرە رۆمانیەکان دەبینین بۆ دامەزراندنی پەرستشی خواوەندێکی تاك، بە

---

(١) بڕوانە: المسيري، *الموسوعة*. مج. ٥، ج. ٣، الباب ٣، مُدخَل: *المسيح (عيسى بن مريم)*.

ئامانجی ئەوەی جیاوازیە ئایینیەکانی ئیمپراتۆریێتیەکەی لەناو ببات و هەمو گەلانی ئیمپراتۆریێتی لەسەر پەرستشی خواوەندێك کۆ بکاتەوە.. وەکو چاوەڕوانیش دەکرێت ئەو خواوەندەی کە لە هەوڵێکی لەم چەشنەدا بەرز دەکرێتەوە بۆ پلەی خواوەندی تاك لە بنەڕەتدا نمونەیەکی خواوەندی خۆرە، کە خواوەند (ئاتۆن) ی ئەخناتۆنیش بە هەمان شێوە نمونەیەکی خواوەندی خۆر بو.. ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (خۆر) دیارترین و کاریگەرترین دیاردەی سروشتیە بەسەر مرۆڤەوە و مرۆڤ هەست بە دەسەلاتی ڕەهای خۆر دەکات لە ئاسماندا بە شێوەیەك کاتێك خۆر هەڵ دێت هیچ تەنێکی ئاسمانیی تر دیار نامێنێت، بەڵکو خۆر بە تیشکی بەهێزی خۆی ناهێڵێت مرۆڤ بە تەواوی چاوی تێ ببڕێت، ئەمە جگە لەوەی کە خۆر سەرداری (ئاسمان) ە و ئاسمانیش بە فراوانی و ناکۆتایی و دیمەنی پڕ نهێنی و رازی خۆی سەرنجی مرۆڤی زۆر راکێشاوە.. لێرەدا هەوڵی دو ئیمپراتۆری رۆمانی بۆ دامەزراندنی پەرستشی خواوەندێك (ی خۆر) ی تاك دەبینینەوە، ئەوانیش:

یەکەمیان: ئیلاگابالوس Elagabalus یاخود هێلیۆگابالوس Heliogabalus (۲۰۳ ـ ۲۲۲ ز.)، کە لە بنەڕەتدا ناوی ڤاریوس ئاڤیتوس باسانیوس Varius Avitus **Bassianus** بوە، و یەکێك بوە لە ئیمپراتۆرە رۆمانیەکان لە بنەماڵەی سێڤیروسی کە دەچێتەوە سەر ئیمپراتۆر سێپتیمیوس سێڤیروس Severus Septimius و ژنەکەی (جولیا دۆمنە)Julia Domna (۱۷۰ ـ ۲۱۷ ز.) کچی جولیوس باسانیوس Julius Bassianus کە ئەمیش گەورە پیاوی ئایینیی پەرستشی خواوەندی خۆر (هێلیۆگابالوس) ی ناوبراو بو لە شاری حیمص Emesa ی سوریا، کە خەڵکی ئەو شارە و دەوروبەری وەکو خواوەندێکی تایبەتی پەرستویانە. جولیا دۆمنە خوشکێکی گەورەی هەبو بە ناوی جولیا مەیسا Julia Maesa (۱۷۰ ـ ۲۲٦ ز.)، ئەمیش کچێکی هەبو بە ناوی جولیا سوەیمیاس «سُهَیْمة» Julia Soaemias کە مێردی کرد بە ئەفسەرێکی سوریایی و (باسانیوس) ی ناوبراوی هێنایە دنیا کە رۆمانیەکان دواتر ناویان نا (هێلیۆگابالوس) بە ناوی ئەو خواوەندەوە کە بانگەشەی بۆ کرد وەکو خواوەندی تاك.



ئیمپراتۆر ئیلاگابالوس

خواوەند ئیلاگابالوس یاخود ئیلاگابال «إیلاجابال» Elagabal، خواوەندی خۆر بو لە سوریادا و مەڵبەندەکەشی شاری حیمص بو.. ناوەکەی دارِشتەیەکی لاتینیە کە لە دەستەواژەیەکی ئارامیەوە هاتوە بە شێوەی (إیلاها جابال) Ilaha Gabal «إلە الجَبَل»، واتە (خواوەندی چیا)، وشەی (جَبَل) لە زمانە سامیەکاندا بە واتای (چیا) یە بەڵام ریشەی وشەکە واتای (دروستکردن) ی تێدایە، لە عەرەبییشدا (جَبْل) بە واتای دروستکردن دێت. دواتر وشەی (ئیلا) لە دەستەواژەی (ئیلاگابال) دا لە هزری رۆمانیدا لەگەڵ ناوی هێلیۆس Helios ی خواوەندی (خۆر) ی یۆنانیرۆمانیدا تێکەڵ کراوە و ناوەکەی بوەتە هێلیۆگابالوس Heliogabalus، بەم شێوەیەش بوەتە خواوەندی خۆر و نازناوی لاتینیی Deus sol invictus ی دراوەتێ واتە (خواوەندی خۆری هەرگیز نەبەزیو)، و لە چاکسازیە ئایینیەکەی ئیمپراتۆر ئیلاگابالوسدا جێی خواوەند (جوپیتەر) ی سەرۆکی پانثیۆنی رۆمانیی گرتەوە.

باسیانوس لە تەمەنی (١٢)ساڵیدا بوە گەورە پیاوی ئایینیی پەرستشی خواوەند هێلیۆگابالوس لە حیمصدا و دواتر، دوای کوژرانی کارەکەللا Caracalla (١٨٦ ـ ٢١١ ـ ٢١٧ ز.) ی ئیمپراتۆری پێشو، بوە ئیمپراتۆر بە پلەی کایسەر، ئەمەش لە تەمەنی (١٤) ساڵییدا. دوای بونیشی بە ئیمپراتۆر خۆی تەرخان کرد بۆ پەرەپێدان بە پەرستشی خواوەندە تاکەکەی و بانگەشە و مژدەدان بۆ بڵاوکردنەوەی پەرستشی، بۆ ئەوەش پەرستگای تایبەتیی لە رۆما بۆ بنیات نا و ئەو بەردە رەشە هەسارۆکەیی «نَیْزَکي» ـەی لە پەرستگاکەی سوریاوە بۆ هێنا کە هێمای ئەو خواوەندە بو (بەڵام پەیکەری نەبو).. جگە لەوانەش بۆ زیاتر ناساندنی پەرستشی ئەو خواوەندە بە خەڵکی رۆما لەبەر چاویاندا سروتەکانی پەرستشی ئەو خواوەندەی ئەنجام دەدا. دەیویست پەرستشی ئەو خواوەندە تاکەی خۆی بکاتە ئایینێکی جیهانی، بۆ ئەمەش لە نێوان ساڵانی (٢٢٠ ز.) تا (٢٢٢ ز.) هەوڵێکی زۆری دا بۆ بانگەواز و بڵاوکردنەوەی

ئایینەکە و لەو پێناوەشدا کاروبارە رەسمیەکانی پشت گوێ خستوە و توندیی نواندوە وچەند سەرکردەیەکی سەربازیی بەرهەڵستکاریشی لە سێدارە داوە.. بەڵام هەوڵەکانی بە ئاکام نەگەشتن و نەیتوانی هیچ لایەنگر و شوێنکەوتەیەك بۆ پەرستشە یەکتاپەرستیەکەی پەیدا بکات و هەمو پشتیوانەکانیشی پشتیان بەردا.. سەرەنجامیش لە لایەن سەربازانی لایەنگری ئەلێکسیانوس Alexianus ـەوە لە هەمان بنەماڵەی سیڤیروسی، کوژرا و بە پشتیوانیی سوپا و ئەنجومەنی پیران و جەماوەری خەڵك ئەلێکسیانوسی ناوبراو کرایە ئیمپراتۆر بە ناوی ئەلیکساندەر سیڤیروس Alexander Severus. هەرەسهێنان و ناکامبونی ئەم هەوڵە یەکتاپەرستیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە نامۆیی و بایەخی کەمی ئەو خواوەندەی کە ئیلاگابالوس وەکو خواوەندی تاکی هەمو ئیمپراتۆرێتی هەڵی بژاردبو ـ کە خواوەندێکی ناوچەیی بو لە سوریا و بە تایبەتی شاری حیمص، ئەو ثیۆلۆجیا و بیرە ئایینیەش کە بە دەوری پەرستشی ئەم خواوەندەدا پێك هاتبو گەشەیەکی وای نەکردبو کە لە ئاستی ئەو سەردەمەدا بێت و نەیدەتوانی مرۆڤی ئەو سەردەمە بدوێنێت و وەڵامی چاوەڕوانی و پێداویستیەکانی بداتەوە، بۆ نمونە نوسراوێکی نەبو کە بە زمانێکی ئەدەبی گوزارش لە راستیەکانی خۆی بکات ـ وەکو ئینجیلەکانی ئایینی مەسیحی و نوسراوە گنۆسیەکان و نامیلکە هێرمیسیەکان کە لەو سەردەمەدا برەو و چالاکیەکی زۆریان هەبو، بەڵکو زیاتر بە رابردوەوە پەیوەست بو و تایبەتمەندیی ئایینی جیهانیی تێدا نەبو. جگە لەوەی کۆمەڵگای رۆمانیی فرەپەرست کە ئازادیی هەمو پەرستشێکی ئوروپایی و خۆرهەڵاتیی تێدا بو و هەمو جۆرە ئایین و ئاییزایەکی تێدا نمایش دەکرا سەپاندنی پەرستشی تاکە خواوەندێکی بە تەنها هەڵ نەدەگرت.. لەو کاتەشدا فەلسەفە لە جیهانی یۆنانیـرۆمانیدا کە لە پلاتۆنیزمی نوێدا بەرجەستە دەبو چالاکیەکی زۆری هەبو و فەیلەسوفەکان لە هەمو لایەکدا چالاك بون بۆ برەودان بە فەلسەفەکەیان کە دەبوە برێتی و جێگرێك بۆ مەعریفەی ئایینیی لەمێژینەی ئەو سەردەمە، هەروەها بزوتنەوەیەکی زیندوکردنەوەی کەلەپوری رۆمانی لە کۆمەڵگای رۆمانیدا لە ئارادا بو کە بۆ بەرپەرچدانەوەی لێشاوی ئایین و کولتورە خۆرهەڵاتیەکان تێدەکۆشا.. سەرباری ئەوەی کە کەسێتیی ئیلاگابالوس یاخود باسیانوس لەگەڵ هەڵگرتنی پەیامێکی ئاییني و رۆحیی لەو ئاستەدا نەدەگونجا، چونکە رێزی چەندین داب‌ونەریتی کۆمەڵگای رۆمانیی شکاندوە و وەکو دیکتاتۆرێکی خۆرهەڵاتیی ئارەزوباز هەڵسوکەوتی کردوە و رای گشتیی رۆمانیی تورە کردوە و وا دەردەکەوێت کەسێکی ناسروشتی «شاذ» بوە لە لایەنی سێکسیەوە، چونکە لە هەندێك ئاهەنگی سێکسیی ناسروشتیدا بەشداریی کردوە، بەتایبەتی لەگەڵ (هێرکۆلیس) ی لێخوڕی رەوڕەوە جەنگیەکەیدا.. هەروەها

شێوازی مامەڵە و هەڵسوکەوتی نەگونجاو و نێرەموکانە و ژنانیانە هاتوەتە پێش چاوی دەستوپێوەند و بەرپرسانی کۆشك، بۆ نمونە وتراوە کە ماکیاجی ژنانەی کردوە.. قسەوقسەلۆك هەبوە لەسەر ئەوەی ئێوارانی خۆی لەسەر جێگا بەسەر دەبرد و خۆی بە سۆزانی دەزانی و حەزی دەکرد زێ «مهبل» ێکی بە نەشتەرگەری بۆ بچێنرێت! (هەرچەند ئەم هەواڵ و چیرۆکانە رەنگە هەڵبەسراوی /یان زێدەڕۆیی/ ئەو مێژونوسە رۆمانیانە بێت کە بە چاوی کەم تەماشای مرۆڤی خۆرهەڵاتییان کردوە و بە مرۆڤی لاواز و ژنانی و لێنەهاتویان زانیون، بە تایبەتی کەسێکی وەکو ئیلاگابالوس کە پیاوی جەنگ نەبوە و تەمەنی کەم بوە و رەگێکی خۆرهەڵاتییشی تێدا بوە و چاکسازیە ئایینیەکەشی وا دیارە رۆمانیەکانی توڕە کردوە). هەروەها کچێکی تەرخانکراوی خزمەتی خواوەند ڤێستا Vesta ی مارە کرد، کە خواوەندی ئاگری ئاگردان بو لای رۆمانیەکان، ئەم جۆرە خزمەتکارەش دەبوا بە کچی بمێنێتەوە، بۆیە مارەکردنی لە لای زۆربەی رۆمانیەکان قەدەغەشکێنی و پیسکردنی پیرۆزیەك بو.. جگە لەمانەش سەرنج دەدەین پەرستشی خواوەند هێلیۆگابالوس بەو شێوەیەی کە باسیانوس جێبەجێی کردوە، تایبەتمەندیی ئایینی فرەپەرستیی تێدا ماوە و ناگاتە ئاستی یەکتاپەرستیی تەواو، چونکە باسیانوس سروتی (زەماوەندی پیرۆز) ی جێبەجێ کردوە کە لە ئایینە فرەپەرستیەکاندا (بە تایبەتی پەرستشەکانی بەپیتیی سروشت) ئەنجام دەدرا بە زەماوەندی نێوان پیاو و ژنێکی تەرخانکراو بۆ کاروباری پەرستگا، واتە (کاهِن) ێك و (کاهِنة) یەك، کە دەبنە هێمای خواوەندێکی نێر و بەرامبەرێکی مێ کە بەپیتیی سروشتیان بەدەستە.. جا باسیانوسیش زەماوەندێکی لەم جۆرەی بۆ خۆی رێك خست و بۆ ئەم مەبەستەش بەرامبەرێکی مێی بۆ خواوەندەکەی خۆی ساز کرد کە ئەویش خواوەند تانیت Tanit بو کە خواوەند (ی مانگ) ی مێی شاری کەرتهاجە «قَرْطاجَة» Carthage (Carthago) بو، بەو پێیە کە خواوەندی خۆر (نێر) و خواوەندی مانگ (مێ) بەیەك دەگەن، کە ئەمەش میثۆلۆجیای سوریایی کۆن (چیرۆکی زەماوەندی خواوەند بەعل و عیشتارت) بیر دەخاتەوە، بۆیە بەردە رەشەکەی خواوەند هێلیۆگابالوسی خۆی لە سوریاوە گواستەوە و بەردەکەی خواوەند (تانیت) یشی لە ئەفریقاوە گواستەوە![٤٢]

---

[١] دەربارەی ئیمپراتۆر (ئیلاگابالوس) و هەوڵە یەکتاپەرستیەکەی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Elagabalus*.

Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *Heliogabalus*. By Karl Hueber.

Wikipedia. Arts. *Elagabalus*, *Elegabalus*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Elagabulus

دوەمیــان: ئۆریلیــان Aurelian (لوکیــوس دۆمینیــوس ئۆریلیــانوس) Lucius Dominius **Aurelianus** (٢١٥ ـ ٢٧٠ ـ ٢٧٥ ز.)، ئــەو ئیمپراتــۆرەی کــە پارچەکانی ئیمپراتۆریی رۆمانیی یەك خستەوە و نازنـاوی Restitutor orbis ی بـۆ خۆی دانا واتە (نۆژەنکەرەوەی جیهان)، لە هـەمان کاتیشـدا هـەوڵی دا ئیمپراتـۆریی رۆمانی و ئایینە جیاوازەکانی لەسەر پەرستشی (خواوەنـدی خـۆری هـەرگیز نەبـەزیو) Deus sol invictus کۆ بکاتەوە، چونکە پـەیمانی دابـو کـە یـەکبونی ئیمپراتـۆریی رۆمانی لە هەردو روی ماددی و رەوشتیەوە بهێنێتە دی[٤٣].

ئایینێکی گشتگیر و جیهانیی تر کـە لـە پـەراوێزی ئـایینی زەردەشـتی و ئـایینی مەسیحیدا هاتوەتە کایـە، ئـایینی (مـانی) ــە. مـانی (٢١٦ ـ ٢٧٤ ز.)، کـە لـە بنەڕەتێکی گنۆسی بوە، هـەوڵی داوە ئایینـەکانی پـێش خـۆی لـە قـاڵبی بـاوەڕێکی ئایینیی گشتگیر و جیهانیدا دابڕێژێت و وەکو پـەیامێکی کۆتـایی بـۆ هـەمو جیهـان بانگەشەی بۆ بکات کە جێی هـەمو ئایینـەکانی پێشـو دەگرێتـەوە، بۆیـە خـۆی بـە (دواهەمینی پێغەمبەران) ناو بردوە. مانی لـە بنەڕەتـدا پشـتی بەسـتوە بـە ئـایینی زەردەشتی، لەگەڵ سودبینینی لە هەندێك بیرۆکەی ئایینەکانی مەسیحی و میثرایـی و هیندۆسی و ئایینی عێراقیی کۆن، جگە لـە باکگراونـدە گنۆسـیەکەی خۆیشـی. ئـەو بیرۆکە بنەڕەتیەی کە لە ئایینی زەردەشتی وەریگرتوە بریتیە لە کێشمەکێشی نێوان دو هێزی دژبەیەك و هاوتا لە بونەوەردا کە لـە خواوەنـدی چـاکەخواز (ئـاهورا مــەزدا) و گیانی خراپەخوازی (ئەنگرە مەینیو) دا بەرجەسـتە دەبـن، بـەڵام لـە لای مـانی ئـەم

---

@http://en.wikipedia.org/wiki/Elegabalus

**Lauren van Zoonen**, *Heliogabalus*. Livius. 2005.

@http://www.livius.org/he-hg/heliogabalus/heliogabalus.htm

**Lauren van Zoonen**, *Elagabal*. Livius. 2005.

@http://www.livius.org/ei-er/elagabal/elagabal.html

**Cumont**, Franz, *The Oriental Religions in Roman Paganism* (With an Introductory Essay by Grant Showerman). Chicago: Open Court, London: Kegan Paul, Trench, Trübner. 1911. V. Syria, pp. 113, 114.

السواح، *دين الإنسان*. الباب ٣: الأشكال الاجتماعية للدين و مستوياته الشمولية، الفصل ٢: نماذج من الأديان الشمولية، ٢. إيلاجابال ـ الشمس التي لا تُقْهَر، ص‌ص. ٩٧ ـ ١٠١.

(١) دەربارەی ئیمپراتۆر ئۆریلیان و هەوڵە یەکتاپەرستیەکەی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Aurelian*.

Catholic Encycl. Vol. II. Art. *Aurelian*. By Patrick J. Healy.

Cumont, *The Oriental Religions in Roman Paganism*. V. Syria, p. 115.

بیرۆکەیە زیاتر بەرەو یەکتاپەرستی گەشەی کردوە کاتێك بیرۆکەی هاوتابونی هەردو هێزی چاکە و خراپە ڕەت دەکاتەوە و پێی وا نیە کە هێزی خراپە خواوەندێك پێك بهێنێت کە هاوتای خواوەندی چاکە بێت، بەڵکو مانی باوەڕی بە دو بنەڕەت هەبوە، خوا و مادده، خوا سەرچاوەی هەمو شتێکی چاکە، و ماددەیش سەرچاوەی هەمو خراپەیەکە، و (ئەهریمەن) یش لە ماددەوە هاتوە و دەسەڵاتێکی کاتیی بەسەر بەشە تاریکەکەی بونەوەردا هەیە و لە کۆتاییشدا لە ڕوبەڕوبونەوەیدا لەگەڵ خوادا تێك دەشکێت و کۆت دەکرێت و هیچ کاریگەریەکی نامێنێت. مانی بە پشتگیریی پاشای ساسانی (شاپور) ی یەکەم (٢٧٢ ز. مردوە)، توانیی بانگەوازی ئایینیی خۆی بە هەمو لایەکی ئیمپراتۆریی ساسانی و دەرەوەیشدا بڵاو بکاتەوە، دوای خۆیشی ئایینەکە لە مەودایەکی فراواندا بڵاو بوەوە، کە لە خۆرهەڵاتەوە دەگەیشتە چین و لە خۆرئاواوە دەگەیشتە ئیتالیا و ئیسپانیا. بەڵام لە کۆتاییدا بە کاریگەریی ئایینی زەردەشتی و ئینجا مەسیحی و پاشانیش ئیسلام وردەوردە پوکایەوە و کشایە دواوە[٤٤].

دوای ئەوانە لە ژینگەی کۆمەڵێك ڕێبازی یەهودی و مەسیحیی جۆراوجۆر و نامۆنەیی و خۆگونجێندا لەگەڵ کولتوری عەرەبی، ئیسلام هاتە کایە وەکو ئایینێکی یەکتاپەرستی، کە یەکتاپەرستی، بە تایبەتی بە شێوە یەهودیە تەلمودیە گەشەسەندوەکەی، تێیدا سەنتەر پێك دەهێنێت و دیارترین ئامانج و دروشمیەتی. یەکتاپەرستی لە ئیسلامدا لەبەر ئەوەی پەیوەندیی بە سەرهەڵدانی و بە ڕوبەڕوبونەوەی ئایینی فرەپەرستیی عەرەبیەوە هەیە (واتە زادەی یان هاوەڵی ململانێیە)؛ هێز و ڕۆشنیەکی زیاتری پەیدا کردوە و چەمکی خوای تاك لە ئیسلامدا زیاتر لە پێشو بوەتە چەمکێکی ڕۆشن و ئاشکرا و سادەکراو بە شێوەیەك بوەتە چەمکێکی شەقڵبەستو «نَمَطيّ» کە لە چەمکە فەلسەفیەکە نزیك دەبێتەوە، بۆیە لە بیری نوێی مرۆڤەوە نزیکترە. بەڵام یەکتاپەرستیی قورئانی، وەکو گوتار و ئەپۆلۆجیا «مُحاجّة» و بەڵگەسازی لە دەقەکاندا، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، لەوانە کاڵبونەوە و سادەیی و ڕواڵەتگەری و بێناوەڕۆکیی ئەو ئایینە فرەپەرستیەی کە گوتاری قورئانی ڕوبەڕوی

---

[1] دەربارەی ئایینی مانی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Mani*, *Manichaeism*.

السواح، *دين الإنسان*. الباب ٣: الأشكال الاجتماعية للدين و مستوياته الشمولية، الفصل ٢: نماذج من الأديان الشمولية، ٣. ماني و المانوية، ص‌ص. ١٠٢ ـ ١٠٥.

بوەتەوە و نەبونی میثۆلۆجیایەکی تیۆرتەسەلی گەشەکردو تێیدا یان کالْبونـەوەی ئـەو میثـۆلۆجیایـە، جگـە لـە بازرگـانیبونی ئایینـە فرەپەرسـتیەکە بەگشـتی؛ بوەتـە یەکتاپەرستیەکی شێوەیی «شَـكليّ» کە زیاتر پێداگری لەسەر شێوە و روالَّەت و نـاو و وشە و دروشم دەکات.. بۆ نمونە زۆر بە توندی دژایـەتیی بتـەکان «الأصـنام» دەکـات چونکە ئەوانە شێوە و دیمەنی زۆر زەقی فرەپەرسـتین، بـە شـێوەیەك گوتـاری قورئـانی گریمانەی ئەوە دادەنێت کە ئەو خەڵکە بەردێکی بێگیانیان پەرستوە، لـە کاتێکـدا لـە هەمو ئایینە دێرینەکاندا پەیکەر تەنها نواندنێکی ئـەو خواوەندەیـە کـە کەسـێتیەکی میتافیزیاییە و پەیکەرەکە تەنها شوێنێکی کاتیی پیرۆزیی خواوەندە و نیشانەی بـونی هونەرێکی پێشکەوتویشە لە کۆمـەڵگادا، بـەلاّم بەڵگـە «حُجّـة» قورئانیـەکان زیـاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئەو بەردانە بێگیانن و سود و زیانیـان نیـە. هـەروەها دژایەتیی بیرۆکەی پەیوندیی وەچەخستنەوەی نێوان خوا و فریشتە و جنۆکە لە کولتورە عەرەبیەکەدا دەکات *(الصافات*: ١٥٨)، چونکە ئەوە وەکو دروشمێك وایە بۆ پەیوەندیی فریشتە و جنۆکە بە خواوەندبونەوە. هەروەها دژایەتیی نـاوبردن «تسمية» ی فریشـتە وەکو مێ دەکات *(النجم*: ٢٧)، چونکە ئەوە پەیوەندیی بە وشە و نـاوەوە هەیـە و لـە پێکهێنەرەکانی بیرۆکەی پێشتریشە. بەلاّم سەبارەت بە خودی فریشتە و جنۆکـە تـەنها بەوە دەستی هەڵ گرتوە کە ئەمانەی بە بەندەی گوێڕایەڵی خوا داناوە و ناوی خواوەندی لـێ داڕنیون، لە کاتێکدا ئەم کەسێتیانە لە بنەڕەتـدا کەسـێتیی خواوەنـدین و بچـوك بونەتەوە و گرنگ ئەوەیە فرەیی «كثرة» یّك لە جیهانی میتافیزیاییـدا پێـك دەهێـنن. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە یەکتاپەرسـتیی قورئـانی دژی بتـپەرستی و ئایکۆنـپەرستیە زیاتر لەوەی دژی فرەپەرستی یان فـرەپیرۆزی بێـت، پێـداگری لەسـەر تایبەتبونی ناوی خوا بە یەك خود «ذات» ەوە دەکـات زیـاتر لـە نـەبونی فرەیـی لـە جیهـانی میتافیزیاییـدا بـە نـاو و ناونیشـانی تـر. ئـەم تێبینیـەش هـەمو ئایینـە یەکتاپەرستیەکانی زەردەشتی [زەردەشـتیی یەسـنا و گـاثـەکـان نـەك بـیری ئـایینیی یەشتەکان کە لە فرەپەرسـتی نزیـك دەبێتـەوە] و یـەهودی و مەسـیحی و ئیسـلامی دەگرێتەوە، کە لـەم ئایینانـەدا هەرچـەند خواوەنـدێکی تـاك هەیـە بـەلاّم خواوەنـدە بچوکەکانی قۆناغی نیمچەیەکتاپەرستی (هێنـۆثیـزم) بـە نـاوی فریشـتە و جنۆکـە و پاڵەوان و پیاوچاك و قیددیس، بە هـەمان فرمانـەکانی پێشـویان و هەنـدێك جـار بـە هەمان بێژەی ناوە کۆنەکانیان [بۆ نمونـە (دیـابۆلۆس) διαβολος بـۆ ܕܝܒܠܘܣ و پاشان بـۆ (إبلیس)، (مـۆلـِك) מֹלֶךְ بـۆ (مَالـك) *(الزخـرف*: ٧٧)، (دێڤـا) देव ی سەنسکریتی بە واتای (خوا) بۆ دەیڤـە 𐬛𐬀𐬉𐬎𐬎𐬀 (خواوەنـدی خراپـە) و پاشـان بـۆ (دێـو)، هـەتاکو (إلـوهیم) אֱלֹהִים ی عیـبری (لـە سەرچـاوەی ئیلـوهیمی {E} ی

تەوراتدا) بە واتای خواوەند (ەکان) جاروبار بە واتـای فریشـتە هـاتوە]، دەمێننـەوە و دەبنە بەردەسـت (یـان دوشمـنی ڕێگەپێـدراو) ی خواوەنـدی هەرەگـەورە، جـا ئەگـەر خواوەندە کۆنەکە فرمانی چاکەی هەبێت دەبێتە فریشتە (فروستادە) «الملاك» מַלְאָךְ یان پیـاوی خـوا[٤٥] و قیـددیس، و ئەگـەر فرمـانی خراپـەی هـەبێت دەبێتـە دوشمـن «الشیطان» Satan הַשָּׂטָן یان جنۆکە کە ئـەمیش شـێوەیەکی کـاڵبوەوەی چـەمکی شەیتانە یان هەندێك جار گوزارشێکە لە گیان Anima ی جانەوەر و پێکهاتە زیانـدار و سامناکەکانی سروشـت بـە تایبـەتی سروشـتی بیابـانی. بـەڵام یەکتاپەرسـتیەکەی ئەخناتۆن ـ وەکو رابورد ـ یەکتاپەرسـتیەکی رەهـا بـو، ئـەخناتۆن هـیچ کەسـێتیەکی میتافیزیـایی جگـە لـە ئـاتۆن نەهێشـتەوە، بـەوەش هـەمو فرەییـەکی لـە جیهـانی میتافیزیاییدا لە ناوبرد. لەبەر ئەوە لە ناو یەکتاپەرسـتیە ئایینیەکانـدا وێنـەی نیـە. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەی کە یەکتاپەرستیەکەی ئـەخناتۆن زادەی بیرکردنـەوەی تاکـە کەسـێکی بیرمەنـد و فەیلەسـوف بـو، هـەروەکو هـەوڵی تاکەکەسـیی زەردەشـت (زەرەثـوشـترە) 𐬰𐬀𐬭𐬀𐬚𐬎𐬱𐬙𐬭𐬀 (کۆتـایی هـەزارەی ٢ پ. ز.) بـۆ لـە نـاوبردنی خواوەندە هیندۆ ـ ئێرانیە کۆنەکان ئەوانەیان هێمای دیاردە سروشتیەکانن و گۆڕینیـان بە دێوە خراپەخوازەکان.. بەڵام هەوڵی هەردو ئـەخناتۆن و زەردەشـت لـە کۆمـەڵگادا نەچەسپین، بەڵکو دوای خۆیان بەندوباوی پێشو دەستی پێ کردوەتەوە، ئەوەش بە کاری پیاوی ئایینی «الکـاهن»، ئەوەی کە بەسەر دەسکەوتی شۆڕشی پێغەمبـەرەوە دەژی و جەماوەری رەشۆك وەبەر خۆی دەدات.

لە لایەکی ترەوە یەکتاپەرستیی قورئـانی چـەند پێشـینە و بنچـینەیەکی هـەبو پـێش سەرهەڵدانی ئیسلام، چونکە بە هۆی کاریگـەریی ئـایینی یـەهودی و مەسـیحیەوە چـەند کەسێکی بیرمەند بەرەو یەکتاپەرستی چوبون، هەرچـەند ـ وەکـو دەردەکـەوێت ـ عـەوداڵی یەکتاپەرستیەکی خۆماڵی بون و نەیانتوانیوە بە تەواوی کولتوری یەهودی و مەسـیحی لـە خۆ بگرن.. کە پێیان دەوترێت (المتحنّفون) یاخود (الأحنـاف) و پێغەمبەریش ـ لە بنەڕەتـدا ـ نمونەیەکی ئەوانە بوە و دەکرێـت بـیری ئـایینیی ئـەوان (کـە خۆمـاڵیکردنی شـێوەیەکی کورتکراوەی ئایینی یەهودیە بە ناوی ئایینی ئیبراهیمی) ڕێخۆشکەرێك بوبێت بـۆ ئیسـلام بەڵکو ناوەکەیان بە شێوەی (الحنیفیة) ناوێکە بۆ ئیسلام. لە سەرتاسـەری نیمچـە دورگـەی عەرەبیدا، بە کاریگەریی ئایینی یەهودی و تا رادەیەکیش مەسیحی و هەنـدێك نەشـونمای

---

[١] سەرنج بدە کە وشەی گەبریێل «جبریل» גַּבְרִיאֵל لە بنەڕەتدا بە واتای (پیاوی خوا) یە! بڕوانە:
Jewish Encycl. Art. *Gabriel*. By Solomon Schechter, Ludwig Blau & Emil G. Hirsch.
ISBE. Art. *Gabriel*. By James Orr.

خۆماڵییش، تەوژمێك هەبوە بەرەو پەرستشی خواوەندێکی تاك، بە تایبەتی کە لە باشوری نیمچە دورگەی عەرەبیدا هەندێك نوسراو دۆزراونەتەوە کە ناوی ئەو خواوەندە دەهێنن بە شێوەی (ذُ سَمــٰوي) واتە (ذو السماء) واتە خاوەنی ئاسمان، هەروەها (بعل شمن) واتە (ربّ السماء) بە پێی گوزارشە قورئانیەکە، کە بە پێی بیروڕای هەندێك ئەوە نیشانەی سەرەتایەکی یەکتاپەرستیە لە لای عەرەبی باشور چونکە ئەوە ناوێکی سەرەکیی خواوەندە لەو نوسراوانەدا. هەروەها لە هەندێك نوسراوی تردا ناوەکە دەبێتە (رحمنن بعل شمن) واتە (الرحمن ربّ السماء)، لە هەندێك دەقی تریشدا (رحمنن بعل شمن و أرضن)[٤٦] واتە (الرحمن ربّ السماء و الأرض)، پیتی (ن) ی کۆتایی وشەکان ئامرازی ناساندنە لە جێی (ال) لەو شێوەزارەدا[٤٧]، لە قورئانیشدا هاتوە: (ربّ السموات و الأرض و ما بينهما، الرحمن) *(النبأ* : ٣٧). لە نوسراوەکانی باشوری نیمچە دورگەی عەرەبیدا بە گشتی ناوی (رحمــٰنن) دێت وەکو ناوی خواوەندێکی سەرەکی کە نوێیە لە چاو ناوەکانی (ذ سموي) و ئەوانی تر، هەروەکو لە دەقێکی یەهودییشدا، واتە خاوەنەکەی جولەکە بوە، لە یەمەن، ناوی (رحمنن) واتە (الرحمن) هاتوە، کە دەقەکە دەڵێت: (تبرك سم رحمنن ذ بسمين و يسرال و الههمو رب يهود)، واتە (تبارك اسمُ الرحمنِ الذي هو بالسماء و إسرائيلُ و إلهُهُ ربُّ اليهود)، واتە: (پیرۆز بێت ناوی رەحمان کە لە ئاسمانە و ئیسرائیل و خوای ئیسرائیل پەروەردگاری جولەکە).. لێرەوە خۆرهەڵاتناسان پێیان وایە بە کاریگەریی ئایینی یەهودی ئەو پەرستش و ناوە لەناو عەرەبدا بڵاو بوەتەوە، بەڵام هەندێکیش پێیان وایە بە شێوەیەکی خۆماڵی گەشەی کردوە، چونکە لە نوسینەکەی (أبْرَهَة) Abraha (سەدەی ٦ ز.) یشدا لەسەر بەنداوی (مأرِب) لە یەمەن هاتوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێت: (بخيل و ردا و رحمت رحمنن و مسحهو و روح قدس)، کە بە عەرەبیی باکوریی نوێ دەبێتە: (بِحَولِ و رِدْءِ و رحمةِ الرحمــٰن و مسيحِهِ و روحِ القُدُس)، واتە: (بە توانایی و پشتیوانی و بەزەیی رەحمان و مەسیحی ئەو و گیانی پیرۆز)، جگە لەوەی لە دەقێکی تریشدا هاتوە کە دەگەڕێتەوە بۆ (٤٦٨ ز.)، لە نوسراوەکانی (تَدْمُر) یشدا هەمان ناو هاتوە بە شێوەی (رحمنه) یاخود (ر ح م ن ا) Rahman-a[٤٨]. هەروەکو ناوی (الرحيم) یش هاتوە لە هەندێك دەقی عەرەبیی باشوریدا لە شێوەزاری سەبەئی و صەفاییدا بە شێوەی (رحم) واتە (رحيم)، هەروەها بە

---

[١] دەربارەی ناوی (ذ سموي) و (بعل شمن) و ئەوانی تر، بڕوانە: د. جواد علي، *تاريخ العرب قبل الإسلام*. ج. ٥، ص‌ص. ١٤٤، ١٤٥، ١٥٣.

[١] المصدر السابق. ج. ٥، ص. ١٤٥.

[٢] دەربارەی ناوی (رحمنن) لە دەقەکاندا، بڕوانە: المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ٥٥، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٧، ٤٢٥، ٤٤٦. ج. ٦، ص‌ص. ٣٣، ٣٤، ١٨٨، ١٨٩.

شێوەی (هرحم) واتە (هارحیم)[٤٩]، کە پیتی (هـ) واتە (ها) لـەم شێوەزارانەشـدا ئـامرازی ناساندنە. پێشتریش لـە نیمچـە دورگـەی عەرەبیـدا نیمچەیەکتاپەرسـتیەك هـەبوە، واتـە پەرستشی خواوەندێکی هەرەگەورە، کە هەمیشە سەرەتایەکە بـۆ یەکتاپەرسـتی.. ئـەوەش لەوەدا دەبینرێتەوە کە گەورەترین خواوەند لە نیمچە دورگـەی عـەرەبیـدا (بـە تایبـەتی لـە باشوریدا) خواوەندی مانگ بوە[٥٠]، کە بە چـەندین نـاو دەرکـەوتوە، وەکـو (أَلْمَقـه)، کـە وشەکە لە شێوەزاری سەبەئیدا واتای مـانگ دەگرێتـەوە و نـاوی خواوەنـدی هەرەگـەورەی سەبەئیەکان بوە[٥١]، گومانیش دەبرێت ریشەی وشەی (مَکَّة) بێت، هـەروەها (وَدّ) کـە لـە قورئانیشدا ناوی هاتوە (*نوح*: ٢٣) و وشەکە واتای مانگ دەگەیـەنێت و نـاوی خواوەنـدی هەرەگەورەی مەعینیەکان بوە[٥٢]، هەروەها (سین) یاخود (سن) کە وشـەکە لـە خۆیـدا بـە واتای مانگە و ناوی خواوەندی هەرەگەورەی حەضرەمەوتیەکان واتە خـەڵکی (حَضْـرَمَوْت) بوە[٥٣]، هەروەها (عَم) کـە وشـەکە لـە دەقـە قەتبانیەکانـدا مـانگ دەگرێتـەوە و نـاوی خواوەندی هەرەگەورەی قەتبانیەکان بوە[٥٤]. ناوی مانگ «القمـر» لـە عـەرەبیی دێرینـدا، جگە لە (سین) یاخود (سن) و (هوبس)، بریتیە لە (ورخ) کە بوەتە (تـاریخ)[٥٥]، هـەروەها (سهر) یاخود (شهر) کە بوەتە (شهر) بە واتای مانگی سی رۆژە[٥٦]، ئەمەش رەنگدانـەوەی تێڕوانینی عەرەبە بۆ مانگ وەکو رێکخەری کات و مانگ و ساڵ، وەکو قورئانیش دوپـاتی دەکاتەوە: (قُل: هي مواقيتُ للناس و الحجّ) (*البقرة*: ١٨٩).. ئەم پێشینەیە لـە ئیسـلامدا رەنگـی داوەتـەوە، بۆیـە دەبیـنین تـا ئێسـتاش هێمـای ئیسـلام بریتیـە لـە مـانگ ☪ (بەرامبەری خاچ ✝ ی مەسیحی و ئەستێرەی داوود ✡ ی یەهودی) (هەرچەند هەر یەکـە لـەم سـێ هێمایـە درەنـگ بونەتـە هێمـای رەسمـی)، هـەروەها هەنـدێك لـە سـروت و پەرستشـەکانی ئیسـلام بەسـراونەتەوە بـە بینـینی مانگـەوە: (صُـومُـوا لِرُؤيتـه و أفطِـروا لِرُؤيته)[٥٧].

---

[٣] دەربارەی هاتنی ناوی (رحم) واتە (رحيم)، بڕوانە: المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ٥٥، ١٥٥.

[٤] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص ١٢٢، ١٢٣.

[٥] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ١٣٠، ١٣٤.

[١] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ١٢٤ ـ ١٣٠، ١٣٤، ١٤٩، ١٥٢.

[٢] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ١٣٠، ١٣١، ١٣٤.

[٣] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ١٢٤، ١٣٠، ١٣٤ ـ ١٣٦.

[٤] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ١٢٤، ١٣٠، ١٣٤ ـ ١٣٦.

[٥] المصدر نفسه. ج. ٥، ص‌ص. ١٢٢، ١٢٣.

[٦] ئەم دەقە (البخاري) و (مسلم) و (ابن حبان) و (ابن خزيمة) و (الحاكم) کە خاوەنی (صحيح) ـن، هەروەها

ئەمەی کە رابورد تەنها سەرەتایەك بو دەربارەی مێژوی یەکتاپەرستی و دەروازەیەکی پێویست بو بۆ نزیکبونەوە لە مەبەستی توێژینەوەکە.

---

(الترمذي) و (الدارمي) و (البيهقي) و (الدارقطني) و (النسائي) و (ابن ماجه) کە خاوەنی (سُنَن) ـن، هەروەها (الشافعي) و (البزار) و (ابن أبي شيبة) و (الطبراني) (أحمد) و (أبو يعلى) کە خاوەنی (مُسْنَد) ـن، گێڕاویانەتەوە. بۆ نمونە، بڕوانە:

**البُخاري**، *الجامع الصحيح المختصر*. تحقيق: د. مصطفى ديب البغا. دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٧. الكتاب ٣٦: كتاب الصوم، الباب ١١، ج. ٢، ص. ٦٧٤، الحديث رقم ١٨١٠.

**مُسْلِم**، *صحيح مسلم*. تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. دار إحياء التراث العربي، بيروت. الكتاب ١٣: كتاب الصيام، الباب ٢، ج. ٢، ص. ٧٦٢، الحديث رقم ١٠٨٠، ١٠٨١.

**الحاكم**، *المستدرَك على الصحيحين*. تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا. دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٠. الكتاب ١٥: كتاب الصوم، ج. ١، ص. ٥٨٦، الحديث رقم ١٥٤٧.

# بەشی دووەم

# یەکتاپەرستی و توندوتیژی

یەکتاپەرستی پەرستشی خواوەندی هەمو جیهانەکان «رَبُّ العالَمِیْن» ـە، واتە لە یەکتاپەرستیدا خواوەندێك لە کولتورێکدا دەبێتە خواوەندی گشتی بۆ هەمو مرۆڤەکان و کولتورەکان.. واتە کولتورێك زاڵ دەکرێت بەسەر کولتورەکانی تردا، چونکە کاتێك ئاییندارێك لە (خوا) دەدوێت ئەوە لە راستیدا هەمو بیرە ئایینیەکەی و هەمو کولتورەکەی دەگرێتەوە، چونکە (خوا) ـ لە واقیعی چەمکە ئایینیەکاندا ـ گوزارشە لە کولتور و کەسێتی و سروشتی کولتوری و نەتەوەیی [سەرنج بدە کە هەندێك جار ناوی خواوەند و ناوی نەتەوە و وڵات هەر یەك ناون، وەکو سەبارەت بە خواوەند ئاشور Ashur و گەلی ئاشوری و پایتەختی ئاشوریەکان: ئاشور!] زیاتر لەوەی گوزارش بێت لە هەبویەکی دەرەکیی جیاواز. جا کاتێك ئاینداری یەکتاپەرست هەست دەکات خواوەندێکی جیهانیی ئاوای دۆزیوەتەوە، هەست بە رەهایی و جیهانیبونی پەیام و هزر و بیرەکەی دەکات و سور دەبێت لەسەر ئەوەی بیری خواوەندی هەمو مرۆڤەکان بگەیەنێت بە هەمو مرۆڤەکان. ئەمەش ـ لە واقیعدا ـ واتە دەیەوێت کولتورەکانی تر بسڕێتەوە و کولتورەکەی خۆی لە جێیان دابنێت، ئەمەش یەکەم هەنگاوی توندوتیژیی ئایینیە. بۆیە دەتوانین بڵێین توندوتیژیی ئایینی و جەنگی ئایینی و پیرۆز لەگەڵ یەکتاپەرستیدا دەست پێ دەکەن و لە کۆمەڵگا دێرینەکانی پێش ئاینە یەکتاپەرستیەکاندا دا لێکبوردنی ئایینی هەبوە.

دەتوانین لایەنە نێگەتیڤ (و ئەزمونکراو) ـەکانی بانگەشە و ئاینە یەکتاپەرستیەکان لە چەند رەهەندێکدا، ئەگەرچی هاوواتا و سەر و بەری یەکتریش بن [بۆیە زاراوەی (ڕەهەند) یش بەکار دەبەم چونکە رەهەند «بُعْد» سەربەخۆ نیە]، بەرجەستە بکەین:

١. یەکتاپەرست کەسێتیەکی باڵا و هەڵبژاردە و رەها و بێسنور بۆ خۆی و کولتورەکەی بە رەوا دەبینێت، لە بەرامبەردا بە چاوی نزم و کەم و بچوك و پیس و گومڕا و نەفام «جاهِل» و نەزان و نەخوێندەوار و رێچکە و کوێرەڕێگە «سُبُل» و حەپەی لاڕێ بۆ کولتور و بیروباوەڕ و کۆمەڵگاکانی تر دەڕوانێت (ناووناتۆرەکانی بێباوەڕ «کافِر» و بتپەرست «وَثَنيّ» و گومڕا «ضالّ» و پاشگەز «مُرْتَدّ».. لە گوتاری ئایینی یەکتاپەرستیەوە داکەوتون)، بە شێوەیەك لە دیدی شۆڤینیانە نزیك

دەبێتەوە و هەندێك جاریش دیدی یەكتاپەرستی و دیدی شۆڤینیانە یەك دەكەون (وەكو لای عەرەب لە هەندێك قۆناغ و كات و شوێندا) و دەبێتە توندترین بیری رەگەزپەرستی [وەكو دیدی عەرەب بۆ ئەوەی پێیان وتوە (مەجوسی)، كە لای عەرەب واتە: عەجەمی + ئاگرپەرست، ئەم هەستە عەرەبیەش زیاتر بە وشەیەك دەربڕاوە كاتێك بە مرۆڤی ناموسڵمانی ناعەرەب «كافر العَجَم» یاخود «الكافر الأجْنبيّ» ـیان وتوە (عِلْج) و بۆ كۆیش وتراوە (عُلُوج)، كە وشەكەش لە بنەڕەتدا بە واتای كەر و كەرەكێوی و مەخلوقی تێكسمڕاو و رەزاقورس و بلحە![58]]، یان دیدی یەكتاپەرستی بە تەنها (و بە بێ بونی بنچینەی تەواو بۆ ناسنامەی نەتەوەیی) دەبێتە بناغەیەك بۆ دیدی شۆڤینی (وەكو لای جولەكە لە رابردودا) و دەبێتە هۆی بەكەمزانینی خەڵك و خۆجیاكردنەوە و دورەپەرێزی و نەگونجان و لاورگەیی لە كۆمەڵگادا بەڵكو لە ناو هاوڕەگەز و هاونیشتمانانیشدا. ئەمانەش هەموی لەگەڵ باوەڕێكی تەواو و چەسپاودا بەوەی مرۆڤەكانی كۆمەڵگا و گەلانی تر بێباوەڕ و بتپەرست و نەفام و خراپەخوازن و لە رۆژی دواییشدا هیچ بەش و مافێكیان نیە بەڵكو لە قیری دۆزەخدا دەكولێنرێن! كاتێكیش ئەم بیروباوەڕانە دێنە بواری جێبەجێكردن و دەسەڵاتەوە ئاشكرایە چ هەڕەشەیەك لە ئاسایشی مرۆڤ دەكەن لە دەرەوەی كۆمەڵگای یەكتاپەرست.

٢. یەكتاپەرستی وەكو بیرۆكە سەرنجڕاكێشە و ئاستێكی بەرزە، بەڵام وەكو واقیع دەبێتە هۆكارێك بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندی و سنور و جیاوازی و پێكهاتە كولتوری و نەتەوەییەكان. كاتێك بانگەشەیەكی یەكتاپەرستی بڵاو دەبێتەوە بە سروشتی خۆی دەیەوێت سیستەمە كۆمەڵایەتی و سیاسی و كولتوریەكان تێپەڕێنێت و لە ئەنجامیشدا ئەوە دەبێتە خۆهەڵقورتاندن لە /تێكشكاندنی/ بونیادی كۆمەڵایەتیی خەڵك. چونكە كۆمەڵگا تەنها لە یەك رەگەز و دوان پێك نەهاتوە، بەڵكو پێك دێت لە پەیوەندیی كۆمەڵایەتی و كولتور و ئایین و سیاسەت و ئابوری.. ئەم رەگەزانەش پێكەوە بەستراون و سەربەخۆ نین، كاتێكیش هێزێك (ی دەرەكی)، بە تایبەتی لە جۆری ئایینێكی

---

(1) دەربارەی وشەی (علج) و (علوج)، بڕوانە:

**الفيروزآبادي**، القاموس *المُحيط*. مادة (علج)، ص. ٢٥٤: (العِلْج: العِير، و الحِمار، و حِمار الوَحْش السَّمِين القَوِيّ.. و الرَّجُل مِن كُفّار العَجَم، ج عُلُوج..).

**ابن مَنْظور**، *لسان العرب*. دار صادر، بيروت، الطبعة الأولى. مادة (علج)، ج. ٢، ص. ٣٢٦: (العِلْج: الرجل الشديد الغليظ.. و العِلْج: الرجل من كُفّار العجم.. و العِلْج: الكافر، و يُقال للرجل القوي الضخم من الكفار عِلْجٌ.. و العِلْج: حمار الوحش، لاستعلاج خَلْقه و غِلَظه، و يُقال للعير الوحشي إذا سَمِنَ و قَوِيَ عِلْجٌ، و كلُّ صَلْبٍ شديدٍ عِلْجٌ..).

یەکتاپەرستی، بیەوێت یەکێك لەم رەگەزانە تێپەڕێنێت ئەوە بە تێپەڕاندنی رەگەزەکانی تر تەواو دەبێت.. کاتێك ئایینێکی یەکتاپەرستی ئایینی کۆمەڵگایەك دەسڕێتەوە ئاشکرایە و واقیعێکی ئەزمونکراوە کە هەمو بونیادی ئەو کۆمەڵگایە هەڵ دەوەشێنێتەوە و دادەڕێژێتەوە، چونکە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای رێسایەکی تر دادەڕێژرێنەوە، کولتوری ئەو کۆمەڵگایە بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئایینی ـ بە رواڵەت ـ نێونەتەوەیی، بونیادی سیاسیی ئەو کۆمەڵگایە هەڵ دەوەشێتەوە و سەربەخۆیی نامێنێت، بە دوای ئەمانەشدا باری ئابوری و (فاکتەر و شێواز و پەیوەندی) ی بەرهەمهێنان جارێکی تر و بە رێباز و ئامانجێکی تر رەنگڕێژ دەکرێت.. ئەمە جگە لەوەی کە ئایینی هەر کۆمەڵگایەك پەیوەستە بە کولتور و مێژو و شانازیەکان و کەلەپور و هونەر و ئەدەب و زمان و کەسێتی و سروشتی ئەو کۆمەڵگایەوە.

٣. هەر لێرەوە ئاشکرایە کە بڵاوبونەوەی ئایینێکی یەکتاپەرستی چ کارێك دەکات بۆ سڕینەوەی کەلەپور و رابردو و شانازیی نەتەوەیی گەلان.. دەکرێت سەرنج لەوە بدەین کە بڵاوبونەوەی ئیسلام لە سەدەی حەوت و هەشتی زاییینیدا بە کۆمەڵگای ئێرانی (ئێرانی زمان) و عێراقی و سوریاییدا، بە چاوپۆشین لە رەهەندەکانی تری ئەم پرۆسێسە، چۆن بوە هۆی دواکەوتن و سستبون و لاوازبون و متبونی کولتور و زمانی ئێرانی و ئاڕامی ـ سوریانی و کەلەپوری ئایینیی زەردەشتی و مەسیحیی خۆرهەڵاتی لە ناوچەکەدا تا چەند سەدەیەك (و بۆ لایەنە سوریانی ـ مەسیحیەکە تا ئێستاش)، کە تەنها نەوەی نوێی ئەو کولتورانە دەتوانن رادەی زیانەکە مەزەندە بکەن و هەست بەو حاڵەتە بکەن..

٤. ئایینی یەکتاپەرستی لە یەکەم رۆژی بڵاوبونەوەیەوە ئاڕاستەیەکی سیاسیی هەیە، تەنها رێبازێکی فەلسەفی یان قوتابخانەیەکی ئەدەبی یان شێوازێکی هونەری و بیناسازی یان خولیا و مۆدێل و سەرگەرمیەك نیە، یاخود تەنها ئایینێك نیە کە پیاوی ئایینی لە رێگەی هەندێك سروتەوە و لە هەندێك رۆژ و بۆنەی دیاریکراودا زیندوی رابگرێت و پیاوی ئایینییش تەنها چینێکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ بێت و جیاواز بێت لە چینە کاریگەرەکانی سیاسەتمەدار و سەرکردەی سەربازی و پیاوی دەوڵەت و بازرگان.. بەڵکو یەکتاپەرستی کە لە خۆیدا رەتکردنەوەی پەرستشی خواوەندی جیاوازە دەبێتە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی جیاواز، لەبەر ئەوە ئایینی یەکتاپەرستی بە بێ دەسەڵات و هێزی سیاسی و ئاڕاستەکردنی تایبەتیی هەمو بوارەکانی ژیان پێناسەی خۆی وەرناگرێت و بە بێ پاڵپشتی هێزی سیاسییش ناتوانێت بڵاو ببێتەوە و پەرە

بگرێـت و ببێتـە ئـایینێکی گشـتگیر و جیهـانی.. ئەمـەش وا دەکـات ئـایینی یەکتاپەرسـتی هێـزی سـەپاندن و توندوتیـژی و فراوانخـوازیی هـەبێت و لـە سروشـتی بانگـەواز و قوتابخانەیـەکی پـەروەردەیی و رۆحـی و ڕێنیشـاندەرێك و هیوابەخشـێك دەربچێت.

٥. یەکتاپەرستی ئامرازێکی زۆر بەکارە بۆ دەسەڵات ئەگەر بیەوێت کۆمەڵێك گەل و کولتور و کۆمەڵگا یەك بخات و لە یەك بۆتەدا بیانتوێنێتـەوە و رژێمێکـی سیاسـیی مەرکەزیی ڕەهـا دامـەزرێنێت و بـە نـاوی خواوەنـدێکی تـەنها و بـە فـەرمانڕەوایی ئایینێکی تەنها و لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ثیۆکراسیی جیهانیی تـەنهادا حوکمیـان بکات.. چونکە ئاشکرایە کە یەکبونی ئایینی یەکبونی کولتوریی بەدواوەیە و یەکبونی کولتورییش یەکبونی سیاسی ئاسان دەکات. بۆیـە دەتـوانین بڵـێین (توحیـد) بـە واتـا ئایینیەکەی (یەکـپەرستن) لە هەمان کاتـدا بریتیـە لـە (توحیـد) بـە واتـا سیاسـی و کارگێڕیەکەی (یەکـخستن). هەتاکو لە سەردەمانی دێرینیشدا دەرکـی ئەمـە کـراوە و بەکار هێنراوە، بۆ نمونە لە میسـری دێرینـدا ئەگـەر دەسـەڵاتێك ویسـتبێتی بـاکور و باشوری میسر یان خۆرهەڵات و خۆرئاوای دەلتا ڕێك بخات خواوەنـد و پەرستشـی ئـەو ناوچانەی لە شێوەیەکدا کۆ کردوەتەوە یان ڕێـك خسـتوە. لێـرەدا ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەکەین کە یەکتاپەرستی دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر ببینێت لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵە خێڵ و ناوچە و پێکهێنانی نەتـەوەدا، ئـەم توانایـەش لـە مێـژوی ئیسـلام و عەرەبدا بو بە واقیعێك، کە تەنها ئیسلام یاخود یەکتاپەرستیی ئیسـلامی تـوانی لـە یەکە خێڵەکیە پەرتەوازەکانی نیمچە دورگەی عـەرەبی نەتەوەی عـەرەبی پێك بهێنێت و لەسەر شێوەزارێك و ڕێنوسێك و پەرستشێك و ڕوگەیەك و ئامانجێکی هاوبەش.. کۆیان بکاتـەوە. ئـەم پەیوەندیـەش لـە نێـوان سـەرهەڵدانی ئیسـلام و یـەکگرتنی خێڵـە عـەرەبیەکاندا لە لایەن هەندێك توێژەری ڕوسیاییەوە لە شێوەی تیۆریەکـدا پـەرەی پـێ دراوە بۆ لێکدانەوەی سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا[٥٩]، بەو پێیـە

---

[1] بۆ نمونە، بڕوانە: **توكاريف**، سيرغي ا.، *الأديان في تاريخ شعوب العالم*. ترجمة: د. أحمد م. فاضل. الأهالي ـ دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٨. ص‌ص. ٥٣٦، ٥٣٧.

هەروەها بڕوانە:

**شلحت**، د. يوسف، *نحو نظرية جديدة في علم الاجتماع الديني (الطوطمية ـ اليهودية ـ النصرانية ـ الإسلام)*. تحقيق و تقديم: د. خليل أحمد خليل. دار الفارابي، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣. الفصل ٨: قوانين التطور الديني، ٢. قانون التوحيد الديني، ص. ٢١٠.

**عبد الجبار**، فالح، *بنية الوعي الديني و التطور الرأسمالي*. مركز الأبحاث و الدراسات الاشتراكية في العالم العربي.

کە عەرەب و بیرمەندە عەرەبەکانی ئەو کات و بارودۆخە هەستیان بە پەرتەوازەیی کردوە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا و وردەوردە بیریان کردوەتەوە لە کۆکردنەوە و کورتکردنەوەی پەرستشە جیاوازەکان لە یەك شێوەدا و ئەم شێوەیەش لە کۆتاییدا بو بە شێوگ «صیغة» یەکی کورتکراوە و گونجێنراوی ئایینی یەهودی و مەسیحی و خۆماڵیکردنی ئەو شێوگە لە رێگەی گەڕاندنەوەیەوە بۆ قۆناغی ئیبراهیمی بەو پێیە کە قۆناغێکە پێش ئایینی یەهودی و مەسیحی واتە بنچینەیە بۆیان و لەوانیش رەسەنتر و گشتیترە و بەشی عەرەبیشی تێدایە.

لە سەردەمانی نوێشدا نمونەی وەههابیەت دیارە[٦٠] کە لە رێگەی پێداگرتنەوە لەسەر یەکتاپەرستی توانی خێڵە پەرتەوازە و یەکترخۆرەکانی نەجد و هەمو هەرێمەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی یەك بخات بە شێوەیەك کە لە کۆتاییدا شانشینیی عەرەبیی سەعودی پێك هات. یەکتاپەرستیی وەههابی کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی یەکگرتن خوازیی تریش هەبوە، وەکو لە لای سوڵتانی مەڕاکیش (مولاي سليمان) (١٧٦٠ ـ ١٧٩٢ ـ ١٨٢٢ ز.)، کە بیروباوەڕی یەکتاپەرستیانەی وەههابیی بەکار هێنا (کە خۆی عەلەوی بوە) بۆ لەناوبردنی بەشبەشکردنی دەرەبەگی و خێڵەکی لە وڵاتدا و روبەڕوی چالاکیی جیاخوازیانەی (المرابطين) ی بەربەر بوەوە بە بنەمای یەك ئایین و یەك دەسەڵات و یەك دەوڵەت.. بۆ لاساییکردنەوەی زیاتری وەههابیەت سوڵتان دژایەتیی رێزلێنانی سالآنەی پیاوچاکان و داب‌ونەریتی تەریقەت و تەکیەکانی کرد، ئەوەش لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە بە ناوی *(رسالة ضد المواسم و البِدَع)* کە (ساڵی ١٨١١ ز.) لە وڵاتدا راگەیەنرا، و ئەو باجانەی لابرد کە قورئان دای نەناون و پێشەوای موسڵمانی دەنارد بۆ ناوچەکانی بەربەر بۆ ئەوەی شەریعەت بڵاو بکەنەوە و داب‌ونەریتی عەشایەریی ناو بەربەر ریشەکێش بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی چاکسازی و گۆڕانکاریەکانی زیانیان بۆ بەرژەوەندی و بونی موراِبیطەکان و دامەزراوە ئایینیەکانی پاشکۆیان هەبو هەمویان یەکیان گرت دژی سیاسەتی وەههابیانەی سوڵتان و لە جەنگێکدا (ساڵی ١٨١٨ ز.) لەگەڵ خێڵەکاندا کە مەکۆی تەریقەت و تەکیەکان بون شکستی هێنا و بە دیل گیرا و پاشان ناچار بو لەگەڵیاندا رێك بکەوێت و رەوایەتی بگێڕێتەوە بۆ تەریقەت و تەکیەکان کە نوێنەری ئیسلامی جەماوەری بون[٦١].

---

ص‌ص. ١٦٧ ـ ١٧٠. ئاماژەیش دەکات بۆ:

مروّة، حسين، *النزعات المادية في الفلسفة العربية ـ الإسلامية*. الفارابي، ١٩٧٩. مج. ١، ص. ١٤٦.

[٢] بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٦٠.

[١] دەربارەی (مولاي سليمان)، بڕوانە:

٦. له ئەنجامی ئەوەدا کە مرۆڤ لەژێر سایەی بیری ئایینیی یەکتاپەرستیدا دەرکی رەهەندی تایبەتمەندیی نەتەوەیی لە ئایین و پەرستشدا ناکات، دەکەوێتە دژایەتی و بەرهەڵستیی ئایینەکانی تر، لە بریی لێك نزیکبونەوە و گفتوگۆ و هەڵگرتنی ئالأی ئاشتی و برایەتیی مرۆیی لە نێوان گەلان و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. دژایەتیی ئایینی بۆ ئایینی نەتەوەیەکی تر ناکۆکی لە نێوان هەردو نەتەوەدا دروست دەکات، پێکەوەگونجانی ئایینییش ئاشتی و تەبایی لە نێواندا دەهێنێتە کایە.

٧. ئەوەی ئەزمون کراوە و واقیعە لە مێژوی ئایینە یەکتاپەرستی و جیهانیەکاندا ئەوەیە کە بڵاوبونەوە و برەو و سەرکەوتنی ئایینەکە سود و قازانجی ئەو گەلەی تێدایە کە هەڵگری ئایینەکەن و بڵاوی دەکەنەوە، بە شێوەیەك کولتور و زمان و باری سیاسی و ئابوریی ئەو گەلە برەوێکی زۆری دەبێت و مێژوی ئایینەکە دەبێتە بەشێك و قۆناغێك لە مێژوی ئەوان و جیۆگرافیای بڵاوبونەوەی ئایینەکە دەبێتە جیۆگرافیای کولتور و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەوان [سەرنج بدە کە تا ئێستاش خۆرئاواییەکان ـ بە تایبەتی لە باس‌وخواسی خۆرهەڵاتناسیدا ـ بە موسڵمانان دەڵێن عەرەب! زۆر شانازی و دۆزینەوە و داهێنانیش هەیە لە مێژوی ئیسلامیدا کە گەلانی ناعەرەب پێشکەشیان کردوە بەڵام بە ناوی عەرەبەوە ناسراوە، لە کاتێکدا ئەوەی پێی دەوترێت (شارستانێتیی ئیسلامی) عەرەب تەنها بە هەندێك رەگەزی دیاریکراو بەشدارییان تێدا کردوە و دوای چەند سەدەیەکیش لە هەمو رویەکەوە کەوتنە پەراوێزەوە]. بۆیە ئەوانیش درێغی ناکەن لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا، چونکە بە تیرێك دو نیشان دەشکێنن.. ئەمەش بە رونی لە مێژوی (فتوحات) ی ئیسلامیەوە دیارە، جگە لە مێژوی ئیمپێریالیزمی خۆرئاوایی کە هەمو هێرشێکی داگیرکردن و کۆلۆنیزەکردن هێرشێکی مژدەدان «تبشیر» ی مەسیحیی لەگەڵدا بوە.. فەرمانڕەوای خۆرئاوایی هەمیشە بیری لەوە کردوەتەوە کە سوپای پشت دەریاکانی هەبێت و پوختەترین چاپی کتێبی پیرۆز بۆ وڵاتان هەناردە بکات و دەستەیەکی لێهاتو لە مژدەدەران «مبشّرین» ی مەسیحی بنێرێت بۆ کۆلۆنیالەکان، بە شێوەیەك رادەی سەرکەوتن و پێشەنگی لەم کاروفرمانە

---

Wikipedia. Art. *Slimane of Morocco*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Slimane_of_Morocco

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٥، ص. ١١٥.

الهشومي، كمال، *الحقل الديني بالمغرب ـ الكرونولوجيا و إعادة الهيكلة*. صحيفة الحوار المتمدن، العدد (١٤٤٨)، ٢٠٠٦/٢/١.

@http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=56164

مەسیحیانەدا ئاماژەیەك بوە بۆ سەركەوتنی رەوتـی ئیمپێریالیسـتیی ولات.. كاتێـك بریتانیای گەورە كتێبـی پیرۆزی چاپی جەیمس پاشا (KJV) ی چاپ و بـلاو دەكـردەوە سەرداری كۆلۆنیالەكان بو، بەلام كاتێك ئەمێریكا بوە غەنیم و شێری دارستان كتێبـی پیرۆزی ئەمێریكایی نوێ (NAB) و چـاپەكانی دواتـر جێـی چـاپی جـەیمس پاشـایان گرتەوە. ئەمانەش واتە زالبونی ئایینی بە بارێكدا دەكاتە زالبونی سیاسی.

٨. مێژوی دەسەلاتی ئایینە یەكتاپەرستیەكان ناسراوە بەوەی كە ئەو دەسەلاتە بـە هەمو شێوەیەك هەولّ دەدات بۆ لەناوبردنی هەر دژ و بەرهەلّستكارێك و تێكشكاندنی هەر سەربەخۆییەكی سیاسی و ئابوری كە ببێتە مەترسـیەك بـۆ سـەر دەسـەلات، بـۆ ئەمەش بیانوی لە ئایینە یەكتاپەرستیەكەدا هەیـە.. ئەمــەش بـە رونـی لـە مێـژوی ئومەوی و عەبباسیەكاندا دیارە، هەر گروپێك (ی سیاسی، نەتەوەیی، كولتوری..) لـە كۆمەلّگادا مەترسیەكیان بۆ دەسەلاتی خەلیفە دروست بكردایە یان هەر راپەڕینێك بـە روی دەسـەلاتدا، خەلیفـە یـان والـی بـە نـاوی لـەناوبردنی بێبـاوەڕان و بتپەرسـت و ئاگرپەرستان روبـەڕویان دەبـوەوە و خەفـەی دەكـردن، بـەم شـێوەیەش یەكتاپەرسـتی یەكتادەسەلاتی بۆ مسۆگەر دەكرد! چونكە ئاشكرایە كە هەر هەولّێك بۆ سـەربەخۆبون لەو حالّەتەدا دەبێتە هـەولّێكیش بـۆ زیندوكردنـەوەی ئـایین (كولتـور) ی ناوچـەیی و ئەمەش دەبێتە كۆتایی تەمەنی ئەو هەولّە! ئەم چیرۆكە هـەمان چیرۆكی (فتوحـات) یشـە، چونكە بلاوكردنەوەی ئایینەكە بیانویەك بوە بۆ رامـالّینی هـەمو دەسـەلاتێكی ناوچەیی سەربەخۆ.. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا ئـەو قسـەیە هەیـە كـە ئـەم دەسـەلاتە ناوچەییانە بونەتە كۆسپێك لەبەردەم گەیانـدنی ئایینەكـەدا بـە خـەلّك و لەبـەر ئـەوە پێویست بوە رابمالرێن! ئەم بیانوەش ناتوانێت پاكانە بكات بۆ زالّبونی عـەرەب بەسـەر زۆربەی جیهانی ئاوەدانی ئەو كاتەدا، چونكە بلاوكردنەوەی بانگەوازی ئـایین بـە جێـی خۆی بەلام سەپاندنی دەسەلاتی خێلّ و هۆز و تیرە و بەرەباب و بنەمالـەكانی عـەرەب بەسەر نیشتمانی گەلانی تردا بۆچی؟ وەلامەكـەش ئاشـكرایە: لەبـەر ئـەوەی ئـایینی یەكتاپەرستییان پێیە! دەبێت ئـەوەشمان لـە یـاد نەچـێت كـە موسـلّمانانی ناعـەرەب «المَوالي» دوای هەولّ و تێكۆشانێكی زۆر، كە بە شۆڕشی عەبباسی گەیشـتە ترۆپـك، ئینجا توانیان ماف و ئیمتیازاتـە سـەرەتاییەكانی موسـلّمانی عـەرەب وەرگـرن و لـە سەرەتاشدا هەر موسلّمانێكی ناعەرەب بیویستایە بچێتە پێش و ئیمتیازێك وەرگرێـت دەبوایە خۆی بكردایە بە هاوپەیمان «مَولَى» ی خێلّێك یان بنەمالّەیەكی عـەرەب، كـە لەم چینە تایبەتیە كۆمـەلّێكی زۆر زانـا و زماننـاس و فەرمودەبێـژ و فیقهـزان هـەلّ كەوتن، بەلام هێشتا نەیاندەتوانی لە ژیانی سیاسیدا بەشداری بكەن.. بـەم شـێوەیەش لەناوبردنی دەسـەلاتە ناوچـەییەكان بوەتـە بناغـەیـەك بـۆ چەسـپاندنی ئایینەكـە لـە

کۆمەڵگادا، لە روەکەی تریشەوە بڵاوبونەوە و چەسپانی ئایینەکە دەبێتە کۆڵەکەیەك بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی. بەوەش گەلی داگیرکراو (دین) و (دنیا) ی لە دەست دەردەهێنرا و دەبوە پاشکۆی (دین) و (دنیا) ی گەلێکی تر.

● نمونەی یەکەمیشمان لە یەکتاپەرستیدا ئایینی یەکتاپەرستیی ئەخناتۆنە. هەرچەند خواوەند ئاتۆن لە بیری ئەخناتۆندا باوکی میهرەبانی هەمو مرۆڤێك بو، ئایینەکە تەنها لەسەر بەها رۆحیەکانی ژیان وەستابو و جگە لە پاراستنی ئەو بەها و جوانیانە هیچ داواکاریەکی تری لە مرۆڤ نەبو.. و هەرچەند ئەخناتۆن مرۆڤێکی هێواش و نەرمونیان و بیرمەندێکی هەست ناسك و ئاشتیخواز بو و ئەو لەشکرکێشی و هەوڵە فراوانخوازیانەی پەك خستەوە کە پێشینانی ئەو درێژەیان پێ دابو؛ بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەخناتۆن پەرستشی ئاتۆنی کردە ئایینی رەسمی و پەرستشەکانی تری قەدەغە کرد و پەرستگای خواوەندەکانی تر دەرخێنران یان دادەخران و دەست دەگیرا بەسەر وەقف و گەنجینەکانیاندا، ناوی خواوەندەکانی تر، بە تایبەتی ناوی ئامۆن، لە پەرستگا و کۆشك و گۆڕەکاندا لە هەمو لایەکی میسردا، رەش دەکرانەوە، بەڵکو وشەی (خواوەندەکان)، واتە بە کۆ، لە نوسین و تۆمارە گشتیەکاندا لا دەبرا، ئەمە جگە لەوەی ئەخناتۆن نیگارکردنی خواوەندی لە شێوەیەکی تایبەتی و بەرجەستەدا قەدەغە دەکرد و ئەمەش بوە هۆی پوکانەوەی هونەری باوی میسری لەو سەردەمەدا، هەرچەند جۆرە هونەرێکی تر برەوی پەیدا کردوە[٦٢]. بێ گومان هەر یەکە لەو خواوەند و پەرستشانەی کە ئەخناتۆن بەتاڵی کردنەوە کولتوری دێرینەی ناوچەیەك و شارێك و گروپێك بو و سەرچاوەی دڵنیایی و دڵئارامی و راگری سیستەمی رەوشتیی کۆمەڵە مرۆڤێك بو، لە کاتێکدا ئاتۆن تەنها دو نەوە «جیل» پێش ئەخناتۆن لە هەندێك ناوەندا ناسرابو[٦٣].. ئازادیی ئەو خواوەند و پەرستشە جیاوازانە لەو سەردەمانەدا وەکو ئازادیی پارت و کۆمەڵە و رێکخراو و دامەزراوە جیاوازەکانی ئەم سەردەمە پێویست بو.

● دەربارەی ئایینی زەردەشتی، کە دامەزرێنەری بناغەی یەکەمی یەکتاپەرستیە ستانداردەکانە و سروشتێکی جیهانی و گشتگیری هەیە.. هەرچەند مێژوی زوی ئەم

---

(1) دەربارەی کارگەریی یەکتاپەرستیی ئەخناتۆن لەسەر هونەری میسری، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Akhenaton*.

فروید، *موسی و التوحید*. ص. ٣٧. | السواح، *دین الإنسان*. الباب ٣: الأشکال الاجتماعیة للدین و مستویاته الشمولیة، الفصل ٢: نماذج من الأدیان الشمولیة، ١. أخناتون و الآتونیة، ص. ٩٤.

(2) Encycl. Britannica. Art. *Akhenaton*.

ئايينه رون نيه و تێكەڵ بە چيرۆكی ئەفسانەيی و ميللی بوە، بـەڵام دەكرێـت سـەرنجی ئەوە بدەين كە زەردەشتيەكان، بە تايبەتی لـە سـەردەمی ساسـانيەكاندا كـە ئـايينی زەردەشتی ئايينی رەسمی بوە، ئەزمونی زۆريان بوە لە دژايەتيكردنی ئايينـەكانی تـر و چەوسـاندنەوە و راوەدونـان و براندنـەوەی شـوێنكەوتەكانياندا، بـە تايبـەتی شوێنكەوتەكانی ئايينی مەسيحی و مانی لە ئێراندا.. هەرچەند ئـەم بابەتـە پاڵنـەری سياسی و نەتەوەييشی تێدا بوە.. جگە لەمەش هەندێك زانياری و چـيرۆك ئامـاژە بـۆ ئەوە دەكەن كە زەردەشت لەگەڵ ئەو كەسانەدا شوێنی كەوتون و باوەڕيان پێی هێناوە، جەنگێكی پيرۆزی بەرپا كردوە دژی دوژمنانی ئايينەكەی، كە گوايە لـە كۆتاييـدا لـەو پێناوەدا و بە دەستی ئەو دوژمنانـە لـە پەرسـتگايەكدا كـوژراوە[٦٤].. هەرچـەند ئـەم چـيرۆكانە متمانـەيان پـێ ناكرێـت و رەنگـە زيـاتر رەنگدانـەوەی دوژمنايـەتيی ئەفسانەيی[٦٥] ی نێوان رەگەزی ئاری و تورانی بن، بەڵام سروشتی گشـتگيری و حـەزی لەناوچونی دوژمنان (ی ئايين و نەتەوە) لە ئايينی زەردەشتيدا دوپات دەكەنەوە.

● نمونەيەكی تر ئايينی يەهوديە كە بۆ يەكەم جـار يەكتاپەرسـتيەكی نمونـەيی بـە هەمو ئاكار و تايبەتمەنديەكانيەوە لە ئـەدەبياتی ئـەم ئايينـەدا دەردەكـەوێت. لەبـەر ئەوەی خواوەند لەم ئايينەدا (بە تايبەتی لە بيری ئايينيی تەوراتدا) گوزارشە لە عـەقڵی پاوانخوازيی خێڵ و خواوەندێكی خێڵەكی و رەگەزپەرست و قيناوی و تۆڵەسێنە و تـەنها چاكەی خێڵی هەڵبژاردەی خۆی دەوێت، بۆيـە دەبيـنين ئـەم خواوەنـدە (دروسـت بڵـێين گوتاری ئەم بيرە ئايينيە) بەندەكانی (دروست بڵێين وەرگرانی گوتارەكە) هەڵ دەنێت بـۆ زاڵبون بەسەر خێڵ و گەلانی تردا، بە فێڵ بێت يان بە دەسـتدرێژيی ئاشـكرا، ئـەويش پشتيوانييان دەكات، بە راشكاوی دەڵێت ئێوە تـەنها مـن بپەرسـتن و منـيش خـاك و زەویوزاری گەلانی تر بە ئێوە دەبەخشم، ئێـوە شـوێن فـەرمان و داواكاريـەكانی مـن بكەون منيش گەلانی دەوروبـەرتان بـۆ بـە چـۆكدا دەهێـنم و ريشەكێشـيان دەكـەم و نيشتمانەكەيان بە ميرات دەدەم بە ئێوە (يەكتاپەرستی بەرامبەر بە خاك!). ئەم چەمك و بيرۆكەيەش لە زۆر شوێنی تەوراتدا (پێنج كتێبـی يەكەم كـە دەدرێنـە پـاڵ موسـا) هاتوە سەبارەت بە داگيركردنـی زەویوزاری كەنعانيـەكان لـە لايـەن خێڵـەكانی بـەنو

---

[٣] بڕوانە:

Encycl. of Relig. and Eth. Art. *Zoroastrianism*.

Wikipedia. Art. *Zoroaster*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Zoroaster

[٤] ئەفسانەيی، واتە بوەتە (بابەت) يێك بۆ ئەفسانە و چيرۆكە ميلليەكان، ئەم بابەتە ئەفسانەييەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێكی زوی گەلانی ئێرانی ئەو كاتەی دراوسێی خێڵە گەڕۆكە توركيەكان بون لەسەر سنوری توركستان.

ئیسرائیلەوە، بەو پێیە کە ئەو داگیرکردن و کوشتوبڕ و تاڵانکردن و سوتاندنەی کە گوایە ئەنجامیان داوە (هەرچەند لە روی مێژویی و ئارکیۆلۆجیاییەوە متمانەی پێ ناکرێت) هەموی بە پشتیوانیی خواوەند بوە و ئەویش کاتێك بەم شێوەیە پشتگیریانە کە تەنها ئەو بپەرستن و فەرمانی ئەو جێبەجێ بکەن.. لە مەزمور «زبور» ەکانی (داوود) یشدا لە چەند شوێنێکدا ئەو چەمکە دوپات کراوەتەوە کە ئەو کەسانەی خواوەند پەسەندیان دەکات و گوێڕایەڵی ئەون زەوی بۆ ئەوان دەمێنێتەوە وەکو میراتی بەجێماوی گەلانی تر (مەزمور ٣٧/ ٢٢، ٢٩) (ئەم بیرۆکەیەش لە کرۆکدا خۆزگەی لەناوچونی هەمو گەلانی تر و داگیرکردن و بەمیراتبردنی خاك و دەسکەوتەکانیانە)..
لە قورئانیشدا بە ئاماژە بەم دەقەی مەزمورەکان هەمان چەمك دوپات کراوەتەوە: (و لقد کتبْنا في الزبور من بعد الذكر أنّ الأرضَ يَرِثُها عباديَ الصالحون) *(الأنبياء: ١٠٥)*. هەروەها لە کتێبەکانی تەوراتدا کۆمەڵێك هەڕەشە و فەرمانی زۆر توندوتیژ هەن بۆ روبەڕوبونەوەی پەرستنی خواوەندی تر جگە لە (یهْوٰه)، بۆ نمونە لە بڕگەیەکدا دەڵێت ئەگەر براکەت کوڕی دایکت یان کوڕەکەت یان کچەکەت یان ژنە خۆشەویستەکەت یان دۆستە دڵسۆزەکەت پێی وتیت با خواوەندی تر بپەرستین تۆ یەکەم کەس بیکوژە و بەردەبارانی بکە! (کتێبی *دوبارەخوێندنەوەی شەریعەت* «التَّثْنِية» ـ دْباریم דְּבָרִים: ١٣/ ٦ ـ ١٠)، هەروەها دەڵێت ئەگەر لە شارێکدا لەو شارانەی خواوەند پێتان دەبەخشێت کۆمەڵێك لەڕێدەرچو وتیان با خواوەندی تر بپەرستین ئەوا هەمو دانیشتوانی ئەو شارە و ئاژەڵەکانیشیان بە دەمی شمشێر بکوژن و هەمو کەلوپەل و شتومەکی شارەکە لە گۆڕەپانی ناوەڕاستی شاردا کۆ بکەنەوە و لەگەڵ شارەکەدا ئاگری تێ بەر بدەن، تا رقی خواوەند دادەمرکێتەوە! *(دوبارەخوێندنەوە*: ١٣/ ١٢ ـ ١٧). لە ئەدەبیاتی تەلمودییشدا کە یەکتاپەرستیی یەهودی ئاکار و تایبەتمەندیی تەواوی خۆی وەردەگرێت، ئەم هەڵوێستە توندوتیژە بەرامبەر فرەپەرستی و پەرستنی خواوەندی خێڵ و گەلانی تر و مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤی فرەپەرست و بتپەرست، دەگاتە ئەوپەڕی.. ئەوەش زیاتر لە کتێبێکی تەلمودا کە تەرخان کراوە بۆ باسی بتپەرستی و پەرستشی بێگانە و سروت و بۆنە و جەژنەکانیان و رێسای مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنکەوتەکانیاندا و ئەو سزایەی کە پێویستە بدرێت بەسەر بتپەرست و ئەوانەشدا بەشدارییان دەکەن یان تێکەڵییان دەکەن، بە ناوی (عَابُوْدَهْ زَارَاهْ) עבודה זרה (دەقاودەق: پەرستشی بێگانە) واتە بتپەرستی و پەرستشەکانی گەلانی تر، ئەم کتێبەش بەشێکە لە سیدری نیزیقین נזיקין لە شەش

سیدرەکەی تەلـمود(٦٦). لـەم کتێبـەدا تونـدترین و شـۆڤینیترین تێـڕوانین بـۆ مرۆڤـی فرەپەرسـت و بتپەرسـت و ناجولەکـە و چـۆنێتیی دەستنیشـانکردنی و مامەڵـەکردن لەگەڵیدا و دانانی پەرژینێکی تۆکمە بە دەوری یەکتاپەرست (جولەکـە) دا بـۆ ئـەوەی بەدور بێت لە هەڵنانی پەرستشکاری بتپەرست و بە تێکەڵییان پیس نەبێت. هەتاکو لە ئەدەبیاتی رەببانی (تەلـمودی) دا ئەو پەیامە رەوشتیانەی کە لە تەوراتدا هاتون و بـە وشەی (مرۆڤ) یان (پیاو) یان (براکەت) گـوزارش دەکـەن ئـەو وشـانە هـەمویان لێـك دەدرێنەوە بە مرۆڤی یەکتاپەرست (جولەکە)(٦٧)، واتە کاتێك تەورات بڵێت دزی مەکە یان رقت لە براکەت نەبێت ئەوە مەبەست لە برای ئایینیە واتە جولەکە و دزیکردن یان رق لە ناجولەکە تاوان نیە! قورئانیش ئاماژە بۆ ئـەم هەڵوێسـتە شـۆڤینیەی جولەکـە دەکات: (ذلـك بـأنّهم قـالوا: لـيس علينـا في الأُمّيّـين سـبيل!) *(آل عمـران: ٧٥)*، لـە راستیدا ئەم واتا تایبەتیە سەبارەت بە دەستەواژەی (براکەت) لـە خـودی تەوراتیشـدا ئاشکرایە، ئەوەش کاتێك دەڵێت بە سود قەرز بدە بە ناجولەکە بەڵام بۆ براکەت سودی لـێ وەرمـەگرە! (*دوبارەخوێندنـەوە*: ٢٣/ ١٩،٢٠). هـەتاکو پەیوەنـدی بەسـتنی ژنوژنخوازی و ـ بەڵکو ـ خواردنی خۆراك لەگەڵ ناجولەکـە و خـواردنی خۆراکێـك کـە ناجولەکە ئامادەی کردبێت، هەروەها ئامادەبونی بۆنـە و جـەژنی مرۆڤـی ناجولەکـە، هەروەها وەرگرتنی شایەتیی ناجولەکە، ئەمانە و زۆر چەشنی تری مامەڵە قەدەغەن لە فیقهی تەلـمودیدا(٦٨). هەتاکو لە تەلـموددا بە پێی بۆچونی رەببانی (یۆحَنـان) יוחנן Johanan هاتوە کە:

(גוי שעוסק בתורה חייב מיתה)

واتە: ئەو بتپەرست (ناجولەکـە) (گـۆی) גוי «أُمَـيّ» ـەی کـە تـەورات موتـاڵا دەکات شایستـەی مردنە! (*تەلـمودی بـابلی*، سـیدری *نیزیقین*، کتێبـی *سـەنهێدرین* סנהדרין: ل. ٥٩ أ)، ئەمەش چونکە جولەکەی تەلـمودی پێی وایە تەورات تایبەتـە بە جولەکەوە و مافی هیچ گەل و گروپێکی تری تێدا نیە(٦٩).

---

(١) دەربارەی کتێبـی (*عابودە زارە*)، بڕوانە:

Jewish Encycl. Art. *'Abodah Zarah*. By Moses Mielziner.

رزوق، د. أسعد، *التلمود و الصهيونية*. سلسلة كتب فلسطينية (٣١) ـ منظمة التحرير الفلسطينية، مركز الأبحاث، بيروت، ١٩٧٠. ص‌ص. ١٦٧، ١٦٨.

(٢) بڕوانە: المسيري، الموسوعة. مج. ٥، ج. ٢، الباب ١٥، مُدخَل: *الأغيار (جوييم)*.

(٣) نفسُه.

(١) بڕوانە: رزوق، *التلمود و الصهيونية*. ص. ٢٦٠.

● نمونەیەکی تری ئایینی یەکتاپەرستی ئایینی مەسیحیە کە ـ وەکو پێشتر رون بووەوە ـ بنچینەیەکی لە یەکتاپەرستیی یەهودیدا هەیە، بەڵام دواتر لەگەڵ کولتوری یۆنانی و رۆمانیدا گونجێنراوە و ئاراستەیەکی جیهانی و مژدەدەری وەرگرتووە و دوای ماوەیەکیش لە لایەن دەسەلات (ی رۆمانی) ـەوە لە خۆ گیراوە و کراوەتە ئایینیی دەوڵەت.. جگە لەوەی دامەزراوەی ئایینی کە لە کلیسای رۆمانیدا بەرجەستە دەبێت توانیویەتی دەسەلاتی پیرۆزکراوی خۆی بەسەر خەڵك و دەوڵەتیشدا بسەپێنێت و پەستان و کاریگەریی خۆی پیادە بکات. دواتریش بیری ئایینیی مەسیحی لە لایەن باوانی کلیسا «آباء الكنيسة»Church Fathers ەوە پەرەی پێ دراوە و هەندێك گۆڕانکاریی و گەشەپێدانی گرنگی تێدا هێنراوەتە کایە کە توانایەکی زیاتریان داوە بە ئایینی مەسیحی لە روی هەژمون و تاودانی هەڵمەتی مژدەدان «تبشير» ەوە کە جۆرێکە لە هەڵمەتی داگیرکردن و فراوانکردنی قەڵەمڕەو و زیادکردنی هەرێمەکانی دەوڵەتی ئایینی.. لەمانەش وەکو بیرۆکەی گوناهی بنچینەیی «الخطيئة الأصليّة» Original Sin کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە هەمو مرۆڤێك کە دێتە ژیان گوناهی یەکەمی ئادەم و حەووای بۆ دەگوێزرێتەوە لەبەر ئەمەش گوناهێکی بنچینەیی لە گەردنی هەمو مرۆڤایەتیدا هەیە، مردنی مەسیحیش لەسەر خاچ بۆ سڕینەوەی ئەم گوناهەیە و ـ بە پێی گوتاری ئایینیی مەسیحی ـ ئەو کەسانە لەم سڕینەوەیە سومەند دەبن کە شوێن ئایینی مەسیحی بکەون.. ئەم بیرۆکەیە دەربارەی گوناهی بنچینەیی، هەرچەند هەندێك رەگوڕیشەی لە دەقە یەهودیەکان (بە تایبەتی چیرۆکی ئادەم و حەووا لە تەوراتدا) و نوسینەکانی پۆڵسدا هەیە، بەم شێوەیە (واتە لەگەڵ چەمکی گواستنەوەی گوناهەکە لە باوانەوە بۆ نەوەکان) لە بنەڕەتدا یەکێك لە باوان یان نوسەرانی کلیسا لە سەرەتای سەدەی (٣ ز.) دا دایڕشتوە بە ناوی تێرتولیان Tertullian (١٦٠ ـ ٢٤٠ ز.)، دواتر یەکێك لە باوانی کلیسا بە ناوی قیددیس ئۆگەستین (ی هیپۆیی) St. Augustine of Hippo (٣٥٤ ـ ٤٣٠ ز.)، کە لە ناوەندە پرۆتستانتیەکاندا پێی دەوترێت (باوکی ثیۆلۆجیای نادروست)، زیاتر پەرەی پێ داوە و کردویەتیە بەشێك لە ثیۆلۆجیای مەسیحی(٧٠). ئەم جۆرە چەمکانەش، جگە

---

(٢) دەربارەی (گوناهی بنچینەیی)، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Original Sin.*

Microsoft **Encarta** Reference Library Premium 2006 DVD. Redmond, WA: Microsoft Corporation, 2005. Art. *Original Sin.* By Charles P. Price (Professor of Systamatic Theology, Virginia Theological Seminary).

Catholic Encycl.Vol. XI. Art. *Original Sin*. By S. Harent.

لەوەی رەشبینیەکی توندیان لە سایکۆلۆجیای باوەڕداردا دروست کرد، هێز و گوڕ و تەوژم و هەژمونێکی زۆریان بەخشی بە ئایین و بانگەوازی مەسیحی بەو پێیە کە هەر مرۆڤێك پێویستە ببێتە مەسیحی ئینجا سەرفراز دەبێت و لە سەرەنجامی خۆی دڵنیا دەبێت و دەگات بە مەلەکوتی مەسیح. ئەمە جگە لەوەی کاتێك ئایینی مەسیحی بە ئورۆپا و ئیمپراتۆرێتیی رۆمانیدا بڵاو دەبێتەوە روبەڕوی کۆمەڵێك ئایینی دێرین و فرەپەرست دەبێتەوە، بۆیە دەکەوێتە دژایەتی و قەڵاچۆکردنیان بۆ ئەوەی جێیان بگرێتەوە. سەرجەم ئەم هۆکارانە جۆرێك لە توندوتیژییان لە ئایینی مەسیحی و دامەزراوەکانیدا هێنایە کایە کە رەگوڕیشەی یەکتاپەرستیی یەهودیی تەنها بەشێکی کەم لە باکگراوند و پاڵنەرەکانی پێك دەهێنێت، بەڵکو توندوتیژی و پەستان و فشارەکانی کلیسا زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتە جیهانگیری و تۆتالیتاری «شُمُوليّ»[1] ـەی پەیدای کردوە، کە ئەمەش هەر تایبەتمەندیەکی ئایینی یەکتاپەرستیی جیهانیە.. جگە لەوەی دامودەزگای کلیسا لاساییکردنەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتیی رۆمانیە، واتە پاپای کلیسای رۆما وەکو جێگرێك یان کۆپیەکی ئیمپراتۆری رۆمایە، بۆیە کلیسا وەکو ئیمپراتۆرێتیەك هەوڵی توندوتۆڵکردنی دەسەڵات و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی داوە و دەسەڵاتی رەها و هەژمونی بێسنوری خۆی بەسەر تاك و گروپ و کۆمەڵگادا پیادە کردوە. ئەوانەی کە دوچاری توندوتیژیی مەسیحی بون لە هەمو لایەك بون:

- شوێنکەوتەی ئایینە ئورۆپاییە دێرینەکان کە هەمیشە بە بتپەرستەکان ناو براون.

- مسقۆفان «الزَّنادِقة» Atheists و بیدعەچیان «الهَراطِقة» Heretics و هەمو ئەوانەی خەریکی جۆرە مەعریفەیەکن کە کلیسا لێی رازی نیە.

- ئەوانەی تۆمەتبار بون بە جادو «السِّحْر» یان لایەنگریی و دەستتێکەڵکردن لەگەڵ خراپەخواز «الشِّرِّير» Evil واتە ئیبلیس (لوسیفەر). کە ئەمانە دڕندەترین سزا دەدران، کە بۆ ئەو ژنانەی تۆمەتبار بون بە جادوگەری دەگەیشتە هەڵکێشانی مەمك لە بنەوە بە قولاپی ئاسن!

---

**الفغالي**، بولس، *في رحاب* الكتاب، العهد الأول ـ القسم الثاني: تقاليد الفكر الديني في التوراة، الفصل ٣٥: الخطيئة الأصلية.

[1] گشتگیری «الشُّمُوليّة» یاخود «الكُلّيّانيّة» Totalitarism: رژێمێکی سیاسی یان ئایینیسیاسیە کە بنیات نراوە لەسەر ملکەچکردنی تاك بۆ دەوڵەت و هەژمون و دەسەڵاتی تەواو بەسەر هەمو بوارەکانی ژیان و تواناکانی بەرهەمهێناندا.

ـ جولەکە ـ دوشمنی تەقلیدیی مرۆڤی مەسیحی، لەبەر ئەوەی کە گوایە مەسیحیان کوشتوە، بە تایبەتی دوای ئاگاداربونی مەسیحیەکان لە ناوەڕۆکی تەلـمود.

ـ ئەو تاك و گروپە مەسیحیانەی کە کلیسا بیروباوەڕیان پەسەند ناکات.

ـ موسڵمانان ـ بە تایبەتی لە لایەن ئیسپانیەکانەوە کە دوای روخانـدنی دەسـەڵاتی عەرەبی لە ئیسپانیا کەوتنە قەڵاچۆکردنی موسڵمانان تا بەشێکیان خۆیان قوتار کرد بۆ باکوری ئەفریقا و بەشێکیان بە رواڵەت بونە مەسـیحی و ئـەوانی تـریش لـەژێر بـاری ئازارداندا لەناو چون.

نمونەیەکی دیاری توندوتیـژیی مەسـیحی ئەوەیـە کـە لـە سـەردەمی ئیمپراتـۆری رۆمانیی مەسیحی ثیـۆدۆسیوسی دوەم Theodosius II (٤٠١ ـ ٤٠٨ ز.) دا پیـادە کرا، بە تایبەتی ئازاردانی جولەکە[٧٢]، کە لەو سەردەمە دێرینانەی مێژوی مەسیحیدا تەنها ئەم نمونەیە دیارە لەسەر ئازاردانی جولەکە. جگـە لـە تێرۆرکردنـی هەنـدێك لـە بیرمەند و زانا و فەیلەسوفە نامەسیحیەکان بە ناوی هەڵمەتی راوەدونـان و لـەناوبردنی مسقۆفان هەر لە سـەردەمی ئـەم ئیمپراتـۆرەدا، وەکـو ژنـە فەیلەسـوفی نامەسـیحیی پلـۆتینی (هیپاتیـا) Hypatia (٣٧٠ ـ ٤١٥ ز.) کـە کۆمـەڵێك رەبـەن و سـەربازی مەسیحی بە فەرمانی ئوسقوف کیریل Cyril ی ئەلیکساندریایی (٣٧٥ ـ ٤٤٤ ز.) لە رێگادا دەیگرن و دەیبەنە کلیسایەك و لەوێ بەرگی پێوە ناهێڵن و پاشان رای دەکێشنە سەر شەقام و بەردەبارانی دەکەن تا گیانی تێدا نامێنێت پاشان لاشـەکەی پارچەپارچـە دەکەن و هەنـدێکیش لـە پارچـەکانی دەسـوتێنن![٧٣] تـەنها لەبـەر ئـەوەی وانەبێـژی فەلسەفەی پلۆتینوس «أفلوطين» Plotinus بوە و ئوسقوفی ناوبراو بـانگی کـردوە بـۆ

---

[١] بڕوانە:

**Nathan**, Geoffrey S., University of California - Los Angeles, *Theodosius II*. An Online Encyclopedia of Roman Emperors.
@http://www.roman-emperors.org/theo2.htm

[٢] بڕوانە:

**John of Nikiu**, *The Chronicle*. Translated from Zotenberg's Ethiopic Text, by R. H. Charles, D. Litt, D.D. (Canon of Westminster, Fellow of the British Academy). Published for the Text and Translation Society by Williams & Norgate, 14 Henrietta Street, Covent Garden, London, And 7 Broad Street, Oxford. Oxford University Press. 1916. Chap. LXXXIV, 87.

**النجار**، د. كامل، *قراءة نقدية للإسلام*. المقدمة. | **عثمان**، د. أحمد، *الأصول المصرية في اليهودية و المسيحية*. مكتبة الشروق، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٩. ص. ٢٤.

ئایینی مەسیحی و ئـەویش نەبوەتـە مەسـیحی، هـەر بۆیـە پێـی دەڵـێن فەیلەسـوفی بتپەرست!

مێژوی مەسیحی لە ئورۆپادا پڕە لە چەندین کاری دزێو و تۆقێنەر، وەکو سوتاندنی هەزارەها مرۆڤــ بە زیندویی بە تۆمەتی ئایینی و سیاسی. بۆیە کۆلین ویلسۆن Colin Wilson (١٩٣١ ـ ...) دەڵێت مەسیحیەت کارەساتێك بو کـە بەسـەر مرۆڤایەتیـدا هات! و ئایینێکی نێگـەتیڤی ژەهـراوی بـو کـە خۆرئـاوای داگـیر کـرد! زۆریـش داخ دەخوات بۆ شکستی هەوڵی ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی بە نـاوی جولیـان Julian (٣٣١ ـ ٣٦١ ـ ٣٦٣ ز.)، ناسراو بە هەڵگەڕاوە «المُرْتَـدّ» The Apostate، کـە ویسـتویەتی ئایینی مەسیحی بەتاڵ بکاتەوە و ئایینە فرەپەرستیە ڕەسـەنەکە زینـدو بکاتـەوە، بـە تایبەتی ئایینی میثرایی ئایینی خۆر و روناکی، بەڵام دەڵێـت بـە داخـەوە سـەرکەوتو نەبو، چونکە جولیانی پیاوی ئاشتی کەوتـە هەڵـەی تاقیکردنـەوەی بـەختی خـۆی لـە جەنگاوەریدا، بۆیە لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر فارس لەناو چو، تەنها دو سـاڵ دوای بـونی بە ئیمپراتۆر.. بۆیە ـ دەڵێـت ـ ئـەم مردنـە زوەی ئـەو مەرگەسـاتێك بـو بـۆ هـەمو خۆرئاوا! و ئەگەر زۆرتر بژیایە و رۆڵی ببینیایە ئێستە جیهان شوێنێکی باشتر دەبـو و عەقڵی زۆرتری تێدا دەبو! پـێش جولیـانیش ئیمپراتـۆرێکی فەیلەسـوفی تـر بـە نـاوی مــارکوس ئۆریلیـــوس Marcus Aurelius (١٢١ ـ ١٦١ ـ ١٨٠ ز.)، خــاوەنی *تێڕامانەکان* *Meditations* کە دوازدە بەرگە لەسـەر فەلسـەفەی دالآنـی «الرِّواقیّـة» Stoicism، دو سەدە پێش جولیـان روبـەڕوی مەسـیحیەت بـوەوە و مەسـیحیەکانی چەوسـاندەوە.. دیـارە عـەقڵی هاوسـەنگ و پێگەیشـتوی وەکـو جولیـان و مـارکوس ئۆریلیوس بێزار دەبن بە هەمو ئەو ئەفسانە و هیستییریا و دڵگەرمیە توندەی کـە لـە مەسیحیەتدا هەیە(٧٤).

● دەربارەی هەوڵە یەکتاپەرستیەکەی ئیمپراتۆرێکی وەکو (ئیلاگابالوس)، سـەرنج دەدەین هەوڵێکی زۆری داوە بۆ بلاوکردنەوەی پەرستشی خواوەندە تایبەتیەکـەی خـۆی بۆ ئەوەی جێی پەرستشەکانی تر بگرێتەوە، لەو پێناوەشدا ـ وەکـو رابـورد ـ کاروبـارە رەسمیەکانی پشت گوێ خستوە و تونـدیی نوانـدوە و چـەند سـەرکردەیەکی سـەربازیی

---

(1) **Wilson**, Colin, *The Occult*. Watkings Publishing, London, 2004 (Originally Published by Grafton Books 1979). Part Two: A History of Magic, The World of the Kabbalists, pp. 234, 235.

وِلْسُن، كولِن، *الإنسان و قُواه الخفيّة*. ترجمة: سامي خشبة. دار الآداب، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٠. القسم الثاني: تأريخ السحر، عالَم القَبَّليّيـن، ص‌ص. ٢٢٣ ـ ٢٢٦.

بەرهەڵستکاریشـــی لـــە ســـێدارە داوە.. کـــاتێکیش ئیلاگابـــالوس لـــەناو دەبرێـــت و ئەلیکساندەر سێڤیروس جێی دەگرێتەوە ئەم ئیمپراتۆرە نوێیە وەکو ئیمپراتۆرێکی چاك وێنە کراوە کە ڕێزی هەمو خواوەندەکان دەگرێت، بە پێچـەوانەی ئیلاگابالوسـەوە کـە خواوەندە تایبەتیەکەی خۆی بەرز دەکاتەوە و پلەوپایەی خواوەنـدەکانی تـر دەهێنێتـە خوارێ[(٧٥)].

● سەبارەت بە ئایینی (مانی) یش، ئاشکرایە کە مـانی و شـوێنکەوتوانی هـەمو ئایینەکانی تریان بە نارەوا و بەتاڵ زانیوە دوای هاتنی ئایینە جیهانیەکەی خۆیان، بۆیە ئایینی مانی لە کێشمەکێشێکی بەردەوامدا بوە لەگەڵ ئایینەکانی تردا، بـە تایبـەتی ئایینە جیهانی و گشتگیرەکانی تر[(٧٦)].

● ئایینی ئیسلامیش نمونەی ئایینێکی یەکتاپەرستیی ترە کە بە شۆڕشێك بەسـەر بتپەرستیدا هاتوەتە کایە، لەبەر ئەوە باس‌وخواسی یەکتاپەرستی و شەرمەسـاریەکانی بتپەرستی (نەك فرەپیرۆزی) روبەرێکی زۆری دەقەکان داگـیر دەکـەن، بـە تایبـەتی لـە قورئاندا. هەرچەند بیری ئایینیی ئیسلامی لەم بارەیەوە رویەکی جیهـانی و رەوشـتیی هەیە کە بەراورد ناکرێت بەوەی لە بیری ئایینیی یەهودیدا بینیمان، هەروەکو سروشتی ئایینەکە و کەسـێتیی موسـڵمانیش ئـەو روە دورەپـەرێز و داخـراوەی نیـە[(٧٧)]، بـەڵام هەندێك چەمك و بیرۆکە دەبینینەوە لە دەقەکاندا کە بۆن‌وبەرامی تەلـمودییان هەیە و لە بەهای مرۆیی مرۆڤی بتپەرست و کۆمەڵگای فرەپەرست کەم دەکەنەوە، وەکو ئەوەی کە دەڵێت: (إنّـما المُشْرِكون نَـجَس) *(التوبة*: ٢٨). ئـەوەش واتـە فرەپەرسـتان پیسـن

---

(٢) بڕوانە:

Lauren van Zoonen, *Heliogabalus*.

(١) بڕوانە: السواح، *دين الإنسان*. الباب ٣: الأشكال الاجتماعية للدين و مستوياته الشمولية، الفصل ٢: نماذج من الأديان الشمولية، ٣. ماني و المانوية، ص. ١٠٥.

(٢) هەرچەند ئەم راستیە سنوردارە و زادەی ئەو واقیعەیە کە موسڵمان لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکەی خۆیدا دەسەڵاتی هەیە و زۆرینەیە و توشی دوروپەرێزی و داخران نابێت، ئەگەرنا لە کۆمەڵگای نائیسلامیدا موسڵمان هەمیشە خۆی جیا دەکاتەوە و بە تەواوی تێکەڵ نابێت (هەروەکو جولەکە لە سەردەمانی رابردودا کە هەمیشە لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا کەمینە و دورەپەرێز بون)، ئەمڕۆش ئەوەی لە رەوەند «جالية» ئیسلامیەکان لە وڵاتانی خۆرئاوادا بڕوانێت بە رونی تایبەتمەندیەکانی گەرەکی دورەپەرێزی یەهودییان تێدا دەبینێتەوە و دەبینێت کە ئەو موسڵمانانە نامۆن بە ژینگە نوێیەکەیان و پارێزگاری لە بچوکترین دروشم و هێمای ئیسلامی و خۆرهەڵاتی دەکەن، بە شێوەیەك رەوەندە ئیسلامیەکە وەکو کۆپیەکی بچوککراوەی ئەو وڵاتە ئیسلامیە دێتە پێش چاو کە لێیەوە هاتون.

(دەقاودەق: پیسیــن) و مافی ئامــادەبونی شــوێنە پیرۆزەکانیــان نیــە (لــە گێڕانــەوە و لێکدانەوەکانیشدا زیادەڕەوی لەم چەمکەدا دەکرێت، وەکو ئەوەی دەدرێتــە پــاڵ (ابــن عباس) کە فرەپەرستان لە جەوهەری خۆیاندا پیسن وەکو سەگ![78])، بــەڵام بەشــێکی باکگراوندی ئەم دەقە ئەو جەنگ و کێشمەکێشەیە کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە نێوان موسڵمانەکان و مەککەییەکاندا هەبوە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو کێشمەکێشە نەبوایــە ئەدەبیاتی ئیسلامی شێوەیەکی تری وەردەگرت لەم بارەیەوە، بەڵام ئــەوەش ئاشــکرایە بیری ئایینیی ئیسلامی لە خۆیدا تــۆوی ڕەتکردنــەوەی تونــدی بــەهاکانی کۆمــەڵگای فرەپەرستیی هەڵ گرتوە. جگە لەوەی لە ئیســلامدا بڕیــاری ئــەوە دراوە و جێبــەجێش کراوە کە نابێت لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا مرۆڤی بتپەرست بمێنێــت: یــان موســڵمان دەبێت یان کوشتاری لەگەڵ دەکرێت، هەتا نیمچە دورگەکە بە تــەواوی لــە بتپەرســتی پاك دەبێتەوە. هەروەها لە دەرەوەی نیمچە دورگــەی عەرەبییشــدا ڕێگــە نــەدراوە بــە دەرکەوتنی ئاشکرای ئایینی فرەپەرستی. سەبارەت بەو ئایینانەش کە نــاو دەبــرێن بــە ئایینــە ئاسمانیــەکان، واتــە ئەوانــەی بــە یەکتاپەرســتی پــۆلێن دەکــرێن یــان لــە یەکتاپەرستیەوە نزیکن و ـ بە پێی زاراوەی تەقلیدی ـ پێغەمبەر و کتێبــی ئاسمانییــان هەیە، کە ئەمەش جگە لە ئیســلام ئــایینی یــەهودی و صــابیئی و مەســیحی و ـ بــە ڕادەیەکی کەمتر ـ مەجوســی، دەگرێتــەوە (کــە ئەمانــەش پەیوەنــدیی گەشــەکردنیان پێکەوە هەیە بۆیە یەکتر دەناسنەوە و دەگونجێن!)، ئەمانە لە کۆمــەڵگای ئیســلامیدا ڕێگەیان پێ دراوە بەڵام چالاکییان ســنوردار کــراوە و کــاری تــەواو کــراوە بــۆ ئــەوەی نەتوانن شوێنکەوتەی نوێ لە ناو موسڵماناندا پەیدا بکەن، جگە لەوەی کە باجی ســەر «الجِزْيَة» یان لــێ سەنراوە لە بەرامبەری سودبینیاندا لە سایەی دەســەڵاتی ئیســلامی، کە ئەمەش هەستی ژێرڕکێفی دەچەسپێنێت و هەمو کاتێك ئەو هەستە بــیر دەخاتــەوە تا دەبێتە سروشتێکی هەمیشەیی و بۆماوەیی.

---

[3] بڕوانە:

**الطبري**، *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥هـ. ج. ١٠، ص. ١٠٥.

**البيضاوي**، *أنوار التنزيل و أسرار التأويل*. تحقيق: عبد القادر عرفات العشا حسونة. دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦. ج. ٣، ص. ١٣٩.

**أبو السعود**، *إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم*. دار إحياء التراث العربي، بيروت. ج. ٤، ص. ٥٧.

**الآلوسي**، *روح المعاني في تفسير القرآن العظيم و السبع المثاني*. دار إحياء التراث العربي، بيروت. ج. ١٠، ص. ٧٦.

# بەشی سێیەم

# فرەپەرستی و لێکبوردن

بە پێچەوانەوە فرەپەرستی «تعدُّد الآلِهة» Polytheism لە خۆیدا داننانە بەو ڕاستیەدا کە هەر خواوەندێك ناوچە و کۆمەڵە مرۆڤێکی تایبەتی دەگرێتەوە و لە چوارچێوەی کولتورێك دەرناچێت، بۆ نمونە شارێك، یان کۆمەڵە مرۆڤێك بە گشتی، خواوەند یان کۆمەڵە خواوەندی خۆی هەبوە، شارێکی تر خواوەند یان کۆمەڵە خواوەندێکی تری هەبوە. ڕەنگە خواوەندی شاری پایتەخت یان ئەوەی پەیوەستە بە بنەماڵەی فەرمانڕەواوە لە خواوەندەکانی شارەکانی تر گەورەتر بوبێت [وەکو خواوەند مەردوك Marduk لە بابیلدا]، بەڵام هیچ کۆمەڵێك بیری لەوە نەکردوەتەوە پەرستشی خواوەندەکەی خۆی بەسەر کۆمەڵە مرۆڤێکی تردا بسەپێنێت، چونکە ڕون بوە لە لای مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە کە پەرستش و ئایین تایبەتمەندیی نەتەوەیی تێدایە، لەبەر ئەوەش سەپاندنی بەسەر نەتەوەی تردا نەگونجاوە بەڵکو نالۆجیکیە. هەتاکو لەو کۆمەڵگا دێرینانەدا کە ئایین فرەپەرستی بوە هەر تاکێکی کۆمەڵگا ئازاد بوە لەوەدا خواوەندێك هەڵبژێرێت و بە تایبەتی پەرستشی بۆ ئەنجام بدات کە لە کولتور و (انتماء) ی نەتەوەیی و ناوچەیی و دید و چێژ و ئارەزوی خۆیەوە نزیك بێت، ئەوەش واتە پەرستش پەیوەندیەکی تایبەتیی نێوان مرۆڤ و خواوەند بوە، بە شێوەیەك پەرستش گوزارشێك بوە لە تایبەتمەندی و ئاکار و خولیای تایبەتی و نەبوەتە هۆی سڕینەوەی ئەو تایبەتمەندیانە.

دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئایینە فرەپەرستیەکاندا جەنگێکی پیرۆز نەبوە لە پێناوی ئاییندا، ئەوەی هەبوە تەنها جەنگێکی ئاسایی بوە و زۆر جار ڕەنگ و شێوە و دەمامکێکی ئایینیی دراوەتێ، واتە جەنگێکی ئایینی نەبوە کە ڕەنگ و شێوەیەکی سیاسی وەرگرێت، بەڵکو تەنها جەنگێکی سیاسی و فراوانخوازی هەبوە کە هەندێك جار ڕەنگ و شێوەیەکی ئایینیی بۆ ساز دەکرا، بۆ نمونە ئاشوریەکان بۆ خۆیان شەڕەنگێز بون و هەردەم خەریکی فراوانکردنی قەڵەمڕەو و چالاکیی سەربازی بون (هەتاکو عیشتاری خواوەندی جوانی و کاریگەریی مێیایەتییش لای ئاشوریەکان زیاتر وەکو جەنگاوەرێکی زبر بە هەمو کەرەستە و تفاقێکی جەنگەوە نیگارش دەکرێت![٧٩])، بەڵام سەرکردەی سەربازی دەبوایە هەمو ڕۆژێك

---

[١] لە ڕاستیدا هەمیشە خواوەندی دایك یاخود خواوەندی مێ یاخود خواوەندی جوانی و بەپیتیی سروشت ئەو

راپۆرتێكی تێروتەسەلی دەربارەی چالاكیە سەربازیەكان بخستایەتە بەردەمی خواوەندی جەنگاوەر خواوەند ئاشور (ئاشكرایە كە مەبەست زێوانەكانی پەرستگای خواوەند ئاشورە..!)، كە ئێمە ئێستا لە رێگای ئەم راپۆرتانەوە كە ماونەتەوە لە وردەكاریەكانی جەنگەكانی ئاشوریەكان ئاگادارین. هەندێك جاریش روی داوە ئاشوریەكان پەرستشی خواوەند ئاشوریان لە شاری داگیركراودا سەپاندوە، واتە لە پەرستگادا كراوە بە رەسمی، وەكو ئەو حاڵەتەی كە كاتێك پاشای ئاشوری (ئاشور ـ ئاحا ـ ئیددینا) Esarhaddon (٦٨٠ ـ ٦٦٩ پ. ز.) لە هەڵمەتی دوەمیدا ساڵی (٦٧١ پ. ز.) بۆ سەر میسر توانی شاری مەنف Memphis بگرێت و لەوێ پەرستشی ئاشور بسەپێنێت[٨٠]، بەڵام ئەمە تەنها بۆ لاقرتێ بوە بە گەلی داگیركراو و دەرخستنی دەسەڵات و شانازیی نەتەوە بوە نەك بۆ بڵاوكردنەوەی ئایین.



خواوەند عیشتار بە كەرەستەی جەنگەوە

(چاپی مۆرێكی لولەكی، لە مۆزەخانەی بریتانی)

---

دو روەی هەبوە: روی جوانی و نەرمونیانی و بەپیتی و بەخشینی ژیان، پێچەوانەكەیشی روی تاریك و دزێو و زبر و جەنگاوەری بێبەزەیی و پرچەك و سەرداری گیانەوەرە درندەكان و هێزی مەرگ و نەخۆشی و كارەسات. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو خواوەندە مێیە لە خۆیدا هێمای سروشتی دایكە كە لە سروشتیشدا هەر دو هێزی: ژیان و مردن، جەنگ و پێكەوەژیان، هەیە. بەڵام بابەت Theme ی عیشتاری جەنگاوەر زیاتر لە هونەری عێراقیی كۆن و ـ بە تایبەتی ـ ئاشوریدا دەردەكەوێت.

[١] بڕوانە:

**Beck**, Sanderson*, Assyrian, Babylonian, and Persian Empires*. Literary Works of Sanderson Beck Website, Ethics of Civilization. Vol. 1: Middle East & Africa to 1875 - Assyrian, Babylonian, and Persian Empires, Assyrian Empire. 2004. @http://www.san.beck.org/1-6-Persia.html

هەروەکو سەلوکیەکان «السلوقیّون» یش کە لە (ئەنتاکیە) وە فەرمانڕەوایی سوریایان دەکرد هەندێك جار دەستدرێژییان دەکردە سەر پەرستگای جولەکە لە ئورشەلیمدا و تالآنیان دەکرد و لە قۆناغێکدا پەیکەر و قوربانیگەی خواوەند زیوسی ئۆلیمپیایی Zeus Olympios یان تێدا دانا لە جێی قوربانیگەی خواوەند (یهْوه) ی یەهودی، ئەوەش بە تایبەتی لە سەردەمی ئەنتیۆخوس (ی چوارەم) ئێپیفانیس Antiochus IV Epiphanes (١٧٥ ـ ١٦٤ پ. ز.) دا.. بەڵام مێژونوسان باش دەزانن کە ئەم چەشنە کارانەی یۆنانیە سەلوکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك پاڵنەر و ئامانجی تری جیاواز لە پاڵنەری ئایینی، وەکو ئەوەی سەلوکیەکان کە جێنشینی ئەلیکساندەر بون لە سوریادا درێژەیان دەدا بە سیاسەتی بڵاوکردنەوە و برەوپێدانی کولتور و شارستانێتیی یۆنانی، بۆیە سەلوکیەکان شانۆی یاری و وەرزشە یۆنانیەکان و گەلێك دیمەنی تری ژیان و شارستانێتیی یۆنانییشیان لە ئورشەلیمدا بنیات نا. جگە لەوەی سەلوکیەکان ویستویانە هەژمون و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەمو سوریادا بسەلمێنن و بۆ ئەمەش دەست وەردەنە ژیانی ناوخۆیی گەلانی ژێردەستەیان و کاروباری ئایینییشیانەوە، سەرباری ئەوەی پاڵنەری سەرەکیی پاشا سەلوکیەکان هەمیشە پارە و زێڕ بوە و جگە لە باج و دەستکەوتی جەنگ پەرستگاکانیشیان تالآن کردوە و بە دز و چەتەی نمونەیی پەرستگاکان دادەنرێن، بۆیە لەسەریان قورس بوە پەرستگای یەهودی بە سەربەخۆیی و پارێزراوی ببینن لەگەڵ ئەو سامان و زێڕ و زیوەی لە خۆی دەگرێت.

کاتێك پێشتر وتم توندوتیژیی ئایینی لەگەڵ ئایینە یەکتاپەرستیەکاندا هاتوەتە کایەوە، مەبەست ئەوە نیە کە ئایینە فرەپەرستیەکان یاخود شوێنکەوتەکانیان هیچ توندوتیژیەکیان پیادە نەکردوە، بەڵام بە بڕوای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لەگەڵ ئایینە یەکتاپەرستیەکاندا تێك گیراون (وەکو لە هیندستان لە نێوان موسڵمانان و سیخ و هیندۆسدا)، لەو کاتەوە پەیوەندیی نێوان ئەم دو جۆرە ئایینە لەسەر توندوتیژی بنیات نراوە. پەیوەندیی نێوان ئایینە یەکتاپەرستیەکانیش لەنێو خۆیاندا ترسناکترین توندوتیژیی بەخۆیەوە بینیوە.

پێویستە دان بەوەشدا بنێین کە ئایینە یەکتاپەرستیەکان ڕۆڵێکی زۆریان بوە لە ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو ئەندێشە و بیرکردنەوە سەرەتایی و ناواقیعی و ئەو سروت و داب‌ونەریتە نەشیاوانەی کە لە ئایینە فرەپەرستیەکاندا ستەمێکی زۆریان لە مرۆڤ کردبو (هەرچەندە هەمو ئایینێك بنەمای وای هەیە کە ـ بەلای کەمەوە لە دیدی ئایینی ترەوە ـ ناواقیعی و نەشیاو بێت).. بۆ نمونە کاتێك دەقە تەوراتیەکان قوربانیکردنی کەنعانیەکان بە منداڵ [بە تایبەتی بۆ خواوەند (مۆلِك) מֹלֶךְ یاخود

(مِلْكـۆم) מִלְכֹּם كـه منـداڵيان فـڕێ دەدايـه چـاڵە ئـاگرێكـێ قـوڵ لەبـەردەم پەيكەرەكەيدا[٨١]] بە توندی رەت دەكەنەوە (*كتێبـی لاويەكان* «اللاوِيُّـون») ـ ڤەيـيقرا וַיִּקְרָא: ١٨/ ٢١، ٢٠/ ١ ـ ٥)..



قوربانيكردنی منداڵ لای كەنعانيەكان بۆ ناو دۆزەخەكەی خواوەند (مولِك)

(وێنەيەكی گريمانەيی)

ئەم رەتكردنەوەيە هەرچەند مەبەستەكەی تەنها پاراستنی ژيانی منداڵ يان مرۆڤـ نەبوە [چونكە دەقەكە هەمو جارێك مەبەستی خۆی رون دەكاتەوە كە ئەو كـارە نـاو و پيرۆزيی خواوەند (يهْوٰه) لەكەدار دەكات، واتە ئەگەر قوربانيكردنەكە بۆ (يهْوٰه) بوايـە رەنگە پەسەندی بكردايە!]، بەڵام ئاشكرايە كە ئەوە رێگرتنە لە كارێك كە ـ بـە پێـی پابەندبونی رەوشتيی مرۆڤی هاوچەرخ ـ دڕندانەيە و ستەمێكی گەورەيـە لـە مرۆڤـ. دەتـوانين بڵـێين ئايينـە يەكتاپەرسـتيەكان بيركردنـەوەی مرۆڤيـان دەربـارەی خـوا لـە بيركردنەوەی فەلسەفی يان بيركردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخ دەربارەی هەمان چەمك نزيـك كردەوە، و رەهەندێكی رەوشتييان بەخشی بە چەمكی خواوەند و پەرستش بە شێوەيەك كە چەمكەكە شێوەی بەرپرسيارێتيی رەوشتيی وەرگـرت كـە ئـەوەش سـود و بـەهای راستەقينەی چەمكەكەيە و زۆر بەنرخترە لەو مشتومڕە ئايينی و فەلسـەفيە نـەزۆك و زڕانەی كە كراون لەسەر چەمكی خوا وەكو چەمكێكی ميتافيزيايی و سنور و ئاكـار و

[١] دەربارەی خواوەند (مولك)، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Molech.*
ISBE. Art. *Molech*. By T. Nicol.

ڕەهایی و بەڵگەکانی.. بەڵام قسەکە لەسەر ئەوە بو ئاینداری یەکتاپەرست وا بیر دەکاتەوە کە دەبێت هەمو جیهان بێتە ژێر ئاڵای کولتورەکەی، ئەگەرنا هەمو لەناو دەچن..!

*　　*　　*

سەرەنجام لە خۆرئاوای ئاسیادا ئایینی یەکتاپەرستی جێگیر بو، ئایینی فرەپەرستییش لەو ڕابردوە دورودرێژە لە کولتوری مرۆڤدا تەنها چەند یادگاریەکی ریسواکراوی مایەوە.. ئاینداری لەژێر سایەی ئایینی یەکتاپەرستیدا بە یەك ئاراستە نەبو، بەڵکو بە پێی رادەی وابەستەبونی بە ئایینی یەکتاپەرستیەوە بو بە دو ئاراستە: دەقگەرایی و عیرفانگەرایی.

# بەشی چوارەم

# دەقگەرایی و توندوتیژی

دەقگـەرایی «النّصوصِيّة» یـاخود پێشـینگەرایی «السَّلَفِيَّة»، ئاراسـتەیەکە لـە ئایینداریدا کە مرۆڤی ئایینـدار تیـّدا پابەندە بە روالەت و تێگەشتنی دەقاودەقی دەقە ئایینیەکانەوە و لەسەر سروت و داب‌ونەریتی شێوەیی و روالـەتی پێـداگری دەکـات و خۆی بە نوێنەر و بەجێهێنەری راستەوخۆ و ئەمیندار و راستەقینەی ئایینەکە دەزانێـت و شێوازی لێکدانەوە و جێبەجێکردنی چەمکە ئایینیـەکان بـۆ خـۆی قـۆرخ دەکـات.. هەروەها پێداگری دەکات لەسەر رەسەنایەتی لە ئاییندا و دژایەتیی هەر گونجانـدنێکی بنەما و جێبەجێکردنی ئایین دەکات لەگەڵ ئایین و کولتوری ناوچەییدا. هـەروەها لـەم ئاراستەیەدا مەعریفە هەر ئەوەیـە لـە روالـەتی دەقەکانـەوە دیـارە و لـە پێشـینان و یەکەمینەکانـەوە و لـە رێگـەی کەلـەپوری دەماودەمـەوە وەرگـیراوە ئـیتر عـەقڵ و بارودۆخی نوێ و کاریگەریی کولتوری نوێ هـیچ رۆڵێکـی لـە ژیـان و بـیری ئایینیـدا نابێت. هەروەکو ئاییـنداری ئـەم ئاراسـتەیە بـەوە جیـا دەبێتـەوە کـە توندوتیـژە لـە جێبەجێکردنی فەرمان و رێسا ئایینیەکاندا وەکو روکەشی خۆیان و ئەوە دەبێتە ئامانج و فرمانی هەرە گەورەی.

ئەم ئاراستەیە بەوەی کە هیچ فرەییەك لە بۆچون و لێکدانەوە و شێوازی ئایینداریدا وەرناگرێـت و رێگـە پـێ نـادات، میراتگـری راسـتەوخۆی ئـایینی یەکتاپەرسـتیە و ئاوێنەیەکی رونترە بۆ تایبەتمەندیەکانی ئایینی یەکتاپەرستی، گرنگترین بابەتێکیش لە بیری ئایینیی ئەم ئاراستەیەدا بابەتەکانی خواوەندی تاك و خۆپارێزیە لە هەر شتێك کە بە لای فرەپەرستیدا بڕوانێت.

ئەم ئاراستەیە لە ئیسلامدا لە ئاراستەیەکدا بەرجەسـتە دەبێـت کـە رەگ‌وریشـەی راستەوخۆی لە بیری ئایینیی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام کۆمەڵێك پێشەوا و پیاوی ئایینی زیاتر پەرەیان پێ داوە و گەیاندویانە بە ئاکام و ئەنجامە تەواوەکانی و هەندێك لە ئاکار و سروشت و سایکۆلۆجیای تایبەتیی خۆیشیان داوەتێ. ئـەم چـەند کەسـە لـە مێـژوی ئیسلامدا زنجیرەیەکی پەیوەست و نەپساوە پێك دەهێنن کە بە درێژایی ئەو مێژوە ئـەو ئاراستە دەقگەرایی و یەکتاپەرستیە توندەی بوژاندوەتەوە و گەشەی پێ داوە.

لەمانە ئێمە تەنها سەرنجی چەند نمونەیەکی زەق و دیار دەدەین:

لەوانە لە نەوەی صەحابەدا عومەری کوڕی خەتتاب (٤٠ پ. ك. ـ ٢٣ ك. / ٥٨٤ ـ ٦٤٤ ز.)، کە پێش ئیسلام و دوایشی (بێ گومان پێش ئیسلام و پاش ئیسلام لە لایەنی سۆسیۆ ـ سایکۆلۆجیاییەوە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە) سروشتێکی توندی هەبوە و نمونەی کارەکتەرێك بوە کە هێز و مامەڵەی توند بەکار دەهێنێت لە پێناوی راستەقینە و بنەما و باوەڕی خۆیدا، هەرچەند یەکێکیشە لە فەرمانڕەوا دادپەروەرەکانی مێژو، بەڵام دادپەروەریەکەیشی توندیی پێوە دیارە!.. گێڕانەوە ئیسلامیەکان خۆیان ماندو دەبن لە گێڕانەوەی ئەو دیمەنانەدا کە مرۆڤێك هەڵەیەك دەکات و عومەر داوا لە پێغەمبەر دەکات رێگەی بدات لە ملی بدات!(٨٢) دواتریش کە دەبێتە جێنشین قامچی «دِرَّة» ە بەناوبانگەکەی عومەر هەمیشە ئامادە بوە بۆ تەمێکردنی ئەو مرۆڤانەی هەڵەیان دەکرد، هەر جۆرە هەڵەیەك!(٨٣) هەندێك جار هەڵەکە ئەوە بوە کە کەسێك قورئانی لە (موصحەف) ێکی بچوکدا نوسیوەتەوە(٨٤)، یان کەسێك (بە تایبەتی عەبدوڵڵای کوڕی و موعاویە) جارێك پۆشاکی جوان و رازاوەی لەبەر کردوە(٨٥)، یان گەنجێك بە هێواشی و سستی رۆشتوە(٨٦)، یان ژنێك بۆ مردوی گریاوە(٨٧)، یان کەنیزێك وەکو خانم دەمامکی پۆشیوە(٨٨)، یان کەنیزێك بە کاری با هەندێکی جەستەی دەرکەوتوە(٨٩)، یان کەسێك پرسیاری لێ کردوە دەربارەی واتای

---

(١) بۆ نمونە لە چیرۆکەکەی (حاطب بن أبي بلتعة) دا: (فقال عمر: يا رسول الله! دعني أضرب عُنُقَ هذا المنافق): **ابن كثير**، *البداية و النهاية*. مكتبة المعارف، بيروت. ج. ٤، ص. ٢٨٤.

(٢) بۆ نمونە، بڕوانە: **الطبري**، *تاريخ الأمم و الملوك*. دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٧ هـ. ج. ٢، صص. ٢٦٧، ٣٥٠، ٥٧١. | **العَسْقَلاني**، ابن حَجَر، *الإصابة في تمييز الصحابة*. تحقيق: علي محمد البجاوي. الطبعة الأولى، دار الجيل ـ بيروت، ١٩٩٢. ج. ١، ص. ٥٠٥، ج. ٢، ص. ٥٠٠، ج. ٣، ص. ٢٧٣، ج. ٥، ص. ٩٦، ج. ٧، ص. ٢٠٢. | **الذهبي**، *سِيَر أعلام النُّبَلاء*. تحقيق: شعيب الأرناؤوط، محمد نعيم العرقسوسي. مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة التاسعة، ١٤١٣ هـ. ج. ١، ص. ١١٤، ج. ٢، صص. ٤٤٨، ٥٦٠، ج. ٣، ص. ١٣٥، ج. ٤، ص. ١٠٠. | ابن كثير، *البداية و النهاية*. ج. ٨، صص. ٦٤، ٧٦، ١٢٥.

(٣) بڕوانە: **القرطبي**، *الجامع لأحكام القرآن*. تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني. دار الشعب، الطبعة الثانية، ١٣٧٢هـ. ج. ١، ص. ٢٩.

(٤) بڕوانە: الذهبي، *سِيَر أعلام النُّبَلاء*. ج. ٣، ص. ١٣٥.

(٥) بڕوانە: **ابن كثير**، *تفسير القرآن العظيم*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠١هـ. ج. ٣، ص. ٣٢٥.

(٦) بڕوانە: القرطبي، *الجامع*. ج. ١٨، ص. ٧٥.

(٧) بڕوانە: القرطبي، *الجامع*. ج. ١٤، ص. ٢٤٤.

(٨) بڕوانە: الذهبي، *سِيَر أعلام النُّبَلاء*. ج. ١، ص. ١١٤.

ئایەتێك لە قورئان ئەمیش (بە هۆکارێکی نادیار) پێی ناخۆش بوە[٩٠]، ئیتر عومەر بە قامچیەکەی خۆی (کە وا دەردەکەوێت هەمو کاتێك پێی بوە!) تەمێی کردوە! یان مرۆڤێك هەندێك پرسیاری کردوە دەربارەی هەندێك دەستەواژەی ئالۆزی قورئان یان هەندێك بیروباوەڕی نارۆشن بەڵام عومەر بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو پرسیارانە گومان و ناکۆکی و مشتومڕ لەناو موسڵماناندا دروست دەکەن سزایەکی توندی بە لیسی پەلی دارخورما بۆ ئەو مرۆڤە بڕیوەتەوە![٩١].. گومانیشی تێدا نیە کە ئەم شێوازی مامەڵەیە دەبێتە نمونە و مۆدێل و پێشەنگ لە ئیسلامدا بە گشتی و لە ئاراستە دەقگەراییەکەدا بە تایبەتی.

کەسێکی تر لە نەوەی صەحابەدا عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتتابە، کە زیاتر ناسراوە بە (ابن عُمَر) (١٠ پ. ك. ـ ٧٣ ك. / ٦١٣ ـ ٦٩٢ ز.). ئەم کەسە هەرچەند هیچ دەسەڵاتێکی لە دەستدا نەبوە و رۆڵێکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبردندا نەبوە، بەڵام سەرقاڵی باس‌وخواسی فەرمودە و فیقهی ئیسلامی بوە و لەم رێگەیەوە کاریگەریی خۆی بەجێ هێشتوە. بۆ نمونە ئەو گێڕانەوە ئیسلامیانەی کە گوێگرتن لە مۆسیقا (هەتاکو شمشاڵی شوان!) قەدەغە دەکەن دەگەڕێنەوە بۆ ئەم کەسە[٩٢] و

---

[٩] بڕوانە: الطبري، *جامع البيان*. ج. ٥، ص. ٣٠٦. | **السيوطي**، *الدر المنثور في التفسير بالمأثور*. دار الفكر، بيروت، ١٩٩٣. ج. ٢، ص. ٧١١.

[١] ئەمە چیرۆکی کەسێکە بە ناوی (عبد الله بن صبيغ) کە هەندێك پرسیاری هەبوە دەربارەی ئەو دەقە قورئانیانەی پێیان دەوترێت (متشابهات)، عومەریش بە لیسی پەلی دارخورما تێی دەکەوێت تا سەری خوێن دەهێنێت، لە گێڕانەوەی تریشدا دەڵێت تا پشتی بریندار دەبێت، چەند جارێکیش ئەم سزایە دوبارە دەبێتەوە تا لە کۆتاییدا دوری دەخاتەوە بۆ ناوچەیەك و فەرمان دەدات کەس لەگەڵی دانەنیشێت. بڕوانە: **السيوطي**، *الإتقان في علوم القرآن*. مطبعة حجازي، القاهرة، ١٣٦٨ هـ. ج. ٢، ص. ٤.

[٢] (عن نافع مولى ابن عمر، ثم إن ابن عمر سمع زِمارةَ راعٍ، فوضع إصبعيه في اليسرى و عدل راحلته عن الطريق و هو يقول: يا نافع! أتسمع؟ فأقول: نعم، فيمضي حتى قلت: لا، فوضع يديه و أعاد راحلته إلى الطريق، و قال: رأيت رسول الله صلى الله عليه و سلم سمع زِمارةَ راع فصنع مثل هذا).

**أحمد بن حنبل**، *المُسْنَد*. مؤسسة قرطبة، مصر. مسند عبد الله بن عمر بن الخطاب ج. ٢، ص. ٨، الحديث رقم ٤٥٣٥. ج. ٢، ص. ٣٨، الحديث رقم ٤٩٦٥.

هەروەها بڕوانە:

**البَيْهَقيّ**، *سنن البيهقي الكبرى*. تحقيق: محمد عبد القادر عطا. مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، ١٩٩٤. الكتاب ٨٢: كتاب الشهادات، الباب ٦٣: باب ما جاء في ذم الملاهي من المعازف و المزامير و نحوها. ج. ١٠، ص. ٢٢٢.

**أبو داود**، *سنن أبي داود*. تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد. طبع دار الفكر. الكتاب ٣٦: كتاب الأدب،

دوریش نیە ئەم قەدەغەکردنە لە سروشت و سایکۆلۆجیای خۆیەوە هاتبێت، یان کەسێك چیرۆکەکەی ساز کردبێت و کەسێتیی ئیبن عومەری بە گونجاو زانیوە بیداتە پاڵی. ئەم گێڕانەوانەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و بەڵکو کەسێتیی خۆیشی یەکێکە لە پێشەنگ و نمونە باڵاکانی گروپ و کۆمەڵە ئیسلامیە توندڕەوەکان.

کەسێکی تر کە لە لایەنی میلیتاری و جیهادیەوە نمونە و مۆدێلێکی توندڕەوی بەرهەم هێناوە، خالیدی کوڕی وەلیدە (٢١ ك. / ٦٤٢ ز. مردوە)، کە ناسراوە بە شمشێری لە کالان دەرهاتوی خوا![٩٣] ئەم کەسە بەبێ جیاوازی لە نێوان قۆناغی پێش موسڵمانبونی و دوای موسڵمانبونیدا جەنگاوەرێك بوە کە خۆی کردوەتە ئامرازی کوشتن و روخاندن.. پێش موسڵمانبونی بە تایبەتی لە جەنگی (أُحُد) دا خوێنێکی زۆری موسڵمانەکانی رشتوە، دوای موسڵمانبونیشی وەکو هێزێکی تایبەتی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتێکی نوێ هەمان رۆڵی بینیوە، دواتریش زۆربەی جەنگەکانی هەڵگەڕانەوە «الرِّدَّة» لە سەردەمی ئەبوبەکردا و (فتوحات) ی سەردەمی عومەر بە ئەمیرایەتیی ئەو چون بە رێوە. لە جەنگ و روبەڕوبونەوەکاندا ستراتیج و تاکتیك و پلانی ئەو هەر کوشتن بوە: کوشتنی دیل یان پەنادراو (ئەوەی چەك دادەنێت و پەیمانی پێ دەدرێت کە گیانی پارێزراو بێت)، ئەوەش راستەوخۆ دوای گرتنەوەی مەککە، بەپێی گێڕانەوەکان پێغەمبەر خالید دەنێرێت بۆ بانگەشەی ناوچەکانی تر، ئەویش لەگەڵ هێزێکی زۆردا دەچنە ناوچەیەك کە شوێنی خێڵی (بنو جُذيمة) یە و بە خەڵکەکە دەڵێت: هەمو خەڵك موسڵمان بون و ئێوەش چەك دانێن و خۆتان بدەن بە دەستەوە، ئەوانیش باوەڕی پێ دەکەن و چەك دادەنێن، خالیدیش بە بێ وەستان فەرمان دەدات

---

الباب ٦٠: باب كراهية الغناء و الزَّمْر، ج. ٤، ص. ٢٨١، الحديث رقم ٤٩٢٤.

**الطَّبَراني**، *المعجم الأوسط*. تحقيق: طارق بن عوض الله بن محمد، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني. دار الحرمين، القاهرة، ١٤١٥ هـ. باب الألِف، مَن اسمُهُ أحمد، ج. ٢، ص. ٤٠، الحديث رقم ١١٧٣.

[٩٣] وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، زاراوەی (خوا) وەکو بیرۆکەیەك لەلای مرۆڤ ئاماژەیە بۆ کولتور و کەسێتیی کولتوری، بۆ نمونە کاتێك پیاوێکی ئایینی ئەو زاراوەیە بەکار دەهێنێت ئەوە گوزارش لە کولتوری خۆی دەکات.. هەر بەم واتایەش لە قورئاندا هاتوە: (إنَّ عِدَّة الشُّهُور ـ عند الله ـ اثنا عَشَرَ شهرا في كتاب الله) (*التوبة*: ٣٦)، لێرەدا ئاشکرایە ژماردنی ساڵ بە (١٢) مانگ پەیوەندیەکی ئەنتۆلۆجیایی بە خواوە نیە (مەگەر بڵێین چەمکی گەشەکردوی خوا لێرەدا میراتگری چەمکەکانی پەرستشی خواوەندی مانگە کە رێکخەری کات و ساڵ و مانگەکانە)، بەڵام کاتێك دەقەکە دەڵێت (لای خوا) لە واقیعدا دەبێتە گوزراش لە کولتوری عەرەبی و کولتورەکانی تر بە گشتی کە بەپێی ئەم کولتورانە (هەفتە) و (مانگ) و (ساڵ) دانراون بۆ رێکخستنی کات کە پەیوەندیی توندوتۆڵیان بە خولی مانگ و بایەخی ژمارە (حەوت) ـەوە هەیە کە هێمای چالاکی و دەرکەوتنەکانی مانگە.

پەلاماریان بدەن و ژمارەیەکی زۆریان لـێ دەکوژرێت، کاتێك هەواڵەکـە دەگاتـەوە بـە پێغەمبەر، بەریبونی خۆی لە کارەکەی خالید رادەگەیەنێت: (اللَّـٰـهُمَّ إنِّني أبْرَأُ إليك مما صَنَعَ خالد)، پارەیەکی زۆریش بە عەلیدا دەنێرێـت بـۆ قەرەبوکردنـەوەی خوێنـەکان و زیانەکان[94].. وەکو نمونەیەکی تری ئەم کارەش کەسێکی موسڵمانی لـە خێڵـی (تمـیم) کوشتوە بە ناوی (مالِك بن نُوَيْرة) کە خالید بـە هەڵگـەڕاوە «مُرْتَـدّ» ی دانـاوە بۆیـە دەیکوژێـت و ژنەکەشـی مـارە دەکاتـەوە، ئـەو کەسـەش بـە یـەکێك لـە صـەحابە دەژمێررێت، ئەبوبەکر و عومەریش لەسەر ئـەم کـارە بـە تونـدی سەرزەنشـتی خالیـد دەکەن بەڵام لە کۆتاییدا ئەبوبەکر لێی خۆش دەبێـت![95] ئـەوەی کـە واتایـەکی زۆری هەیە و بۆ باس‌وخواسەکەی ئێمە گرنگە ئەوەیە کە خالید لەگەڵ ئەمانـەدا شـاکارێکی تریشی بۆ خۆی تۆمار کردوە کە ئەویش شـکاندن و روخانـدنی هەنـدێك لـە بتـەکانی نیمچە دورگەی عەرەبیە[96]..

ئینجا لە سەردەمی گەشەکردنی رێبازە ئیسلامیەکان و قۆناغـەکانی تـری مێـژوی

---

[2] بڕوانە:

البخاري، *الصحيح*. الكتاب ٦٧: كتاب المغازي، الباب ٥٥، ج. ٤، ص. ١٥٧٧، الحديث رقم ٤٠٨٤.

**ابن حِبَّان**، *صحيح ابن حبان* بترتيب ابن بلبان. تحقيق: شُعَيب الأرْنَؤُوط. مؤسسة الرسالة ـ بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٣. الكتاب ٢١: كتاب السير، الباب ١٣: باب الخروج و كيفية الجهاد، ج. ١١، ص. ٥٣، الحديث رقم ٤٧٤٩.

**النَّسَائيّ**، *السُّنَن الكبرى*. تحقيق: د. عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن. دار الكتب العلمية ـ بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩١. كتاب القضاء، ج. ٣، ص. ٤٧٤، الحديث رقم ٥٩٦١.

أحمد بن حنبل، *المسند*. مسند عبد الله بن عمر بن الخطاب، ج. ٢، ص. ١٥٠، الحديث رقم ٦٣٨٢.

**الطبري**، *التاريخ*. ج. ٢، ص. ١٦٤.

[1] بۆ نمونە، بڕوانە:

**ابن عبد البَرّ**، *الاستيعاب في معرفة الأصحاب*. تحقيق: علي محمد البجاوي. الطبعة الأولى، دار الجيل ـ بيروت، ١٩٩٢. ج. ٣، ص. ١٣٦٢، الصحابي رقم ٢٣٠٣.

العَسْقَلاني، *الإصابة*. ج. ٥، صص ٧٥٤، ٧٥٥، الصحابي رقم ٧٧٠٢.

[2] بە تایبەتی (العُزَّى). بڕوانە:

**ابن هشام** (عن ابن إسحاق)، *السيرة النبوية*. تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد. دار الجيل، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤١١ هـ. ج. ٥، ص. ١٠٣.

الطبري، *التاريخ*. ج. ٢، ص. ١٦٣.

**الهيثمي**، *مَجْمَع الزوائد و مَنْبَع الفوائد*. دار الريان للتراث، دار الكتاب العربي، القاهرة، بيروت، ١٤٠٧ هـ. الكتاب ٧٢: كتاب السير، الباب ٩٧: باب فتح مكة، ج. ٩، ص. ١٢٠.

ئیسلامیدا کۆمەڵێك پێشەوای ئایینیی تر ئاڕاستە دەقگەراییەکەیان پەرە پێ داوە و بناغەیان چەسپاندوە.. لێرەدا لەسەر سێ دامەزرێنەر و بناغەدانەری ئەم ئاڕاستە دەقگەراییە لە ئیسلامدا هەڵوێستە دەکەین کە دوابەدوای یەك هەنگاوەکانی یەکتریان تەواو کردوە، ئەوانیش (ئیبن حەنبەل) و (ئیبن تەیمییە) و (ئیبن عەبدولوەهاب) ــن:

## ئیبن حەنبەل

کەسێکی زۆر کاریگەر و پێشەنگ لە ئاڕاستەی دەقگەراییدا، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ابن حَنْبَل) (٧٨٠ ـ ٨٥٥ ز.) ــە کە دامەزرێنەری ڕێبازی فیقهیی حەنبەلیە و ناسراویشە بە پێشەوای ئەهلی سوننە لە بیروباوەڕدا. ڕێبازی فیقهیی ئیبن حەنبەل ڕێبازێکی قورسکار و توندە و بە دەگمەن لە دەرەوەی کۆمەڵگای عەرەبیدا بڵاو بوبێتەوە و ڕەنگە بە درێژایی مێژوی ئیسلامی تەنها بنەماڵەی سەعودیەکان کردبێتیان بە ڕێبازی دەسەڵات [لە کاتێکدا ـ بۆ نمونە ـ ڕێبازی حەنەفی زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامیە ناعەرەبەکان کردویانە بە ڕێبازی ڕەسمی بە شێوەیەك ناسراوە بە (ڕێبازی سوڵتانی)، تاکە ڕێبازێکیشە کە ڕێگەی داوە نوێژ بە زمانی تر بخوێنرێت یان خەلیفە لە عەرەب نەبێت]. ئیبن حەنبەل لە خۆیدا کەسێکی زۆر توند و ڕواڵەتبین و سادەکار و دەقگەرا بوە و ئەوەی لە دەقدا بە ڕاشکاوی نەهاتبێت بە هەڕەشەی کوشتنیش ئامادە نەبوە بیڵێت [بۆ نمونە لەو کێشەیەدا کە ناسرا بە کێشەی (خَلْق القرآن) هەرچەند توشی ئەشکەنجەدان هات ئامادە نەبو بڵێت قورئان دروستکراوە لەبەر ئەوەی ئەو دەستەواژەیە لە دەقەکاندا نەهاتبو!]، هەروەکو لە ژیانی خۆیشیدا لە جێبەجێکردنی فەرمانە ئایینیەکان و دنیانەویستیدا ستەمی لە خۆی کردوە و بارێکی قورسی داوە بەسەر خۆیدا و بەسەر ئەوانەشدا کە دەیکەنە نمونە و پێشەنگی خۆیان.. سەرچاوەکانی بیری فیقهیی ئیبن حەنبەل تەنها دەق و گێڕانەوە بوە، ئیتر کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێوشوێنی عەقڵیی وردی لەلا گەڵاڵە نەبوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا، بۆیە تا ئەم چرکەیەش کاڵوکرچی و سادەیی و پینەگەشتویی بە ڕێبازی حەنبەلیەوە دیارە کە ئەمەش کاریگەریی ڕونی لە عەقڵی ئیسلامیی نوێدا بەجێ هێشتوە.. ئیبن حەنبەل زیاتر دەبێت وەکو فەرمودەبێژ «مُحَدِّث» یێك پۆلێن بکرێت (کە دەڵێن گوایە نزیکەی ملیۆنێك فەرمودەی زانیوە![97]) و هیچ دەقێکی فیقهیی تێروتەسەلی بەجێ

---

[1] (عن أبي زُرْعة، قال: كان أحمد بن حنبل يَحْفَظُ ألفَ ألفِ حديثٍ). بڕوانە:
**ابن الجوزي**، *صفة الصَّفْوَة*. تحقيق: محمود فاخوري، د. محمد رواس قلعهجي. دار المعرفة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٧٩. ج. ٢، ص. ٣٣٧.

نەهێشتوە، بەڵام هەندێك نامیلكەی نوسیوە لە بـواری بیروبـاوەڕدا و بـۆ ڕەتدانـەوە و بەگومڕادانانی كۆمەڵە ئیسلامیەكانی تری وەكو ئەوانـەی دوشمنـەكانیان ناویـان نـاون (الجَهْميَّة) و (القَدَريّة) و (المعطِّلة).. (ئەمە بەڵای كولتوری عەرەبیە: حیكایەتــخوانێك نەخشە و سنور دادەنێت بۆ بیركردنەوەی خەڵك).. جگە لەوەی كۆمەڵێك شوێنكەوتەی هەبون كە زۆر قسە و بیروباوەڕیان بە نـاڕەوا داوەتـە پـاڵی و زیـاتر بیروباوەڕەكانییـان ڕواڵەتیتر و توندتر كردوە، هەتاكو دەڵێن ئەو كتێبـەش ئامـاژەی بـۆ كـرا *(الـرّد علـى الزنادقـة و الجهميـة)* شـوێنكەوتەكانی نوسـیویانە و داویانەتـە پـاڵی [بـە تایبـەتی (الذَّهَبــيّ) (١٢٧٤ ـ ١٣٤٨ ز.) ئەمانـە دوپـات دەكاتـەوە[٩٨]]. لـە ڕاسـتیدا ئـیبن حەنبەل نمونە و پێشەنگی باڵایە بۆ هەمو كەسێتی و گروپێكی دەقگـەرا و توندوتیـژ و مێملی ڕەتكردنەوە و بەگومڕادانانی بەرامبەر.

## ئیبن تەیمییە

كەسێكی تر كە شوێنكەوتە و نوێكەرەوە و فراوانكـەری ڕێبـازی حەنبەلیـە، (ابـن تَيْميَّة) (١٢٦٣ ـ ١٣٢٨ ز.) یە، كە شوێنپێی ئیبن حەنبـەلی هـەڵ گـرت لـە فیقهـی فەرمودەبێژەكاندا كە فیقهێكە هیچ ڕۆڵێكی عەقڵی تێدا نیە و لە بیروباوەڕی پێشـینان «السَّلَف» دا كە بیروباوەڕێكە تەنها دوبارەكردنەوەی ڕواڵەتی دەقەكانە و ئـیبن تەیمییـە لەمەوە زیاتر تێگەشتنێكی ڕواڵەتی و هەستی و بەرجەستەی پەرە پێدا بۆ ئەو دەقانەی كە لە خوا دەدوێن و بە ڕواڵەت شتی بەرجەستەی دەدەنە پاڵ وەكو دەست «يَد» و پـێ «رِجْل» و لاق «ساق» و ڕو «وَجْه» و چاو «أعـيُن» و دابـەزین «نُـزُول» و چـونە سـەر تەخت «عَـرْش» و بونی لە سەرەوەی بونـەوەر[٩٩]، بـە شـێوەیەك بـیری ئـاییینیی ئـیبن تەیمییە نزیـك بـوەوە لـە بـیری ئـاییینیی ئـەنثرۆپۆمۆرفیسـتەكان «المشـبِّهة» یـاخود «الحَشْويّة» ئەوانەی خوا لە شێوەی مرۆڤدا وێنە دەكەن، كە ئەم جۆرە لە بـیری ئـاییینی

---

[٢] (الذهبـي) دەڵێت كتێبـی *(الرد على الجهمية)* هەڵ بەسراوە بە دەم ئیبن حەنبەلەوە، ئینجا نمونەی زۆر دەهێنێتەوە لەو وتە و بیروباوەڕانەی كە شوێنكەوتەكانی بە ناڕەوا داویانەتە پاڵی. بڕوانە: الذهبي، *سِيَر أعلام النُّبَلاء*. ج. ١١، ص‌ص. ٢٨٦ ـ ٣٠٣.

[١] بۆ نمونە، بڕوانە:

**ابن تيمية**، *دَرْءُ تعارُض العقل و النقل*. تحقيق: محمد رشاد سالم. دار الكنوز الأدبية، الرياض، ١٣٩١ هـ. ج. ٦، ص. ٢٠٨.

**ابن تيمية**، *بيان تلبيس الجهمية في تأسيس بِدَعهم الكلامية*. تحقيق: محمد بن عبد الرحمن بن قاسم. مطبعة الحكومة، مكة المكرمة، الطبعة الأولى، ١٣٩٢ هـ. ص‌ص ٧٩، ٨٠.

پێشتریش لەناو بەشێکی حەنبەلیەکاندا هەبوە، کۆمەڵێکی تریشیان بە (الکَرَّامیّة) ناسراون.. هەتاکو گەشتیاری مەغریبیی بەناوبانگ (ابن بَطُّوطة) (١٣٠٤ ـ ١٣٧٨ ز.) لە گەشتنامەکەیدا و (ابن حَجَر العَسْقَلاني) (١٣٧٢ ـ ١٤٤٩ ز.) لە *(الدُّرر الكامنة)* دا دەگێڕنەوە کە ئیبن تەیمییە لە مزگەوتی گەورەی دیمەشق لەسەر مینبەر وتاری خوێندوە و باسی لە چەمکی دابەزینی خوا بۆ ئاسمانی هەرە نزیك «السَّماء الدُّنیا» کردوە کە لە فەرمودەیەکدا هاتوە، ئینجا چەند پلەیەك لە مینبەرەکە هاتوەتە خوارەوە و وتویەتی چۆن من دادەبەزم ئاوایش خوا دادەبەزێت: (یَنزِل كنُزُولي هذا)![(١٠٠)] جگە لەوە (أبو حيَّان) (١٢٥٦ ـ ١٣٤٥ ز.) لە *(البحر المُحيط)* و *(النهر المادّ)* دا و (حاجي خليفة) (١٦٠٨ ـ ١٦٧٠ ز.) لە *(كَشْف الظُّنون)* دا گێڕاویانەتەوە کە ئیبن تەیمییە لە کتێبی *(العَرْش)* ی خۆیدا نوسیویەتی کە خوا لەسەر (الكُرْسيّ) *(البقرة: ٢٥٥)* دادەنیشێت و جێگەیەکیشی هێشتوەتەوە بۆ پێغەمبەر لەسەری دانیشێت!![(١٠١)] ئەمە ئەگەر راستیش نەبێت نامۆ نیە بە تێگەشتنی رواڵەتیی ئیبن تەیمییە بۆ چەمکی تەخت «العَرْش» و چونەسەر تەخت لە لایەن خواوە کە بە ئاشکرایی لە *(مِنْهاج السُّنَّة)* دا رایدەگەیەنێت[(١٠٢)]. لە کاتێکدا زۆربەی کۆمەڵە

---

[(٢)] بڕوانە:

**ابن بطوطة**، *رحلة ابن بطوطة (تُحفة النُّظَّار في غرائب الأمصار و عجائب الأسفار)*. تحقيق: د. علي المنتصر الكتاني. مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الرابعة، ١٤٠٥ هـ. الرحلة إلى دمشق، ج. ١، ص. ١١٠: (... و كنتُ إذ ذاك بدمشق فحضرتُه يومَ الجمعة و هو يَعِظُ الناسَ على منبر الجامع و يذكّرهم فكان من جملة كلامه أن قال: إن الله ينزل من سماء الدنيا كنزولي هذا، و نزل درجةً من درج المنبر...).

هەروەها بڕوانە:

**Ibn Battuta**, *Travels in Asia and Africa 1325-1354*. Translation and Edition: H. A. R. Gibb. London, Broadway House, 1929. Ibn Battuta arrives at Damascus, pp. 65-73. *from* Internet Medieval Source Book.
@http://www.fordham.edu/halsall/source/1354-ibnbattuta.html

**العَسْقَلاني**، ابن حَجَر، *الدُّرَر الكامنة في أعيان المئة الثامنة*. دار الجيل، بيروت (عن الطبعة الأصلية بمطبعة دائرة المعارف، حيدرآباد الدكن، ١٣٤٩ هـ.) ج. ١، ص. ١٥٤.

**القحطاني**، عبد الله، *مَن هُم الخَوارِج*. الفصل ١: التعريف بالوهابية. موقع من هم الخوارج. ٢٠٠٣.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main4.html

[(١)] بڕوانە: **حاجي خليفة** (مصطفى بن عبدالله القسطنطيني)، *كَشْف الظُّنون عن أسامي الكُتُب و الفُنُون*. دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢. ج. ٢، ص. ١٤٣٨.

[(٢)] بڕوانە: **ابن تيمية**، *منهاج السنة النبوية*. تحقيق: د. محمد رشاد سالم. مؤسسة قرطبة، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ. ج. ٢، صص. ٣٢٦ ـ ٣٢٨.

ئیسلامیەکانی هاوچەرخی ئەو بە شێوەی ئاوەڵواتا ((مَجاز)) ئەم دەق و دەستەواژانەیان لێك دەدایەوە، بەڵام ئیبن تەیمییە پێی وایە ئەگەر کەسێك ئەو دەقانە بە ئاوەڵواتا بزانێت و پێی وابێت خوا - بۆ نمونە - دەستی نیە ئەوە بێباوەڕیە! ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە رواڵەتیەش کاریگەریی تەواوی دەبێت لەسەر هەمو بوارەکانی تری کولتور، چونکە تێڕوانین بۆ خوا پاڵنەرێك یان ئاڕاستەکەرێکی بنەڕەتیی کولتور و شارستانێتیی مرۆڤە یان بە لای کەمەوە نیشاندەر ((مؤشِّر)) ێکە، جگە لەوەی کە ئەم تێگەیشتنە رواڵەتیە بۆ دەق لە هەمو بوارەکانی تر بیری ئایینی و مامەڵەی ئایینیدا رەنگ دەداتەوە.

هەروەها ئین تەیمییە زیاتر چەمکی یەکتاپەرستیی تیۆریزە کرد و پەرەی پێدا بە شێوەیەك کە بە پێی یەکتاپەرستیەکەی ئەو زۆربەی موسڵمانانی هاوچەرخی خۆی لە یەکتاپەرستی دەر چوبون! ئەوەش لە رێگەی دابەشکردنی یەکتاپەرستیەوە بۆ دو ئاست، یەکەمیان یەکتاپەرستیی پەروەردگارێتی ((توحید الرُّبوبیّة))، واتە باوەڕ بە تەنها پەروەردگارێك بۆ هەمو بونەوەر کە ئەو دەڵێت ئەم ئاستە لای فرەپەرستەکانی مەککەیش هەبوە، دوەمیان یەکتاپەرستیی پەرستراوێتی ((توحید الأُلوهیّة))، واتە تەرخانکردنی هەر جۆرە کارێك کە بۆنی پەرستنی لێ بێت بۆ ئەو پەروەردگارە تەنهایە کە ئەو دەڵێت خەڵك ئاگاداری ئەم ئاستەی یەکتاپەرستی نین[(١٠٣)].. ئەم دابەشکردنە بەم شێوە و زاراوەیە پێشتر لەناو موسڵماناندا نەبوە و داهێنراوی ئیبن تەیمییە بو بۆ توندکردنەوەی پشتێنەی یەکتاپەرستی بۆ ئەوەی هەمو دیمەنێکی فرەپەرستی جیا بکاتەوە و ریشەکێش بکات [ئەوەی جێی سەرنج و نیگەرانیە ئەوەیە کە ئەم دابەشکردن و زاراوەیە لە زۆربەی نوسراوە نوێیەکانی ئەهلی سوننەدا لە بواری بیروباوەڕدا بەر چاو دەکەوێت، ئەم زاراوە و دابەشکردنەش ناو دەنێن (عەقیدە) و بوەتە مۆدێلی نوێی بیرکردنەوەی ئیسلامی]. ئیبن تەیمییە بە پێی ئەم دابەشکردن و رێسایە

---

هەروەها ئیبن تەیمیە لە کتێبی *(درء التعارض)* دا دەڵێت ئەو فەرمودەیەی کە باسی دانیشتنی پێغەمبەر دەکات لەسەر تەخت لەگەڵ خوادا وەکو فەرمودەیەك بدرێتە پاڵ پێغەمبەر دروست نیە، ئەگەرنا وەکو قسەیەك کە (تابیعی) ـەك بە ناوی (مُجاهد) وتویەتی دروستە و واتاکەی تەواوە و پێشینانی موسڵمانان پەسەندیان کردوە. بڕوانە: ابن تیمیة، *دَرْءُ التعارُض*. ج. ٥، ص. ٢٣٧.

[(٣)] بۆ نمونە، بڕوانە:

**ابن تیمیة**، *الاستقامة*. *تحقیق*: د. محمد رشاد سالم. جامعة الإمام محمد بن سعود، المدینة المنورة، الطبعة الأولى، ١٤٠٣. ج. ٢، ص‌ص. ٣١، ٣٢.

ابن تیمیة، *منهاج السنة*. ج. ٣، ص‌ص. ٢٨٩، ٢٩٠، ج. ٥، ص‌ص. ٣٥٥، ٣٥٦.

گەلێك جۆری پەرستش و نزا و پاڕانەوەی موسڵمانانی سەردەمی خۆی بـە فرەپەرسـتی «الشِّرْك» لە قەڵەم دا، ئەوەش وەكو تكاكاری «التوسُّـل» بـە پێغەمبـەر و هـاوەڵان و پیاوچاكان (دوای مردنیان[١٠٤])، هـەروەها سـەردان و پیتوفـەڕوەرگرتن لـە نزرگـە و مەزارگەكان و نوێژكردن و نزاكردن لە نزیك گۆڕەكان و داب‌ونەریتی هـەڵكردنی چـرا و دانیشتن لەسەر گۆڕەكان، هەروەها سەفەركردن بۆ سەردانی گۆڕی پێغەمبەر لـە شـاری مەدینـە، هـەروەها گـەلێكی تـر لـە داب‌ونـەریت و سـروت و شـێوازەكانی ئـەهلی تەصەووف.. ئەمانە كۆمەڵێك داب‌ونەریتن كە باو بون لەناو موسـڵماناندا و پێشـەوا و پیاوانی ئایینی پەسەندیان دەكرد بەڵام ئیبن تەیمییە هـات و ئەمانـەی هـەمو قەدەغـە كرد، ئەوەش نەك وەكو ئامۆژگاری و هۆشیاركردنەوەی خـەڵك بـەو پێیـە كـە ئەوانـە كۆمەڵێك كردەوەی دواكەوتوانە و فۆلكلـۆرین بـەڵكو بـە دابەشـكردن و ناوونـاتۆرەی ئایینی روبەڕوی ئەو كردەوە باوانە بـوەوە و ئەوانـەی هـەمو بـە فرەپەرسـتی و كـاری ناپەسەند و گوناه و تاوان لە قەڵەم دا، كە ئەمەش زۆربەی موسڵمانانی ئەو رۆژگـارەی دەگرتەوە، تا وای لـێ هات فیقهزان و پێشەوا ئایینیە شافیعیەكان روبـەڕوی بونـەوە و بە نوسین و بە نامەی تایبەتی [وەكو نامە دۆستانەكەی (الذهبـيّ)] وەڵامیان دایەوە و هەتاكو وانەوتنەوەی لـێ قەدەغە كرا و چەند جارێكیش بەند كرا [و لە كۆتاییشدا بـە فەتوای دادوەری هەر چوار رێبازە فیقهیەكە لە بەندیخانەی (القلعة) لە دیمەشق بەند كرا و سەرەنجام هەر لەو بەندیخانەیەدا نەخۆش كەوت و مرد[١٠٥]]..

جگە لەمانەش ئیبن تەیمییە بە توندی دژی ئەهلی تەصەووف و شـێواز و بیروبـاوەڕە تایبەتیەكانیان وەستایەوە، بە تایبەتی موتەصـەووفی وەكـو ئەبولحەسـەنی شـاذیلـی (١١٩٦ ـ ١٢٥٨ ز.) و عەفیفی تەلەمسانی (١٢١٩ ـ ١٢٩١ ز.)، و موتەصـەووفی شاعیری وەكو ئیبن فاریـض (١١٨٠ ـ ١٢٣٤ ز.)، و موتەصەووفی فەیلەسـوفی وەكـو ئیبن سەبعین (١٢١٦ ـ ١٢٧٠ ز.)، و موتەصـەووفی عاشـیق و عـاریفی وەكـو ئـیبن عەرەبی (١١٦٥ ـ ١٢٤٠ ز.)[١٠٦] كە بە تەواوی لەگەڵ ئیبن تەیمییەدا دژ و پێچەوانەی

---

[1] بۆ نمونە، بڕوانە: **ابن تيمية**، *اقتضاء الصراط المستقيم مخالفةَ أصحاب الجحيم*. تحقيق: محمد حامد الفقي. مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٣٦٩ هـ. ص. ٤١٥.

[2] بڕوانە: العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص‌ص. ١٤٥ ـ ١٤٨، ١٥١.

**الصفدي**، *الوافي بالوفيات*. باعتناء: إحسان عباس. طُبِع بمساعدة المعهد الألماني للأبحاث الشرقية، فرانز شتاينر، ڤيسبادن، مطابع دار صادر، بيروت، ١٩٦٩. ج. ٧، ص‌ص. ٢٢، ٢٣.

[1] دەربارەی (أبو الحسن الشاذلي)، بڕوانە: **ابن تيمية**، *الحسنة و السيئة*. تحقيق: د. محمد جميل غازي. مطبعة المدني، القاهرة. ج. ١، ص‌ص. ١١١، ١١٢.

یەکتر بون.. ئەوەش هەموی بە هەڵمەتی بەگومرادانان و دژایەتیکردنی ئایینی و هەمو ئەوانەی بە بێباوەڕ و گومرا و مسقۆف «مُلحِد» دادەنا[107]، کتێبێکیشی بۆ کوفراندنی ئیبن عەرەبی داناوە بە ناوی *(ما تضمَّنه فُصُوصُ الحِكَم من الكفر و الإلحاد و الحُلول و الاتّحاد)*[108]، لەسەر تەریقەتی (ئەحمەدی) یش نوسیویەتی بە ناونیشانی *(كَشْفُ حالِ المَشايخ الأحمديّة و أحوالِهِم الشيطانيّة)* ![109].

لە بەگومرادانانی کۆمەڵە ئیسلامیەکانی تری وەکو شیعە و ئەوانی تریشدا ئیبن تەیمییە هیچ گومان و دودڵیەکی نەبو[110]، لەم بارەیەوە گەلێك کتێبی نوسیوە بە

---

دەربارەی (عفيف الدين التلمساني)، بڕوانە: **ابن تيمية**، *الصَّفَدِيّة*. تحقيق: د. محمد رشاد سالم. الطبعة الثانية، ١٤٠٦ هـ. ج. ١، ص. ٢٤٤: (... التلمساني، و هو كان أعرَفَهم بقولهم و أكمَلَهم تحقيقا له، و لهذا خَرَجَ إلى الإباحة و الفُجُور، و كان لا يحرّم الفواحش و لا المنكرات و لا الكفر و الفسوق و العصيان..).

دەربارەی (ابن الفارض)، بڕوانە: ابن تيمية، *دَرْءُ التعارُض*. ج. ١، صص. ١٦٨، ١٧٠.

دەربارەی (ابن سبعين)، بۆ نمونە، بڕوانە: **ابن تيمية**، *شرح العقيدة الأصفهانية*. تحقيق: إبراهيم سعيداي. مكتبة الرشد، الرياض، الطبعة الأولى، ١٤١٥ هـ. ج. ١، ص. ١٤١: (فصار كثير منهم يطلب أن يصير نبيا، كما جرى للسهروردي المقتول و لابن سبعين، و لهذا كان ابن سبعين يقول: لقد زِدْتُ في حديث {قال: لا نَبِيَّ...} بعد نبي عربي).

دەربارەی (ابن عربي)، بۆ نمونە، بڕوانە: ابن تيمية، *دَرْءُ التعارُض*. ج. ٥، صص. ٣٥٤، ٣٥٥: (... من أهل الإلحاد كصاحب *الفصوص* ابن عربي الذي ادَّعَى أن خاتَمَ الأولياء أفضل من خاتَمِ الأنبياء و أن الأنبياء جميعهم إنما يستفيدون معرفة الله من مِشْكاة خاتم الأولياء).

هەروەها بڕوانە: العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص. ١٤٧، ١٥٤.

[2] بڕوانە: ابن تيمية، *دَرْءُ التعارُض*. ج. ١، ص. ٢٩٠: (و أمّا مَلاحِدة المتصوفة كابن عربي الطائي و صاحبه الصدر القونوي و ابن سبعين و ابن الفارض و أمثالهم...). هەروەها دەربارەی ئەهلی تەصەووف بە گشتی دەڵێت: (... القوم مِن أبعَدِ الناس عن محبة الله و عبادته و أنهم أبعَدُ عن ذلك من اليهود والنصارى بكثير كثير، و لهذا يظهر فيهم من إهمال العبادات و الأوراد و الأذكار و الدعوات ما لا يظهر في اليهود و النصارى. و مَن سَلَكَ منهم مَسْلَكَ العبادات فإن لم يَهْدِه الله إلى حقيقة دين الإسلام و إلا صار آخِرَ أمْرِهِ ملحدا من الملاحدة من جنس ابن عربي و ابن سبعين و أمثالهما) ابن تيمية، *دَرْءُ التعارُض*. ج. ٦، ص. ٧٧.

هەروەها بڕوانە: الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ١٨.

[3] الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ٢٦.

[4] الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ٢٩.

[5] بۆ نمونە، بڕوانە: ابن تيمية، *دَرْءُ التعارُض*. ج. ٥، صص. ٣٠٧، ٣٠٨: (... أئمة الجهمية المتشيّعة كالقرامطة الباطنية من الإسماعيلية و النصيرية و نحوهم، و هم رؤوس الملاحدة و أئمتهم، و قد دخل كثيرٌ من إلحادهم على كثير من الشيعة و المتكلمين من المعتزلة و النجارية و الضرارية و الأشعرية و الكرامية و من أهل

ناوەکانی (*مختصر في كُفْر النُّصَيرّية*) و (*في جواز قتل الرافضة*) و (*رَدٌّ على الروافض في الإمامة على ابن مطَهَّر*)[111]، بەڵکو هەستیاری و دژایەتیەکی تایبەتیی بەرامبەر شیعە و ئەهلی بەیت هەبو هەر لە عەلی (٤٠ ك. / ٦٦١ ز.) و حوسەین (٦١ ك. / ٦٨٠ ز.) ەوە هەتاکو شیعەکانی سەردەمی خۆی، لە بەرامبەری ئەوەوە پێی ناخۆش بو بە خراپە باسی دیکتاتۆری پراگماتیست و رەفتار ماکیاڤیللیی وەکو موعاویە (٦٠ ك. / ٦٨٠ ز.) و خوێن رێژ و گەندەڵی وەکو یەزیدی کوڕی (٦٤ ك. / ٦٨٣ ز.) بکرێت، ناڕاستەوخۆ دەڵێت عەلی بۆ سەرۆکایەتی جەنگاوە نەك بۆ ئایین کاتێك لەگەڵ موعاویەدا جەنگاوە و ویستویەتی خۆی بەرز بکاتەوە لە زەویدا کە دەڵێت ئەمەش ئاکار و رەوشتی فیرعەونە![112] هەروەکو پێی وابو عەلی لە (١٧) بابەتدا هەڵەی کردوە کە لە هەمویاندا پێچەوانەی دەقی قورئان بوە![113] هەروەها دەیوت عەلی حەزی لە پلەوپایە بوە و چەند جار هەوڵی داوە بۆ خیلافەت و دەستی نەکەوتوە و دەستخەڕۆ «*مخذول*» بوە، هەروەها دەیوت عەلی بە منداڵی موسڵمان بوە و موسڵمانبونی منداڵیش دروست نیە و دانامەزرێت![114] هەروەها پێی وابو حوسەین بە شۆڕشەکەی بەسەر ئومەویەکاندا کارێکی خراپ و هەڵەی کردوە و بیانو و بەهانەی بۆ یەزید دەهێنایەوە و پاکانەی بۆ دەکرد[115]، کتێبێکی تایبەتییشی لەم بارەیەوە نوسیوە بە ناوی (*قاعدةٌ في فَضْل معاويَة و في ابنِه يزيدٍ و أنّه لا يُسَبُّ*)[116] واتە رێسایەك دەربارەی پلەوپایەی موعاویە و دەربارەی یەزید و ئەوەی کە نابێت جوێن بە یەزید بدرێت واتە نەفرەتی لێ بکرێت.. ئەمانەش پێویست ناکات بە بەڵگەی تایبەتی بیسەلمێنین کە ئیبن تەیمییە وای وتوە و نوسیوە چونکە ئێستە ئەوە بیروڕای هەمو کەسێکی سەلەفی و وەهابیە، بۆیە لە راستیدا ئیسلامی سوننیی ئێستە ئیسلامی ئومەویەکانە، ئەگەرچی ئومەویەکان خۆیان ئیسلامیان تەنها وەکو ئامرازێك بۆ سەپاندنی دەسەڵات و فریودانی رەشەخەڵك بەکار هێناوە. ئیبن تەیمییەش بە شێوەیەك

---

التصوف و الفقه و الحديث و التفسير و العامة، لكنّ عامّة هؤلاء لا يعتقدون الزندقة بل يُقرُّون بنبوّة النبي صلى الله عليه وسلم لكنْ دخل فيهم نوعٌ من الإلحاد و شُعْبةٌ من شُعَب النفاق و الزندقة أضْعَفَ إيمانَهم و حَصَلَ في قلوبهم نوعُ شكٍّ و شُبْهةٍ في كثيرٍ ممّا جاء به الرسول مع تصديقهم للرسول).

[1] الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ٢٦.

[2] بڕوانە: ابن تيمية، *منهاج السنة*. ج. ٤، صص. ٣٠٠، ٣٠١، ٣٨٩ ـ ٣٩١، ٤٠٤.

[3] العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص. ١٥٤.

[4] المصدر السابق. ج. ١، ص. ١٥٥.

[5] بڕوانە: ابن تيمية، *منهاج السنة*. ج. ٤، صص. ٤٧٢، ٥٢٧، ٥٢٨.

[6] بڕوانە: الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ٢٦.

داکۆکی لە ئومەویەکان دەکات و ڕەخنە و توانج دەگرێت لە عەلی و حوسەین و شیعە کە وەکو کەسێتیەکی ئومەوی دێتە پێش چاو، لەم بارەیشەوە ئیبن تەیمیە پەیوەندیەکی نارۆشنی بە شوێنکەوتەکانی کەسێتیەکی نارۆشنەوە هەیە کە دامەزرێنەری تەریقەتی (العَدَويّة) یە، بە ناوی (عَدِيّ بن مُسافِر الأُمَوِيّ) (٤٦٧ ـ ٥٥٧ ك. / ١٠٧٣ ـ ١١٦٢ ز.)، کە لە (بيت قار) ی نزیك (بَعْلَبَكّ) ی لوبنان لە دایك بوە و ماوەیەکیش لە مەدینە ژیاوە و لە بەغدادیش خوێندویەتی و پاشان چوەتە ناوچەی هەکاری و لەوێ خەلوەتگەی هەبوە و خەڵکێکی زۆری ناوچەکە شوێنی کەوتون و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردوە و مەزارگای لە (لالش) ـە.. دواتریش وا دەردەکەوێت یەزدیەکانی ناوچەکە کردویانە بە پێشەوایەکی خۆیان و ـ جگە لە (جیلوە) *(الجلْوة لأصحاب الخَلْوة)* ـ کتێبی (موصحەفی ڕەش) یان داوەتە پاڵی، یان شوێنکەوتە و موریدەکانی دواتر لەگەڵ یەزدیەکاندا تێکەڵ بون و تێکەڵەیەك لە تەریقەتی عەدەوی و ئایینی یەزدی پێك هاتوە، و ڕەنگە شێخ عەدی بۆ خۆیشی ڕێبازی خۆی لە تەصەووفدا لەگەڵ داب‌ونەریتی یەزدیدا گونجاندبێت.. بە پێی داب‌ونەریتی یەزدی و نوسراوە مێژوییە کلاسیکیەکان ئەم کەسە بە بنەڕەت ئومەوی ـ مەروانی بوە و ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر (مەڕوانی کوڕی حەکەم) و گوایە ڕشتەی ڕەچەڵەکی بەم جۆرەیە: (عديّ بن مسافر بن إسماعيل بن موسى بن مروان بن الحسن بن مروان)، لێرەوە نەوەی شێخ عەدییش بە (ئومەوی) ناو براون و بە پێی هەندێك هەواڵی مێژویی هەندێك جار تۆمەتبار کراون بە شۆڕش بۆ زیندوکردنەوەی دەسەڵاتی ئومەوی، ئینجا نیشانەیەکی (ئومەویبون) یش لە سەردەمانی دواییدا بریتی بوە لە داکۆکی لە (یەزید) ی کوڕی (موعاویە) لە بەرامبەر نەفرەت «لَعْن» ی عەلەوی و عەبباسیەکاندا.. بۆیە ناوی (یەزدی)[117] لەگەڵ ناوی (یەزید) ی ئومەویدا تێکەڵ کراوە، واتە لە بنەڕەتدا لە بیروباوەڕی یەزدیەکاندا وشەی (یەزد) یاخود (یەزدان) (لە یەزەتە 𐬫𐬀𐬰𐬀𐬙𐬀 ی ئاوێستاییەوە) بەکار هاتوە و پاشان بە هۆی پەیوەندیی بنەماڵەی شێخ عەدی بە ڕەچەڵەکی ئومەویەوە (کە دڵنیا نین ئەم پەیوەندیە تا چ ڕادەیەك مێژوییە) یان لەبەر ئەوەی گوایە بەشێك لە خەڵکی هەکاری لە بنەڕەتدا کۆمەڵێکی ئومەوی بون (پێش شێخ عەدییش) و دوای شکستهێنانیان لەبەردەم هەڵمەتی عەبباسیەکاندا لەو ناوچەیە جێگیر بون؛ لەگەڵ ناوی عەرەبیی (یەزید) دا تێکەڵ کراوە، جگە لەوەی کەسێتیی (یەزید) یان پیرۆز کردوە لە

---

[1] دەڵێم (یەزدی)، چونکە پێم وایە (ئێزیدی) یش تەنها وتنێکی (یەزیدی) ـە بە پێی ئەو شێوەزارە کوردیەی قسەی پێ دەکەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت وشەکە ببەینەوە بۆسەر بنچینە ئێرانیەکەی دەبێت بڵێین (یەزدی) یان ـ بە پێی شێوەزاری خۆیان ـ (ئێزدی).

شێوەی (سوڵتان ئێزید) دا، کە پیاوانی ئـایینی و ڕۆشـنبیرانی ئایینـداری یـەزدی تـا ئێستاش سورن لەسەر ئەوەی کە ئەوە مەبەست یەزیدی کوڕی موعاویەیە.. [ئەگـەرنا ئایینی یەزدی پاشماوەیەکی ئایینی میثراییە وەکو ئایینێکی ئێرانیی کۆن، بەو پێیە کە پەرستشـی میثـرا گـرنگترین و بڵاوتـرین پەرسـتش بـوە لـە ئایینـە ئێرانیـە پـێش ـ زەردەشتیەکەدا، ئینجا ئایینی یەزدی لە ناوچـەکانی موسـڵ و دیاربـەکر و حەلـەب و ئەرمەنستان و ناوچەی قەوقاز و هەندێك ناوچەی ئێراندا بڵاو بوە، کە ئـەم ناوچـانەش هەمان مەودای بڵاوبونەوەی ئایینی میثـراین لە سـەرەتادا (بـە تایبـەتی کـە ئـایینی میثرایی لە قۆناغێکی زودا ئایینی دەوڵەتی میتانی بوە لە دەوروبـەری ١٤٠٠ پ. ز. دا[١١٨]، و دواتریش بەم ناوچانەدا تێپەڕ بو بەرەو جیهانی ڕۆمانی). بەڵام دواتر ئایینی زەردەشـتی (ی سـتانداردی سـەردەمی ساسـانیەکان) و ئـایینی مـانی و مەسـیحی ـ نەستۆری و هەتاکو ئایینی یەهودی و دواتریش ئیسلام (بە تایبـەتی ڕێبـازی شـیعە)، سەرباری کولتور و داب‌ونەریتی ئایینیی عێراقیی دێرین، کاریان کردوەتە سەر ئـایینی یەزدی و دیمەنێکی فرە چینیان پێ بەخشـیوە[١١٩]]. بـە هـەر شـێوەیەك بێـت گـرنگ ئەوەیە ئیبن تەیمیە نامەیەکی دۆستانەی گەرم‌وگوڕی بۆ شوێنکەوتەکانی شـێخ عـەدی ناردوە کە بە (المنتسبين إلى السنّة و الجماعة) ناویـان دەبـات و لـە *(الوصيّة الكبرى)* کەیدا نامەکەی تۆمار کردوە و شێخ عەدییش بە (العـارف القُدْوة) نـاو دەبـات.. جـا هەندێك دەڵێن ئەمە پەیوەندیی ئیبن تەیمیە بە یەزدیەکانەوە دەسـەلمێنێت، بـەڵام دور نیە ئەوەی سەرنجی ئیبن تەیمیەی ڕاکێشاوە تەنها ئەو ڕوکارە ئومەویە بێـت کـە نـاو و کۆمەڵەی شێخ عەدی هەیەتی (جگە لەوەی ڕەزامەندیی ئـیبن تەیمیـە لـە بیروبـاوەڕی خودی شێخ عەدی نیشانەی ئەوەیە کـە تەریقـەتی عـەدەوی تەریقـەتێکی ئیسـلامیی

---

[١١٨] بڕوانە:

**Encyclopaedia of the Orient**. 1996-2006 LexicOrient. @i-cias.com/e.o/. Art. *Mithraism*. By Tore Kjeilen.
@i-cias.com/e.o/mithraism.htm

[٢] دەربارەی ئایینی یەزدی، بڕوانە:

**Encycl**opedia **Iranica**. Edited By Ehsan Yarshater. Columbia University, New York. @iranica.com. Art. *Yazidis*. By Christine Allison. February 20, 2004.
Encycl. Britannica. Art. *Yazīdī*.
Wikipedia. Art. *Yazidi*.
@http://en.wikipedia.org/wiki/Yazidi

فرحان، د. ممو، *ضوء على الديانة اليزيدية*. مجلة (الثقافة الجديدة)، العدد (٢٤٣)، آذار ١٩٩٢. ص‌ص. ١٠١ ـ ١١١.

پوخت بوە و دەکەوێتە پێش هاتنەکایەی هەردو کتـێبی جیلـوە و موصـحەفی رەش)..
لەگەڵ ئەمانەیشدا بە پێی گوتەی (الصفدي) یەکێك لە دانراوەکـانی ئـیبن تەیمییـە بـۆ
رەتدانەوەی بیروباوەڕی بنەماڵەی شێخ عەدیە بـە نـاوی (*بُطْـلان مـا یقولـه أهـلُ بیتِ الشیخ عَدِيّ*)![120] بابەتەکەش بە گشتی ئاڵۆزە و رۆشن نیـە، ئـەم چـەند دێـڕەش لـە هیچی بە تەواوی دڵنیا نین.

هەروەها ئیبن تەیمییە لە نوسراوەکانیدا خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی یۆنـانی (کولتوری جیاواز) ی بە کارێکی تاوان دادەنا و فەیلەسـوفی وەکـو پلاتـۆن «أفلاطـون» و ئەریستۆتێلیس «أرِسْطو» ی بە بتپەرست و جادوگەر ناو دەبـرد![121] (تـەنها نـاوی ئـەم دوانەشی دەزانی!). ئەوەی جێی گاڵتەیە ئەوەیە ئیبن تەیمییە بۆ قەدەغە «حَـرام» کردنـی لۆجیك «المَـنْطـِق» یش کتێبێکی باشی نوسیوە![122] کە هەندێك وتویانـە بـۆ خۆیشـی

---

[3] الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ٢٩.

[1] بۆ نمونە، بڕوانە: ابن تیمیة، *الرد علی المنطقیین*. ج.١، ص. ١٠٦: (و کانت الیونان من المشرکین یعبدون الاوثان و یُعانون السحر کما ذکروا ذلك عن أرسطو)، ج.١، ص. ٢٨٣: (و أما أرسطو و أصحابُه فکانوا مشرکین یعبدون الأصنام و الکواکب).

[2] ئیبن تەیمیە لەسەر (المنطق) سێ کتێبـی نوسیوە:

١. کتێبێك بۆ بەرپەرچدانەوەی، کە بڵاو کراوەتەوە بە ناوی:

**ابن تیمیة**، *نَقْض المنطق*. تحقیق: **محمد بن عبد الرزاق حمزة**، سلیمان بن عبد الرحمن الصنیع. تصحیح: **محمد حامد الفقي**. مطبعة السنة المحمدیة، القاهرة، الطبعة الأولی، ,١٩٥١

٢. کتێبێکی تر بۆ هەمان مەبەست، بە ناوی:

**ابن تیمیة**، *الرَّدُّ علی المنطقیّیـن*. دار المعرفة، بیروت.

٣. نوسراوێکی تر بۆ قەدەغەکردنی. بڕوانە: الصفدي، *الوافي بالوفیات*. ج. ٧، ص‌ص. ٢٤، ٢٥.

بێ گومان ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نیە کە ئەو (المنطق) ـەی لە کەلەپوری ئیسلامیدا هەیە کە هەمان لۆجیکی ئەریستۆییە، رەخنەی لـێ ناگیرێت، یان رەخنەگرتن لێی کارێکی نادروستە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئیبن تەیمیە بە پشتبەستن بە هەندێك دەق و چەمکی ئایینی و بە هەندێك مشتومڕی نیمچە عەقڵیی خۆی دەیەوێت رێگە بگرێت لە چالاکیی فەلسەفە و لۆجیك لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا و قەدەغەی بکات. ئەگەرنا رەخنەگرتن لە / یان فڕێدانی هەندێك لە بەندەکانی / لۆجیکی ئەریستۆیی پێویستیەکی رۆشنبیریی زانستیی هاوچەرخە، زانستی نوێ و لۆجیکی ئەریستۆیی لە هەندێك لایەنەوە پێکەوە ناگونجێن و سروشتیان جیاوازە. دوریش نیە پێشەوایەکی ئایینیی وەکو غەزالی یان ئیبن تەیمیە لەو سەردەمە دێرینانەدا بە پاڵنەری ئایینیی خۆی توانیبێتی هەندێك لە ساختەییەکانی لۆجیکی ئەریستۆیی و بنەما و بیروڕا فەلسەفیەکانی ئەو سەردەمە بدۆزێتەوە، بە تایبەتی غەزالی.. ئەم بابەتەیش لە خۆیدا شایەنی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیە، هەندێك سەرەداویش بە دەستەوە هەیە.

نازانێت دەڵێت چی! هەروەکو بۆ قەدەغەکردنی (کیمیاگەری) Alchemy یش کتێبێکی نوسیوە بە ناوی *(إبطال الكيمياء و تحريمها و لو صَحَّت و راجَت)*![123] سەبارەت بە هەڵکەوتوەکانی فەلسەفەی ئیسلامی [وەکو ئیبن سینا Avicenna (٩٨٠ ـ ١٠٣٧ ز.) و غەزالی (١٠٥٨ ـ ١١١١ ز.)] و ثیۆلۆجیا «علم الکلام» ی ئیسلامی [وەکو ئەبولمەعالی جوەینی (١٠٢٨ ـ ١٠٨٥ ز.) و فەخرودینی رازی (١١٤٩ ـ ١٢٠٩ ز.)]، ئیبن تەیمییە ئەمانەیشی هەمو بە گومڕا و لەڕێدەرچو دەزانی[124].

بە کورتی ئیبن تەیمییە دوشمنی هەمو فرەیی و هەمەڕەنگی و جیاوازی و دەوڵەمەندیەکی کولتوری بو. گومانی تێدا نیە کە سەرچاوەیەکی توندوتیژیی بیروڕاکانی ئیبن تەیمییە توندوتیژیی سروشت و کەسێتی و سایکۆلۆجیای خۆیەتی.. ئەوانەی لێی نزیك بون، وەکو (الذَّهَبي) و (الصَّفَدي)، دەگێڕنەوە کە سروشتێکی توندی هەبوە و توڕە بوە و هەمیشە دڵی بەرامبەرەکانی ئێشاندوە و بەمەش هەم دوشمنی بۆ خۆی دروست کردوە و هەم وای کردوە قسەی لێ وەرنەگیرێت[125]. هەتاکو بە منداڵییش لە مشتومڕێکدا بەزاندویانە و بەڵگەیەکیان لە کتێبێکدا پێشان داوە کە بەڵگەکە دەبینێت و هیچی پێ نامێنێت لە توڕەییدا کتێبەکە دەدات بە زەویدا![126] هەروەکو دواتریش چەندین جار گوێی خەڵکی با داوە لەسەر بابەتە

---

(٣) الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ٣٠.

(٤) دەربارەی (ابن سينا)، بڕوانە: ابن تيمية، *الرد على المنطقيين*. ج. ١، صص. ١٥٧، ١٥٨: (زعموا أنّ علم الله و علم أنبيائه و أوليائه إنما يحصل بواسطة القياس المشتمل على الحد الَوسط كما يذكر ذلك ابنُ سينا و أتباعُه... فهُمْ أضلّ مِن اليهود و النصارى و أجْهَلُ... و هُمْ مِن أتباع فرعون و أمثاله...).

دەربارەی (الغزالي)، بڕوانە: ابن تيمية، *الحسنة و السيئة*. ج. ١، صص. ١٥٣، ١٥٤: (و للناس في الشفاعة أنواعٌ من الضلال.. فكثير منهم يَظُنُّ أن الشفاعة هي بسبب اتصال روح الشافع بروح المشفوع له كما ذَكَرَ ذلك أبو حامد الغزالي و غيرُه... و هذا غَلَطٌ بل هذا هو قول المشركين الذين قالوا نتولّى الملائكة ليشفعوا لنا).

هەروەها بڕوانە: العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص. ١٥٤.

دەربارەی (الجويني)، بڕوانە: ابن تيمية، *الرد على المنطقيين*. ج. ١، ص. ١٢٢: (قال أبو المعالي عند الموت: «لقد خُضْتُ البحرَ الخِضَمَّ و خَلَّيْتُ أهلَ الإسلام و علومَهم و دخلتُ في الذي نَهَوْني عنه، و الآن إن لم يتداركْني ربي برحمته فالويل لابن الجويني، و ها أنا أموت على عقيدة أمي»، و رُوِيَ «على عقيدة عجائز نيسابور»، ولهذا يقول مثلُ هؤلاء: «عليكم بدِين العجائز»، فإن تلك العقيدة الفطرية التي للعجائز خيرٌ من هذه الأباطيل التي هي من شُعَب الكفر و النفاق).

هەروەها بە گشتی بڕوانە: الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ١٨.

(١) العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص. ١٥١.

(٢) بڕوانە: الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ١٧.

ئایینیەکان[١٢٧]. ئەم لایەنەی کەسێتیی ئیبن تەیمییە بەوە لێك دراوەتەوە کە لە تەمەنی شەش ساڵیدا (ساڵی ٦٦٧ ك.) سوپای تەتار دێنە سەر شارەکەیان (حَـرَّان) و بـە شـەو ئاوارە دەبن و سەر ڕێ دەکەون و باوکی لەگەڵ دو برایدا ڕزگاریان دەکـات و دەیانباتـە دیمەشق[١٢٨].. ئەم ڕوداوە ڕەنگـە کـاری لـە سـایکۆلۆجیای ئـیبن تەیمییـە کردبێـت و ئاکارێکی توندی دابێتێ.. ڕەنگە کاریگەریی ئەم ڕوداوەی منـداڵیی ئـیبن تەیمییـە لـە هەڵوێستێکی تایبەتییدا ببینینەوە، ئەوەش کاتێك هەمان سـوپای تـەتار لـە دیمەشـق نزیك بوەوە، ئیبن تەیمیە وەکـو زانـا ئایینیـەکانی تـر لەگـەڵ هێزەکـانی (الناصر ابـن قَلاوون) دا ڕای نەکرد و دیمەشق بـەجێ بهێڵێـت، بـەڵکو مایـەوە و دەسـتی کـرد بـە خوێندنەوەی وتاری بـەجۆش بـۆ هـەڵنانی هاوڵاتیـان بـۆ جیهـاد و بـەرگری و بەسـەر جەنگاوەرەکاندا دەگەڕا و دەقەکانی بۆ دەخوێندنەوە و وورەی بەرز دەکردنەوە، دواتریش لەگەڵ کۆمەڵێك لە پیاوماقوڵانی شار چو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ (غازان) سەرۆکی تەتار و بە توندی قسەی لەگەڵ کرد بەشـێوەیەك خـەریك بـو بکوژرێـت و بەمـەش ناوبـانگی ڕۆشـت[١٢٩].. کـاتێکیش سـاڵی (١٣٠٠ ز. / ٧٠٠ ك.) گەیشـتە شـاری (القـاهرة) خەڵکی وڵاتی هەڵ نا بۆ جیهاد و قسەی ڕەقـی بـە سـوڵتان و ئـەمیرەکان وت لەسـەر کەمتەرخەمی لەو بارەیەوە[١٣٠]. بەم شێوەیەش ئـیبن تەیمییـە بـوە نمونـەی یەکـەم بـۆ فەقیهی سیاسی و پێشەوای ئایینیی ڕێکخەری هەڵمەتی جیهاد و قافڵەی موجاهیدان.

بۆیە ئیبن تەیمیە بناغەی دارشتوە بۆ فیکـری جیهـادی و بـە فەیلەسـوفی جیهادیـەکان دادەنرێت، چونکە فەتوای داوە و خۆیشی جێبەجێی کردوە کە لە حاڵەتێکدا دەسەڵاتدار «وليّ الأمر» هەڵ نەستێت بە ئەرکی خۆی لە فەرمان بە چـاکە و نەهێشـتی خراپـە و ڕاگەیاندنی جیهاد ئەوا پێویستە لەسەر زانا و پێشەوای ئـایینی هەسـتن بـەو ئەرکـە.. ئەمەش مانای وایە هەر کەسێك پێی بوترێت زانای ئایینی (کـە ئـەم ناسـناوەیش زۆر هەرزانە و چەمکێکی شلۆقە) و بتوانێت خـۆی بکاتـە پێشـەوای ئـایینیی کۆمـەڵێك؛ دەتوانێت کۆمەڵێك چەکداریان لـێ ساز بکات و بەکاریان بهێنێت لە دژی هەر کەس و لایەنێك کە ئەو بە شایەنی کوشتن و تەمێکردنیان بزانێت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسـەڵاتی ڕەسمی، کە ئەمەش تیۆریسـازی «تـنظير» یێکـی مفـت و هەرزانـە بـۆ هـەمو گروپـە تیرۆریستەکان ئەوانەی فەتوای کوشتن و تیرۆر لە کەسـێك کـە پێـی دەوترێـت (زانـای

(٣) نفسُه.

(٤) بڕوانە: العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص. ١٤٤. | الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص. ١٦.

(١) بڕوانە: العسقلاني، *الدرر الكامنة*. ج. ١، ص. ١٥٤.

(٢) المصدر السابق. ج. ١، ص. ١٥٢.

ئایینی) وەردەگرن و دەبنە داردەست و جێبەجێکەر بۆی[131]. دیمەنێکی تری کەسێتیی نەگونجاوی ئیبن تەیمییە ئەوەیە (٦٧) ساڵ ژیاوە و هاوسەری نەبوە! کە ئەم جۆرە ژیانە لە خۆیدا توندی و نارەزامەندیی هەمیشەیی لە مرۆڤدا دروست دەکات. ئەم توندوتیژیەی ئیبن تەیمییە لە دەموزمانیشیدا رەنگی داوەتەوە، چونکە هەمیشە لە مشتومڕدا شێوازێکی توندی هەبوە و دەستەواژەی نەشیاو و ناشیرینی بۆ دژەکانی بەکار دەهێنا.. بۆ نمونە بە ئیبن عەرەبی و غەزالی و رازیی دەوت چوچکەی هیند و یۆنان! بۆ لاقرتێ بە غەزالی یان رازیی دەوت (قەلاووزی فەیلەسوفان) کە (قەلاووز) یان (قولاغوز) وشەیەکی تورکیە بە واتای رابەر و پێشەنگ، بە (ابن المُطَهَّر الحِلِّيّ) (١٢٥٠ ـ ١٣٢٥ ز.) ی هاوچەرخ و هاوتای خۆی دەوت (ابن المُنَجَّس)! هەروەها بە (دَبِيران) کە ناسناوی لۆجیکزان و ماتماتیکزانی ئێرانی (عليّ الكاتبيّ القزوينيّ) (١٢٠٣ ـ ١٢٧٦ ز.) ـە خاوەنی *(الشمسيّة)* لە لۆجیکدا، دەیوت (دُبَيْران)![132] کە ئەم رەوشتە ئێستە بۆ شوێنکەوتەکانیشی ماوەتەوە[133].

بێ گومان ئێمە پەیوەندیەکمان نیە بە کەسێکەوە کە نزیکەی حەوت سەدەیە مردوە، جگە لەوەی رەنگە زۆر جار ئیبن تەیمییە بەوەی کە کەسێکی دەقگەرایە باشتر بتوانێت چەمکە ئیسلامیەکە دەستنیشان بکات تاکو کەسێك بە پاڵنەرێکی عەقڵی و بە ناوی (تأويل) ەوە بیروڕای تایبەتیی خۆی تێکەڵ بە ئیسلام بکات (واتە ئیبن تەیمییە زیاتر

---

[3] بۆیە (خالد الغنامي)، کە بیرمەندێکی ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتیە لە سەعودیە، دەڵێت ئەم قسانەی ئیبن تەیمیە لە خۆیاندا کارەساتێکن و هەڕەشە لە نیشتمان و یەکبونی نیشتمانی دەکەن، و دەڵێت جەنگی ئێمە لەگەڵ تیرۆردا لە راستیدا لەگەڵ ئیبن تەیمییە خۆیەتی! بڕوانە:

*المملكة العربية السعودية: من هم الإسلاميون؟* التقرير رقم ٣١ للمجموعة الدولية لمعالجة الأزمات (الشرق الأوسط)، ٢١ أيلول ٢٠٠٤. (Word Doc.). ص. ١٣. ئاماژە دەکات بۆ وتارێکی (الغنامي) لە رۆژنامەی: الوطن، ٢٢ أيار ٢٠٠٣.

بۆ دەقی ئینگلیزیی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بڕوانە:

*Saudi Arabia Backgrounder: Who are the Islamists?* ICG Middle East Report N°31, 21 September 2004.

@http://www.icg.org//library/documents/middle_east___north_africa/iraq_iran_gulf/31_saudi_arabia_backgrounder.pdf

[1] الصفدي، *الوافي بالوفيات*. ج. ٧، ص‌ص. ١٨، ١٩.

[2] یەکێك لەم شوێنکەوتوانە مەلایەکی وەهابیی یەمەنیی تاریکبینە بە ناوی (الشيخ مُقبِل الوادعيّ)، کە دژی (د. يوسف القرضاوي) نامیلکەیەکی نوسیوە بە ناوی *(إسْكات الكَلْب العاوي يوسف بن عبدالله القرضاوي)*!!

بەئەمەکە بۆ بیری ئایینیی ئیسلامی تاکو تەوژمی بیری ئایینیی فەلسەفێنراو لە رابردودا کە چەمکە ئایینیەکانی لە سروشتی ئایینیی خۆیان دەترازاند و کۆمەڵێك چەمکی نیمچە فەلسەفیی لێ پێك دەهێنان کە نە بەهای ئایینییان هەیە نە فەلسەفی).. بەڵام کێشەکە لەوەدایە بیر و هزر و شێوازی ئەم کەسە لە لایەن وەهابیەت و کەرتەیەکی فراوانی بیری ئیسلامیی نوێوە کراوەتە تێگەیشتن و لێکدانەوەی نمونەیی و ستاندارد بۆ ئیسلام و ئاینداری و بەم شێوەیەش ئیسلام یان ئایینداریی دروست لای ئەوان هەر ئەوەیە ئیبن تەیمییە ڕەزامەندیی کۆتایی لەسەر دابێت، بۆیە ئیبن تەیمییە زیندوە و چەندین (ئیبن...) ی تریش هەن کە لە بیرکردنەوەدا هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ ئیبن تەیمییە نیە [تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئیبن تەیمییە زۆر شارەزای کەلەپوری ئیسلامی و ئاراستە فیکریەکانی ئەو سەردەمە بوە و خوێنەرێکی بەردەوام بوە، بەڵام (ئیبن...) ەکانی ئێستە ڕەنگە چێژی زمانی عەرەبیی ڕەسەنیشیان نەبێت!]. هەروەها ئیبن تەیمییە قوتابیەکیشی هەبوە کە ئەویش ڕۆڵ و پلەوپایەیەکی زۆری هەیە لە ئاراستەی دەقگەراییدا، بە ناوی (ابن قَيِّمِ الجَوْزِيَّة)، بەڵام ئاماژەکردن بۆ کەسێتی و بیری ئیبن تەیمییە بەسە بۆ ڕونکردنەوەی بیری ئەو مامۆستا و قوتابییە.

## ئیبن عەبدولوەهاب

هەتا لە سەدەی هەژدەهەمدا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب (١٧٠٣ ـ ١٧٩٢ ز.) ڕێبازی حەنبەلی و بیروڕاکانی ئیبن تەیمییەی بوژاندەوە و لە کۆمەڵێك دەستەواژە و شێوگی سادەتر و توندتردا کورتی کردنەوە و خەڵکی سادە و خێڵەکیی بیابانی نەجدی شوێن خۆی خست و ئیسلامێکی بیابانی و ڕواڵەتگەرا و دەقگەرا و توندوتیژی بۆ سەردەمی نوێ بەرهەم هێنا دوای گەشەکردن و بڕینی چەندین قۆناغ لە کولتوری ئیسلامیی سەردەمانی پێشتردا.

ئیبن عەبدولوەهاب لە شارەکەی خۆی (عُيَيْنَة) و پاشان لە مەککە و ئینجا مەدینە خوێندنی ئایینیی خوێندوە، پاشان چوار ساڵ لە بەسرە وانەی ئایینیی وتوەتەوە، یان ـ بە پێی هەندێك سەرچاوەی تر ـ لە شارۆچکەی (المجموعة) سەر بە (البصرة) لای (الشيخ محمد المجموعيّ) وانەی ئایینیی خوێندوە. دوای ئەوە پێنج ساڵیش لە بەغداد ماوەتەوە و لەوێ ژنێکی دەوڵەمەندی مارە کردوە و میراتەکەی بۆ دەمێنێتەوە کاتێك ژنەکە دەمرێت. هەندێك سەرچاوە دەڵێن ساڵێکیش لە کوردستان (ی باشور) ماوەتەوە، دو ساڵیش لە (هەمەدان) بوە، هەروەها لە (ئیسفەهان) و (قوم) و چەند شارێکی ئێرانیی تریش ماوەتەوە، کە لەو شارە ئێرانیانەدا کەوتوەتە

دژایەتیکردنی بیر و شێوازی ئەهلی تەصەووف. دوای ئەوانەش ـ دەڵێن ـ سەردانی حەلەب و دیمەشق و قودس و قاهیرەی کردوە. دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەی (حریملاء) یان (حریملة) لە نەجد و ناچاری دەکەن بەحێی بهێڵێت، دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، عویەینە، لەم ماوەیەشدا کتێبی یەکتاپەرستی *(کتاب التوحید)* ی نوسی[134] کە سەرچاوەی سەرەکیی بیروباوەڕی وەهابیە، و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی کە بەرهەمهێنانەوەیەکی سادەی بیروڕاکانی ئیبن تەیمیە بون، بۆیە پێداگریی کردەوە لەسەر دابەشکردنی یەکتاپەرستی بۆ یەکتاپەرستیی پەروەدرگارێتی و یەکتاپەرستیی پەرستراوێتی و، هەمو کردەوەیەکی وەکو تکاکاری بە پێغەمبەر و پیاوچاکان و سەردانی گۆڕیان و بونی مزگەوت لەسەر ئەو گۆڕانە و شتی

---

[1] دەربارەی ژیانی ئیبن عەبدولوەهاب، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Wahhāb, Muhammad ibn Abd al-*, *Saudi Arabia*, by Harry St. John Bridger Philby & William L. Ochsenwald.

Beck, *Ottoman and Persian Empires 1730-1875, Wahhabis and Saudi Arabia*. Literary Works of Sanderson Beck Website, Ethics of Civilization. Vol. 1: Middle East & Africa to 1875 - Ottoman and Persian Empires 1730-1875. 2004.

@http://www.san.beck.org/1-11-Ottoman1730-1875.html

**النیرب**، د. محمد، *أصول العلاقات السعودیة الأمریکیة*. مکتبة مدبولي، القاهرة، الطبعة الأولی، ١٩٩٤. مکتبة الحرمین علی الإنترنت (Word Doc.). ص. ١٤.

**دي کورانسي**، لویس، *الوهابیون ـ تاریخ ما أهمله التاریخ*. ترجمة: مجموعة من الباحثین. ریاض الریّس للکتب و النشر، بیروت، الطبعة الأولی، ٢٠٠٣. ص‌ص. ١٧ ـ ١٩، ٥٨ ـ ٦١.

دەقە فەڕەنسیەکەی:

Louis Alexandre Olivier **de Corancez**, *Histoire des Wahabis*. Paris, 1810.

بۆ وەرگێرانە ئینگلیزیەکەی، بڕوانە:

L. A. O. **de Corancez**, *The History of the Wahabis*. Translated by Eric Tabet, Reading, UK, Garnet Publishing, 1995.

فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. الفصل ٢: محمد بن عبد الوهاب و مذهبه، ص‌ص. ٤٦ ـ ٤٨. الفصل ٣: قیام الدولة السعودیة الأولی، ص‌ص. ٦٥، ٦٦.

**المختار**، صلاح الدین، *تأریخ المملکة العربیة، في ماضیها و حاضرها*. دار مکتبة الحیاة، بیروت، الطبعة الأولی، ١٩٥٧. ج. ١، ص‌ص. ٣٦ ـ ٣٩.

**الیاسیني**، أیمن، *الدین و الدولة في المملکة العربیة السعودیة*. دار الساقي، لندن، الطبعة الأولی، ١٩٨٧. مکتبة الحرمین علی الإنترنت (Word Doc.). ص‌ص. ٦، ٧.

هاوشێوەی بە فرەپەرستی «الشِّـرْك» لە قەڵەم دا، هەروەها پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی کە ئەو دەستەواژە قورئانیانە کە هەندێك شتی بەرجەستە دەدەنە پاڵ خـوا دەبێـت بـە ئاکار «صِـفة» ی راستەقینەی خوا دابنرێن و نابێت بە لێکدانەوە «تأویـل» ی عـەقڵی لێك بدرێنەوە و ئەمەشی کردە تەواوکەری یەکتاپەرستی بە دەسـتەواژە و زاراوەیـەکی سۆفیستی «سَفسَطِـيّ» بـە شـێوەی (توحیـد الأسمـاء و الصـفات)![135] [کـە ئەمـەش دەکاتە هەوڵێك بـۆ چەسـپاندنی بیرێکـی ئـەنترۆپۆمۆرفیسـت «تشـبیهي» بـە نـاوی یەکتاپەرستیەوە].

لە عویەینە ئیبن عەبدولوەهاب پەیوەندیی بەست لەگەڵ ئەمیری شارۆچـکەکە کـە ناوی (عوثمانی کوڕی حەمەدی کوڕی موعەمەر) بو، ئـەمیر ئـامۆزای خـۆی بـە نـاوی (الجوهرة) دا بە ئیبن عەبدولوەهاب و ئەویش داوای لـێ کرد کـە لـە بانگەوازەکەیـدا پشتگیریی بکات و پەیمانی پێدا کە بە هۆی شوێنکەوتوانی بانگەوازەکەیەوە دەسـەڵات بەسەر هەمو نەجددا پەیدا دەکات و ناوچەی نەجد و عەرەبەکانی دەبێتە موڵکی: (إنّي آمُلُ أنْ یَهَبَكَ اللّهُ نَجْداً و عُرْبانَها)![136].. ئیتر ئیبن عەبـدولوەهاب لـە ژێـر سـایەی عوثماندا کەوتە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی: سەرەتا ئەو درەختەی بڕیەوە کـە لـە لای خەڵکی ئەو شوێنە پیرۆز بو.. خوێندنەوەی کتێبـی *(دلائل الخیرات)* ی قەدغە کرد و نوسخەکانی ئەو کتێبەی سـوتاند و (صـەلەواتدان) ی لەسـەر پێغەمبـەر لـە وتـاری (جمعة) دا قەدەغە کرد.. ئینجا گۆڕی یەکێك لـە صـەحابە بـە نـاوی (زەیـدی کـوڕی خەتتاب) (برای عومەری کوڕی خەتتاب) کە لە جەنگی هەڵگەڕانـەوە «الـرِّدَّة» دا لـە (الیَمامة) لە ناوچەی نەجد کوژرابو و لەوێ نێژرا بو و گۆڕەکەی زیارەتگایەکی ناوچەکە بو، ئیتر هەرچەند خەڵکی ناوچەکە ویستیان بەرگری لە گۆڕی وەلیەکەیان بکـەن بـەڵام عوثمان (٦٠٠) جەنگاوەری بۆ پاراسـتنی ئـیبن عەبـدولوەهاب ئامـادە کردبـو، ئـیتر ئەویش بە دەستی خۆی شوێنەوار و پێناسی گۆڕەکەی روخاند.. دوای ئەوەش ژنێك کە

---

(١) بۆ نمونە، بڕوانە *(کتاب التوحید)* ی ئیبن عەبدولوەهاب بە راڤەی نەوەی خۆی: **ابن عبد الوهاب**، سلیمان بن عبد الله بن محمد، *تیسیر العزیز الحمید في شرح کتاب التوحید*. مکتبة الریاض الحدیثة، الریاض. ص. ١٩.

(٢) بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٦٠. | المختار، *تأریخ المملکة العربیة*. ج. ١، ص. ٣٧.

القحطاني، *من هم الخوارج*؟ الفصل ١: التعریف بالوهابیة. ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | **ابن بشر**، عثمان النجدي الحنبلي، *عُنْوان المجد في تاریخ نجد* (الجزء الأول). فهرسة و ضبط: الشیخ محمد عبد الرزاق حمزة. مکتبة الریاض الحدیثة، الریاض. بدون تاریخ. ج. ١، ص. ٩. | **فیلبـي**، عبدالله، *تاریخ نجد*. منشورات المکتبة الأهلیة، بیروت. ص. ٣٦.

هەڵیەكی كردبو ئیبن عەبدولوەهھاب فەرمانی دا بەردەباران (سەنگەسار) «رَجْم» بكرێت هەتا دەمرێت، ئیتر عوثمان و كۆمەڵێكی تر فەرمانەكەیان جێبەجێ كرد و دوای مردنیشی فەرمانی دا بشۆررێت و كفن بكرێت و نوێژی لەسەر بكرێت[١٣٧]. ئیتر دوای ئەم كارانە كە ترس و دڵەڕاوكێ و نارەزامەندیی خەڵكی ناوچەكەیان وروژاند فەرمانڕەوای (الأحساء) و (القطیف) و خێڵەكانی دەوروبەریان، كە (سلیمان بن محمد بن غریر الحمیدي) بو لە خێڵی (بنو خالد)، فشاری خستە سەر عوثمان ئەمیری عویەینە بۆ لەناوبردنی ئیبن عەبدولوەهھاب، ئیتر ئەویش ناچار بو دەری بكات لە شارۆچكەكەی خۆی، بە تایبەتی كە عوثمان بەشێك لە باج و دەستهاتەكانی لە فەرمانڕەوای ناوبراوەوە بۆ دەهات، چونكە عوثمان كۆمەڵێك دارخورما و باخ و شتی تری لە (الأحساء) هەبو و بەشێك لە بازرگانیەكانی لە ڕێی بەندەرەكانی (الأحساء) ەوە گوزەری دەكرد.. ئیتر فەرمانڕەوای ناوبراو هەڕەشەی كرد لە عوثمان بە بڕینی ئەو دەستهات و قازانجانە و بڕینی ئازوقەی خۆراك و جلوبەرگ[١٣٨]. بۆیە ئیبن عەبدولوەهھاب ناچار روی كردە شاری دیرعییە «الدِّرْعِیّة» مەڵبەندی یەكەمی بنەماڵەی سەعودی، لەوێ ئەمیری دیرعییە موحەممەدی كوڕی سەعود (١٧٦٥ ز. مردوە) دامەزرێنەری بنەماڵەی سەعودی، پێشوازیی لێ كرد و كردیە زاوای خۆی و پشتگیریی تەواوی كرد بۆ بڵاوكردنەوە و چەسپاندنی ڕێبازەكەی و موحەممەدی كوڕی عەبدولوەهھابیش پەیمانی پێدا كە بە هۆی بانگەوازەكەیەوە دەسكەوتێكی زۆری دێتە دەست زیاتر لەو باجانەی كۆیان دەكاتەوە[١٣٩]، ئەمەش لەساڵی (١٧٤٤ ز.) دا بو، ئیتر بوە ڕێبەرێكی ئایینی

---

(١) بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٦٠. | المختار، *تأریخ المملكة العربیة*. ج. ١، ص‌ص. ٣٧، ٣٨.

(٢) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Saudi Arabia*.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٢، ص‌ص. ٦٠، ٦١. | المختار، *تأریخ المملكة العربیة*. ج. ١، ص. ٣٨. | الیاسیني، *الدین و الدولة*. ص‌ص. ٤٤، ٤٥.

(٣) بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٦١. | دي كورانسي، *الوهابیون*. ص. ١٨. الیاسیني، *الدین و الدولة*. ص. ٤٥.

بریزار، جان شارل و داسكیه، غیوم، *ابن لادن ـ الحقیقة المحظورة*. الطبعة الأولی ٢٠٠٢. مكتبة الحرمین علی الإنترنت (Word Doc.). ص. ٣٣.

ناونیشانی دەقە فڕانسیەكەی:

**Brisard**, Jean-Charles & **Dasquié**, Guillaume, *Ben Laden, La Vérité Interdite*. 1999.

بۆ ئیمارەتەکەی و بەو شێوەیەش لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی بنەماڵە و خێڵەوە هەم ڕێبازی وەهابی[140] چەسپێنرا لەناو بیابانشینەکاندا کە نەخوێندەواری و ژیانی بیابانشینیی دور لە شارستانی بەسەریاندا زاڵ بو، هەم خێڵ و هۆزەکانیان ملکەچ کرد و بونە دەسەڵات و بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی لە ناوچەکەدا.. هەردوکیان لەسەر ئەوەش ڕێك کەوتن کە دەسەڵات هاوبەش بێت لە نێوان هەردو بنەماڵەکەدا، واتە دەسەڵات و ڕابەرایەتیی ئایینی لە دەستی نەوەکانی ئیبن عەبدولوەهابدا بمێنێتەوە و دەسەڵاتی سیاسییش لە دەستی بنەماڵەی سەعودیدا بمێنێتەوە.. موحەممەدی کوڕی سەعود ئەوەی کرد بە مەرج لەسەر ئیبن عەبدولوەهاب کە دوای ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەی نەچێت بۆ لای ئەمیری شوێنێکی تر و خێروبێر و دەسکەوتەکان ببێتە بەشی ئیمارەتێکی تر[141].

ئیبن عەبدولوەهاب بە شوێنکەوتەکانی لە خەڵکی شارەکە (دیرعییە) دەوت پشتیوانان «الأنصار» و ئەو کەس و گروپ و خێڵانەش کە لە دەرەوەی شارەکە دەهاتن و شوێنی دەکەوتن پێی دەوتن کۆچکەران «المُهاجِرون»[142] (چونکە خۆیشی کۆچی کردبو بۆ دیرعییە) [ئەمە و زۆر شتی تریش نیشانەی ئەوەن کە مەبەست لە دامەزراندن و شوێنکەوتنی وەهابیەت ئەوەیە کە کۆپیەکی ڕاستەوخۆی ئیسلام بێت لە ساتی سەرهەڵدانیدا: موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە بریی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا، عویەینە لە بریی مەککە، دیرعییە لە بریی مەدینە، جگە لە لاساییکردنەوەی بانگەشەی چڕوپڕی یەکتاپەرستی و دوبارەکردنەوەی ئەزمونی جیهاد و (غَزَوات) دژی فرەپەرستی و ناوبردنی خۆیان بە تایبەتی بە زاراوەی (موسڵمانان) و

---

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ١: التعريف بالوهابية. ئاماژە دەکات بۆ: | فيلبي، *تاريخ نجد*. ص. ٣٩.

(١) مەبەست لە (ڕێبازی وەهابی) ڕێباز «مذهب» ی فیقهی نیە، بەڵکو مەبەست ئاڕاستە و شێوازێکی تێگەشتن و لێکدانەوە و دابەزاندنی ئایینە بە گشتی. بیروباوەڕی وەهابیەکان هەر ئەو ڕێبازە عەقیدەییەیە کە لە ڕابردودا پێی دەوترا ڕێبازی حەنبەلیەکان، ڕێبازی فیقییەشیان هەر هەمان ڕێبازی فیقهیی حەنبەلیەکانە لەگەڵ بایەخدانێکی زۆر بە فەرمودە و گێڕانەوە و پشتگوێخستنی کەلەپوری فیقهی بە شێوەیەك لە بێمەزهەبی «لامذهبية» نزیك دەبێتەوە.

(٢) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Saudi Arabia*.

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ٢، الفصل ١٣، ص. ٢١٩. | دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ١٩.

(٣) بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | **الجاوي**، محمد فقيه بن عبد الجبار، *النصوص الإسلامية في الردّ على مذهب الوهابية*. مصر، ١٩٢٢. ص‌ص. ٧، ٨.

(یەکتاپەرستان) و بەکارهێنانی زاراوەی کۆچکەران و پشتیوانان... بەڵام ئەم بەراوردەش ئەوە ناگەیەنێت کە وەهابییەت بە تەواوی بەئەمەك بێت بۆ بەهاکانی ئیسلام، بەڵکو ئیسلام تا رادەیەکی باش هێزێکی شارنشینی بوە و لە قۆناغێکیشیدا زۆری نەمابو هێزە دەشتەکی و بیابانشینیەکە لەناوی بەرێت، بەڵام وەهابییەت هەڵگری بەهاکانی کۆمەڵگای بیابانشینە، بۆ بەراوردیش دەکرێت سەرنج لەوە بدەین کە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا لە گرتنەوەی مەککەدا شارەکەی وێران نەکرد و (ئەبو سوفیان) ی نەکوشت، بەڵام موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب کاتێك شاری عویەینەی گرتەوە شارەکەی وێران کرد و (عوثمان) ی کوشت].

سەعودی - وەهابییەکان لە سەردەمی ئیبن عەبدولوەهابدا و بە پەسەندکردن و سەرپەرشتیی ئەو [١٤٣] (لە رێگەی هەڵنانیانەوە بۆ پرینسیپی جیهاد - دژی فرەپەرست) هەستاون بە هێرش و هەڵمەتی تاڵان و کوشتار بۆ سەر خێڵەکان لەسەر شێوازە خێڵەکی و بیابانیە کۆنەکە، ئەوەش چونکە ئیبن عەبدولوەهاب هەستی کردوە کە بە بێ هێرش و (غَزَوات) بزوتنەوەکەی دەپوکێتەوە و دەبێت بچێت بە دەم حەز و مێملێی هێرش و تاڵانکردن لە لای دەشتەکیەکان. بەڵکو ئیبن عەبدولوەهاب بۆ خۆی لە سەرنجدانی ئەستێرەی کشاو «شِهاب» ەوە خەڵکی دیرعییەی فێری دروستکردن و بەکارهێنانی چەکی گوللەتەقێن (جۆرێك لە تاپڕ!) دەکرد[١٤٤]. تا لە ماوەی چەند ساڵێکدا سامانێکی زۆر و سوپایەکی گەورە پێکەوە دەنێن، لەم هێرشانەشدا هەر دەسکەوتێك بوبێت وەکو شێوازی چەتەی بیابان (بە دابەشکردن بەسەر هەمو بەشداربوانی هێرشەکەدا) دابەش کراوە، دوای لێدەرکردنی پێنجیەك «خُمْس» ی ئەمیر کە ئەمەش شێوازی دابەشکردنی ماڵوسامانی فرەپەرستە![١٤٥] بەشێکیش لە

---

[١] بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٦٢، ٦٦. الفصل ٤، ص‌ص. ٩٢، ٩٣. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص. ٣٩.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ٩١.

[٢] بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٦٦.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

[٣] بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٦٢. الفصل ٤، ص. ٩٨. | دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ٢٠.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ١: التعريف بالوهابية. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ١٥.

دەسکەوتەکان ژن و منداڵ بون و دەبونە کۆیلە و کەنیز، بەڵکو ـ وەکو مێژونوسی میسری (عبد الرحمن الجَبَرْتيّ) (١٧٥٤ ـ ١٨٢٢ ز.) دەگێڕێتەوە لە *(عجائب الآثار)* دا ـ لەو کاتانەدا لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا منداڵ دەدزران و لە بازاڕەکانی نەجددا دەفرۆشران[١٤٦].

ئیبن عەبدولوەهاب ساڵی (١٧٩٢ ز.) و لە سەردەمی (سەعودی کوڕی عەبدولعەزیز) دا مرد، کە لە ماوەی ژیانیدا (٢٠) ژنی هێنابو و (١٨) منداڵی ببو، لەمانە پێنج کوڕی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نەوەکانی بونە زانای ئایینی[١٤٧] و جێگەیان گرتەوە لە رابەرایەتیی ئایینیدا، کە ئەمەش یەکەم جار بو (لە مێژوی ئیسلامیدا) پلەی زانای ئایینی ببێتە بۆماوەیی!

## هێرشە وەهابیەکان

ئیتر بە درێژایی سەدەی (١٨ ز.) و (١٩ ز.) میلیشیای وەهابی سەرگەرمی هێرش و کوشتار و تالاّن بوە لە نیمچە دورگەی عەرەبی و دەوروبەریدا، چونکە هەمو خەڵکیان بە فرەپەرست «مُشرِك» دادەنا و فرەپەرستیش بە پێی بیری ئایینیی ئەوان خوێن و ماڵ و ژن و منداڵی حەلاڵە بۆیان، ئەمیری دیرعییەش بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەو و بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوت هێرشەکانی رێك دەخست. دەکرێت لێرەدا بە پێی شوێنەکان ئاماژەیەکی خێرا بکەین بۆ دزێوترین هێرشی وەهابیەکان بۆ کۆنترۆڵی هەمو نیمچە دورگەی عەرەبی (ئەم هێرشانەیش هەموی چوارچێوەی سیاسی و ناوچەیی و خێڵەکیی خۆیان هەیە کە لێرەدا ناتوانین ئەو چوارچێوە و باکگراوندانە هەمویان یەکالاّ بکەینەوە):

ـ یەکەم هێرش لە سەردەمی ئیبن عەبدولوەهابدا: مێژونوسی سەعودی ـ وەهابیەکان (عُثمان بن بِشْر النجدي الحنبلي) (١٨٠٠ ـ ١٨٧٣ ز.) لە مێژوەکەیدا *(عُنْوان المَجْد في تأريخ نَجْد)* کە وەهابیەکان شانازیی پێوە دەکەن و ستایشی دەکەن، دەگێڕێتەوە کە یەکەم هێرش «غَـزْوة» یێك کە بە هەڵنانی ئیبن عەبدولوەهاب رێك خرا حەوت سوار ئەنجامیان دا کە هێرشیان کردە سەر کۆمەڵێك دەشتەکی و بە هەندێك

---

(١) بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ١: التعريف بالوهابية. ئاماژە دەکات بۆ: | غالب، محمد أديب، *من أخبار الحجاز و نجد في تاريخ الجبرتي*. دار اليمامة للبحث و الترجمة و الإشراف، الطبعة الأولى. ص. ٩٠.

(٢) بڕوانە: فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٦٦. الفصل ٤، ص. ٩٣.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

دەسکەوتەوە و بە بێوەیی گەڕانەوە![148]

ـ هێرشی سەر شارۆچکەی عویەینە: دوای ئەوەی کە ئەمیری دیرعییە پشتیوانیی لە ئیبن عەبدولوەهاب کرد و هێرشەکانیان دەست پێ کرد، ئیبن عەبدولوەهاب جەنگی لە دژی خزمی خۆی ئەمیری عویەینە (عثمان بن حَمَد بن معمّر) ڕاگەیاند، چونکە دەترسا کە پشتگیریی دوشمنەکانیان بکات و تۆمەتبارێشیان کرد بەوەی لەگەڵ فەرمانڕەوای ئەحسائدا ڕێ کەوتوە دژی سەعودی ـ وەهابیەکان. سەرەتا ڕایگەیاند کە بێباوەڕ و فرەپەرست «مشرك» ـە، ئینجا هێرشی کردە سەر عویەینە و عوثمانیان لە مزگەوتەکەی خۆیدا دوای بەجێهێنانی نوێژی (جمعة) کوشت![149] لە کاتێکدا پێشتریش عوثمان سەردانی ئیبن عەبدولوەهابی کردوە و تکای لێ کردوە بۆ ئاشتبونەوە و ڕەواندنەوەی ناکۆکی، چونکە دەترسا بە هۆی ئەو ناکۆکیەوە خەڵکی عویەینە دوچاری کوشتار و تالان بن، بەڵام ئیبن عەبدولوەهاب تکاکەی ڕەت کردوەتەوە[150]. دوای ئەوەش کەسێکی وەهابییان کرد بە فەرمانڕەوا لە شارۆچکەکەدا و دواتر کە خەڵکەکەی ڕاپەڕین بەسەر فەرمانڕەوا وەهابیەکەدا؛ هێرشێکی تریان کردە سەر خەڵکەکەی کە ئەم جارە پیاوەکانیان کوشت و ماڵەکانیان وێران کرد و درەختەکانیان سوتاند و ژنەکانیان و هەروەها مەڕوماڵاتەکانیان بە دەسکەوت برد! بەڵکو دواتر شارۆچکەکەیان بە تەواوی خاپور کرد و ئیبن عەبدولوەهاب قەدەغەی کرد جارێکی تر دروست بکرێتەوە، بۆیە تا ئێستاش دوای زیاتر لە (٢٥٠) ساڵ وێرانەیە! دواتریش ئیبن عەبدولوەهاب وای بڵاو کردەوە کە شاری عویەینە بە هێرشی ڕەوە کوللە وێران بوە! ئەو کوللەیەی کە هەمو ساڵێك بیابانشینەکان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕانی دەکەن بۆ

---

[3] بڕوانە: المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص. ٣٩.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ١: التعريف بالوهابية. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ١٤، ١٥.

[1] بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٦٢. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص. ٤٠.

صخر، محمد، *آل سعود، من أين؟ إلى أين؟*. دار القصيم للطباعة و النشر، الطبعة الأولى، ١٩٨١. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ص. ٦.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ٢٣.

[2] بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ١٣.

ئەوەی بەشێکی زۆری لـێ عەمبار بکەن![151]

ـ هێرشی سەر شاری ریاض: وەهابییەکان بـە سەرپەرشـتیی ئـیبن عەبـدولوەهاب ساڵی (١٧٧٣ ز.) هێرشیان کردە سەر شاری (الرياض)، لە کاتێکدا خەڵکەکەی لەسەر رێبازی حەنبەلی بون! ئیبن عەبدولوەهاب پێشتر لـە کاروبـاری جیهـاددا چـل هـەزار موحەممەدییە (دراوێکی ناوخۆیی بوە) قەرزار ببو لە دەسکەوتی داگیرکردنی (الريـاض) دایەوە! دواتر شوێن فەرمانڕەوای شارەکە (دهّام بن دوّاس) کەوتن و کوشتیان[152].

ـ سـوریا: سـاڵی (١٨١٠ ز.) هێرشـیان کردوەتـە سـەر کۆمـەڵێك گونـدی دەوری (المزيريب) و (بصرى) و تالآنیان کردون دوای ئەوەی کە خەڵکەکەیان کۆڕەویان کـردوە، جگە لەوەی لەو ناوچانە چەندین کەسیان کوشـتوە و تـرس و تـۆقینێکی زۆریـان بـڵاو کردوەتەوە. هەروەها لە هەمان ساڵدا هێرشیان کردوەتە سەر شاری (حَوْران) لە سـوریا و تالآن و سوتاندن و روخاندن و کوشتارێکی زۆریان تێـدا کـردوە و ژن و منـداڵیان بـە دەسکەوت بردوە. بەڵکو هێرشەکانیان گەشتوەتە شاری (حَلَب) و رێگای نێوان سوریا و عێراقیان بڕیوە. هەروەها پێشتریش دەوروبـەری سـاڵی (١٧٩٩ ز.) بـە سـەرۆکایەتیی (عثمان المضايفي) هێرشـیان کردوەتـە سـەر خێڵـی (هـذيل) و (اللفـاع) لـە سـوریا و پیاوانێکی زۆریان لـێ کوشتون و ژنیان بردون، تا ملکەچ بون و داوای رێکەوتنیان لـێ کردون و ناچار بونەتە وەهابی![153]

---

[3] بڕوانە: صخر، *آل سعود*. ص‌ص. ٦، ٧. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٦٢. **السعيد**، ناصر، *تاريخ آل سعود*. منشورات اتحاد شعب الجزيرة العربية. مكتبة الحرمين على الإنترنت (. Word Doc). ص‌ص. ١٣، ١٤.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ٢٣. | **التقوي**، السيد أبو العُلى، *الفرقة الوهابية في خدمة من؟* مطبعة الإرشاد للطباعة والنشر، بيروت، لندن. ص‌ص ٣١، ٣٢.

[1] بڕوانە: فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٦٣. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص‌ص. ٤٠ ـ ٤٢. | صخر، *آل سعود*. ص. ٦. | الياسيني، *الدين و الدولة*. ص. ٤٦.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ١: التعريف بالوهابية. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ١٥.

[2] دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر سوریا، بڕوانە: فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٨١.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ١٥٠، ١٥١. | **الخطيب**، د. محمد عوض، *صفحات من تاريخ الجزيرة العربية الحديث*. دار المعراج

ـ ناوچەی (شمّر) لە نیمچە دورگەی عەرەبی: دەوروبەری ساڵی (١٧٩٢ ز.) لە هێرشی (الشقرة) دا دەچنە سەر کۆمەڵێك خێڵی ناوچەی (شمّر) و دەستدرێژی دەکەنە سەریان و سامانێکی زۆریان لێ دەستێنن: زیاتر لە هەشت هەزار وشتر و هەمو مەڕومالات و کەلوپەلێکیان، چەند کەسێکیشیان لێ کوشتون. هەروەها هێرش دەکەنە سەر خێڵەکانی (الظفیر) و (آل بعیج) و (آل زقاریط) هەر لەو ناوچەیە[١٥٤].

ـ طائیف: لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا شاری طائیف لە ژێر دەستی شەریف (غالب) فەرمانڕەوای مەککەدا بو، لە نێوان شەریف غالیب و وەهابیەکاندا پەیماننامەی ئاشتی و تەبایی هەبو بەڵام وەهابیەکان ناپاکییان کرد و ساڵی (١٨٠٢ ز.) هێرشیان کردە سەر و دوای بەرگریی سێ ڕۆژ چونە ناوی و کوشتاری خەڵکەکەیان کرد بە بێ جیاوازی، لە مزگەوتەکان و لەماڵەکانیشدا خەڵکیان کوشتوە، شوێن ئەوانەش کەوتن کە رایان کرد و پێیان گەیشتن و زۆربەیان کوشتن، پەیمانی سەلامەتییان دا بە کۆمەڵێك بەڵام کە خۆیان دا بە دەستەوە لە ملی هەندێکیان دا! ئەمە هەموی جگە لەوەی ژن و منداڵی شارەکەیان بە دیلی برد و تالانیەکی بێشوماریان برد و دەشتەکی لە هەمو لایەکەوە دەچون بۆ طائیف بۆ تالانی و ناو ماڵەکانیشیان تا بنچینە هەڵ دەکەند بەدوای ئەو زێڕ و زیوەدا کە وترابو لە ژێر ماڵەکاندا شاردویانەتەوە، جگە لەوەش هەزاران کتێبیان لەناو برد![١٥٥]

---

للطباعة و النشر. ص‌ص. ١٧٥، ١٧٩.

[٣] دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەی شەممەر، بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٦٨، ٦٩.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاریخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ٨٨، ٨٩. | **عبد الغني**، إبراهیم عبد العزیز، *صراع الأمراء*. دار الساقي، لندن، الطبعة الأولی، ١٩٩٠. ص. ٣٠.

[١] دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر طائیف، بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٧٣، ٧٤. | دي کورانسي، *الوهابیون*. ص‌ص. ٣١، ٨٤ ـ ٨٩.

**الجبرتي**، *عجائب الآثار في التراجم و الأخبار*. تحقیق و شرح: حسن محمد جوهر، عمر الدسوقي، السید إبراهیم سالم. لجنة البیان العربي، الطبعة الأولی، ١٩٦٦. ج. ٦، ص. ٣٣.

**الأمین**، السید محسن، *کشف الارتیاب في أتباع محمد بن عبد الوهاب*. تحقیق: حسن الأمین. الطبعة الثانیة، ١٩٦٢. ضمن: *تاریخ آل سعود*. مکتبة الحرمین علی الإنترنت (.Word Doc). ص. ٣٤٧.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاریخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر سێ: | الخطیب، *صفحات من تاریخ الجزیرة العربیة الحدیث*. ص‌ص. ١٧٨، ٢٣٣. | غالب، *من أخبار الحجاز و نجد في تاریخ الجبرتي*. ص. ٩٠.

ـ مەککە و مەدینە: دوای ئەوەی قەسابخانەکەی طائیف هەمو خەڵکی حیجازی تۆقاند، راستەوخۆ رویان کردە مەککە و هەمان ساڵی (١٨٠٢ ز.) یان ساڵی (١٨٠٣ ز.) بەبێ بەرگری چونە ناوی و دەستیان کرد بە کوشتن و بەدیلگرتنی هەر کەسێك تێپەڕیایە و ملکەچیان نەبوایە، جگە لەوەی گەلێك گومەز (وەکو گومەزی بیری زەمزەم و گومەزەکانی دەوری کەعبە و هەر شتێکی تر لە کەعبە بەرزتر بوایە) و گۆڕیان روخاند، هەروەکو ـ لە لایەن دو سەرکردەیانەوە: (عثمان المضايفي) و (ابن شكبان) ـ کەوتنە کوشتن و رێگرتنی ئەوانەی کە دەهاتن بۆ مەککە بۆ حەج، بۆیە خەڵکی حیجاز حەجیان نەکرد، هەروەکو کەژاوە میسریەکەیان سوتاند کە هەمو ساڵێك میسر دەینارد و هێمای کۆبونەوەی حاجیان و دەستپێکردنی حەج بو، هەروەکو ئەوانەش لە شامەوە هاتبون بۆ حەج گەڕانەوە. جگە لەمانەش لە مەککەدا قاتوقڕی داکەوت و خەڵك خشڵ و زێڕ و زیویان بە هەرزان دەفرۆشت بۆ کڕینی هەندێك خۆراك، لە رێگەوبانەکانیشدا لاشەی منداڵ کەوتن، ـ وەکو دەڵێن ـ نرخی گۆشتی کەر و سەگ و مردار بەرز بوەوە و پێستەیشیان دەخوارد. لەبەر هەمو ئەمانە و بۆ ئەوەی خەڵکەکە لەوە زیاتر لەناو نەچن شەریف غالیب بە تەواوی شارەکەی دا بە دەستەوە و ملکەچی داواکانیان بو. دوای ئەوەش کە مەککەیان بەجێ هێشت شەریف غالیب گەڕایەوە بۆی، ویستی طائیفیش بگرێتەوە بەڵام سەرکەوتو نەبو دوای ئەوەی هەر چۆنێك بێت جیددەی پاراست لە هێرشەکانیان. هەروەکو ساڵی (١٨٠٤ ز.) مەدینەشیان داگیر کرد دوای ئابڵوقەی ساڵ و نیوێك و بڕینی ئازوخە لە شارەکە، ساڵی (١٨٠٥ ز.) یش لە وەرزی حەجدا جارێکی تر چونەوە شاری مەککە و ئەم جارەیش هەندێك گومەزی تریان روخاند، جگە لەوەی رایان گەیاند لە ناو حاجیەکاندا کە ساڵێکی تر کەس ناتوانێت بێت بۆ حەج ئەگەر ریش تاشراو بێت! ئینجا ئەم ئایەتەیان خوێندەوە: (يا أَيُّها الَّذين آمَنُوا! إِنَّما الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ، فَلاَ يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هذا) *(التوبة:* ٢٨)!! جگە لە کۆمەڵێك مەرجی بێمانای تر وەکو ئەوەی بە دەنگی بەرز ناوی خوا نەبەن و نەڵێن (يا محمّد) و هەر حاجیەك دەبێت دە پاوند «جُنَيْه» ی زێڕ سەرانە بدات و هەر یەکە لە ئەمیری حەجی میسری و شامی هەمو ساڵێك دە کەنیز و دە نۆکەر بهێنێت بۆ ئەمیری دیرعیيە بە مەرجێك رەنگیان سپی بێت! ئینجا هەمو خزمەتچی و بەڕێوەبەرەکانی حەرەمی مەککەیان دەر کرد و دواتریش لە مەدینە هەمو گەنجینەکانی

---

| **الرفاعي**، السيد إبراهيم الراوي، *الأوراق البغدادية في الحوادث النجدية*. مطبعة النجاح، بغداد، ١٣٤٥ هـ. ص‌ص. ٢ ـ ٤.

ژوری گۆڕی پێغەمبەریان تالآن کرد[١٥٦].

ـ عێراق: چەندین هێرشیان کردوەتە سەر عێراق و سالآنێکی زۆر باجی سەریان سەندوە لە عێراقدا و تالآنیەکی زۆریان لە بەغداد بردوە، هەتاکو گەشتونەتە کوردستان و ماڵوسامانێکی زۆریان لە خەڵك سەندوە[١٥٧]. لەم هێرشانە: ساڵی (١٧٩٨ ز.) هێرشیان کردوەتە سەر (سوق الشيوخ) و (الأبيض) و کوشتار و تالآنکردنێکی زۆریان تێدا کردوە. ساڵی (١٨٠١ ز.) یاخود (١٨٠٢ ز.) یش وەهھابیە دەشتەکیەکانی نەجد بە ئەندازەی دوازدە هەزار دەشتەکی بە سواری شەش هەزار وشتر (!) هێرش دەکەنە سەر شاری کەربەلا و ئابڵوقەی دەدەن و دەچنە ناوی و کوشتارێکی بێوێنەی تێدا دەکەن کە روباری خوێنی تێدا هەستاوە و لە بازاڕ و لە ماڵەکاندا خوێنیان رشتوە و ئەوانەش کە هاتبون بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکان لە ئێرانیەکان دەکوژرێن، سەرجەم (٢٠٠٠)، هەندێکیش دەڵێن (٣٠٠٠) یان (٤٠٠٠)، کەسیان کوشتوە لە ژن و پیاو و منداڵ، بە شێوەیەك تەنها ئەوانە دەرچون کە هەڵ هاتن و گیانی خۆیان رزگار کرد، جگە لەوەی هەمو ماڵوسامان و گەنجینە و زێڕ و زیو و چەك و کەلوپەل و جلوبەرگ.. ی شارەکە و پەرستگا و گۆڕەکانی تالآن دەکەن، کە چەندین سەدە بو مەشهەدی حوسەینی ببوە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند لە زێڕ و زیو و بەردی بەنرخ کە هاوشێوەی لە گەنجینەی شای ئێرانیشدا نەبو، هەروەها مزگەوت و گۆڕی حوسەینیشیان روخاند، وایان دەزانی گومەزەکە لە زێڕە بۆیە کەوتنە هەڵوەشاندنی بەڵام کە زانیان مسە و بە زێڕ روپۆش کراوە وازیان لێ هێنا! ئینجا هەر ئەو رۆژە دەمەو نیوەڕۆ بە دەسکەوتێکی زۆرەوە (باری چل هەزار وشتر) و بەبێ ئەوەی یەك جەنگاوەریان لە دەست بچێت دەرچون! ئەمە لە کاتێکدا کە (تەیموری لەنگ) (١٣٣٦ ـ ١٤٠٥ ز.) ی

---

(١) دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر مەککە و مەدینە، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٧٤، ٧٦. | دي كورانسي، *الوهابيون*. ص‌ص. ٥١ (هامش)، ٨٤ ـ ٨٩، ١١٨ ـ ١٢٩، ١٣٩ ـ ١٤٩. | الجبرتي، *عجائب الآثار*. ج. ٦، ص‌ص. ٥٤، ٦٦، ٨٣، ٩١، ١٦٠، ٢٥٠، ٢٧٨، ٣٦٣، ٣٦٩، ٣٨١. ج. ٧، ص. ٤٧. | السعيد، *تاريخ آل سعود*. ص‌ص. ٢٢، ٢٣. | الأمين، *كشف الارتياب*. ص. ٣٤٧.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ١٣٥، ١٣٧. | الخطيب، *صفحات من تاريخ الجزيرة العربية الحديث*. ص‌ص. ١٧٩، ١٨٠.

(٢) القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ١٥٢، ١٥٣.

مۆغۆلی نەوەی جەنگیز خان کە هێرشی کردە سەر عێراق دەستی نەبرد بۆ مەشـهەدی حوسەینی! هەروەها ساڵی (١٨٠٥ ز.) هێرش دەکەنە سەر کۆمەڵێك شار و شارۆچـکە و خێڵی باشوری عێراق وەکو شارەکانی (السماوة) و (البصرة) و (الهنديّة) و خێڵـەکانی (الزملات) و (الخزاعل)، هەرچەند خەڵکەکە بەرگرییان کردوە بەڵام زیانێکی زۆریان پێ گەیاندون و تاڵانیەکی زۆریان بردوە و وێرانکاری و درەخت سوتاندنێکی زۆریان کـردوە. هەروەها ساڵی (١٨٠٦ ز.) هێرشیان کردوەتە سەر نەجەف بەڵام خەڵکەکەی بەرگرییان کردوە و نەیانتوانیوە شوراکەی ببەزێنن. دواتـر سـاڵی (١٨١٠ ز.) هێرشـێکی تریـان کردەوە و ڕێگەیان بڕیوە و کەوتونەتە تاڵانکردنی ئەو خەڵکەی کە هاتبون بۆ سـەردانی شوێنە پیرۆزەکان و نزیکەی (١٥٠) کەسیان لـێ کوشتون[١٥٨]. بێ گومان ئەم هێرشانە بۆ سەر باشوری عێراق، بەوەی کە خەڵکی عێراقیان شەکەت کرد و بونیـادی ژێرینـەی وڵاتەکەیان لەناو برد، پێشەکیەك بون بۆ داگیرکردنی عێراق لە لایەن بریتانیەکانەوە.

- ئەحساء: ساڵی (١٧٩٦ ز.) هێرشیان کردوەتە سەر (الأحساء)، سەرەتا بـە یـەك دەنگ دەستڕێژێکیان کردوە ڕوەو شارەکە بۆ تۆقاندنی خەڵکەکەی، پاشان جگە لـەوەی هەزارەها درهەمیان لـێ سـەندون و ماڵـەکانیان وێـران کـردوە، بـە ئـارەزوی خۆیـان خەڵکەکەیان بـە شـێوازی جۆراوجـۆر کوشـتوە یـان دەربـەدەر کـردوە هـەتاکو تـەنها کەمێکیان دەمێننەوە، ئەمەش دوای خۆبەدەستەوەدانی شارەکە[١٥٩].

- بەحرەین: خێڵـی (العتـوب) لـە بـەحرەین بـاجی سـەر «جزيـة» یـان نـەدا ئـیتر وەهابییەکان هێرشیان کردە سەریان و خەڵکێکی زۆریان لـێ کوشتن و زیانێکی زۆریـان پێ گەیاندن. چـەندین جـاری تـریش هێرشـیان کردوەتـە سـەر بـەحرەین، لەوانـە لـە

---

(١) دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر عێراق، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٧١ ـ ٧٣، ٨١. | دي كورانسي، *الوهابيون*. ص‌ص. ٢٥ ـ ٢٧، ٣٥ ـ ٣٧، ٣٩، ٤٠، ٧٧، ٧٨، ٩٩، ١٠٥ ـ ١١٠، ١٣١ ـ ١٣٨، ١٨٦ ـ ١٨٩.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر چوار: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ١٢١، ١٢٢، ١٣٧، ١٣٨. | الخطيب، *صفحات من تاريخ الجزيرة العربية الحديث*. ص‌ص. ١٧٦، ١٧٧. | **أبو حاقة**، أحمد، *لمع الشهاب*. دار الثقافة، بيروت، بدون تاريخ. ص. ٩٠. | **الفقي**، محمد حامد، *أثر الدعوة الوهابية*. طبع ١٣٥٤ هـ. ص. ٨٤.

(١) بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٦٥ ـ ٦٧.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ٦٧، ١٠٦.

هێرشێکدا (١٤٠٠) کەسیان لە خەڵکەکەی کوشتوە بەڵام باروتی ناو کەشتیی وەهابیەکان دەتەقێتەوە و بە سوتان و بە خنکان لەناو دەچن[١٦٠].

- کوەیت: چەندین هێرشیان کردوەتە سەر کوەیت و کوشتار و تاڵان و چەتەییەکی زۆریان تێدا کردوە. هێرشی یەکەم لە (١٧٩٠ ز.) دا بوە، پاشان هێرشێکی تریشیان کردوە لە (١٧٩٧ ز.) دا، هێرشی سێهەمیش لە (١٨٠٨ ز.) دا، کە ئەم جارەیان گەشتونەتە (الجهراء). کاتێکیش خێڵی (العتوب) لە کوەیت [چونکە (آل صباح) لە (العتوب) ـن] و بەحرەین نایانەوێت باجی سەر «جزیة» بدەن جارێکی تر وەهابیەکان هێرش دەکەنەوە سەریان و زیانی زۆریان پێ دەگەیەنن[١٦١].

- قەتەر: ساڵی (١٧٩٢ ز.) هێرش دەکەنە سەر قەتەر و لەوێ رێکەوتی نزیکەی (٥٠) سوارێك دەکەن و زۆربەیان دەکوژن و ئەسپەکانیان بە دەسکەوت دەبەن. ساڵی (١٧٩٥ ز.) یش هێرشێکی تر دەکەنە سەر ناوچەکە و کۆمەڵێکی زۆر وشتر بە تاڵان دەبەن و لە (الأحساء) دەیانفرۆشن. بەڵکو هەر لە ساڵی (١٧٩٤ ز.) ەوە میلیشیای وەهابی هێرشی کردوەتە سەر قەتەر، کاتێك بە سەرۆکایەتیی (ابن عفیصان) هێرش دەکەنە سەر خێڵی (العتوب) لە (الزبارة) لە قەتەر و ئابلوقەیان دەدەن و ناهێڵن هیچ هاتوچویەك بکەن، هەتا ناچار بون بە سەروماڵەوە کۆچ بکەن بۆ بەحرەین، ئەوەش لە (١٧٩٧ ز.) دا، نەیشگەڕانەوە هەتا چونە سەر ڕێبازی وەهابی. جگە لەوانەش هێرشیان کردوەتە سەر زۆر ناوچەی تریش لە قەتەر وەکو ناوچەکانی خێڵەکانی (فریحة) و (الحویلة) و (الیوسفیة) و (الرویضة) و ئاژاوەیەکی زۆر دەنێنەوە[١٦٢].

---

(٢) دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر بەحرەین، بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاریخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر سێ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ١٥٧. | عبد الغني، *صراع الأمراء*. ص. ٣٣. | الخطیب، *صفحات من تاریخ الجزیرة العربیة الحدیث*. ص. ١٧٤.

(٣) دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر کوەیت، بڕوانە: صخر، *آل سعود*. ص. ٢٤.

**الشمراني**، عبد الرحمن ناصر، *مملكة الفضائح ـ أسرار القصور الملكية (السعودیة)*. دار الإنسان، بیروت، الطبعة الأولی، ١٩٨٨. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ج. ٢، ص‌ص. ١٩، ٢٠.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاریخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | الخطیب، *صفحات من تاریخ الجزیرة العربیة الحدیث*. ص‌ص. ١٧٤، ١٨٧، ٢٧٨. | عبد الغني، *صراع الأمراء*. ص. ٣٠.

(١) دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر قەتەر، بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاریخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر چوار: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص‌ص. ٨٨، ١٠٣، ١٥٠. | أبو حاقة، *لمع الشهاب*. ص‌ص. ٧٨ ـ ... . | عبد الغني، *صراع الأمراء*. ص. ٢٣. | الخطیب، *صفحات من تاریخ الجزیرة العربیة الحدیث*. ص‌ص. ١٧٣، ١٧٤.

ـ عومان: وەهابیەکان هێرشی دڕندانەی زۆریان کردوەتە سەر عومان. لەوانە ساڵی (١٧٩٢ ز.) هێرشێکی توندیان کردە سەر مێرگی خێڵی (البريمي)، ئەوەش بە سەرۆکایەتیی (مطلق المُطَيْري) کە تا ئێستاش نمونەی دڕندایەتی و خراپەکاریە لە لای عومانیەکان. دواتریش ساڵی (١٨٤٩ ز.) بە سەرۆکایەتیی (سعد بن مطلق المطيري) هێرشێکی تریان کردەوە کە جەنگی (العاتكة) ی لێ کەوتەوە، ئەمانەش هەموی بۆ ملکەچکردنی ئەو مێرگە بۆ دەسەڵاتی وەهابی، ئیتر خێڵەکانی (النعيم) و (بنو كعب) و (بنو قتب) کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتار و تاڵانکردن و چەتەیی، هەتا ناچار بون ملکەچیان بن و باجی سەر «جزية» یان بدەنێ. دوای ئەوە مێرگی (البريمي) یان کردە بنکەیەك بۆ هێرش بۆ سەر عومان. هەروەها پێشتریش لە نێوان ساڵانی (١٨٠٧ ز.) و (١٨١٠ ز.) دا هێرشیان کردوەتە سەر عومان و جەنگێکی قورسیان بەرپا کرد لەگەڵ خەڵکی شاری (صُحار) و دەوروبەری کە پێشەواکەیان (عزان بن قيس) بو، هەروەها بۆ سەر شاری (مسقط) کە (سعيد بن سلطان) فەرمانڕەوای بو، سەرەنجام کوشتارێکی زۆریان لێ کردن و تاڵانیەکی زۆریان برد و چەندین گوندیان زەوت کرد و خەڵکەکەیان ناچار کرد ملکەچی بیروباوەڕ و دەسەڵاتی وەهابیەکان بن. هەروەها دوای ئەوەی دەوروبەری (١٨١٠ ز.) ئینگلیز هێرشیان کردە سەر شاری (شناص) لە عومان و هێزی دەریایی بریتانی بە بۆمباران خەڵکی شارەکەیان بە تەواوی شەکەت کرد وەهابیەکان بە سەرۆکایەتیی (مطلق المطيري) توانیان شارەکە بگرن. هەروەها ساڵی (١٨٦٥ ز.) لە بنکەکەیانەوە لە مێرگی (البريمي) هێرشیان کردە سەر شاری (صور) لە خۆرهەڵاتی عومان و داگیریان کرد و کوشتارێکی زۆریان تێدا کرد و دەستیان گرت بە سەر ماڵوسامان و شتومەکی بازرگانەکانیدا، بەڵام بە رێکەوت هەندێك لە بازرگانەکان لە هیندیە ـ بریتانیەکان بون ئیتر کەشتیە جەنگیە بریتانیەکان بۆمبارانیان کردن تا لە شارەکە دەرچون. هەروەها جارێکی تر هەر بە سەرۆکایەتیی (مطلق المطيري) هێرشیان کردوەتە سەر شارەکانی (سمائل) و (بركاء) و (مطرح) و کوشتار و تاڵانیەکی زۆریان کردوە، پاشان رویان کردوەتە شاری (مسقط) و نەیانتوانیوە شوراکەی ببەزێنن بەڵام ئەو ماڵانەیان سوتاندوە کە لە دەرەوەی شوراکە بون(١٦٣).

---

(١) دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر عومان، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص‌ص. ٧٧، ٧٨، ٨٠. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص‌ص. ١٠٧، ١٠٨.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر سێ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ١٤٨. | الخطيب، *صفحات من تاريخ الجزيرة العربية الحديث*. ص‌ص. ١٧٤، ١٧٥. | أبو حاقة، *لمع*

ـ یەمەن: وەهھابیەکان شاری (صنعاء) یان داگیر کردوە و زۆریان لە خەڵکەکەی کوشتوە و ماڵوسامانی شارەکەیان بە تالانی بردوە و فەرمانڕەوایەکیان لە خۆیان بەسەرەوە داناوە، پاشان هێرشیان کردوەتە سەر ناوچەکانی تر و لە جارێکدا پەنجا هەزار جەنگاوەر ڕێك دەخەن بۆ هێرش. لەم هێرشانە: هێرشی سەر بەندەری (الحديدة) ساڵی (١٨٠٥ ز.)، هەروەها هێرشی سەر بەندەری (اللحية) ساڵی (١٨١٠ ز.) کە بە جەنگاوەرێکی بێشومارەوە ئابڵوقەی دەدەن تا دەیگرن و زۆربەی ئەو ماڵوسامان و زێڕ و زیو و کاڵا و مرواری و ئاوریشمەی تێیدا بوە بەتاڵان دەبەن، هەتا دەڵێن هەندێکیان مرواریەکەیان هاڕیوە وایان زانیوە گەنمەشامیە! جگە لەوەی زۆری خەڵکەکەی دەکوژن و نزیکەی هەزار کەسیان بە کوشتن و هۆکاری تر لە ناو دەبەن و ئاگر لە شوێنەکە بەردەدەن[١٦٤].

پێویست بە دوپاتکردنەوەش ناکات کە وەهھابیەکان لەم هێرشانەدا خۆیان بە (مُجاهِد) دەژمارد و هێرش و تالانکردنەکانیان بە (غَزَوات) دادەنا و داگیرکردنەکانیان بە (فُتُوحات) دەزانی و ژێردەستەکانیان بە تازە موسڵمان لە قەڵەم دەدا و دەرچون لە دەسەڵاتیان بە (رِدّة) ناو دەبرد.. وەکو بڵێیت سەرلەنوێ ئیسلام هەناردە دەکەن! مێژونوسەکانیان، وەکو (عُثمان بن بِشْر النجدي الحنبلي) خاوەنی (*عُنْوان المَجْد في تأريخ نَجْد*) و نوسەرێکی سەلەفیی وەکو (حامد محمد الفقي)، هەمیشە سوپای ئەو دەشتەکیانە بە (موسڵمانان) ناو دەبەن! زاراوەکانی (جُنْد الإسلام) و (جُنْد التوحيد) و (جَيْش التوحيد) سەرەتا بە سوپای ئەو بیابانشینانە وتراوە[١٦٥] ئینجا بۆ هەندێك گروپی تری هاوشێوە خوازراوە!

شایەنی باسە سوربونی وەهھابیەکان لەسەر کوفراندنی هەمو خەڵکی جیاواز لە خۆیان و زەوتکردن و زایەکردنی خوێن و ژن و ماڵوسامانیان، وای کردوە کە گەلێك لە موسڵمانان (ی جیاواز لەوان) بە (خوارِج) یان دابنێن و بیانچوێنن بە (الخوارِج) کە لە سەرەتای مێژوی ئیسلامیدا دەرکەوتن، چونکە خەواریج، بە تایبەتی ئەزرەقیەکان

---

*الشهاب*. صص. ٨٠، ٨٩.

[٢] دەربارەی هێرشەکانیان بۆ سەر یەمەن، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، صص. ٨٠، ٨١.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، صص. ١٣٨، ١٤٦، ١٤٧، ١٥١، ١٥٢.

[٣] القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ هەر دو: | ابن بشر، *عنوان المجد*. ج.١، ص. ١٢١. | الفقي، *أثر الدعوة الوهابية*. ص. ٨٤.

«الأزارِقة»، کاتێك دەرکەوتن، هەمو (ئوممەت) ی ئیسلامییان جگە لە خۆیان، کە ئەمەش شیعە (پێڕی عەلی) و ئەهلی سوننە (پێڕی ئومەویەکان) دەگرێتەوە، بە بێباوەڕ دادەنا و خوێن وماڵوسامانی دژەکانیان بە حەڵاڵ دەزانی.

هێرش و (غـزوات) ی وەهابی چەند تایبەتمەندیەکیان هەبو کە سروشتی وەهابیەت رون دەکەنەوە و پێویستە ئاماژەیان بۆ بکەین، لەوانە:

١. پێش ئەوەی هێرش بکەنە سەر خێڵێك یان خەڵکی ناوچەیەك، پەیغامبەرێکیان دەنارد کە بە دەستێك قورئان و بە دەستەکەی تر شمشێری هەڵ دەگرت و نامەیەکی لە ئەمیری دیرعییەوە بۆ دەبردن، ئەمەش بە تایبەتی لە سەردەمی (عەبدولعەزیز کوڕی محەمەد کوڕی سەعود) (١٧٢٠ ـ ١٨٠٣ ز.) دا.. تا ئێستاش دەقی ئەو نامانە ماون کە بە زمانێکی کورتبڕ و توند و هەڕەشەئامێز نوسراون کە ئاوێنەی رونی کولتوری بیاباننشینیی وەهابیە، بەم شێوەیە:

(لە عەبدولعەزیزەوە بۆ خێڵی ....، سڵاو! ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە باوەڕ بهێنن بەو نوسراوەی بۆتان نێرراوە، و بتپەرست مەبن وەکو تورکەکان کە فرەپەرستن و هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.. ئەگەر باوەڕتان هێنا رزگار دەبن، ئەگەرنا تا مردن لەگەڵتان دەجەنگین)[١٦٦].

٢. جگە لەوەی کە لە هێرشەکانیاندا هیچ رێکخستن و یاسا و رێسایەکیان نەبوە و لە شێواز و هونەری جەنگدا زۆر بەرایی بون و چەکەکانیشیان چەکی سادە و بەرایی بون؛ کاتێك هێرشیان کردوە کە زانیبێتیان دوشمن توانای بەرگری و روبەڕوبونەوەی نیە و ئامادەی جەنگ نیە، بە شێوەیەك بە کەمترین بەرگری و روبەڕوبونەوە ورەیان روخاوە و یەکسەر دور کەوتونەتەوە لە دوشمن و رایان کردوە و خۆیان قوتار کردوە، کاتێکیش دوشمن رێگەی خۆی دەگرێتە بەر ئەمان شوێنی دەکەونەوە و چەندین شەو و رۆژ دوراودور شوێنپێی هەڵ دەگرن، هەتا هەلێك دەقۆزنەوە بۆ پەلاماردانی و کوشتار و تالانکردنی بەبێ ئەوەی خۆیان بخەنە مەترسیی روبەڕوبونەوەی راستەوخۆوە.. ئەگەر هێرشیان بکردایەتە سەر شارۆچکەیەك یان قەڵایەك بە نهێنی و لە تاریکیدا لێی نزیك دەبونەوە و لە هەلێك دەگەڕان بۆ بێئاگابونی پاسەوانان، کاتێکیش لە دانیشتوانی شارۆچکەکە یان قەڵاکە ئاشکرا دەبون و پێیان دەزانرا دەکشانەوە و خۆیان قوتار دەکرد، کە هەندێك جار لە کشانەوەیاندا زیانی زۆریان لێ کەوتوە. بەم شێوەیەش هەمیشە رێگەی هێرش و (غَزْو) و تالانیان گرتوەتە بەر نەك

[١] دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ٦٢.

جەنگ «حَرْب» و روبەڕوبونەوە[١٦٧]. ئەمەش شێوازی ژیان و بژێویی بیابانشینەکانە بە درێژایی مێژوی هەزاران ساڵەیان لە بیابانی عەرەبی و بیابانی گەورەی ئەفریقادا. ئەم شێوازەش لە هێرشدا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامانجی یەکەمی وەهابیەکان و هەمو هێزە بیابانشینیەکان لە هێرشەکانیاندا دەسکەوت و تالآنی بوە[١٦٨]، دەسکەوتنی بژێوی لە بیابانێکی وشکدا بەبێ روبەڕوبونەوەی زیان و مەترسی، بۆیە هەمیشە باشترین نێچیریان کاروان و قافڵەی بازرگانیە: (... و تَوَدُّون أنَّ غيرَ ذات الشَّوْكة تكُونُ لكم) *(الأنفال: ٧)*، ئینجا ئەو گوند و شارۆچکانەی کە بەرگریەکی لاوازیان هەیە. جگە لەوەی هەمیشە سروشتی بیابانی فراوان و ئەو برسێتی و تینوێتی و ماندوییەی کە مرۆڤ لە بیاباندا توشی دێت هەمیشە لە بەرژەوەندیی وەهابیەکان و هەمو هێرشبەرەکانی تری بیاباندایە، چونکە ئەوان بەرگە دەگرن و دەتوانن ماوەی زۆر بەبێ نان و ئاو بمێننەوە.. ئیتر هەمیشە سودیان بینیوە لە بەرگەگرتنی خۆیان و لاوازبونی دوژمن لە بیاباندا. هەروەها هەمیشە وەهابیەکان پشتیان بەستوە بە بارسوکی و راپەڕاندنی هێرش بە ئەرك و تێچونی کەم، بۆ نمونە لە هێرشدا وشترەمێیەکیان بەکار دەهێنا کە پێی دەوترا (مردوفة) چونکە دو جەنگاوەر بە دوای یەکدا سواری دەبون، واتە (١٢) هەزار جەنگاوەر بە (٦) هەزار مەردوفە دەڕۆیشتن و هێرشیان دەکرد، بەڵام جەنگاوەرێکی عوثمانی پێویستیی بە زیاتر لە دو وشترەمێیش هەبو[١٦٩].

ئینجا لەبەر ئەوەی تیرۆری ئیسلامیی ئێستە لە رەگوڕیشە و پاڵنەر و ئایدیۆلۆجیایدا دەچێتەوە سەر هێرشە وەهابیەکان، دەبینین ئەم تایبەتمەندیەی هێرشە وەهابیەکان لە رابردودا لە هێرشە تیرۆریستیەکانی ئێستەدا رەنگ دەداتەوە، ئەوەش کاتێك دەبینین کە تیرۆری ئیسلامی شێوەی هێرشی لەناکاو و غافڵگیری هەیە و ساتێك لە لاوازبون یان بێئاگابونی هێزەکانی ئاسایش دەقۆزێتەوە و بۆ هەلێك دەگەڕێت تا بتوانێت زیانێك لە دوژمن بدات بەبێ ئەوەی ئەو دوژمنە ئامادە بێت بۆ روبەڕوبونەوە یان وەکو حاڵەتی جەنگ بڕیاری جەنگ راگەیەنرابێت. ئەم ئاکارە لە تیرۆری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی بیابانشینیی کولتوری ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە رەوایی دەدەن بە هێرشەکان یان نەخشەیان دەکێشن یان

---

[1] المصدر السابق. ص‌ص. ٧١، ١١٧، ١٣٧.

[2] المصدر السابق. ص. ٩٨. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٤: النظام الاجتماعي و السياسي و إمارة الدرعية. ص. ٨٢.

[3] دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ٧٢.

ئەنجامیان دەدەن، سەرباری ناچونیەکیی هێز و تێکنۆلۆجیا و ژمارە لە نێوان لایـەنی هێرشبەر و لایەنی بەرهێرشدا، کە گروپ و خانە تێرۆریستەکان دەخاتە ئەو بڕوایـەی کە بە روبەڕوبونەوەی ئاشکرا و راستەوخۆ ناتوانن هیچ زیانێك بە بەرامبەر بگەیەنن.

٣. کاتێك شارێك یان گوندێك یان خێڵێکیان داگیر دەکرد، جگە لەوەی دەسـتیان دەگرت بەسەر هەمو خێروبێـری ناوچـەکەدا؛ دەکەوتنـە سـەپاندنی بـیری ئـاییني و ئاییندارییی خۆیان و گۆڕینی داب‌ونەریت و کولتوری شوێنەکە، ئەوەی لە ناوچـەکەدا پیرۆز بوایە و لەگەڵ یەکتاپەرستیی ئەواندا نەگونجایـە تێکیـان دەدا، بـە هەرەشـە و پەسـتانی زۆر گـەلێك داب‌ونـەریتیان قەدەغـە دەکـرد: بـەکارهێنانی تـوتن (جگەرەکێشانیان بە بێباوەڕی و تـاوانێکی گـەورە دەژمـارد و زۆر کەسـیان لەسـەر کوشتوە)، بەکارهێنانی تەزبیح «سُبْحة»! شیعر و مۆسیقا، سەما (هەتاکو سـەمای دەروێشان!) [١٧٠] و ریشتاشین! ئیتر بە تەواوی دەبونە خاوەنی خەڵکەکە.

## قۆناغەکانی دەسەڵاتی سەعودی ـ وەهابی

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کـە دەسـەڵاتی سـەعودی ـ وەهابییـەکان لـە سەدەی نۆزدەهەمدا دو جار لەناو براوە و پێکەوە نراوەتەوە، بەم پێیـەش ئـەو دەسـەڵاتە سـێ قۆنـاغی هەیـە: (١٧٤٤ ـ ١٨١٨ ز.) و (١٨٢٤ ـ ١٨٩١ ز.) و (١٩٠٢ ـ ...). لێرەشەوە لەسەر وەرچەرخانی قۆناغی دوەم و سێیەم دەدوێین:

### کۆتایی قۆناغی یەکەم

لەبەر ئەوەی وەهابییەکان لە کۆتایی سـەدەی هەژدەهەمـدا هێرشـیان دەکـردە سـەر کاروانی حاجیانی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە ویلایەتی عوثمانـی بـون و عـوثمانیـەکانیش خۆیان بە پارێزەری مەککە و مەراسیمی حەج دەزانی، بۆیە عوثمانیـەکان سـاڵی (١٧٩٨ ز.) هێرشێکیان رێك خست بۆ سەر هێزەکانی وەهابییەکان لـە شـاری (الأحسـاء) بـەڵام ناچاری کشانەوە بون، لە وەڵامیشـدا سـەعودی ـ وەهابییـەکان ـ وەکـو رابـورد ـ سـاڵی (١٨٠١ ز.) هێرشیان کردە سەر شاری کەربەلا لە عێراقی عـوثمانیـدا و سـاڵی (١٨٠٢ ز.) یش مەککەیان داگیر کرد و بۆ چەند لایەکی تریش هێرشـیان کـرد. بـەڵام سـوڵتانی عوثمانی هیچ هێزێکی تری نەنارد بۆ عەرەبستان هەتا ساڵی (١٨١١ ز.) کاتێك فرمـانی

---

[١] بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٥٩. ج. ٢، الفصل ١٢، ص. ١٩٨. | بریزار و داسکیە، *ابن لادن*. ٣٣. | الحسن، *الشیعة في المملکة العربیة السعودیة*. ج. ٢، صص. ١١١ ـ ١١٦.
Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia*.

لەناوبردنی ئەو (لەڕێدەرچو) انەی سپارد بـە محەممـەد عـەلی پاشـا (١٧٦٩ ـ ١٨٤٩ ز.) فەرمانڕەوای نیمچە سەربەخۆی میسر.. تا ماوەی چوار ساڵیش محەممەد عەلی و سـەعود (ی یەکەم) (١٨٠٣ ـ ١٨١٤ ز.) ئەمیری دیرعییـە هاوتـا بـون لـە جەنگەکانـدا بـەڵام مەککە و مەدینەیان لەژێر دەستی سەعودی ـ وەههابیەکان دەر هێنا، تا سـاڵی (١٨١٥ ز.) (عەبدوڵڵا کوڕی سەعود) جێی سەعودی گرتەوە لـە ئیمـارەتی دیرعییـەدا و وەکـو باوکی نەبو و ناچار بو داوای ڕێککەوتن بکات و میسریەکان کشانەوە لە نەجـد.. بـەڵام ئیبراهیم پاشا (١٧٧٩ ـ ١٨٤٨ ز.) ی کوڕ (بەکوڕکراو) ی محەممەد عەلی بوە سـەرکردەی هێزە میسریەکان و توانی لـە ڕێگـەی وتوویـژی دیپلۆماسـی و دەسـتودیاریی زۆرەوە پشتگیریی خێڵەکان بۆ خـۆی دەسـتەبەر بکـات، ئینجـا چـو بـەرەو ناوەڕاسـتی نیمچـە دورگەی عـەرەبی و شارۆچـکەکانی (عنیـزة) و (شـقرة) و ( بریـدة) ی داگـیر کـرد، ئـیتر خێڵەکانی (حرب) و (عنیزة) و (مطـیر) و (بنو خالد) خۆیان لەگەڵـدا ڕێـك خسـت و بـە هەمو ئەو هێزانەوە لە نیسانی (١٨١٨ ز.) دا ئابلۆقەی شـاری دیرعییـەی دا، تـا دوای شەش مانگ لە جەنگ و بەرگری دیرعییـە خـۆی بەدەسـتەوە دا و لـە (٩) ی ئـەیلولی (١٨١٨ ز.) دا عەبدوڵڵا ئەمیری دیرعییە قۆڵبەست کرا و نێررا بۆ ئیستەنبول کە لـەوێ لە سێدارە درا. شـاری دیرعییـەش بـە تـەواوی روخێنـرا و کۆمـەڵێك هێـزی پـارێزەری میسرییش لە شارۆچکە سەرەکیەکاندا دانران. چـەند کەسـێك لـە بنەماڵـەی سـەعودی توانیان هەڵ بێن بەڵام ئەوانی تر لەگەڵ کۆمەڵێك لە نەوەکانی ئیبن عەبـدولوەههاب بـران بۆ میسر و خرانە بەندیخانە. بەم شـێوەیەش قۆنـاغی یەکـەم کۆتـایی پـێ هـات و لـەم ماوەیەشدا خەڵك لە دەستی هێرشی وەههابیـەکان حەوانـەوە، هەرچـەند لـەو ماوەیـەدا میسریەکانیش دژ بـە وەههابیـەکان توندوتیـژیی زۆریـان پیـادە کـردوە و خراپـەکاری و دڕندەیی زۆریان کردوە. بەڵام هێزە پارێزەرە میسریەکان هەتا سەر نەمانـەوە و جـارێکی تر سەعودی ـ وەههابیەکان دەگەڕێنەوە بۆ کاری جارانیان[١٧١].

---

[١] دەربارەی هێرشەکانی محەممەد عەلی بۆ سەر سەعودی ـ وەههابیەکان، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Saudi Arabia.*

فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٥: دحر الوهابيين على أيدي المصريين، ص‌ص. ١٠٣ ـ ١٠٦، ١٠٨ ـ ١١٣. الفصل ٦: من سقوط الدرعية حتى جلاء المصريين عن الجزيرة العربية، ص. ١١٥. | الجبرتي، *عجائب الآثار*. ج. ٧، ص‌ص. ٤٢٨، ٤٣٢، ٤٤٣، ٤٤٦، ٤٤٨، ٤٥٢، ٤٥٥. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص‌ص. ١٦٨ ـ ١٨٩. | النيرب، *أصول العلاقات السعودية الأمريكية*. ص. ١٥. | بریزار و داسکیە، *ابن لادن*. ٣٣، ٣٤. | السعيد، *تاريخ آل سعود*. ص. ٢٤ ـ ٢٦.

Beck, *Wahhabis and Saudi Arabia.*

## قۆناغی دوەم

قۆناغی دوەمیش لە (١٨٢٤ ز.) ەوە دەست پێ دەکات کاتێك لەو ساڵەدا توركی (١٨٢٣ ـ ١٨٣٤ ز.) نەوەی موحەممەدی کوڕی سەعود توانی شاری (الرياض) داگیر بکات و هێزە پارێزەرە میسریەکە دەرپەڕێنێت، ئیتر لەمەوە (الرياض) بوە پایتەختی فەرمانڕەوایی سەعودی. توركی هەوڵی دا نێوان لەگەڵ فەرمانڕەوا عوثمانیەکانی عێراق و بریتانیەکاندا خۆش بکات و سەروەریەکیی زارەکیی عوثمانیەکانیشی قبوڵ کرد. شارەکانی (الأحساء) و (حائل) یش جارێکی تر لە ساڵی (١٨٣٠ز.) دا هاتنەوە ژێر دەسەڵاتی سەعودی ـ وەهھابی و بەسەر خێڵەکانیشدا جارێکی تر زاڵ بونەوە. دوای توركی چەندین جار میسریەکان و عوثمانیەکان هێرشیان کردوەتە سەر سەعودی ـ وەهھابیەکان و هەرێمی (الأحساء) و شاری (الرياض) یان داگیر کردوە و سەعودیەکانیش هەندێك راپەڕینیان کردوە و دەسەڵاتی خۆیان درێژە پێ داوە ئەگەر لە مێرگی (البريمي) یش بوبێت لە عومان[١٧٢]. هەتاکو لە ساڵی (١٨٨٠ ز.) دا بنەماڵەی (ئیبن رەشید) «ابن الرشيد» یاخود (آل الرشيد) ی پەیوەست بە عوثمانیەکانەوە، کە لە خێڵی (شَمَّر) بون و پایتەختەکەیان شاری (حائِل) بو، لە سەردەمی ئەمیر ئیبن رەشید (موحەممەد کوڕی عەبدوڵلا) (١٨٧٢ ـ ١٨٩٧ ز.) دا بنەماڵەی سەعودییان دەرپەڕاند و جێگەیان گرتنەوە[١٧٣]. بنەماڵەکە ئاوارەی کوەیت بون و هیچیان بە دەستەوە نەما[١٧٤]. بەم شێوەیەش قۆناغی دوەم کۆتایی پێ هات.

---

(١) دەربارەی سەردەمی (تركي) و دوای ئەو، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Saudi Arabia*.

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٦، ص‌ص. ١١٨ ـ ١٢٠، ١٢٢ ـ ١٢٦. الفصل ٧: الدولة السعودية الثانية، ص‌ص. ١٢٧ ـ ١٣٤. الفصل ٨، ص‌ص. ١٤٣ ـ ١٤٦. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص‌ص. ٢٠٤ ـ ٢٠٦.

(٢) دەربارەی دەرکەوتنی بنەماڵەی (آل رشيد)، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Saudi Arabia*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

@http://en.wikipedia.org/wiki/Ibn_Saud

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٨: سقوط إمارة الرياض و نهوض إمارة جبل شمر، ص‌ص. ١٣٩ ـ ١٤٨. | المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص‌ص. ٣٨٣ ـ ٣٨٨.

(3) Encycl. Britannica. Arts. *Ibn Sa'ud*, *Saudi Arabia*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

## قۆناغی سێیەم

ئەو کاتەی کە بنەماڵەی سەعودی ئاوارەی کوەیت بون، ئیبن سەعود (عەبدولعەزیز کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی فەیصەل کوڕی تورکی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی موحەممەد کوڕی سەعود) (١٨٨٠ ـ ١٩٥٣ ز.) شیرەخۆرە بو. دوای نزیکەی (٢٢) ساڵ و لە (١٥) ی کانونی دوەمی ساڵی (١٩٠٢ ز.) دا کە ئیبن سەعود گەنجێکی پێگەیشتو بو لەگەڵ کۆمەڵێکدا (٤٠ کەس) گەڕایەوە (الرياض) و لەوانە (١٥) جەنگاوەریان توانیان لە شەودا دزە بکەنە ناو شار، فەرمانڕەوای شارەکە لە بنەماڵەی ڕەشیدی کوژرا و دەستیان گرت بەسەر قەڵاکەدا. ئەم روداوە بنەماڵەی سەعودی و پشتگیر و شوێنکەوتە کۆنەکانیانی وریا کردەوە و لەدەوری سەرۆکی تازەلاو گرد بونەوە، لە ماوەی دو ساڵدا ئیبن سەعود نیوەی ناوەڕاستی نیمچە دورگەی عەرەبیی گرتەوە[١٧٥].

---

[١] دەربارەی پێگەیشتن و دەرکەوتنی ئیبن سەعود، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Ibn Sa'ud*, *Saudi Arabia*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٩: بعث إمارة الرياض في مطلع القرن العشرين، ص‌ص. ١٥٣، ١٥٤. | النيرب، *أصول العلاقات السعودية الأمريكية*. ص‌ص. ١٦، ١٧. | بريزار و داسكيه، *ابن لادن*. ٣٤. | الياسيني، *الدين و الدولة*. ص‌ص. ٨، ٩.

**العقبى**، د. أحمد حسين، *أسرار لقاء الملك عبد العزيز و الرئيس روزفلت*. دار بساط، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٤. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc). ص‌ص. ٤، ٥.

**أبو رحمة**، محمد، *أسرار وراء الحجاب* (ترجمة و إعداد). الطبعة الأولى، ١٩٨٩. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc). ص‌ص. ٤، ٥.

**القحطاني**، فهد، *الإسلام و الوثنية السعودية*. ١٩٨٦. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc). ص‌ص. ٢ ـ ٩.

**فوبيه**، كلود، *النظام السعودي، بعد إيران.. هل جاء دور الجزيرة العربية؟* الوكالة العالمية للطباعة و النشر، الطبعة الأولى، ١٩٨٣. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc). ص. ٣٠.

**مكلوغلن**، لزلي، *بن سعود ـ مؤسس مملكة*. ترجمة: د. محمد شيا. شركة المطبوعات، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٥. مكتبة الحرمين على الإنترنت. (.Word Doc). ص‌ص. ٢٠ ـ ٢٧.



ئیبن سەعود (١٩١١)

فۆتۆ: کاپتن شەیکشپییـر W. I. Shakespear

ئیبن رەشید (ئەمیری رەشیدیی ئەو کاتە) داوای یارمەتیی لە عـوثمانیـەکان کـرد، ئەوانیش هێزێکیـان نـارد و لەگـەڵ هێزەکـانی ئـیبن رەشـیددا هێرشـێکیان کـرد کـە هێزەکانی ئیبن سەعودیان لە (١٥) ی حـەزیرانی (١٩٠٤ ز.) دا شکسـت پـێ هێنـا، بەڵام لە شوێنی خۆی نەترازا و توانی جارێکی تر هێزەکانی خـۆی کـۆ بکاتـەوە. دوای ئەوەش ئیبن رەشید بەردەوام بو لە جەنگدا دژی ئیبن سەعود تا لـە (١٩٠٦ ز.) دا لـە جەنگدا کوژرا. هەر لەم ساڵەدا تورکەکان لەبەر ئەوەی چیتر نەیانـدەتوانی هێـز تـەیار بکەن وازیان لە بیرۆکەکە هێنا و هێزەکانی خۆیان لە (القاسم) کشاندەوە[١٧٦].

## دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیخوان

ئیبن سەعود لەو چەند سـاڵەی پـێش جـەنگی جیهـانیی یەکەمـدا بـۆ بوژاندنـەوە و بەهێزکردنی بنەماڵەکەی بڕیاری دا پشتگیریی وەهابیەت بکات و بە تـەواوی لـە خـۆی بگرێت، چونکە دەیزانی کە توندوتیـژی و دەمـارگیریی ئـایینی دەتوانێـت خزمـەت بـە ئامانجە سیاسیەکانی بکات. بۆ ئەوەش کە کارەکە بـە پێـی پلانێکـی مسـۆگەر بـڕوات بەڕێوە کۆمـەڵەیەکی بە ناوی برایان «الإخوان» دامەزراند، ئـەوەش لـە (١٩١٢ ز.) دا و

[١] دەربارەی کێشمەکێشی نێوان ئیبن سەعود و، ئال رەشید و تورکەکان، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Ibn Sa'ud*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٩، صص. ١٥٥ ـ ١٦١.

به یارمەتی و پێشەوایەتیی پێشەوایەکی ئایینی بە ناوی (الشيخ عبد الكريم المغربي) کە زۆر جار بە دامەزرێنەری راستەقینەی ئیخوان دادەنرێت. ئەم کۆمەڵەیە رێکخستنێکی خێڵەکیی ئایینی بو بە گیانێکی فیداکارانەوە، بە هیوای ئەوەی بیانکاتە بناغەیەکی زۆر پتەو و متمانەدار بۆ هێزەکانی سوپاکەی. ئەم کۆمەڵە تێرۆریست و دەمارگیرە تەرخان کرابون بۆ جەنگ و تۆقاندن دژی نەیارانی دەسەڵاتی ئیبن سەعود و توانیان زۆربەی خەڵکی بیابانشین بهێننە ژێر رکێف. بۆ ئەوەی لایەنگری و دوژمنایەتیە خێڵەکی و عەشایەریە تەقلیدیەکانیان بمرێنێت و بۆ ئەوەش کە بە شێوەیەکی ئاسانتر لە سوپاکەیدا رێك بخرێن، ئیبن سەعود ئەم کۆمەڵەیەی ناچار کرد واز لە ژیانی بیابانشینی و شوانکارەیی بهێنن و لەدەوری بیرەئاو و مێرگەکانی بیابان خانو دروست بکەن و بەوەش چەندین کۆمەڵگە «مُجمَّع» ی زۆرەملێی لێ پێك هێنان کە ژمارەیان نزیکەی (١٠٠) کۆمەڵگە دەبو (هەر یەکە لەم کۆمەڵگانەش پێی دەوترا هیجرە «هِجْرة»)، ئەمەش جگە لەوەی کە ناونانێکی واقیعی بو بەکەڵکهێنانی چەمکێکی ئیسلامییش بو کە بریتیە لە چەمکی کۆچکردن لە پێناوی خوادا، کە لە ئیسلامدا بە هۆی مێژوی زوی سەرهەڵدانیەوە رەهەندێکی رۆحیی پەیدا کردوە، بەڵام لە لای خێڵەکانی ئیخوان ناوەرۆکی چەمکەکە بریتی بو لە کۆچکردن لە ژیانی شوانکارەیی و گەرۆکی و نەفامیەوە بۆ ژیانی نیشتەجێیی و کشتوکاڵ کردن و پابەندبون بە ئیسلام و یەکتاپەرستیەوە)، بۆ ئەوەی شێوازی ژیانیان بگۆڕن و دەست بدەنە کشتوکاڵ و زەویوزارەکانیش بە کەڵك بهێنن بۆ کشتوکاڵ. بەڵام ئەم پلانە واقیعبینانە نەبو، چونکە ئەو بیابانشینانەی مەڕومالاتەکەیان فرۆشتبو بە دەگمەن دەیانتوانی کشتوکاڵ بکەن و وردەوردە هەژاری تەنگی پێ هەڵ دەچنین، هەژاری و دەمارگیرییش پێکەوە ئەم خێڵانەیان تامەزرۆی هێرش کردبو، ئیبن سەعودیش چارەسەری ئەوەی بۆ دانان رەعیەتی بنەماڵەی رەشیدی تالان بکەن. ئەم کۆمەڵگانە دانیشتوانیان لە نێوان (١٠) کەس و (١٠٠٠٠) کەسدا بو، پێك دەهاتن لە خانوبەرەی بنەماڵەکان و مزگەوت و قوتابخانە و چەكوجبەخانە و کەلوپەل و پێداویستیی کشتوکاڵی. لە هەموی گرنگتر بە لای ئیبن سەعودەوە کۆمەڵێکی زۆر مامۆستا و پیاوی ئایینییان هێنا بۆ ئەوەی ئەو دەشتەکیە بیابانشینانە لەسەر رێبازی وەهھابی و بیروباوەڕ و ئاراستەی ئایینیی یەکتاپەرستیی توندی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهھاب پەروەردە بکەن و رابهێنن، گومانیشی تێدا نیە کە ئەو بیابانشینانە لە هەمو کەسێك زیاتر دەتوانن ئەو رێباز و بیروباوەڕە وەربگرن و جێبەجێی بکەن! بە تایبەتی کە یەکەم جاریان بو راستەوخۆ ئیسلام و یەکتاپەرستی بناسن[١٧٧]. سەرەنجام

---

[١] موسڵمانی تازەپیاکەوتو (!) هەمیشە وا هەست دەکات لە هەموان لەپێشتر و شیاوترە لە ئاییندایدا و خۆی

کۆمەڵەی ئیخوان بە ئارەزوی دڵی ئیبن سەعود و پێشەوا وەهابیەکان پێك هات و بونە هێزێکی وەهابیی جێبەجێکەر، ساڵی (١٩١٨ ز.) یش ئامادە بون بۆ ئەوەی بچنە سوپای تایبەتی ئیبن سەعودەوە.

## ئیبن سەعود و بریتانیەکان

جگە لەوە لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا (کانونی یەکەمی ١٩١٥ ز.) ئیبن سەعود پەیمانێکی بەست لەگەڵ بریتانیەکاندا: ئەوان پلەوپایە و دەسەڵاتی ئەو دەپارێزن و دەچەسپێنن و، ئەویش دەبێت جەنگێك بەرپا بکات دژی بنەماڵەی رەشیدی (سەرەنێزەی عوثمانیەکان لە ناوچەکەدا). بەڵام سەرەڕای چەك و تفاقی بریتانیا و یارمەتیەکی پارە بە ئەندازەی (٥٠٠٠) پاوندی ستێرلینی لە مانگێکدا لە حکومەتی بریتانیاوە (کە تا ساڵی ١٩٢٤ ز. بەردەوام بو)؛ تا ساڵی (١٩٢٠ ز.) هیچ ئەنجامێکی نەبو و بیانوی دەهێنایەوە بەوەی کە یارمەتیەکە کەمە و بەش ناکات، دیارە رازیکردنی ئەو هەمو سەرباز و هێزە خێڵەکی و دەشتەکیەی ئەو رای گرتبون تێچونێکی زۆری لێ دەخواست، جگە لەوەی زوبەزو سوپا فراوانەکەی بۆ ساز و ئامادە نەدەبو، بەڵام ساڵانی (١٩٢٠ ز.) تا (١٩٢٢ ز.) هەرچۆنێك بێت روبەروی رەشیدیەکان بوەوە و بە تایبەتی لە (١٩٢١ ز.) دا کە هێزەکانی دوایین ئەمیری رەشیدی (موحەممەد کوڕی طەلال) ی شکاند و ملی پێ کەچ کرد و دەسەڵاتی رەشیدیی لەناو برد، بەوەش زەویوزاری خۆی زیاد کرد بەڵام داهاتەکەی هیچی وا زیادی نەکرد(١٧٨). لێرەدا پێویستە تیشك بخەینە سەر کەسێتیەك کە هەستاوە بە

---

بە خاوەنی ئیسلام دەزانێت و پێی وایە کەس وەکو ئەو دڵسۆز نیە بۆ ئیسلام، بۆیە تەنها خۆی بە موسڵمانی راستەقینە دادەنێت و ئامادەیە بۆ ئەوەی هەمو ئەوانەی وەکو ئەو نین لە بازنەی ئیسلام بکاتە دەرەوە، بەڵکو وا هەست دەکات مێژوی راستەقینەی ئیسلام لە چرکەساتی موسڵمانبونی ئەوەوە دەست پێ دەکات. ئەم حاڵەتە سایکۆلۆجیاییە لە سایکۆلۆجیای زۆربەی ئیسلامیەکانی ئەم رۆژگارەدا هەیە، بە تایبەتی جیهادیەکان، ئەوانەی لە شەو و رۆژێکدا لە گەنجێکی کاڵ و هەڵەشە و بۆشەوە دەبنە هەڵگری خەونی دەوڵەتێکی ئیسلامیی جیهانی، هەروەکو بزوتنەوەی ئیخوانیش نمونەیەکی زۆر توندی ئەم نەخۆشیە بو.

(1) Encycl. Britannica. Arts. *Ibn Sa'ud*, *Saudi Arabia*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٩، ص. ١٥٧. الفصل ١٠: نجد و الحجاز إبّان الحرب العالمية الأولى، ص‌ص. ١٧١، ١٧٢. ج. ٢، الفصل ١١: توحيد أراضي الجزيرة من حول نجد، ص. ١٨٥. | السعيد، *تاريخ آل سعود*. ص‌ص. ٦٤ ـ ٦٨، ٦٣١ ـ ٦٤٨. | العقبى، *أسرار لقاء الملك عبد العزيز و الرئيس روزفلت*. ص. ٥.

السعيد، ناصر، *حقائق عن القهر السعودي*. الصفا للنشر و التوزيع، لندن، الطبعة الأولى، ١٩٨٨. مكتبة

فرمانی دیپلۆمات لە نێوان بریتانیا و ئیبن سەعوددا و پەیوەست بوە بە مێـژوی بنەماڵـەی سەعودی و ـ تا رادەیەکیش ـ بـە مێـژوی رێبـازی وەهابیـەوە، کـە ئـەویش گەشـتیار و عەرەبناسی بریتانی هاری سـەنت جـۆن بریجـەر فیلبـی Harry Saint John Bridger Philby (١٨٨٥ ـ ١٩٦٠ ز.) ـــە، کـە لـە بنەڕەتـدا لـە سـاڵی (١٩٠٧ ز.) دا بوەتـە ئەفسەرێکی سیاسی لـە حکومـەتی ئینگلیزیـی هیندسـتاندا و دواتـر لـە (١٩١٧ ز.) دا دەبێتە لێپرسراوێکی سیاسی و ئابوری لـە هێـزی هەڵمـەتی رێخۆشـکەر «استطلاعيّ» ی میزۆپۆتامیادا، کە لەو پۆستەدا دو فرمانی سەرەکیی پێ سپێررابو، یەکەمیان رێکخسـتنی شۆڕشی عەرەب بەسەر عوثمانیەکاندا، دوەمیشـیان پاراسـتنی کێڵگـە نەوتیـەکانی نزیـك بەسرە و (شطّ العرب). ئەوجا لە تیشرینی دوەمی (١٩١٧ ز.) دا بە ئەندازەیـەکی زۆر لـە پارەوە و بە کارێکی دیپلۆماسی دەنێرییـێت بۆ لای ئـیبن سـەعود، ئامـانجی بنـەڕەتی لـەم کارەش دروستکردنی هێزێك بو لە رێگەی ئیبن سەعودەوە کە روبەڕوی هێزی عوثمـانیـەکان و داردەستەکانیان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا (وەکـو بنەماڵـەی رەشـیدی) بوەسـتێتەوە و قەڵەمڕەوی عوثمـانیەکان لە ناوچەکەدا نەهێڵێت و بنەماڵەی رەشیدییش سەرقاڵ بکـات بـە سەعودی ـ وەهابیەکانەوە بۆ ئەوەی نەتوانن بە داوای عوثمانیـەکان روبـەڕوی بریتانیـەکان ببنەوە لە ناوچەی بەسرەدا و بناغەیەکیش بێت بۆ روخاندنی دەسەڵاتی عوثمانی لـە نیمچـە دورگەی عەرەبیدا و رێخۆشکردنێکیش بێت بـۆ روخانـدنی ئیمپراتـۆرێتیی عـوثمـانـی لـە سوریادا و ئینجا لە ماڵی خۆیدا. بۆ ئەمەش فیلبی لە دو لایەنەوە وتوویـژی لەگـەڵ ئـیبن سەعود کرد، یەکەمیان ئەوەی کە ئـیبن سـەعود سـاز و ئامـادە بکـات بـۆ جـەنگ دژی ئیمارەتی رەشیدی بۆ ئەوەی هێزی عوثمانی لە ناوچەکەدا نەمێنێت، دوەمیش کـارکردن بـۆ ئەوەی ئیبن سەعود هێرش نەکاتە سـەر پاشـا هاشمیـەکان چونکە ئەوانـە سـەرکردایەتیی شۆڕشی عەرەب دەکەن بەسەر عوثمانیەکاندا. لە ئەنجامدا دۆستایەتیەکی پتەو لە نێوان ئیبن سەعود و بریتانیەکان بە گشتی و فیلبـی بە تایبـەتی دروسـت بـو. فیلبـی لـەو سەرەقەڵەمانەدا کە نوسیویەتی و ناردویەتی بۆ سێر پـێرسی زەکەریا کـۆکس Percy

---

الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ص‌ص. ٣ ـ ١٤.

سعيد، محمد علي، *بريطانيا و ابن سعود ـ العلاقات السياسية و تأثيرها على المشكلة الفلسطينية*. دار الجزيرة للنشر، الطبعة الأولى، ١٩٨٢. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ص‌ص. ١٣ ـ ١٨.

الفرج، ناصر، *قيام العرش السعودي ـ دراسة تاريخية للعلاقات السعودية البريطانية*. الصفا للنشر و التوزيع، لندن، الطبعة الأولى، ١٩٨٨. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ص‌ص. ٢٨ ـ ٣٠، ٧٧ ـ ٧٩.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ١: التعريف بالوهابية. ئاماژە دەکات بۆ هەر سێ: | ديكسون، الميجور، *الكويت و جاراتها*. تعريب: جاسم المبارك. | الخطيب، *صفحات من تاريخ الجزيرة العربية الحديث*. | حماد، خيري، *عبدالله فيلبي*. ص. ٢١٥.

Zachariah **Cox** (١٨٦٤ ـ ١٩٣٧ ز.) لێپرسـراوی بریتـانیی گشـتی لـە عێـراق و ناوچەی کەنداو لـەو کاتـەدا، لـە نامەیەکـدا بـە بـەرواری (٢) ی حـەزیرانی (١٩١٨ ز.) دەڵێت: {ئیبن سەعود پیاوێکە پێویستیی بە دۆستایەتی و پشتگیریی بریتانیا هەیـە هـەتا بتوانێت یارمەتیدەرێك بێت بۆ ئامانج و داخوازیەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کـە یەکـەم شتێکیش ئەو پێویستیی پێیەتی چەك و پارەیە. لە راستیدا پارە لای ئەو نرخێکی گـەورەی هەیە چونکە باوەڕی وایە کە دەستکەوتنی پارە و ئەو پارەیەی دەیبەخشێت بـە لایـەنگر و پشتیوانەکانی تاکە پاساوێکە بۆ سیاسەتەکەی لەبەر چاوی ئەو پشـتیوانانەیدا هـەتا قبـوڵ بکەن لەگەڵ بێگانە (ئینگلیز) دا کار بکـەن دژی موسـڵمانان (دەوڵـەتی خیلافـەت)، کـە ئەمەش بابەتێکی زۆر هەستیارە}.. هەروەها دەنوسێت: {ئەو بیست و پێنج هـەزار پاونـد «جُنَیْه» ـە زێڕەی کە لەگەڵ خۆم بە داواکاریی ئێوە (واتـە پێرسـی کـۆکس) هـەڵم گرتبـو گەیاندمە دەستی ئیبن سەعود و تێم گەیاند کە ئەمە تەنها پێشـەکیەکە بـۆ پـارەدارکردنی هێرشەکەی بۆ سەر ئەمیری حائیل (واتە ئـال رەشـید). ئـیبن سـەعود پێـداگریی دەکـرد و داوای (زیاتر) ی دەکرد چونکە خەرجیی زۆرە و هەموانیش داوای زێڕ دەکـەن!} . هـەروەها لە نوسراوێکی تردا دەڵێت: {بە پێی قورئان نابێت کوشـتار هـەبێت لـە نێـوان موسـڵمانە چاکەکان ـ واتە وەهھابیەکان ـ و نێوان مەسیحیەکاندا چونکە (ئەهلی کیتاب) ـن، نـەرمی و لێبوردەیی لەگەڵیاندا فەرمانێکی خوایە.. بەڵام جەنگ و جیهادی ئەو موسڵمانە چـاکانە تەنها لەگەڵ فرەپەرست «مشرك» و بێباوەڕەکاندایە، یەکەمین فرەپەرسـت و بێبـاوەڕێکیش تورکە عوثمانیەکانن ـ هەروەها خانەدانە هاشمیەکانیش و ـ بە کـورتی ـ هـەمو موسـڵمانان جگە لە وەهھابیەکان} ، ئەم دیاردەیەش سـەرنجی خۆرئاواییـەکانی زۆر راکێشـاوە، کاتێـك بینیویانە وەهھابیەکان لەگەڵ جولەکە و مەسیحیەکاندا تـا رادەیـەك نـەرمن بـەڵام لەگـەڵ موسڵمانانی جیاوازدا زۆر توندن، بۆ نمونە زۆریان لـێ ناکەن بچنە سـەر ئـایینی ئیسـلام و ئازاریان نادەن و رێگەیان پێ دەدەن لە ماڵەکانی خۆیاندا پەرستشـی خۆیـان بکـەن، بـەڵام تەنها سەرانەیەکیان لـێ دەسەنن کە بریتیە لە (٥) قرش لـە هـەر سـەرێك، جگـە لـەوەی ناچـاریان دەکـەن کـە خۆیـان جیـا بکەنـەوە لـە موسـڵمان کـە ئەمـەیان یاسـایەکی سەرشۆڕکەرە[١٧٩]، بەڵام کاتێك وەهھابیەکان زاڵ دەبن بەسەر موسڵمانانی جیاواز لە خۆیان سەرلەنوێ داوای موسڵمانبونیان لـێ دەکەن و ئازاریان دەدەن و ئەگەر بـەرگریيان کـرد بـە

---

[١] بڕوانە: دي كورانسي، *الوهابيون*. ص‌ص. ٦٦، ٦٧. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٥٧.

**الحسن**، حمزة، *الشيعة في المملكة العربية السعودية*. مؤسسة البقيع لإحياء التراث، الطبعة الأولى، ١٩٩٣. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ج. ٢، ص. ١١١.

تەواوی لەناویان دەبەن و ئینجا ناهێڵن بەردەوام بن لەسەر شێوازی خۆیان لە پەرستشدا. ئەم دیاردەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە وەهابیەکان یاسای (ئەهلی ذیمە) بەسەر جولەکە و مەسیحیدا جێبەجێ دەکەن و یاسای (فرەپەرستی جەنگاو) بەسەر موسڵمانانی جیاوازدا دەسەپێنن، ئەمە لە بنەڕەتدا، بەڵام ئێستە دەسەڵاتی سەعودی ڕێگە نادات بە مەحکومکردنی ئیسرائیل لەبەر هاوپەیمانێتیەکانی لەگەڵ خۆرئاوادا. پاشان فیلبی دەڵێت: {ئەوە ئیشی ئێمە نیە هەڵەی ئەم بابەتە راست بکەینەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە رقی ئیبن سەعود لە موسڵمانان لە دەرەوەی وەهابیەکان قوڵ بکەینەوە، چونکە هەتا ئەم رقە زیاتر بێت زیاتر دەگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئێمەدا}![١٨٠]



پێرسی کۆکس (١٩٢٣)

ئەم قسانەش بە رونی ئەوە دەگەیەنن کە کۆکس و فیلبی و بریتانیەکان نەخشەیان کێشاوە بۆ قۆستنەوەی هەوڵی فراوانخوازیی ئیبن سەعود و رەتکردنەوە و رقی وەهابیەکان لە هەمو موسڵمانانی جیاواز لە خۆیان، بۆ درێژەپێدانی بەرژەوەندیی ئیمپێریالیستی و داوڕۆژیی خۆیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و بۆ لەناوبردنی ڕێگری گەورەی ئەو ئامانجە کە دەوڵەتی عوثمانیی بو، چونکە کۆڵۆنیاکانی ئەوان لە ناوچەکەدا کەرتە و ویلایەتی ئیمپراتۆرێتیی عوثمانیی بون و جگە لەوەش عوثمانیەکان بە توندی ئەوەیان رەت کردەوە فەلەستین بدەن بە جولەکە. ئیتر دوای ئەوەی بە دوای پارەدا چەکەکانیش گەیشتن فیلبی بۆ خۆی لە بورجێکی نزیك ناوچەکەدا سەرپەرشتیی جەنگی سەعودی ـ وەهابیەکانی کرد بۆ سەر ئیمارەتی ئیبن رەشید، دواتریش بریتانیەکان سوپاسی سەعودی ـ وەهابیەکانیان کرد

---

[٢] ئەم دەقانە هەمویان لە چەند دۆکیومێنتێکی بریتانیایی وەرگیراون کە (محمد حسنین هیکل) لە بریتانیا خوێندونیەتەوە و چەند پەرەگرافێکی لێ وەرگرتون، ئەوەش لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی: السفیر. العدد (٨٩٣٨)، السبت، ٣٠ حزیران، ٢٠٠١. ص. ١٢.

بۆ سەرقاڵکردنی ئیمارەتی رەشیدی لە کاتی داگیرکردنی بەسرەدا[181]. هەروەکو پێشتریش (١٣ ی نیسانی ١٩١٣ ز.) بریتانیەکان بە پارە و بە چەکی نوێ هاوکاریی هێزەکانی ئیبن سەعودیان کرد بۆ گرتنی هەرێمی (الأحساء) و کەناری سەر کەنداوی عەرەبی لە کوەیتەوە تا قەتەر کە لەژێر کۆنترۆڵی عوثمانیەکاندا بو، ئەو کەسەش کە پلانی هێرشەکەی دانا ئەفسەری ئینگلیزی لیچمان Leachman بو، ئیتر بە هێرشێکی لەناکاو ئەحساء کەوت و هاتە ژێر دەسەڵاتی ئیبن سەعود[182]. دواتر فیلبی بوە راوێژکاری تایبەتیی ئیبن سەعود بۆ کاروباری مامەڵەکردن لەگەڵ بریتانیەکان و هێزە خۆرئاواییەکاندا بە گشتی، و ئیتر پێی دەوترا شێخ عەبدوڵلا فیلبی! دواتریش ساڵی (١٩٣٠ ز.) بوە موسڵمان و خەتەنەیش کرا (!) ( کە دو مانگ حەوایەوە تا چاك بووەوە!!) و ساڵی (١٩٣١ ز.) یش حەجی کرد، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر لە دەسەڵاتی سەعودیدا رۆڵ ببینێت چونکە خەڵك بە گشتی قبوڵیان نەدەکرد مامەڵە لەگەڵ کەسێکی ئورۆپایی مەسیحیدا بکەن. هەروەها فیلبی یەکێکە لە دۆزەرەوە و گەشتیارەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی و یەکەم کەسێکی ئورۆپایی بوە کە بیابانی چارەکی چۆڵ «الرُّبع الخالي» بە تەواوی ببڕێت و پەی بە نهێنیەکانی بەرێت، توانیشی زۆربەی نوسراوە ثەمودیەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا بدۆزێتەوە و بیاننوسێتەوە و بیاننێرێت بۆ کەسانی پسپۆڕ، جگە لەوەی لە دۆزینەوە و سەرپەرشتیی بەرهەمێنانی پێترۆڵی سەعودیدا فیلبی رۆڵی گەورەی هەبو و بە کۆششی ئەو کۆمپانیای (ئارامکۆ) دامەزرا و، چەند کتێبێکیشی دەربارەی گەشت و زانیاریەکانی خۆی سەبارەت بە نیمچە دورگەی عەرەبی نوسیوە.

---

(1) بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ١٠، ص. ١٧٩.
القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٨: الولاء الوهابي لمن؟! ئاماژە دەکات بۆ: | الخطیب، *صفحات من تاریخ الجزیرة العربیة الحدیث*. ص. ٢٢٦.

(2) دەربارەی گرتنی ئەحساء، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Saudi Arabia*.

فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٩، ص‌ص. ١٦٧، ١٦٨. | القحطاني، *الإسلام و الوثنیة السعودیة*. ص‌ص. ١٥، ١٦، ٦٠، ٦١. | صخر، *آل سعود*. ص.١٢. | الفرج، *قیام العرش السعودي*. ص‌ص. ٨ ـ ١٠، ١٣ ـ ١٦، ٢٥ ـ ٢٧. | الحسن، *الشیعة في المملکة العربیة السعودیة*. ج. ٢، ص‌ص. ١ ـ ٦، ١٠ ـ ١٧.
القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٨: الولاء الوهابي لمن؟! ئاماژە دەکات بۆ: | التقوي، *الفرقة الوهابیة في خدمة من؟* ص. ٣٥٧.

 

فیلبی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا

دواتر شێخ عەبدوڵڵا فیلبی ساڵی (١٩٤٧ ز.) لە تەمەنی شەست ساڵیدا ژنی دوەمی هێنا کە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشی لە طائیف کچێکی شازدە ساڵەی کڕی! ئەمەش شایەنی باس نیە بە بەراورد بە ئیبن سەعود لەم بارەیەوە کە ئیبن سەعود لە ماوەی ژیانیدا ـ وەکو دەڵێن ـ زیاتر لە (٣٠٠) جار ژنی هێناوە و (٤٤) کوڕی بوە و ژمارەی کچەکانیشی بە رونی نازانرێت![183] کاتێکیش ئیبن سەعود ساڵی (١٩٥٣ ز.) مرد و سەعود (سەعود کوڕی عەبدولعەزیز) (١٩٠٢ ـ ١٩٦٩ ز.) بوە پاشا؛ فیلبی بە راشکاوی رەخنەی لێ گرت لەسەر سیاسەتی دەستبڵاو و بەفیڕۆدەری سامانی پێترۆڵی سەعودی، جگە لەوەی لایەنگریی فیلبی وردەوردە لە بریتانیاوە دەگۆڕا بۆ ئەمێریکا و هەندێك هەوڵی دا بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی بریتانیا، ئیتر (١٩٥٥ ز.) دور خرایەوە بۆ لوبنان، لەوێش ـ بە پێی هەندێك سەرچاوە ـ هەرەشەی لە بنەماڵەی سەعودی کرد بە بڵاوکردنەوی دۆکیومێنتەکانی پەیوەست بە فرۆشتنی فەلەستین لە لایەن ئەو بنەماڵەیەوە[184]. دواتر لە

---

[1] أبو رحمة، *أسرار وراء الحجاب*. ص. ٥.

[2] گومانی تێدا نیە کە رژێمی سەعودی هەمیشە کەمتەرخەم بوە لە ئاست کێشەی فەلەستین و هیچ کاتێك لەو پێناوەدا بەرژەوەندیی خۆی نەخستوەتە مەترسیەوە، بەڵام رەنگە ئۆپۆزیسیۆنی سەعودی زیادەڕۆییش بکەن لەم بارەیەوە و بڵێن ئەو رژێمە بەتەواوی هاوکاری زایۆنیزمی کردوە و فەلەستینی فرۆشتوە.. ئەم قسانەش لە بۆشاییەوە نەهاتون.. دەربارەی پەیوەندی و هەڵوێستی دەوڵەتی سەعودیە لە ئاست کێشەی فەلەستین، بڕوانە: صخر، *آل سعود*. ص. ٨، ١٤ ـ ١٦، ٢٦ ـ ٣٢، ٣٨. | السعيد، *تاريخ آل سعود*. ص. ١٨. | فوييه، *النظام السعودي*. ص‌ص. ٥٦، ٥٧. | سعيد، *بريطانيا و ابن سعود*. ص‌ص. ٤٩ ـ ٩٥. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ٢، الفصل ١٦: الوضع الداخلي في المملكة و سياستها الخارجية، ص. ٢٧٧.

إمام، حمادة، *دور الأسرة السعودية في إقامة الدولة الإسرائيلية*. مكتبة مدبولي الصغير، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٧. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

*الخيانة (السعودية) للقضية الفلسطينية منذ بدء العهد (السعودي) و حتى العهد الفهدي*. الحرمين، المقالات و الدراسات، رسالة الحرمين، السنة ٣، العدد ٢٧، آذار ١٩٩١.

هەمان ساڵدا هەرچۆنێك بێت لەگەڵ بنەماڵەی سەعودیدا رێك كەوتەوە و گەڕایەوە بۆ (الرياض). لە كۆتاییشدا ساڵی (١٩٦٠ ز.) لە بەیروت مرد و لە گۆڕستانی موسڵمانان نێژرا[١٨٥]. بێ گومان ژیان و كاری فیلبی لایەنی زۆرتری هەیە كە لێرەدا بواری هەموی نەبو.

ئینجا لە سەرەتادا ئیبن سەعود تەنها فەرمانڕەوایی ناوەڕاستی نیمچە دورگەی عەرەبی دەكرد، ئیتر ناوچەی حیجاز لەژێر دەستی شەریف حسەین (١٨٥٢ ـ ١٩٣١ ز.) شەریفی مەككەدا بو، كە لە (١٩١٦ ز.) ەوە ببوە پاشای حیجاز و لە ساڵی (١٩٢٤ ز.) یشدا خۆی بە خەلیفەی موسڵمانان راگەیاند. جگە لەوەش عەبدوڵڵا (١٨٨٢ ـ ١٩٥١ ز.) ی كوڕی شەریف حسەین لە ساڵی (١٩٢١ ز.) دا ببوە فەرمانڕەوای ئوردونی ئەو كاتە، فەیصەل (ی یەكەم) (١٨٨٣ ـ ١٩٣٣ ز.) كوڕێكی تری شەریف حسەین هەر لە ساڵی (١٩٢١ ز.) دا ببوە پاشای عێراق. ئیتر ئیبن سەعود لەوە دەترسا ئەم بنەماڵە ركەبەر و سەركەوتوە بە تەواوی گەمارۆی بدەن، ئەمیش لە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بو و كەسێتیەكی بەهێز و كاریگەریەكی تایبەتیی هەبو لەناو شوێنكەوتەكانیدا و سیاسەتمەدارێكی لێهاتویش بو و بۆ خۆی لەگەڵ پێشەوا ئایینی و خێڵەكیەكاندا كاری دەكرد، لە هەمان كاتدا پشتی بە ئیخوان ئەستور بو و ئەوانیش تامەزرۆی جەنگ بون دژی پاشا هاشمیەكان، بۆیە لە خۆی رادەبینی بتوانێت حیجاز بگرێت.. لە لایەكی تریشەوە كاتێك بریتانیەكان وتووێژیان لەگەڵ شەریف حسەیندا كرد دەربارەی بەخشینی خاكی فەلەستین بە جولەكە شەریف حسەین ئەوەی رەت كردەوە و تێگەیشتن كە دەیەوێت وڵاتانی عەرەبی (بە تایبەتی نیمچە دورگەی عەرەبی و عێراق و شام) لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا رێك بخات، بە تایبەتی كە خۆی بە خەلیفە راگەیاند، ئیتر فیلبی و بریتانیەكان بە تەواوی پشتی شەریف حسەینیان بەردا و ئیبن سەعودیان پاڵاوت بۆ پاشایەتیی حیجاز و نیمچە دورگەی عەرەبی و ئاماژەیان دا بە ئیبن سەعود كە بە هێزەكانی ئیخوان شەریف حسەین

---

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/161.htm

[١] دەرارەی ژیان و كاری فیلبی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Philby, H. Saint John*.

Wikipedia. Art. *St. John Philby*.

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ١٠، ص. ١٧٩. ج. ٢، الفصل ١٦، ص. ٢٦٧. | القحطاني، *الإسلام و الوثنية السعودية*. صص. ٦٣ ـ ٦٦. | فوبيه، *النظام السعودي*. صص. ٤٩، ٥٠. | سعيد، *بريطانيا و ابن سعود*. صص. ١٨ ـ ٢١. | الشمراني، *مملكة الفضائح*. ج. ١، صص. ١٢٣ ـ ١٢٨. | الفرج، *قيام العرش السعودي*. صص. ٧٦ ـ ٨٦. | القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٨: الولاء الوهابي لمن؟!

برۆخێنێت. فیلبی لە کتێبێکیدا بە ناوی (*چل ساڵ لە بیابانـدا*) *Forty Years in the Wilderness* (١٩٥٧ ز.) لەوە دەدوێت و دەڵێت: {دوای ئەوەی بێهیوا بوین لە شەریف حسەین هێزەکانی ئیخوانمان جوڵاند بە سەرۆکایەتیی خالید کوڕی لوئەی و فەیصەل دەویش و سوڵتان کوری بیجاد بۆ رشتنی خوێنێکی زۆر لە طائیفدا بۆ ئەوەی ترس و تۆقین بخەنە دڵی هەمو حیجازیەکانەوە بیابانشین و شارنشینیان، تا ئەوە ببێتە رێگرێك لە رژانی خوێنی تر لە شارەکانی تری حیجازدا.. ئەمە ئەگەر بکرێت، ئەگەرنا ئینگلیزەکان بڕیاری خستنی شەریف حسەینیان دابو بە هەر نرخێك بێت دوای ئەوەی کە داوای بەخشینی فەلەستینی بە جولەکە ئاوارە و داماوەکان (!) رەت کردەوە، ئەوەش دوای ئەوەی کە شەریف حسەین پێشنیاری ئەوەی رەت کردەوە کە بە فەرمانڕەوایی حیجاز دەست هەڵ گرێت و واز بێنێت لە بیرۆکەی یەکخستنی وڵاتانی عەرەبی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا}[١٨٦].

ئیتر ئەوە بو سەرەتا لە ساڵی (١٩١٩ ز.) دا ئیخوان هێرشێکیان کردە سەر شەریف حسەین و توانیان شکستی پێ بهێنن لە روبەڕوبونەوەیاندا و سوپاکەیان لەناو برد. دوای ئەوەش لە ساڵانی (١٩٢١ ز.) و (١٩٢٢ ز.) دا هێرشیان کردە سەر سنوری عیراق دژی فەیصەل پاشای هاشمیی عێراق و سەر سنوری ئوردون دژی عەبدوڵڵا پاشای هاشمیی ئوردونی ئەو کاتە. کاتێکیش شەریف حسەین ساڵی (١٩٢٤ ز.) خۆی بە خەلیفە راگەیاند ئیخوان ئەمەیان بە کارێکی گومڕایانە دانا و شەریف حسەینیشیان بەوە تۆمەتبار کرد کە رێگەی بەجێهێنانی حەجیان لێ دەگرێت.. ئیتر بۆ جێبەجێکردنی نیازی ئیبن سەعود و ئامانجی ئایینیی خۆیان هێرشێکی کۆتاییان دەست پێ کرد، سەرەتا بە شێوەیەکی کاتی بەرەو ئوردون و عێراق و حیجاز چون و پاشان ئابلۆقەی شاری طائیفیان دا و سەرەنجام دوای بەرگریەکی کەم چونە ناوی بەڵام (١٥٠٠) کەس لە خەڵکەکەی (نێرینەکانیان!) و نزیکەی (٢٨٠٠) کەسیشیان لە سەربازەکانی شەریف حسەین کوڕی عەلی (شەریفی مەککە) رەشەکوژ کرد، جگە لە هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەکانی تری حیجاز کە سەرجەم لە حیجازدا قوربانیی قەسابخانەکانیان گەیشتە (١٥٠٠٠٠) مرۆڤ. ئینجا هەر لەو ساڵەدا (١٩٢٤ ز.) بەبێ بەرگریەك مەککەیان گرت، فیلبی کە پێیان دەوت شێخ عەبدوڵڵا وتاری فەتح (!) ی مەککەی لە مزگەوتی (المسجد الحرام) دا خوێندەوە و پێشنوێژیی بۆ کردن![١٨٧]

---

[١] بڕوانە: السعید، *تاریخ آل سعود*. ص‌ص. ٣٩، ٤٠، ٢٦٣، ٢٦٤.

[٢] دەربارەی جەنگی ئیبن سەعود و ئیخوان بۆ سەر حیجاز و شەریف حسەین، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Saudi Arabia*, *Ikhwan*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

شایەنی باسە و زۆر جێی داخە ئەو سوپایە، کە لە چەند خێڵێکی دەشتەکی و بیابانی پێك دەهات، کتێبخانەیەکی گەورە و بەنرخیان لە شاری مەککەدا سوتاند کە (٦٠) هەزار کتێبی چاپی دەگمەن و نزیکەی (٤٠) هەزار دەستنوسی کۆنینە و دانسقەی تێدا بو کە هەندێکیان ـ وەکو دەڵێن ـ لەبەر دەستی پێغەمبەردا نوسرابون و هەندێکی تریان نوسراوی چوار خەلیفەکە و صەحابیی تر بون، نوسراوی وای تێدا بو کە لەسەر پێستی ئاسك و ئێسك و تەختە و تاتەقوڕ نوسرابون، جگە لەوەی کتێبخانەکە لە لایەکی ترەوە مۆزەخانەیەك بو کە کۆمەڵێکی زۆر شوێنەوار و شتومەکی کۆنینەی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامی لە خۆ گرتبو[188]، کە بێ گومان ئەوە زیانێکی گەورە بو کە لە کەلەپوری عەرەبی و ئیسلامی و مرۆڤایەتی کەوت.

دواتر لە (١٩٢٥ ز.) دا مەدینە ـ دوای ئابڵوقەیەکی درێژخایەن بە رادەی پازدە مانگ ـ و جیددەش کۆنترۆڵ کران، دوای ئەو ئابڵوقە درێژخایەنەی شاری مەدینەش خەڵکی شارەکەیان کۆچ پێ کردوە بە شێوەیەك لە (٧٠ ـ ٨٠) هەزار تەنها (٦) هەزاریان لێ دەمێنێتەوە، شارەکەش دەبێتە نیمچە وێرانەیەك وەکو ئەوەی زەویلەرزە لێی دابێت[189]. بەم شێوەیەش هەمو حیجازیان بۆ ئیبن سەعود گرت و ئیبن سەعودیش لە مزگەوتی (المسجد الحَرام) دا بە رەسمی کرا بە پاشای حیجاز، هەروەکو ئیخوان پێشتر لە ساڵی (١٩٢١ ز.) دا لە ملکەچکردنی تەواوی هەرێمی (عەسیر) ی نێوان حیجاز و یەمەندا لە لایەن کوڕەکەی (فەیصەل) ەوە رۆڵێکی کاریگەریان هەبو. ئیتر فەرمانڕەوایی نیمچە دورگەی عەرەبی بە تەواوی بۆ ئیبن سەعود چەسپا و دواتر هەمو هەرێمەکانی یەك خست و ناونرا شانشینیی عەرەبیی سەعودی و بە پشتگیریی بریتانیەکان خۆی کرد بە پاشای ئەو شانشینیە و لە لایەن بریتانیەکانەوە ئەو شانشینیە دانی پێدا نرا[190]. بێ گومان

---

فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ٢، الفصل ١١، ص‌ص. ١٨٨ ـ ١٩٠، ١٩٢، ١٩٣. | القحطاني، *الإسلام و الوثنیة السعودیة*. ص‌ص. ٨٤ ـ ٨٩. | صخر، *آل سعود*. ص. ٢٣. | سعید، *بریطانیا و ابن سعود*. ص‌ص. ٣٣، ٣٤. | الفرج، *قیام العرش السعودي*. ص‌ص. ٣٠ ـ ٣٤، ٧٩، ٨٠.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاریخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | التقوي، *الفرقة الوهابیة في خدمة مَن؟* ص. ١١٦.

(1) بڕوانە: صخر، *آل سعود*. ص. ١٩. | السعید، *تاریخ آل سعود*. ص. ١٣٠ ـ ١٣٢.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٢: الجغرافیة الوهابیة.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main5.html

ئاماژە دەکات بۆ: الخطیب، *صفحات من تاریخ الجزیرة العربیة الحدیث*. ص. ١٨٩.

(2) فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ٢، الفصل ١١، ص. ١٩٣. | صخر، *آل سعود*. ص‌ص. ٢٠، ٢١.

(3) بڕوانە:

یەکخستنی خێڵ و هەرێمەکانی ئەم شانشینیە لە سایەی یەکتاپەرستیەوە بو کە کاریگەرترین ئایدیۆلۆجیایە بۆ یەکخستن.



ئیبن سەعود (١٩٣٢)

## یاخیبونی ئیخوان

لێرەدا ئیتر ئیبن سەعود دوژمن و ڕکەبەرێکی نەمابو، بەڵام ئیخوان کە جگە لە خۆیان هەمو خەڵکیان بە فرەپەرست و بێباوەڕ و شایستەی کوشتن و داگیرکردن دادەنا (هەروەکو گومانیان لە باوەڕی هەمو کەسێك هەبو، بە شێوەیەك سەربڕاوی هەمو کەسێکیان نەدەخوارد!)، بە نیازی هێرشی زیاتر بون (وەکو هێرشەکانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم)، کاتێکیش ئیبن سەعود هێرشی زیاتری لێ قەدەغە کردن ئەوان بە ناپاکی «الخیانة» تۆمەتباریان کرد و قسەکانی پێشوتری خۆییان لە دژی بەکار هێنا.. ئەم ناکۆکیەش دوای یەکخستنی نەجد و حیجاز سەری هەڵدا لە نێوان ئیبن سەعود و سەرۆکەکانی ئیخواندا، بە تایبەتی سێ سەرکردەی بنەڕەتییان کە ئەمانەن:

- سوڵتان کوڕی بیجاد کوڕی حومەید (ابن بِجاد) یاخود (ابن حُمَیْد)، ناسراو بە (سلطان الدین)، گەورەی خێڵی (عتیبة) لە گەورەترین کۆمەڵگەدا بە ناوی (غطغط).
- ضەیدان کوڕی حیثلەین (ابن حِثْلَیْن)، گەورەی خێڵی (عجمان).
- فەیصەل کوڕی سوڵتان ئەلدەویش (فیصل الدَّوِیش)، گەورەی خێڵی (مُطَیْر) لە یەکەم کۆمەڵگەیەکدا کە دروست کراوە بە ناوی (الأَرْطاویّة).

ئەم سێ سەرکردەیە هەر لەساڵی (١٩٢٦ ز.) دا لە کۆمەڵگەی (الأرْطاویّة) بنکەی فەیصەل دەویش، هەندێکیش دەڵێن لە کۆمەڵگەی (غطغط) بنکەی ئیبن

---

Encycl. Britannica. Arts. *Ibn Sa'ud*, *Saudi Arabia*.

Wikipedia. Art. *Ibn Saud of Saudi Arabia.*

فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ٢، الفصل ١١، ص. ١٩٣. الفصل ١٣: البنیة الاجتماعیة السیاسیة للملکة العربیة السعودیة إثْرَ قیامها، ص. ٢١٧. | النیرب، *أصول العلاقات السعودیة الأمریکیة*. ص. ١٨. | العقبی، *أسرار لقاء الملك عبد العزیز و الرئیس روزفلت*. ص. ٦، ٧. | بریزار و داسکیه، *ابن لادن*. ٣٤، ٣٥.

بیجاد، کۆبونەوە و بڕیاریان دا یەك بگرن دژی هەر کەسێك پێچەوانەیان بێت و یاخیبونیان لە ئیبن سەعود راگەیاند.



الأمير سلطان الدين بن بجاد بن حميد

سوڵتان کوڕی بیجاد

بیانوی ئیخوان لەم یاخیبونەدا چەند شتێك بو، لەوانە:

- هێرشیان کردە سەر ئیبن سەعود لەسەر ئەو بیدعە (!) و داهێنراوە ناشەرعیانەی کە هێنابونیە وڵاتەوە وەکو تەلەفۆن و ئۆتۆمۆبیل و بایسیکل و دەزگای بروسکەناردن (تەلەگراف)! (دەگێڕنەوە کە هەندێك لە پیاوە ئایینیەکانیان دەچون کوشکی تەلەفۆنەکانیان دەپشکنی چونکە باوەڕیان وابو ئەو شتانە جادو و ئیشی جنۆکەن و بە جنۆکە دەڕۆن بەڕێوە!!). هەروەها لەسەر هەندێك نەریتی تری ئیبن سەعود، وەکو بەکارهێنانی بۆنی خۆش و جلوبەرگی کەشخە و زیادەڕەویکردنی لە کۆکردنەوەی ژن و کەنیزدا و عەبای درێژ و سمێڵی شۆڕ و لەسەرکردنی عەگاڵ!!

- روداوی کەژاوەی میسری: ساڵی (١٩٢٦ ز.) ئیخوان هێرشیان کردە سەر کەژاوەی حەج کە هەمو ساڵێك میسر بە یارمەتی و خۆراکێکی زۆرەوە دەینارد بۆ حیجازیەکان.

بەڵام سەرەنجام چل کەس لە ئیخوان تێدا چون، بەڵام ئیبن سەعود فریای هەڵوێستەکە کەوت و پاسەوانیی حاجیە میسریەکانی کرد هەتا گەڕانەوە، ئینجا خوێنبایی هەمو کوژراوەکانی ئیخوانی دا و قەرەبوی وشترە کوژراوەکانیشی بۆ کردنەوە. بەڵام ئەم روداوە ناڕەزامەندیەکی لای ئیخوان دروست کرد.

- هەروەها لەسەر ئەوەی ئیبن سەعود کوڕە گەورەکەی (سەعود) ناردبو بۆ وڵاتی بێباوەڕان واتە میسر بە بڕوای ئەوان! (ئەمەش دوای روداوی کەژاوەی میسری و بۆ رەواندنەوەی کاریگەریەکانی لە لای میسریەکان)، هەروەها (فەیصەل) ی کوڕی ناردبو بۆ بریتانیا، ساڵی (١٩٢٦ ز.)، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیز، ئەمەش هەموی واتە هاوکاری لەگەڵ فرەپەرستان و بێباوەڕان!

- هەروەها لەسەر ئەوەی رێگەی لێ گرتن هێرشی زیاتر بکەنە سەر ناوچەکان، بە تایبەتی عێراق، کە لەسەر سنوری عێراق ناوچەیەکی بێلایەن «مِنْطَقَة مُحايِدَة» بە پەیمانی نێوان بریتانیا و ئیبن سەعود بۆ پاراستنی دەسەڵاتی پاشا هاشمیەکانی هاوپەیمانی بریتانیا دروست کرابو و پاسگە «مخفر» ی (البصية) ی تێدا دانرابو. جگە لە سنورەکانی نێوان عێراق و ئوردون و ناوچەکانی ئیبن سەعود کە لە لایەن بریتانیەکانەوە کێشرا.. کە ئەمانە گەورەترین نیگەرانییان بۆ ئیخوان دروست کردبو!

- هەروەها نەرمیی مامەڵەی ئیبن سەعود لەگەڵ کۆمەڵێك کەس و لایەندا کە ئەوان بە بێباوەڕیان دەزانین. پێیان وابو کە ئیبن سەعود مامەڵە لەگەڵ بێباوەڕاندا دەکات و لایەنگری «وَلاء» ی بۆیان هەیە، واتە ئەو هاوکاری و دەستتێکەڵیەی کە ئیبن سەعود لەگەڵ بریتانیەکاندا هەیبو نیگەرانی کردبون، بە تایبەتی لە لای جەماوەری سادە و سەرکردەیەکی بەباوەڕی وەکو ئیبن بیجاد. واتە وردەوردە هەستیان کردبو کە ئیبن سەعود تەنها بۆ دەسەڵاتی کردوە و بە تەنگی بابەتەکانی ترەوە نیە.

- هەروەها دانانی باجی گومرك لەسەر خەڵکی نەجد. کە قورس بو لەسەریان باجیان لێ بسەنرێت لە کاتێکدا موسڵمانی راستەقینەن! جگە لەوەی ئەمە ناڕەزامەندیەك بو لە بەکەڵکێنانی خەڵکەکە لە رێگەی کۆکردنەوەی باجەوە بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی.

- هەروەها رێگەدان بە خێڵەکانی ئوردون و عێراق بە بەکارهێنانی لەوەڕگاکانی زەویوزاری موسڵمانان! واتە لە خاکی سەعودیەدا. کە ئەمەش رەنگدانەوەی کێشمەکێشی نێوان خێڵەکان بو لەسەر لەوەڕگا.

- قەدەغەکردنی بازرگانی لەگەڵ کوەیتدا. ئیخوانیش دەیانوت ئەگەر خەڵکی

کوەیت بێباوەڕن دەبێت ئیبن سەعود جیهاد رابگەیەنێت لە دژیان، ئەگەر بێباوەڕیش نین چۆن دەبێت رێ بگرێت لە بازرگانیکردن لەگەڵیاندا؟!

- لێبوردن و پشتگوێخستنی شیعە لە (الأحساء) و (القطيف) دا. ئیخوان پێیان وابو کە ئیبن سەعود یان دەبێت رێنومایییان بکات بۆ ئیسلام یان کوشتاریان بکات! ئەمە لە کاتێکدا کە ساڵی (١٩١٦ ز.) ئیبن سەعود فەرمانێکی دەر کردوە بۆ خەڵکی (الأحساء) بە سوننە و شیعەیەوە کە سەرلەنوێ موسڵمان بن و بێنە سەر رێبازی وەهابی، ئینجا (عبد الله بن جِلوي) فەرمانڕەوای خوێنڕێژی (الأحساء) و (القطيف) قەدەغەی کرد لە شیعە سروتی ئایینیی خۆیان جێبەجێ بکەن، جگە لەوەش کە ئیخوان بە ئارەزوی خۆیان لە ئەحساء زۆریان لە شیعە کوشتوە[(١)].

ئەمە لای جەماوەری ئیخوان، بەڵام وا دەردەکەوێت لە لای سەرکردەکانی ئیخوان کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەری شاراوەش هەبوبن کە رەنگە پاڵنەری راستەقینە یان سەرەکی بن لای ئەوان:

- ئیبن بیجاد رۆڵی سەرەکیی هەبو لە داگیرکردنی طائیف و مەککەدا بەڵام ئیبن سەعود سەرکردەیەکی تری بە ناوی (خالد بن لُؤَيّ) کرد بە فەرمانڕەوای مەککە چونکە لە خانەدانەکان «الأشراف» بو و زیاتر لەگەڵ خەڵکی مەککەدا دەگونجا، جگە لەوەیش نەیکرد بە فەرمانڕەوای طائیف. ئیتر ئیبن بیجاد بە دڵساردیەوە گەڕایەوە.

- فەیصەل دەویش سەرقاڵ بو بە هێرشی سەر عێراقەوە و نەیتوانی لە داگیرکردنی مەککەدا بەشدار ببێت، پاشان سور بو لەسەر ئەوەی داگیرکردنی مەدینە لەسەر دەستی ئەو بێت بەڵام نەیتوانی و وازی لە بیرۆکەکە هێنا و گەڕایەوە، ئیتر هەستی کرد کە بەشداریەکی وای نەکردوە کە شایەنی پشکێکی گەورەی دەسکەوتەکان بێت، لە کاتێکدا هیوای وابو ببێتە فەرمانڕەوای مەدینە. جگە لەوەی [لە ئەدەبیاتی ئۆپۆزیسیۆنی سەعودیدا] دەوترێت کە هاوکاریی ئیبن سەعود لەگەڵ زایۆنیزمدا و پەیماندانی بە بەخشینی فەلەستین بە جولەکە فەیصەل دەویشی راچڵەکاندوە.

- ئیبن حیثلەین بەشداریی لەو لەشکرکێشیانەدا نەکرد هەرچەند ئیبن سەعود داوای لێ کردبو، ئیتر بارگرژیەك کەوتە نێوانیانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیبن سەعود زۆر هەوڵی دا بۆ نەرمکردن و هێواشکردنەوەی

---

(١) بڕوانە: القحطاني، *الإسلام و الوثنية السعودية*. ص. ١٨. | الحسن، *الشيعة في المملكة العربية السعودية*. ج. ٢، ص‌ص. ١١٧ ـ ١١٩. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ٢، الفصل ١٣، ص. ٢٢٨.

ئیخوان، بەڵام ئەوان (بە تایبەتی هێزەکانی فەیصەل دەویش) لە (١٩٢٨ ز.) دا هێرشیان کردە سەر عێراق و هێزێکی عێراقییان تێك شکاند و بەوەش ئەو ناوچە بێلایەن «مِنْطَقة مُحايِدة» ەیان بەزاند کە ئاماژەی بۆ کرا (ئەمەش بۆ ئەوەی وا پیشانی بریتانیەکان بدەن کە ئیبن سەعود کۆنترۆڵی نەماوە و ناتوانێت ئاسایش بپارێزێت)، لە تۆڵەی ئەوەشدا هێزەکانی بریتانیا نەجدیان بۆمباران کرد. ئەمەش ئیبن سەعودی خستە هەڵوێستەوە و لە کۆنگرەیەکدا لە تیشرینی یەکەمی (١٩٢٨ ز.) دا ڕێبەرەکانی یاخیبونەکەی، واتە ئیبن بیجاد و فەیصەل دەویش و ئیبن حیثلەین، لە کار خست و پلەی سەرۆکایەتیی هێزەکانی ئیخوانی لێ سەندنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیبن بیجاد لە (١٩٢٩ ز.) دا بازرگانەکانی نەجدی ڕەشەکوژ کرد، ئەمەش بە تەواوی ئیبن سەعودی ساخ کردەوە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی یاخیبوانی ئیخوان، بە تایبەتی کە سەرۆکایەتیی تەقلیدیی وەهھابی فەتوای دا کە ئەوانە (خَوارِج) ن و کوشتاریان دروستە، ئیتر (٢٩) ی ئازاری (١٩٢٩ ز.) لە جەنگێکی بنەڕەتیدا لە دەشتی (السَّبَلة) نزیك کۆمەڵگەی (الأرْطاويّة)، بە سوپایەك کە پێك هاتبو لە (٤٠٠٠٠) جەنگاوەر بەرامبەر (٤٠٠٠) ی ئەوان، ڕووبەڕویان بوەوە و سەرەنجام ئیبن بیجاد ناچاری پاشەکشە بو و بە نهێنی گەڕایەوە دواوە، و دەویشیش بە سەختی بریندار بو، ئینجا شوێنیان کەوتن هەتا دەویش خۆی دا بەدەستەوە، بەڵام ئیبن سەعود کە زانی برینەکەی سەختە وازی لێ هێنا و ڕۆشت. لە جەنگی (السَّبَلة) و ئەوانی تردا نزیکەی (٥٠٠٠) کەس لە ئیخوان لە خێڵی (مطير) و (عتيبة) کوژرا.

دوای ماوەیەکیش ئیبن سەعود داوای لە ئیبن بیجاد کرد بۆ کۆبونەوە لە شارۆچکەی (شقراء) یاخود (شقرة) بۆ وتووێژ و ئاشتبونەوە، ئەویش بەو داوایە فریوی خوارد و لەگەڵ پەنجا پیاویدا چو بۆ ئەو شارۆچکەیە، بەڵام کە گەشتنە ئەوێ ئیبن سەعود فەرمانی دا قۆڵبەست بکرێن و بیانبەن بۆ (الرياض)، کە دواتر لەوێ هەمویان کوشتن (هەندێك سەرچاوەیش دەڵێن لە بەندیخانەی ئەحساء بەند کراون تا مردون) و، کۆمەڵگاکەیشیان واتە (غطغط) بە تەواوی ڕوخێنرا و وێران کرا. پاشان لە ئایاری هەمان ساڵدا ئیبن حیثلەین بە هەمان شێواز کوژرا، چونکە (فهد بن عبد الله بن جِلوي) بانگی کرد بۆ لای خۆی بە مەبەستی پەنادان و ئاشتبونەوە، بەڵام گرتیان و زنجیریان کرد و کوشتیان. لە تۆڵەی ئەوەدا ئیخوان بکوژەکەیان، واتە فەهد کە کوڕی (عبد الله بن جِلوي) ی ئەمیری (الأحساء) بو، کوشتەوە، جگە لەوەش ڕێگای نێوان پایتەختی ئیبن سەعود (الرياض) و کەنداوی عەرەبییان گرت.

سەبارەت بە فەیصەڵ دەویش دوای ئەوەی کە برینەکانی چاك بونەوە چوە لای

نایف کوڕی حیثلەین (کە ئامۆزای ئیبن حیثلەین بو) سەرۆکی نوێی خێڵی عەجمان، لەوێ لەگەڵ ئەودا دەستی کردەوە بە هێرش. لە ئابی هەمان ساڵیشدا یاخیبوان توشی شکستێك هاتن لەسەر دەستی (عەبدولعەزیز کوڕی موساعید) ئەمیری حائیل، سەرۆکەکەیان عوزەییز «عُزَیِّز»، یاخود (عبد العزیز)، ی کوڕی فەیصەل دەویش و سەدان لە سەربازەکانی یان کوژران یان لە جەنگدا لە کەناری بیابانی (نەفود) دا لەناو چون یان لە بیاباندا بە تینوێتی مردن.



ئیبن سەعود

لە گەرمەی روبەڕوبونەوەی ڕکەبەرەکانیدا

دوای ماوەیەکی کەمیش کۆمەڵێکی گرنگ لە هێزەکانی ئیخوان پاشەکشەیان کرد و خۆیان دا بە دەستەوە، ئیتر ئیبن سەعود توانی ئابلۆقەی یاخیبوان بدات و ناچاریان بکات خۆیان بدەن بە دەست بریتانیەکانەوە لە کوەیت لە (١٠) ی کانونی دوەمی (١٩٣٠ ز.) دا، لەو سەرکردانەی کە خۆیان دا بە دەست بریتانیەکانەوە فەیصەل دەویش و نایف بون، کە لە (٣٠) ی هەمان مانگدا بریتانیا داینەوە بە دەست ئیبن سەعودەوە، ئیتر لە (الریاض) خرانە بەندیخانە.. فەیصەل دەویش لە بەندیخانەدا توشی برینێك بۆ لە قورگیدا تا یەك مانگ بەبێ چارەسەر مایەوە تا مرد(١٩٢).

---

(١) دەربارەی بزوتنەوەی ئیخوان و یاخیبونیان و بیانوەکانیان و سەرەنجامیان، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Arts. *Ikhwan*, *Ibn Sa'ud*, *Saudi Arabia*.

فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٩، ص‌ص. ١٦٤ ـ ١٦٧. ج. ٢، الفصل ١٢: توطّد المركزية الإقطاعية و حركة الإخوان، ص‌ص. ١٩٦ ـ ٢٠٩. | صخر، *آل سعود*. ص‌ص. ٨، ٢٤. | القحطاني، *الإسلام و الوثنية السعودية*. ص. ٢٩ ـ ٦٨. | الياسيني، *الدين و الدولة*. ص‌ص. ١٣ ـ ١٨. | الحسن، *الشيعة في المملكة العربية السعودية*. ج. ٢، ص. ١٢٤. | فوييه، *النظام السعودي*. ص‌ص. ٢٨، ٢٩. | سعيد، *بريطانيا و ابن سعود*. ص‌ص. ٢١ ـ ٤٧. | السعيد، *تاريخ آل سعود*. ص‌ص. ٤١ ـ ٤٣، ٢٢١ ـ ٢٢٩.

**عبد الله**، د. انور، *العلماء و العرش ـ ثنائية السلطة في السعودية*. مؤسسة الرافد للنشر و التوزيع، لندن،



نایف کوڕی حیثلەین

سەرۆکی خێڵی عەجمان



فەیصەل دەویش

لەسەر پشتی کەشتیەکی جەنگیی بریتانی

بەم شێوەیەش ئەوەی ئیبن سەعود دروستی کرد لە کۆتاییدا بو بە بەڵا بەسەریەوە و دواییش بۆ خۆی لە ناوی برد [لەم لایەنەوە و لە زۆر لایەنی تریشەوە چیرۆکەکەیان لە چیرۆکی سوپای یەنیچەری Yeniçeri (سەربازانی نوێ) «الإنْكِشاريــَّة» Janissary دەچێت لە مێژوی عوثمانیدا سەدەی ١٤ ـ ١٩ ز.، ئەمانیش گۆڕانکاریەك بەسەر شێوازی ژیانیاندا هێنرابو و کۆچ «هِجْرة» یان پێ کرابو و پەروەردەیەکی تایبەتی کرابون، چونکە ئەم سوپایە لە بنەڕەتدا لە سەدەی (١٤ ز.) دا لەو گەنجە مەسیحیانە پێك هێنرابو کە لە ناوچەکانی بەلقانەوە هێنرابون و کرابونە موسڵمان و کۆمەڵێك یاسای توند ـ لەوانە شێوازی ژیانی ڕەبەنی «العُزُوبة» ـ یان بەسەردا سەپێنرابو، بە هۆی کارامەیی سەربازییانەوە لە سەدەکانی (١٥ ز.) و (١٦ ز.) دا پلەوپایەیەکی زۆریان هەبو و بونە هێزێکی سیاسییش لە ئیمپراتۆرێتیی عوثمانیدا و لە کۆتایی سەدەی (١٦ ز.) یشدا یاسا و شێوازە تایبەتیەکانیان (وەکو ڕەبەنی) لەسەر سوك کرا و لە سەدەی (١٧ ز.) یشدا فرمانە بنەڕەتیەکەیان گۆڕا، تا لە سەدەکانی (١٧ ز.) و (١٨ ز.) دا نەخشەی چەندین کودەتای سەربازییان داڕشت و لە سەدەی (١٩ ز.) دا دژایەتیی ئەو چاکسازیانەیان کرد کە بە شێوازی ئورۆپایی هێنران بەسەر سوپادا و کاتێکیش ئەو سوپا نوێیە ڕاگەیەنرا

---

الطبعة الأولى، ١٩٩٥. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.). ص‌ص. ١٩ ـ ٢٣.

**العتيبي**، محمد، *معركة السَّبَلة*. موقع قبيلة الخييلات.

@http://www.alkhyeyelat.com/vb/showthread.php?p=5254

*سلطان بن بجاد ـ شخصية قيادية قوية*. منتدى قبيلة عتيبة. ٢٠٠٤/١١/٢٠.

@http://www.otaibah.net/m/showthread.php?t=11554

**الحربي**، *مشكلة المعارضين من الاخوان للملك عبد العزيز* ـ الجزء الاول. شبكة شمّر. ٢٠٠٢/٨/٧.

@http://shmmr.net/vb/showthread.php?t=6829

ئەمان یاخی بون، تا لە حەزیرانی (١٨٢٦ ز.) دا سولّتان مەحمودی دوەم (١٧٨٤ ـ ١٨٠٨ ـ ١٨٣٩ ز.) دوای ئەوەی خۆیان بە دەستەوە نەدا بە زەبری تۆپ زۆربەیانی لە سەنگەرەکانیاندا کوشت ئەوانەش کە گیران لە سێدارە دران[١٩٣]].

شایەنی باسە هەمو ئیخوان بەشدارییان لە یاخیبونەکەدا نەکردبو، ئەوانەیان لایەنگریی خۆیان بۆ ئیبن سەعود پاراستبو لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا مانەوە و حکومەتیش بەردەوام بو لە پشتگیریکردنیاندا و وەکو هێزێکی ئایینیی کاریگەر مانەوە، لە کۆتاییشدا لە گاردی نیشتمانیی سەعودیدا توانەوە[١٩٤].

بێ گومان تا ئێستاش نەوەی ئیبن عەبدولوەهاب بە ناوی (آل الشیخ) دەسەڵاتی خۆیان پاراستوە و دەستیان گرتوە بەسەر ژیانی ئایینیدا، چونکە وەزیری (دعوة و إرشاد) لەو وڵاتەدا هەمیشە کەسێکە لە بنەماڵەی (آل الشیخ) یان نەجدیەکان بە گشتی و زۆربەی ئەو زانا ئایینیانەی کە دەستیان گرتوە بەسەر کاروبارە ئایینیەکاندا هەر لەو بنەماڵەیە و لە نەجدیەکانن و بە فەتوای ئەوان هەر شتێك پەسەند دەکرێت.

## هۆکارەکانی سەرکەوتنی رێبازی وەهابی

سەرکەوتن و زاڵبونی رێبازی وەهابی چەند فاکتەر و هۆکارێکی هەیە، لەوانە:

١. دواکەوتویی و سروشتی بیابانیی ناوچەی نەجد و زاڵبونی شێوازی ژیانی بیابانشینی و خێڵەکی و کێشمەکێش و هێرش و تاڵانکردنی نێوان خێڵەکان بەسەریدا، لەم ژینگەیەشدا ئاشکرایە کە کولتور و بەرژەوەندیی خێڵی زاڵ و سەرکەوتو لە هێرشەکاندا دەبێتە واقیع. گومانیشی تێدا نیە کە ئیبن عەبدولوەهاب لە مەڵبەندە دێرینەکانی شارستانێتیدا، وەکو عێراق و سوریا و میسر، نەیدەتوانی رێبازە هەژار و سادە و ساکارەکەی بڵاو بکاتەوە، جگە لەوەی ناوچەی نەجد و نیمچە دورگەی عەرەبی بە گشتی دەسەڵاتێکی بەهێز و خاوەن رەگوریشەی مێژویی و نەتەوەیی تەواوی تێدا نەبو وەکو ئەوەی لە وڵاتانی تری دەوروبەردا هەبو[١٩٥]، بەڵکو ئەوەی هەبو دەسەڵاتی کاتی و ناوچەیی بچوکی هەندێك خێڵی یەکترخۆر بو، بۆیە بنەماڵەی سەعودی بە پشتگیریی ئایدیۆلۆجیایی وەهابی بە ئاسانی توانی زاڵ ببێت بەسەر ناوچەکەدا. بە

---

[١] دەربارەی سوپای یەنیچەری، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Janissary*.

[1] Encycl. Britannica. Art. *Ikhwan*.

[٢] بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. الفصل ١، ص‌ص. ٤٣، ٤٤.

شێوەیەکی گشتییش ڕێبازی وەهھابی بانگەوازێکی ئاییینی نوێ بو لەوانەی لە سەردەمی نوێدا لە چەند لایەکی جیهانی ئیسلامیدا سەریان هەڵدا و هەریەکەیان سودی بینیوە لە کولتور و بارودۆخی ناوچەیی، وەکو ئاییینی بابی یاخود بەهائی «البابیة» یاخود «البهائیة» لە ئێراندا کە پەرەپێدانی بیرۆکەی (المهدي) ـە کە لەوێ ئەو بیرۆکەیە برەوی تەواوی هەیە، هەروەها وەکو ئاییینی قادیانی «القادیانیة» لە هیندستان کە گونجاندنێکە لە نێوان کۆمەڵێك ئاییینی جیاوازدا (بە تایبەتی ئاییینی ئیسلامی و مەسیحی و هیندۆسی) کە ئەوەش لە هیندستاندا واقیعێکە، بە هەمان شێوە ڕێبازی وەهھابییش سودی بینیوە لە ژینگەی بیابانی و خێڵەکیی نەجد و نیمچە دورگەی عەرەبی. ئەم ڕەگوڕیشە و بارودۆخەی نەشونمای ڕێبازی وەهھابی تا ئێستاش بە ڕونی بە ڕێبازەکەوە و بە شوێنکەوتوانیەوە دیارە، وەکو بێئاگابونی پێشەوایانی ڕێبازەکە لە کەلەپوری ئیسلامی و ئەو زانستە ئاییینی و زمانەوانی و سروشتی و عەقڵیانەی کە لە ڕابردودا گەشەیەکی زۆریان کردبو، بۆ نمونە زانستە ئاییینیەکانی وەکو (أصول الفقه) کە بیرێکی یاسایی و میتۆدێك بۆ مامەڵە لەگەڵ دەق پەرە پێ دەدات و بوار دەکاتەوە بۆ گونجاندنی نێوانی دەقە پێچەوانەکان و بۆ بەراوردی دەقەکان وەکو زنجیرەی گێڕەرەوەکان و وەکو ناوەڕۆکیش، کە ئەمەش هەموی ڕێگە دەدات بە فرەیی بیروڕا لە بابەتە فیقهیەکاندا، هەروەها وەکو (أصول الدین) یاخود (علم الکلام) کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ مشتومڕی عەقڵی لەسەر بیروباوەڕەکان، ئەمانە لای ئەوان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نادرێت، هەروەها زانستە زمانیەکانی وەکو (النحو) و (التصریف) و (الاشتقاق) و (المعاني) و (البیان) و (البدیع) و (الوَضْع) و (العَروض) و... کە ئەمانە دوازدە زانستەکە[١٩٦] پێك دەهێنن کە لە ڕابردوی کولتوری ئیسلامیدا مەرجێك بون بۆ خوێندنەوەی دەقی ئاییینی، لە لای پیاوی ئاییینی وەهھابی بایەخیان پێ نادرێت بەڵکو بە خراپی باسیان دەکرێت (وەکو ئەوەی پێیان وایە زانایانی زانستی نەحو مرۆڤی خراپ و

---

[١] دوازدە زانستەکە (دوازدە عیلم)، لە کەلەپوری ئیسلامیی سەردەمانی دواییدا، بریتی بون لە زانستەکانی (زمان) ی (عەرەبی)، ڕێزمان و ڕەوانبێژی و هۆنراوە و هەندێك بابەتی تر، ئەوانەش: (النَّحْو) Syntax و (التصریف) Morphology، و (الاشتقاق) Etymology، و (اللُّغَة) Lexicology، و (المعاني) Phraseology و (البیان) Rhetoric و (البَدِیع) Euphuism، و (العَروض) Prosody، و (الوَضْع) Semantics، و (آداب البحث و المناظرة) Decencies of Discussion، و (التواریخ) Chronograms (واتە ئاماژە بۆ مێژو و بەروار بە بەهای ژمارەیی پیتەکانی ئەبجەدی). ئەمانەش دەبنە یازدە، بەڵام بۆ ئەوەی بگەنە دوازدە کە (دوازدە) ژمارەیەکی تەواوە و دەرزەن dozen ـە (!)، هەر چۆنێك بێت گەیاندویاننەتە دوازدە، ئەوەش بە دابەشکردنی (العَروض) بۆ دو زانستی (العَروض) و (القَوافي)، یان دەکرێت بە دابەشکردنی (آداب البحث و المناظرة) بۆ دو زانستی (آداب البحث) و (آداب المناظرة)!

بێئایین بون)، هەر بۆیە مەلای وەههابی بەوە ناوی رۆشتوە کە زمانی عەرەبی بە باشی نازانێت و هەڵەی زمانی دەکات لە دوان و نوسین و لە خوێندنەوە و راڤەی دەقەکاندا، هەروەها ئەو زانستە سروشتیانەی کە لە رابردودا زانا ئایینیەکان بایەخیان پێ داوە، وەکو (الطبيعيات) و (الفَلَك و الأُسْطُرْلاب) و (علم الهَيْئة) (کە بەرامبەری فیزیا یان میکانیکای ئێستەیە).. ئەمانەش لای پێشەوای وەههابی هیچ گرنگیەکیان نەبوە بەڵکو بە قەدەغە و نارەوا دانراون، هەروەها زانستە عەقلێەکان[197] ی وەکو (المَنْطِق) و (الحِكْمة) و (العلم الإلهيّ) یاخود (الإلهيّات) (کە ئەمەیان میتافیزیکا یان فەلسەفەی یەکەم دەگرێتەوە)، وەههابیەکان ئەمانە بە گومڕایی دەزانن و فێربونیان قەدەغە دەکەن. هەروەها وەههابیەکان بێئاگان لەو رێوشوێن و شێوازەی کە لە بیری ئایینیی ئیسلامیدا بۆ مامەڵە لەگەڵ چەمك و بنەما ئایینیەکاندا چەندین سەدە بو جێگیر ببو، وەکو جیاوازی لە نێوان (فَرْض) و (سُنّة) دا لە ئەرکە ئایینیەکاندا، جیاوازی لە نێوان ئەوەی (قطعيّ) ـە لە ئاییندا و ئەوەی (ظنّيّ) ـە و دەکرێت مرۆڤ لێی دەربچێت و (تأويل) بکرێت یان فەرامۆش بکرێت، بەڵکو لای مرۆڤی وەههابی ئەوەی لە رواڵەتی قورئان و فەرمودە دروست «صحيح» ەکاندا هاتوە پێویستە بە رەهایی و بەبێ چەندوچون و لێکدانەوە جێبەجێ بکرێت، بەبێ جیاوازی لە نێوان بنەڕەتی و لاوەکیدا یان رواڵەت و کرۆکدا. ئەمانەش لەبەر ئەوەی رێبازی وەههابی هەمو کەلەپوری ئیسلامیی لە قورئان و کۆمەڵێك فەرمودەی پەسەندکراو و نوسراوەکانی ئیبن تەیمیە و ئیبن قەییم و ئیبن عەبدولوەهابدا کورت کردوەتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە قەدەغەی دەکەن و لای لێ ناکرێتەوە، جگە لەوەی هەمو زانستە ئایینیە ئیسلامیەکان لە زانستەکانی فەرمودە «علوم الحديث» دا کورت دەکەنەوە، بە شێوەیەك (فیقهـ) تەنها دەبێتە کۆمەڵێك فەرمودەی هەڵبژاردە. جگە لەمانەش دەبینین بە تەواوی شێوازی ژیانی خێڵەکی لە هەڵسوکەوت و دیمەنی پێشەوایانی وەههابیدا رەنگ دەداتەوە، وەکو پشتبەستنیان بە دەسەڵاتی خێڵەکانیان و شێوازی جلوبەرگیان کە هەمان جلوبەرگی خێڵەکانی بیابانە (بە شێوەیەك بە پێی جلوبەرگەکانیان دەڵێیت سەرۆك خێڵ و عەشیرەتن!) و جیاوازە لەوەی بینراوە لە جلوبەرگی پیاوی ئایینی، بۆ نمونە مێزەریان گۆڕی بە پارچەیەك قوماشی سپی کە دەیدەن بە سەریاندا.

٢. لە جیهانی ئیسلامیدا لە چەند لایەکی تردا بانگەوازی پێشینگەرایی «السلفية» بەرز کرایەوە، چونکە چەند زانایەکی ئایینی دەرکەوتن کە بانگەشەیان کرد

---

[2] ئەم دەستەواژەیە لە کەلەپورەوە هاتوە و چەمکی (زانست) «عِلْم» و (عەقڵ) لەم دەستەواژەیەدا بە پێی چەمکە نوێیەکە نیە، بەڵکو (زانست) لێرەدا بە واتای بوارێکی مەعریفەیە.

بــۆ شــوێنکەوتنی ڕێبــازی پێشــینان «السَّلَف» لــە تێگەشــتنی ئــایین و دەقــە ئایینیەکاندا[198]، و ویستیان گیانێکی نوێ بکەنەوە بە بەری بنەما ئایینیەکاندا دوای ئەوەی ئەو بنەمایانە ببونە بەشێك لە کولتوری ناوچەیی، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ خودی دەقــەکان و شــێوازی موســڵمانە یەکەمــەکان لــە بــیری ئــایینی و تێگەیشــتنی دەقــە ئایینیەکاندا و تێپەڕاندنی کەلەپوری فیقهی و عەقیدەیی کەڵەکەبوی چەندین سەدە کە گەیشتبوە دۆخێك کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بۆ خۆی لە دەقــە ئایینیــەکان بگــات و چەمکی فیقهی و عــەقیدەییان لــێ گەڵاڵە بکات، چونکە ئــەوە دەبێتــە (ئیجتیهــاد) و ئیجتیهادیش هەزار ساڵ لەوە پــێش دەروازەکــەی داخرابــو، بــەڵکو ئەوانــەش کــە لــە رابردودا (موجتەهید) ی ناوخۆی (مەزهــەب) بــون (واتــە ئــەو فەقیهــەی کــە توانــای دەستنیشانکردنی پەسەندترین بــیروڕای نــاو ڕێبــازێکی فیقهیــی دیــاریکراوی هــەبو)، ئەوانەش ـ گوایە ـ نەمابون، ئــیتر لــەبریی دەقــەکان کۆمــەڵێك ڕێبــاز و داب‌ونــەریت برەویان هەبو.. بۆیە چەند پێشەوایەکی ئایینی لە چەند لایەکی جیهانی ئیسلامیدا دەر کەوتن کە بانگەشەیان کرد بۆ پشتگوێخستنی ئەو کەلەپورە داخــراوەی کــە لــە لایــەن چــەند ڕێبــازێکی دیــاریکراوەوە قــۆرخ کرابــو و گەڕانــەوە بــۆ شــێوازی پێشــینان لــە ئاییندارێدا کە دۆخی پێش هاتنەکایە و جێگیربونی ڕێبازەکانە، واتە بانگەشەیەکی دو لایەنــە بــو بــۆ پێشــینگەرایی و بــۆ پشتگوێخســتنی ڕێبــازە باوەکــان. ئــەو پێشــەوا ئایینیانەش هەندێکیان هاوچەرخی ئیبن عەبدولوەهاب بون و هەندێکی تریشیان دوای ئەو هاتون و پشتگیرییان لە ڕێبازەکەی کردوە. لەوانە:

ـ زانای ئایینیی یەمەنی (محمد بن إسماعيل الأمير الصنعاني) (١٦٨٨ ـ ١٧٦٨ ز.)، خاوەنی (*سُبل السَّلام*) لــە بــواری فیقهــی فــەرمودەدا. ئەمــە هاوچــەرخی ئــیبن عەبدولوەهاب بوە و هۆنراوەیەکیشی هەیە بۆ ستایشی بانگەوازەکەی ئــەو. هــەروەها کتێبــی (*تطهير الاعتقاد عن دَرَن الشرك و الإلحاد*) ی نوسیوە کــە لــەم کتێبــەدا بیروڕاکانی جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بیروڕاکانی ئیبن عەبدولوەهابدا نیە.

ـ زانایەکی ئایینیی یەمەنیی تر بە ناوی (محمّد المُرْتَضَى) (١٧٩٠ ز. مردوە)، کــە بەرهەڵستیی سروتی تایبەتیی دەروێشەکانی کردوە.

ـ پێشەوای ئایینیی هیندی (شاه وليّ الله) (١٧٠٣ ـ ١٧٦٢ ز.)، خــاوەنی (*حجّة الله البالغة*) و (*التفهيمات الإلهية*) و (*أنفاس العارفين*)، کــە هاوچــەرخی ئــیبن عەبــدولوەهاب بــوە و، (١٤) ســاڵیش لــە مەدینــە وانــەی فــەرمودەی خوێنــدوە و،

---

[1] دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٥٦.

بانگەشەی کردوە بۆ چاکسازیی ئـاینی و یەکخستنی چـوار رێبازەکـە و رێبازەکـانی تەصەووف و کردنەوەی دەروازەی ئیجتیهاد و بوژاندنـەوەی رەسـەنایەتیی ئیسـلامی و رۆڵی زۆری بینیوە بۆ ژیاندنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی لە هیندستاندا. بـەم شـێوەیەش بنەمایەکی دانا بۆ ئاڕاستە ئیسلامیە نوێیـەکانی هیندسـتان و رێـی خـۆش کـرد بـۆ گەشـەکردنی رێبـازێکی ئیسـلامی لـە هیندسـتاندا کـە لـە بنەماکانیـدا زۆری لـە وەهابیەت دەچێت(١٩٩).

- زانای ئایینیی یەمەنیی زەیدی (محمد بن علـي الشَّـوْكاني) (١٧٦٠ ـ ١٨٣٤ ز.)، خاوەنی *(نَيْل الأوطـار)* لە بواری فیقهـی بـەراورددا و *(فـتح القـدير)* لـە لێکدانـەوەی قورئاندا، هەروەها کتێبـی *(التُّحَف في مذهب السَّلَف)* ی نوسیوە کە (دار الإفتاء) لـە سەعودیە چاپی کردوە، هەروەها کتێبـی *(شرح الصدور بتحريم رفـع القبـور)* کـە ئـەم بابەتەش لەو بابەتانەیە وەهابیەکان بایەخی پێ دەدەن.

- زانای ئایینیی هیندی و پاشای هەرێمی (بەهوپال) لـە هیندسـتان (صِدّيق حَسَـن خان) (١٨٣٢ ـ ١٨٨٩ ز.)، خاوەنی *(فتح البيان في مقاصد القـرآن)* کـە لێکدانـەوەی قورئانە و *(الدين الخالص)* لە بابەتی یەکتاپەرستیدا.

- فەرمودەبێژی هیندی (محمد بشير بن محمد السهسـواني) (١٨٣٤ ـ ١٩٠٨ ز.)، کە کتێبێکی نوسیوە بە ناوی *(صيانة الإنسان عن وسوسة الشيخ دحلان)* کە وەڵامدانەوەی نوسینەکانی زانـای ئـایینیی حیجـازی (زیـني دحـلان) (١٨١٦ ـ ١٨٨٦ ز.) ـە دژی رێبازی وەهابی، ئەم کتێبەی (السهسـواني) یش بە کۆشش و پاکنوسـی (محمـد رشـيد رضا) بڵاو کراوەتەوە.

- مێژونوس و زانای ئایینیی عێراقـی (محمـود شُـكْري الآلوسـيّ) (١٨٥٧ ـ ١٩٢٤ ز.)، خاوەنی *(بُلوغ الأَرَب في معرفة أحوال العَرَب)*، کە کتێبـی *(غاية الأمـاني في الـرد على النبهاني)* ی نوسیوە بۆ بـەرگری لـە ئـیبن عەبـدولوەهاب. هـەروەکو عـەودالی بیروباوەڕ و نوسراوەکانی ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییم بو.

- زانای ئایینیی میسری (محمد رشيد رِضـا) (١٨٦٥ ـ ١٩٣٥ ز.)، خاوەنی گۆڤاری

---

(١) دەربارەی (شاه ولي الله)، بڕوانە:

*المنجد في الأعلام*. مادة (شاه ولي الله).

Encycl. Britannica. Art. *Wali Allah, Shah*.

*Shah Wali Ullah*. Story of Pakistan 2003.

@http://www.storyofpakistan.com/person.asp?perid=P064

(المَنار) و *(تفسير المَنار)* كە لێكدانەوەی قورئانە بە سودبینین لە كۆڕەكانی محەمەد عەبدوه. (محمد رشید رِضا) دوای ئەوەی نەقشبەندی بو رێبازی وەهابیی پەسەند كرد و بەرگریی لە بانگەوازەكەی ئیبن عەبدولوەهاب كرد و لە بڵاوكردنەوەی نوسراوەكانی ئەودا رۆڵێكی زۆری هەبوە، ئەمەش زیاتر بە هۆی ئەوەی كە (محمد رشید رِضا) داخ لە دڵ بو لە خانەدانەكانی بنەماڵەی هاشمی كە بە درێژایی (٧٠٠)ساڵ لە حیجازدا فەرمانڕەوا بون بۆیە پشتگیریی وەهابیەتی كرد چونكە دەسەڵاتی هاشمیەكانی لاواز كرد و پاشان نەهێشت.. ئەوەش زیاتر لە كتێبێكیەوە دەردەكەوێت بە ناوی *(الوهابیون والحجاز)*.

ـ فەرمودەبێژی میسر لە سەردەمی خۆیدا (أحمد محمد شاكر) (١٨٩٢ ـ ١٩٥٨ ز.)، كە لێكۆڵینەوە و پەراوێزێكی چاپكراوی هەیە لەسەر كتێبی *(یەكتاپەرستی)* «*كتاب التوحید*» ی ئیبن عەبدولوەهاب.

ـ خانەدان و زانای ئایینیی حیجازی (محمد نَصِیف) (١٨٨٤ ـ ١٩٧١ ز.) كە رۆڵێكی گەورەی هەبوە لە چاپكردن و بڵاوكردنەوەی نوسراوەكانی ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییم و ئیبن عەبدولوەهابدا.

پاشان هەندێك نوسەر و بیرمەندی ئیسلامی كەوتنە بەر كاریگەریی رێبازی وەهابی و بانگەشەی سەلەفیەت و گەڕانەوە بۆ سەر بنەڕەتی ئیسلام، وەكو (أبو الأعلى المودودي) (١٩٠٣ ـ ١٩٧٩) لە *(المصطلحات الأربعة في القرآن)* و *(الحكومة الإسلامية)* و *(منهاج الانقلاب الإسلامي)* و نوسراوەكانی تریدا و (سید قُطْب) (١٩٠٦ ـ ١٩٦٦) لە *(مَعالِم في الطریق)*[(٢٠٠)] دا و (محمد قُطْب) لە هەمو نوسراوەكانیدا. لە رێگەی ئەمانەشەوە وەهابیەت و بیری سەلەفیەت لە بیری ئیسلامیی نوێدا هێلانەی كرد و ئاڕاستەی ئیسلامیی راستەقینە بو بە ئاڕاستە وەهابیەكە یان ئاڕاستەیەك كە بایەخ بدات بە شێوازی پێشینان «السَّلَف» لە ئاییناری و بیری ئایینیدا و هەمو گەشەكردنێك لەو بوارەدا بداتە دواوە و لە بیر بەرێتەوە و تەنها ئاوات بخوازێت بە سەردەمی ئیسلامیی زێڕین. لێرەوە مەودودی كەوتە رەخنە لە كۆمەڵگا ئیسلامیە نوێیەكان لەسەر ئەوەی بە تەواوی شەریعەت جێبەجێ ناكەن و ئەوەی بە هەڵگەڕانەوە دانا و خەڵكی هەڵنا بۆ راگەیاندنی جیهاد

---

[(١)] ئەم كتێبە (مەلا كرێكار) وەریگێڕاوە بۆ كوردی و بە ناوی *(مەشخەڵی رێ)* ەوە بڵاوی كردوەتەوە و كاتی خۆی یەكێك بو لە كتێبەكانی رێنومایی بیری جیهادی ئەگەر بە شێوەی خەواندنی مەگناتیسییش بوبێت! (واتە كتێبێكی بارگاوی بو و بە بێ خوێندنەوەیش كاریگەریی هەبو!).

دژی ئەو حکومەتانەی ئیسلام جێبەجێ ناکەن و ملکەچی (حاکمیة) ی خوا نابن (هەرچەند بیری مەودودی لایەنی پۆزەتیڤیشی تێدایە و بەراورد ناکرێت بە بیری وەهابی).. مەودودی کاریگەریی رونی لەسەر (سەیید قوطب) بیرمەندی کۆمەڵەی برایانی موسڵمان «الإخوان المسلمون» بەجێ هێشت و ئەمیش وەکو مەودودی (و توندتریش، چونکە سەیید قوطب توشی توندوتیژی و سەرکوتکردن و بێبەشکردنی سیاسی هات لە لایەن ناسیۆنالیزمی / یاخود دیکتاتۆریی/ ناصریەوە) مێژوی خەباتی پێغەمبەر و هاوەڵانی و پێشینانی موسڵمانانی دەکردە بنەمای ئایدیۆلۆجیایەکی شۆڕش بۆ زیندوکردنەوەی خیلافەت و خۆبەختکردن لە پێناوی ئەو ئامانجەدا، ئەوەش سەرەتا بە کارکردن بۆ هەڵگێڕانەوەی رژێمە فەرمانڕەواکان کە نوێنەری نەفامی «جاهليّة» ن[201]. سەبارەت بە (محەممەد قوطب) یش ئاشکرایە کە هەڵگری بیرێکی جیهادیی تیۆری «نظريّ» یە[202] و نوسراوێکیشی هەیە بە ناوی *(الجهاد الأفغاني و دلالاته)*. جگە لەمانەش شەپۆلێکی بیری سەلەفی لە ناوەندەکانی برایانی موسڵماندا بڵاو بوەوە و چەندین کەسایەتیی سەلەفی لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا دەر کەوتن، ئەوانەش وەکو (أحمد التويجري) لە سەعودیە و (الشيخ عبد المجيد الزِّنْداني) لە یەمەن و (الشيخ عمر الأشْقَر) لە ئوردون و (الشيخ عِصام البَشير) لە سودان، کە هەڵوێستی ئەمانە لە بابەتە سیاسیەکاندا لە چوارچێوەی گشتیی هەڵوێستی کۆمەڵەی برایان دەرناچێت بەڵام هەڵگری بیری ئایینیی سەلەفین و لەم لایەنەوە کاریگەریی خۆیان هەیە[203].

٣. سەرهەڵدانی وەهابیەت هاوکات بو لەگەڵ سەردەمێکی نوێ و بارودۆخێکی نوێدا، لەبەر ئەمەش بە نوێکردنەوە «تجديد» و چاکسازی «إصلاح» هاتە پێش چاو و ناسرا، هەروەها سەرهەڵدانی شانشینیی سەعودی دوای روخانی ئیمپراتۆریێتیی عوثمانی و نەمانی دەسەڵاتی خانەدانەکان «الأشراف» ی حیجاز، ئەو بیرۆکەیەی لە هزری

---

[2] دەربارەی ئەم لایەنەی بیری (المودودي) و (سيد قطب)، بڕوانە:

**بلوند**، فيليب و **باست**، أدريان، *جذور الإرهاب الإسلامي*. صحيفة (إنترناشونال هيرالد تريبون)، ٢٨ يوليو ٢٠٠٥. إسلام ديلي، ١٥ ذو القعدة ١٤٢٦ هـ.

@http://www.islamdaily.net/AR/Contents.aspx?AID=3576

[3] بڕوانە: **الخميس**، عبد العزيز، *المؤسسة الدينية في السعودية: التيارات، التفاعلات، الخيارات الاصلاحية*. الحرمين، الدراسات، شبكة راصد الاخبارية، ٢٠٠٤/٩/٢١.

@http://www.alhramain.com/text/drasat/21.htm

[1] نفسُه.

خەڵکدا دروست کرد کە وەهھابیەت ئاڕاستەی نوێی جیهانی ئیسلامە دوای سەردەمانی تاریکی و ژێردەستەیی دەسەڵاتی عوثمانی و هاشمی.. لە کاتێکدا نوێگەریی ئیسلامی (ئەگەر شتێکی وا بونی هەبێت) هیچ بەشداریەکی راستەقینەی وەهھابیەتی تێدا نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە لە ئیسلامی میسریدا بەرجەستە دەبێت کە بە ئاڕاستەی جەمالوددینی ئەفغانی (١٨٣٨ ـ ١٨٩٨ ز.) و محەممەد عەبدوه (١٨٤٩ ـ ١٩٠٥ ز.) گەشەی کرد.. بەڵکو تا ئێستاش رێبازی وەهھابی نەیتوانیوە گوتارێك بەرهەم بهێنێت کە وەڵامی پێداویستیە فیکریەکانی سەردەم بداتەوە، تا ئێستاش دامەزراوەی ئایینیی وەهھابی دانی نەناوە بە رەوایی (!) و دروستی (!) ی زانستە سروشتیەکان و راستیی زانستیی وەکو سوڕانەوەی زەویدا! ئەم دیاردەیەش لەناو مەلایان «مَشایخ» ی دامەزراوە ئایینیەکەدا ئاشکرایە بە شێوەیەك کە زۆرێك لە خەڵکی سەعودیە گوێ ناگرن بۆ ئەو مەلا وەهھابیانە مەگەر تەنها بۆ هەندێك وردەکاریی پاك‌وخاوێنی «طهارة» و پەرستشەکان «عبادات» نەبێت، چونکە دڵنیان کە ئەوانە هیچی تر نازانن و سەر دەر ناکەن لە بابەتەکانی سەردەم و وەکو کۆمەڵێك پیر و بەساڵاچو بۆیان دەڕوانن[٢٠٤].. سەبارەت بەو پێشەوا ئایینیانەی دەرەوەی دامەزراوەی رەسمییش کە بیرێکی ئایینی ـ سیاسییان پەرە پێ داوە، وەکو (سَفَر الحَواليّ) و (سلمان العودة) و (ناصر العمر) و کەسانی تر، ئەمانەش خۆیان هەڵ دەقورتێنن لە کێشە سیاسیەکان بە هەمان شێوازی سادەی (حەڵاڵ) و (حەرام) ی فیقهی تەقلیدی و بە پشتبەستن بە چەمکە کۆنەکانی (الوَلاء و البَراء) و (دار الإسلام و دار الحرب)... بۆیە هەڵوێستیان بەرامبەر هەر کێشە و پێشهاتێك تەنها رەتکردنەوەی ئایینی و قەدەغەکردن و فەتوای حەڵاڵیی خوێنی بەرامبەرە.

٤. بێئاگایی موسڵمانان بە گشتی لە مێژوی راستەقینەی وەهھابیەت و دەسەڵاتی سەعودی ـ وەهھابی.

٥. بیرۆکەی یەکتاپەرستی و شوێنکەوتنی شێوازی پێشینان «السَّلَف» هەمیشە لە کولتوری ئیسلامیدا بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێش و خۆشەویست و لەبەردڵانە و زوبەزو پشتیوان و لایەنگر پەیدا دەکات، وەهھابیەتیش لەسەر ئەو بیرۆکەیە وەستاوە.

٦. وەهھابیەت وەکو رێباز و وەکو تەوژم بایەخی بنەڕەتیی بە چەند بنەمایەك داوە کە هەمان ئامانجەکانی ئیسلامن لە کاتی سەرهەڵدانیدا، ئەو ئامانجانەش وەکو

---

[٢] ئەم زانیاریە ئەنجامی ڕاپرسیی بیروڕای چەندین هاوڵاتیی سەعودیە. بڕوانە: *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص. ٢٧.

یەکتاپەرستی و جیهاد کە دو ئامانجی هاوکار و پەیوەستی ئیسلامن لە ساتی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەیدا. لە کاتێکدا رێباز و کۆمەڵە ئیسلامیەکانی تر زیاتر بایەخیان بە ئامانجی تر داوە چونکە ئەم کۆمەڵانە خۆماڵیکراو بون و شێوازی بەرایی ئیسلامیان دوپات نەکردوەتەوە. لەبەر ئەمەش رێبازی وەهابی بوەتە نوێنەرێکی راستەوخۆ و رەسەنی ئیسلام.

٧. وەهابیەت بو بە ئایدیۆلۆجیایەکی عەرەبی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا بۆ جیابونەوە لە ئیمپراتۆرێتیی عوثمانی، واتە جیابونەوەی سیاسی لە شێوەی جیابونەوەی کولتوری و ئایینی و مەزهەبییشدا خۆی دەرختسوە.. ئیسلامی عوثمانی بریتی بو لە ئیسلامی رێبازی حەنەفیی ئاسانکار و تەصەووف و تەریقەت و تەکیە و خانەقا و کۆڕ و ئەڵقەی سەمای دەروێشانی مەستی تەریقەتی مەولەوی لەگەڵ پلەوپایەی ئایینیی سوڵتان و (شیخ الإسلام) ی ئیستەنبول.. لە بەرامبەردا ئیسلامی وەهابی بریتی بو لە روتکردنەوەی ئیسلام لە هەر خۆماڵیکردن و گونجاندنێك لەگەڵ کولتوری ناوچەییدا لە رێگەی تەصەووف و بیری فەلسەفی و عیرفانی و ئەدەب و هونەرەوە. هەر بۆیە دژایەتیکردنی عوثمانیەکان بۆ رێبازی وەهابی دو لایەنە بو: لایەنی سیاسی (و سەربازی) و لایەنی کولتوری و مەزهەبی، واتە بە هێزی سەربازی و بە قەڵەمی زانای ئایینی روبەڕوی وەهابیەت بونەوە، چونکە وەهابیەتیش بە هەمان شێوە دو لایەنە بو. دەکرێت پەرەگرتنی زیاتری رێبازی شیعەش لە ئێراندا لە سەرەتای سەدەی (١٦ ز.) ەوە هەر وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی جیابونەوە لە دەسەڵاتی عوثمانیی سونني لێك بدرێتەوە. نمونەیەکی تریش تەریقەتی سەنوسی (ی سوننی - مالیکی) ـە لە لیبیا کە لە کاتی خۆیدا وەکو ئایدیۆلۆجیایەك بەکار هاتوە بۆ روبەڕوبونەوەی عوثمانیەکان و ئیتالیەکانیش(٢٠٥).

٨. بە هەمان شێوە رێبازی وەهابی و دەسەڵاتی سەعودی هەستی نەتەوەیی عەرەبییان بوژاندەوە و وەهابیەت بوە ئایدیۆلۆجیایەکی ناسیۆنالیستی بۆ عەرەب و نیمچە دورگەی عەرەبی لە بەرامبەری گەلانی دەوروبەردا بە تایبەتی تورك. ئیتر سەرلەنوێ بیری (فتوحات) ی عەرەبی و خەلیفەی عەرەبی بوژایەوە و وەکو پەتایەك هەمو چینەکانی گرتەوە، هەندێکیان پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە رۆژێك دێت کەسێکی عەرەب لەسەر تەختی خیلافەت ببینن(٢٠٦).. ئەوەش چونکە لە سەردەمی

---

(١) دەربارەی رۆڵی رێبازی ئایینی لە جیاخوازیی نەتەوەییدا، بڕوانە: عبد الجبار، *بنية الوعي الديني*. ص‌ص. ١١٥، ١١٦.

(١) دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ٤١. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٢، ص‌ص. ٥٩،

عەبباسیەکانەوە دەسەڵاتی راستەقینە لە دەستی عەرەبدا نەمابو و فارس و تورك زاڵ ببون بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ـ هەتاکو ـ ئایینیشدا. بۆیە کاتێك دەوڵەتی سەعودی هاتە کایە دوەم دەوڵەتێکی عەرەبیی پوخت «خالص» بو دوای دەوڵەتی ئومەوی. هەر بۆیە دەسەڵاتی سەعودی لە سروشت و تایبەتمەندیەکانی و ئایدیۆلۆجیایدا دەچێتەوە سەر دەوڵەتی ئومەوی!

٩. ئەو گەندەڵی و قۆرخکاریەی کە دامەزراوە ئایینیەکان و هەمو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی گرتبوەوە[٢٠٧]. بۆ نمونە چینی دەروێشەکان لە تورکیای عوثمانیدا کە تۆڕێکیان لە ئیمپراتۆریدا پێك هێنابو ببونە چینێکی لاورگە و مشەخۆر و بێبەرهەم و بێزراو کە بارێك بون بەسەر کۆمەڵگاوە، جگە لەوەی بەشێکیان ئامانجی سەرەتایان بەردابو و جگەرەکێشان و مەینۆشی لەناویاندا بڵاو ببوەوە. هەروەها پیشەی فەتوادەری «الإفتاء» بە بارێکی خراپدا بەکەڵك دەهێنرا و ببوە گاڵتەیەك بە دەستی خەڵکەوە بە شێوەیەك بە پارەیەکی کەم هەمو جۆرە فەتوایەك دەست دەکەوت! هەروەها ناسناو و پلە ئایینیەکان بۆ مەبەستی تاکەکەسی و بەکەڵکهێنانی رەشەخەڵك و پێکەوەنانیماڵوسامان و خۆسەپاندن بەکار دەهێنران، بۆ نمونە پلەیەکی ئایینیی زۆر بچوکی وەکو (حاجی) واتە ئەوەی لە سەردانی شوێنە پیرۆزەکان دەگەڕایەوە، لە کولتوری عوثمانیدا ئەو کەسە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیی پەیدا دەکرد و زۆر جار ئەو دەسەڵاتەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنا.. جگە لەوەی خەڵکێکی زۆر بەسەر مزگەوت و پەرستگا و گۆڕ و مەزارگاکانەوە خۆیان دەژیاند و جەماوەرێکی ساویلکەیان بەکەڵك دەهێنا.. ئیتر جگە لەو هەمو پلە و ناسناو و دەسەڵاتە پاشکۆیە ناوچەییانەی کە دەوڵەتی عوثمانی لە هەمو لایەکی ئیمپراتۆریتیدا چاندبونی و بۆ چەوساندنەوە دروستی کردبون، بە شێوەیەك ئیمپراتۆرێتیەك لە چەوساندنەوە و پەیوەندیی نێوان ئاغا و خزمەتچی دروست ببو.. ئەمانە هەموی نەخۆشیی درێژخایەنی جەستەی ئیمپراتۆرێتیی عوثمانی بون و هەمو کۆمەڵگایان گرتبوەوە نەك تەنها دامەزراوە ئایینیەکان. ئیتر بارودۆخەکە گونجاو بو بۆ هاتنەکایەی وەهھابیەت و بەشێکی زۆر لە رەخنەکانی لە دامەزراوە ئایینیەکان و لە (تورکەکان) پاساویان هەبو، کە ئەمەش هێزێکی سەرباری بە وەهھابیەت بەخشی.

١٠. تەشەنەکردنی ناڕەزامەندی بە هەمو ویلایەت و کەرتەکانی ئیمپراتۆرێتیی

---

.٦٠

[٢] لەم بارەیەوە، بڕوانە: دي كورانسي، *الوهابيون*. ص‌ص. ٥٥، ٥٦. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٢، ص‌ص. ٥١، ٥٢، ٥٩.

عوثمانیدا[٢٠٨]. واتە هەمو خەڵك لە (سوخرەكێشانی ئالی عوثمان) بێزار ببون و دەنگی نارەزایی و بانگەشەی سەربەخۆیی لە هەمو لایەكەوە سەریان هەڵ دابو.. چونكە جگە لەوەی دەوڵەتی عوثمانی چەند سەدەیەك بو پلەی (خیلافەت) و (سەلطەنەت) ی زەوت كردبو و دەسەڵاتی یەكەمی قۆرخ كردبو؛ لە دواییدا هەمو دامەزراوە و دامودەزگاكانی گەندەڵ و نەشیاو و نەتوانا ببون و تەنها بارێكی گران بون بەسەر ژیانی خەڵكەوە، جگە لەوەش قەتارەیەك لە پاشاوات و بەگلەری لە هەمو لایەكدا لە پاشكۆی خۆیدا دروست كردبو كە هەمیشە چاوەڕێی (خەطی شەریف) ی (فَرمان) ی سوڵتان و (بابی عالی) بون و میلیشیاكانیشیان هێزێكی بێ كۆت و یاسا بون و لە كاتی دواكەوتنی موچە «جامكیّة» و ئازوخەكانیان یان كاتی گرانی و قاتوقڕیدا دەستیان دەدایە رێگرتن و فڕاندن.. ئینجا ئاشكرایە كاتێك نارەزایی لە شارەكاندا سەر هەڵ بدات كە مرۆڤ لە شاردا فێری ملكەچی و بێوەیی دەبێت ئەوا لە بیاباندا دەگاتە ئەوپەڕی. ئەم بارودۆخەش بە گشتی لەبار بو بۆ هەمو بانگەشەیەكی جیاخوازی و وەهابیەتیش سودی لەم بارودۆخە بینی.

١١. زاڵبونی وەهابیەكان بەسەر مەڵبەندە ئیسلامیە گرنگەكان و شوێنەوارە پیرۆزەكانی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، كە ئەمەش وای كردوە لەبەر چاوی خەڵكدا وەكو خاوەن و پارێزەری ئیسلام دەر بكەون و بتوانن رێباز و شێوازی ئاییندارییی خۆیان بسەپێنن.

١٢. بەكەڵكهێنانی وەهابیەت لە لایەن ئەمیر و پاشا سەعودیەكانەوە بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتی بنەماڵە و فەراهەمهێنانی بنەمایەك بۆ (شەرعیەت) ی دەسەڵات بەو پێیە كە پێشەوایەكی ئایینی (ی وەهابی) و فەرمانڕەوایەكی موسڵمان (ی سەعودی) رێك كەوتون بۆ جێبەجێكردنی ئیسلام، ئەمەش بارودۆخێكی لەباری رەخساند بۆ پەرەگرتنی رێبازی وەهابی. جگە لە سودبینینی فەرمانڕەوای سەعودی لە شارەزایی و دۆستایەتیی بێگانە لە هەمو قۆناغێكدا، سەرباری ئەو پێترۆڵەی كە لە بیاباندا هەڵ قولا و بو بە سەرمایەیەكی مفت بۆ بنەماڵەی سەعودی و بودجەی بانگەوازی وەهابی، كە لە واقیعدا پێترۆڵ دوژمنترین دوژمنی عەرەب و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و فاكتەری هێشتنەوەی هێزەكانی دواكەوتن و دیكتاتۆریە.. بازی خێرای پێترۆڵ كارێكی كردوە كە حكومەتی سەعودی توانیویەتی بودجەیەكی گەورە تەرخان بكات بۆ بانگەوازی وەهابی، ئەوەش راستەوخۆ لە رێگەی بودجەی وەزارەتی (دعوة و إرشاد) و دامەزراوەی ئایینیی رەسمیەوە كە دەگاتە یەك ملیار دۆلار لە ساڵێكدا كە

---

(١) دەربارەی ئەم فاكتەرە، بڕوانە: دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ١١.

ئەمەش بودجەی دەوڵەتی یەمەنیە بۆ دو ساڵ![٢٠٩]، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵە خێرخوازیەکان و قافڵەی بانگخوازانەوە.. هەروەها سەعودیە توانیویەتی ملیارەها دۆلار تەرخان بکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێك ڕێکخراو، لەوانە[٢١٠]:

ـ رایەڵی جیهانی ئیسلامی «رابطة العالم الإسلامي»، ساڵی (١٩٦٢ز.)، کە لە ١٢٠ دەوڵەتدا نوسینگەی هەیە.

ـ خانەی دارایی ئیسلامی «دار المال الإسلامي»، کە ئەمەش تۆڕێك دامەزراوەی هەیە بۆ پارەدارکردنی بڵاوکردنەوەی وەهابیەت، گرنگترینیان: بانکی ئیسلامیی فەیصەل «مصرف فیصل الإسلامي»، کۆمپانیای ئیسلامی بۆ وەبەرهێنان لە کەنداودا «الشركة الإسلامية للاستثمار بالخليج» و کۆمپانیای دەستەبەریی ئیسلامی «شركة التكافل الإسلامي».

ـ ڕێکخراوی فریاگوزاریی ئیسلامی «منظمة الإغاثة الإسلامية»، کە سەدەها مزگەوتی بۆ هەمان مەبەست دروست کردوە و هەمیشە فریاگوزاری موجاهیدان بوە لە هەمو لایەکی جیهاندا، کەڵکێکی زۆریشی بە کار و بەرنامەکانی بن لادن گەیاندوە. وەزیری بەرگریی سەعودی ئەمیر (سلطان بن عبد العزيز) بۆ خۆیشی ئەم ڕێکخراوەی پارەدار دەکرد.

ـ ڕێکخراوی گەنجانی ئیسلامی «منظمة الشبيبة الإسلامية»، کە هەڵ دەستێت بە پێگەیاندنی بانگخواز و هەڵگری بانگەوازی وەهابی.

ـ بانکی ئیسلامی بۆ گەشەپێدان «البَنْك الإسلامي للتنمية»، کە سەعودیە بە ٣٠٪ ی سەرمایەکەی تێیدا بەشدارە.

ئەمەش سەرباری پاشکۆی کاروباری ئیسلامی لە هەمو باڵوێزخانە سەعودیەکاندا، کە نزیکەی ٨٠٠ بانگخوازی وەهابی بەڕێوەی دەبەن کە بەرگری «حَصانة»

---

[١] **الرِّيِّس**، رياض نجيب، *رياح السَّمُوم ـ السعودية و دول الجزيرة بعد حرب الخليج* **١٩٩١ ـ ١٩٩٤** . رياض الريس للكتب و النشر، لندن، الطبعة الخامسة، ٢٠٠٢. ص. ١٦١.

[٢] بڕوانە: **الكحل**، سعيد، *خرافة إنكار علاقة الإرهاب بالتعليم الديني* (٣/٢). صحيفة الحوار المتمدن، العدد (١٣٢٦)، ٢٣/٩/٢٠٠٥.

@http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=46231

بریزار و داسکیه، *ابن لادن*. ص‌ص. ٤٥ ـ ٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٥٣.

Immunity ی دیپلۆماسییان هەیە. هەروەکو سەعودیە، بە تەواوی بێت یان بە بەشداری، هەستاوە بە پارەدارکردنی پرۆژەی دامەزراندنی ٢١٠ سەنتەری ئیسلامی و ١٥٠٠ مزگەوت و ٢٠٠ کۆلێجی ئیسلامی و ٢٠٠٠ خوێندنگە، لە جیهاندا، بەڵکو دامەزراوەی حەرەمەین «مؤسَّسة الحَرَمين» بە تەنها خۆی لە ساڵی (٢٠٠٠ ز.) دا هەستاوە بە کردنەوەی ١١٠٠ مزگەوت و خوێندنگە و سەنتەری ئیسلامی و چاپکردنی ١٣ میلیۆن کتێبی ئیسلامی و خستنەگەڕی ٣٠٠٠ بانگخواز[(٢١١)]. سەرەنجامیش دەبینین کە وەهابیەت و دەسەڵاتی سەعودی هەمیشە توانیویانە خەڵك و ویژدانی خەڵك بکڕن.

## کاریگەری و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی ڕێبازی وەهابی

بێ گومان ڕێبازی وەهابی کاریگەریی نێگەتیڤی زۆری لە جیهانی ئیسلامیدا هەبوە و هەیە، لەوانە:

١. بە ناوی لەناوبردنی ئەو زیارەتگا و گۆڕ و شوێنە پیرۆزانەوە کە گوایە پەرستراون و بونەتە شوێنی فرەپەرستی، هەستاون بە لەناوبردنی زۆربەی شوێنەوارە ئیسلامیەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا بە تایبەتی حیجاز.. کە ئەم شوێنەوارانە جگە لەوەی گرنگیی ئایینیی خۆیان هەیە لە دڵی جەماوەرێکی ئاییندار فراواندا و جگە لەوەش کە وەکو بەڵگەیەکی بەرجەستە و شوێنەواری مێژوی ئیسلامی و کەسایەتیە ئیسلامیەکان گرنگیەکی مەزنیان هەیە (کە لەم روەوە موسڵمانان جێی ئێرەیی مەسیحیەکان بون چونکە مەسیحیەکان بەڵگەی بەرجەستەیان بە دەستەوە نیە لەسەر کەسایەتیە یەکەمینەکان و مێژوی زویان) و جگە لەوەش کە گرنگیەکی شوێنەواری و مێژوییان هەیە و سامانێکی نەتەوەیی وڵاتەکە و ناوچەکەن بە گشتی.. جگە لە هەمو ئەوانەش ئەو بیانوەی کە وەکو بەڵگە بەکاری دەهێنن بۆ روخاندنیان لە جێی خۆیدا نیە و ساختەیە، چونکە:

ـ ئاشکرایە کە سەردانی شوێنێك و بایەخپێدانی و هەتاکو بەپیرۆزدانانیشی نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو کەسەی بەو کارە هەڵ دەستێت ئەو شوێنە دەپەرستێت، چونکە ئەو بابەتە ـ بە چاوپۆشین لە رەگوڕیشە شارراوەکان ـ دەکەوێتەوە سەر بیرکردنەوە و مەبەست و نیازی کەسەکە و داب‌ونەریتەکە. ئینجا ئەگەر ئێمە بە دوای رەگوڕیشە نهێنیەکاندا بگەڕێین و رەهەندی فرەپەرستیی شارراوە لە سروت و داب‌ونەریتی

---

[(١)] الكحل، *خرافة إنكار علاقة الإرهاب بالتعليم الديني*.

ئیسلامیدا بدۆزینەوە ئەوا ئەو بابەتە رەنگە هەمو سروت و پەرستشەكانی ئیسلام بگرێتەوە: مەگەر كەعبە پێش ئیسلام ماڵی خواوەندەكان نەبو كە ئێستەش هەر پێی دەوترێت ماڵی خواوەند و موسڵمان لە نوێژدا روی تێ دەكات و وەكو عەرەبی پێش ئیسلام بە دەوریدا دەسورێتەوە؟ مەگەر موسڵمان لە نوێژدا رو ناكاتە چوار دیوارێك بە ناوی كەعبە (واتە چوارلا) و لە سەرەتاشدا دەڵێت: (وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذي فَطَرَ السَّمَـٰواتِ و الأرضَ حَنيفاً مُسْلِماً و ما أنا من المُشْرِكين)؟ مەگەر سروتی حەج كە یەكێكە لە پایەكانی ئیسلام بریتی نیە لە سەردانی كۆمەڵێك (شوێنی پیرۆز) و ئەنجامدانی كۆمەڵێك سروت و پەرستش بە شێوەی مانەوە و هاتوچوكردن لە كۆمەڵێك شوێندا و بەردەبارانی بەردێك بە ناوی شەیتان (هەرچەند وا دەردەكەوێت ئەم بەردەبارانە لە بنەڕەتی كولتورە عەرەبیەكەدا بۆ رێزلێنانی گۆری هەندێك مردوی رێزدار بوە) و ماچكردنی بەردێك بە ناوی بەردە رەشەكە و خواردنەوەی ئاوی بیرێكی پیرۆز بە ناوی (زَمْزَم) و سوڕانەوە بەدەوری ماڵی خواوەندا؟ مەگەر ئەم سروت و پەرستشانەی حەج پێش ئیسلامیش لە لای عەرەب هەر نەبون؟ مەگەر كەعبە و بەردە رەشەكە و (مَقام إبراهيم) و كێوی (عَرَفة) و هەردو تەپۆڵكەی (صَفا) و (مَرْوَة) و بیری (زَمْزَم) و شوێنەكانی تر پێش ئیسلامیش و لە ئایینە فرەپەرستیەكەشدا هەر پیرۆز نەبون؟ كەواتە لە رەگوڕیشەدا شتی زۆر هەیە كە پاشماوەی فرەپەرستی بن بەڵام گرنگ ئەو بنەمایەیە كە بە ئاشكرا دەوترێت و بیری لێ دەكرێتەوە، ئەگەر لە موسڵمانێك بپرسیت ئایا تۆ ئەم شوێنانە دەپەرستیت ئاشكرایە كە بە كۆمەڵێك شتی وەكو نەخێر و سەرسوڕمان و پێكەنین و گاڵتە و توڕەبون وەڵامت دەداتەوە! بەڵام وەهابیەكان لەو دیمەن و كردەوانەدا كە بە فرەپەرستی «الشِّرك» یان دادەنێن هیچ بەهایەك بۆ نیاز «النيَّة» لەبەرچاو ناگرن، لە كاتێكدا لە بیری ئایینیی ئیسلامیدا بە پێی نیاز هەر كردەوەیەك دەپێورێت.. ئینجا بۆ نمونە سروتی ماچكردنی بەردە رەشەكە كە بە پێی داب‌ونەریتی ئیسلامی رێوشوێن «سنّة» یكی پێغەمبەرە، ئەگەر بە پێی نیاز جیاوازیی نەبێت جیاوازیی چیە لەگەڵ پەرستنی بەردێكی دانەتاشراوی تردا؟ (لە روانگەیەكی ئەنثرۆپۆلۆجیایی روتەوە بەردە رەشەكە بەردێكی پیرۆزە كە بە شێوە سروشتیەكەی هێڵراوەتەوە، كە ئەمەش لە روی بەهای شارستانی و هونەریەوە ناگاتە ئاستی بەردێك كە تەنها لە شێوەیەكی ئەندازەییدا داتاشراوە، ئەمیش ناگاتە ئاستی بەردێك كە كرابێتە پەیكەرێك لە شێوەی مرۆڤ یان گیاندار. ئەمەش واتە بەردی پیرۆز و پەرستراو سێ جۆرە: سروشتی، ئەندازەیی، پەیكەر).

- بە شێوەیەكی گشتییش دەتوانین بڵێین هیچ ئایینێك بە بێ شوێنی پیرۆز و ماڵی پیرۆز و كێوی پیرۆز... نایكرێت یان بەردەوام نابێت و زیندو نابێت، هەندێك ئایینیش هەن كە لە

بنەڕەتدا بیری چاکسازیی تاکە کەسێك بون، وەکو بودا (گۆتاما بودا) गौतम बुद्ध Gautama Buddha (٥٦٣؟ ـ ٤٨٣؟ پ. ز.) و کونگ فو ـ تزو 孔夫子 Confucius (٥٥١ ـ ٤٧٩ پ. ز.)، کە باسی خوا و پێغەمبەری نەکردوە بەڵام دواتر شوێنی پیرۆز و ماڵی پیرۆزیان بۆ ساز کراوە و بە هۆی ئەوەشەوە تا ئێستا ماونەتەوە. مرۆڤ بە گشتی چاو دەبڕێتە شوێن و شوێنەوار و بیرۆکەی (بون) و (زیندوێتی) لە لای ئەو زۆر پەیوەستە بە (شوێن) ەوە (مرۆڤ لە دەرەوەی کات و شوێن نازانێت بیر بکاتەوە). لەبەر ئەوە ئایین ئەگەر یەکتاپەرستیەکی ڕەهایش بێت (کە ئەوە تا ئێستا لە هیچ ئایینێکدا نەهاتوەتە دی و تایبەتە بە هەندێك فەلسەفەوە) هەر پەیوەست دەبێت بە هەندێك شوێنەوە ئەگەر وەکو یادەوەرییش بێت. لەبەر هەمو ئەمانە دەتوانین بڵێین وەهابیەکان زیاد لە توانای یەکتاپەرستیی خودی ئیسلام داوا دەکەن و لە واقیعیشدا کۆششەکەیان بۆ یەکتاپەرستیەکی تەواو نیە بەڵکو دەمارگیریی ڕێبازی خۆیانە و پیشەیەکە فێری بون و کەڵکەڵەیەکە چوەتە سەریان، ئەگەرنا ئەوانیش وەکو کۆمەڵەیەکی تایبەتی شوێنی پیرۆزی خۆیان هەیە، بۆ نمونە گۆڕی ئیبن عەبدولوەهاب بریتیە لە گومەزێکی گەورە کە بە مەڕمەڕ روپۆش کراوە و لە ناوەوە پەیمانە دوقۆڵیەکەی ئیبن عەبدولوەهاب و موحەممەدی کوڕی سەعودی تێدا نەخش کراوە و خەڵك دەچن بۆ سەردانی و کە دەچنە ژورەوە دەبێت پێڵاوەکانیان دابکەنن (لە کاتێکدا لە مزگەوتەکاندا پابەندی ئەوە نابن!)[٢١٢]. بەڵام شوێنەکانی تر کە لە لای کۆمەڵی تر پیرۆزن بەڵکو لای هەمو موسڵمانانی جیاواز لە خۆیان پیرۆزن ئەوانە بە شوێنی فرەپەرستی دەزانن. لە راستیدا یەکتاپەرستی و تۆمەتی فرەپەرستی لای وەهابیەکان لە کۆتاییدا بیانویەکە بۆ زەوتکردنی خاك و ماڵوسامان و زایەکردنی خوێنی خەڵك، جگە لەوەی بیانویەکە بۆ قەڵاچۆکردنی هەمو ڕێباز و کولتورەکانی تر، بە کورتی ئایدیۆلۆجیای بیابانشینەکانە بۆ هێرشبردن. جگە لەوەی رەنگدانەوەی رق لە خەڵکانی جیاواز «کُرْه الأغیار» ـە کە سروشتێکە لە خێڵە بەرایی و نیمچە بەراییەکاندا.

ـ ئەگەر سەردانی گۆڕ و مەزارگاکان کارێکی ناپەسەندە دەکرێت بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و بەرزکردنەوەی رادەی رۆشنبیری و تێگەیشتنیان لە بونەوەر و سروشت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی زانستی ئەو کارە بنەبڕ بکرێت نەك بە فەرمانی ئایینی و ناووناتۆرەی ئایینی و دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ فرەپەرست و یەکتاپەرست و دروستکردنی دوژمنایەتی و ناکۆکی و تایەفەگەری لە کۆمەڵگادا و ئینجا روخاندنی

---

[١] القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٤: العقيدة الحشوية.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main7.html

شـوێنەوارەکان. بـەڵام وەهابیـەکان خۆیـان بـە نـاوی ئاییـنـەوە دژایـەتیی زانسـتە سروشتیەکان دەکەن و هەر کەسێکیش وەکو خۆیان پەرستش نەکات بە فرەپەرست ناوی دەبەن! لەمەشەوە ئاشکرایە کە پاڵنەری وەهابیەکان بۆ رەتکردنەوەی سەردانی گـۆڕ و مەزارگاکان هۆشیاریی زانستی و پێشکەوتن نیە بەڵکو بیروباوەڕی ئـایینیی خێڵـەکیی خۆیانە و کوێرانە شوێنی کەوتون، ئەگەرنا لە لای ترەوە باوەڕیان بە زۆر شتی خـەیاڵی و هەڵە و نازانستی هەیە. بۆیـە گروپـە ئیسـلامیەکانی تـر زیـاتر سـور بـون لەسـەر داب‌ونەریتی سەردانی گۆڕ و مـەزارگاکان و باشـتر بـەرگریی لـێ دەکـەن و بەڵگـەی ئاییـنیی بۆ دەهێننـەوە چـونکە کەوتونەتـە بـەر شـاڵاوی کوفرانـدن و بـەگومڕادانانی وەهابیەکان. ئاشکرایشە کاتێك دەبینین موسڵمانان بە شێوەیەکی گشتی وازیـان لـەو داب‌ونەریتە کۆنانە هێناوە ئەوە چاکەی وەهابیەکان نیە بەڵکو چاکەی هۆشیاریی نوێ و ژیـانی نـوێ و نـوژداریی نـوێ و زانسـت نوێیەکانـە کـە وەهابیـەکان خۆیـان زۆر دواکەوتون لەم بابەتە نوێیانەدا و ئەگەر پێترۆڵ ـ دۆلار (و راوێژکاری بێگانـە) نەبوایـە ئەو وڵاتە ئێستە دەبوە نمونەی نەزانی و تاریکی و هەژاری و نەخۆشـی (وەکـو کـۆلێرا قڕکەرەکـەی سـەردەمی تـورکی ١٨٢٣ ـ ١٨٣٤ ز.[٢١٣]). زۆر کـەس هـەتاکو لـە خۆرئاواییەکانیش ستایشی وەهابیەت دەکەن لەسەر ئەوەی کە خەڵکی نیمچە دورگەی عەرەبیی رزگار کردوە لە ئەفسانە و بیروباوەڕی پڕوپوچ، بەڵام لە راستیدا وەهابیـەت چەندەی ئەفسانە لەناو بردوە ئەوەندەی تری چاندوە و بڵاو کردوەتەوە و وەهابیەکانیش ئەفسانە و بیروباوەڕی پڕوپوچی خۆیان هەیە کە بۆنی پێترۆڵیان لـێ دێـت بۆیـە باشـتر بڵاو دەبنەوە، جگە لە ئەفسانە و بیروبـاوەڕی پڕوپوچـیش دوبـەرەکی و تایەفەگـەری و ئاژاوەیان چاندوە، هەروەها شێوازێکی توندوتیژیان لە سـەپاندنی بیروبـاوەڕ و بنـەمای ئاییـنیدا کرد بە مۆدێل و نمونە لە جیهانی ئیسلامدا.

ـ ئەگەر لە بیابانی نیمچە دورگەی عەرەبی (کە کاتی خۆیشی ئیسلام بـە هەنـدێك لە شوێنە نیمچە چۆڵەکانی نەگەیشتوە یان بە سادەیی وەرگیراوە و پاشماوەی پەرستش و پیرۆزکردنە دێرینەکانیان تێدا ماوەتـەوە)، بـە شـێوەیەکی گشـتییش بیابانشـینەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی تا دەمی سـەرهەڵدانی وەهابیـەتیش بـە تـەواوی موسـڵمان نەبوبون یان ئیسلامیان نەناسیبو[٢١٤]) و لە شوێنە دواکەوتوەکانی تـردا هەنـدێك بـەرد و گۆڕ و درەخت، وەکو پاشمـاوەی تەوتـەمیزم «الطَّوْطَميــَّة» Totemism و پێشینپەرسـتی «عِبـادة الأسْـلاف» Ancestor Worship و پاڵەوانپەرسـتی «عِبـادة الأبْطـال» Hero

---

(١) بڕوانە: المختار، *تأريخ المملكة العربية*. ج. ١، ص. ٢١٣.

(٢) لەم بارەیەوە بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٢، صص. ٥٢، ٥٣.

Worship و مردوپەرستی «عِبادة الأمْوات» Necrolatry و پەرستشە دێرینـەکانی تـر، پەرسترابن یان نزایان لەسەر کرابێت و بە نیازی چارەسەری نەخۆشی و کێشە سـەردانیان کرابێت، ئەوە لە لایەکەوە پەیوەندیی بە دواکـەوتویی و سروشـتی ژیـانی شـوێنەکەوە هەیە و لـە لایـەکی تریشـەوە ناکرێـت هـەمو سـەردان و بایەخـدانێکی تـر لـە هـەر کۆمەڵگایەکی تردا و لـە هـەر قۆنـاغێکی تـردا بـەوە بپێورێـت و وەکـو ئـەوە لێـك بدرێتەوە، بە تایبەتی کە ئـەو کۆمـەڵگایـەی کـە وەهابیـەت تێیـدا سـەری هـەڵ دا کۆمەڵگای بیابانشینی قوڵایی بیابانی نیمچە دورگەی عەرەبی (نەجـد و دەوروبـەری) بـو کـە ئیسـلام و یەکتاپەرسـتی بـە تـەواوی تێیـدا پـەرەی نـەگرتبو و بانگـەوازە یەکتاپەرستیەکەی ئیبن عەبدولوەهابیش لەو کۆمەڵگایەدا وەکو چاکسازیەك هاتوەتـە کایـە، لەبـەر ئـەوە ئـەم حاڵەتـە ناکرێـت بسـەپێنرێت بەسـەر کۆمـەڵگا شارنشـین و پێشکەوتوەکاندا.

لێرەدا چەند نمونەیەك لە وێرانکاریەکانی وەهابیـەکان لـەو شـوێنەوارە پیرۆزانـەدا دەخەینە رو(٢١٥):

ـ لە مەدینە: کاتێك، دوای پازدە مانگ ئابڵوقە، شاری مەدینـەیان داگـیر کـرد و وێرانیان کرد و خەڵکەکەیان دەربەدەر کـرد، دەسـتیان کـرد بـە روخانـدن و تێکـدانی گۆڕستانی (البَقیع)، کە لە رابردودا پێی دەوتـرا (جَنَّـة البقیـع)! ئـەوەش لـە کۆتـایی (١٩٢٥ ز.) و سەرەتای (١٩٢٦ ز.) دا کە گـۆڕی هـەزارەها صەحابـییان روخانـد و تێك دا (کە ژمارەیان دەگەیشتە دە هەزار)، جگە لە گـۆڕی کەسـانی تـر لـە ئـەهلی بەیت، وەکو (الحَسَن) و (زَیْن العابدین) و (محمد الباقِر) و پێشـەوا (جعفـر الصـادِق)، و تابـیعیەکان و شەهیدەکان لە هەمان گۆڕستاندا و هـەمو ئـەو گومـەز و سـاباتانەیان تەخت کرد کە بەسەریانەوە دروست کرابون، بە شێوەیەك کە لە کاتی خۆیدا وەکو کاری زەویلەرزە هاتوەتە پێش چاو و ئێستەش تەنها نیشانەی چەند گۆڕێکی کەمیان دیـارە. ئەوەش لەسەر فـەتوای زانایـەکی ئایینییـان بـە نـاوی (الشـیخ عبـد الله بـن بلهیـد).

---

(١) بڕوانە: صخر، *آل سعود*. ص‌ص. ١٨، ١٩.

*هدم آثار المسلمین و ترك آثار الیهود!!* منتدیات الغریب، ٢٠٠٤.

@http://ghrib.net/vb/printthread.php?t=10063

*آل سعود یدمّرون الأماكن المقدسة في مكة المكرمة*. الحرمین، المقالات و الدراسات.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/139.htm

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٢: الجغرافیة الوهابیة. هەروەها ئاماژە دەکات بۆ: | **المغربي**، عمر عبد القادر، *الآثار النبویة التي هدّمها الحکم السعودي في المدینة المنورة*.

هەروەکو گۆڕەکانی شەهیدانی جەنگی (أُحُد) و گـۆڕی (حَمْزة) یـش روخێنـران. لـەو ماوەیەدا گومەزی گۆڕی پێغەمبەریش کەوتە بەر تۆپی هێرشی ئـەوان. بـەڵکو هـەمو درەختەکانی ناو مزگەوتی پێغەمبەریان بڕی و بـیری ناو مزگەوتەکەیان پڕ کردەوە. بێ گومان ئەم کارانە هەمو موسڵمانانی ئەو ڕۆژگارەیـان وروژانـد، بـە تایبـەتی کـە لـە هیندستانەوە باڵوێزیان ناردبو بۆ دڵنیابون لە روداوەکـان. لـەم دواییانەیشـدا هـەر لـە مەدینە مزگەوت و (مَقام) ی (السید علي العریضي) ی کـوڕی (جعفـر الصـادق) یـان روخاند.



دیمەنێك لە گۆڕستانی بەقیع لە ئێستادا

ـ لە مەککە: دوای ئەوەش کە مەککەیان داگیر کرد چەند شوێنێکیان لە شـارەکەدا روخاند، وەکو گۆڕستانی (المُعَلّی) کە گۆڕی ـ بۆ نمونە ـ خەدیجەی خێزانـی پێغەمبـەر و ئەبو طـالیبـی مامی و ئامینەی دایکیی تێدا بو. جگە لەوەی گومەزی مزگەوتـەکانی (مسجد فاطمة) و (مسجد الثنایا) و (مسجد الـمَنارتین) و (مسجد المائدة) و (مسـجد الإجابة) یان روخاند. ئەم گۆڕ و شوێنەوارانەش گەلێك نوسینی عەرەبیی دێرینیان پێوە بو کە کەڵکی زۆریان هەبو وەکو کەرەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی مێژو و گەشەی نوسینی عەرەبی و مێژوی ناوچەکەش بە گشتی.

ـ ئەم وێرانکاریە تەنها گومەز و گۆڕەکانی نەگرتـەوە، بـەڵکو ئـەو خانوانەیشـیان روخاند کە لای حیجازیەکان گرنگ و پیرۆز بون و بە درێژایی سەدان سـاڵ پـارێزرابون، وەکو ـ لە مەدینەدا ـ ماڵی پێغەمبەر و (فاطمة) و (خدیجة) و (حمـزة) و ئەو ماڵەی کە پێی دەوترا ساباتەکەی بەنو سـاعیدە (سـقیفة بـني سـاعدة)، مـاڵی (الأرقـم بـن أبـي الأرقم) لە مەککە، جگە لە ماڵەکانی صەحابیەکانی تر و بەرەبابی (بنـو هاشـم). لـە ساڵی (١٩٨٧ز.) یشدا ماڵی (سعد بن خیثمة) روخاند کـە ئـەو ماڵـە بـو پێغەمبـەر یەکەم ڕۆژ لە مەدینەدا تێیدا حەوایەوە، مزگەوتێکیش لە تەنیشتیدا دروسـت کرابـو، بەڵام هەمویان تێك دا و کردیان بە گەراجێك بۆ وەستانی ئۆتۆمۆبیل!

ـ هەروەها مزگەوتە دێرینەکان تێك دەدەن و لە تەنیشتدا مزگـەوتی نـوێ دروسـت دەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندییان بە شوێنە بنەڕەتیەکەوە نـەمێنێت. بـۆ نمونـە مزگـەوتی (مسجد الجمعة) یان لە مەدینە روخاند کە ئەو مزگەوتەیە کە پێغەمبەر یەکەم نوێـژی (جُـمُعة) ی تێدا کردوە لە مەدینەدا. هەروەها ئێستەش حەوت مزگەوتەکەی مەدینـە دەڕوخێنن بە بیانوی ئەوەی مزگەوتێکی گەورە دروست دەکەن بەڵام لە شوێنێکی تـردا دروستی دەکەن. هەندێك جاریش شوێنی ئەو مزگەوتە دێرینانە دەکرێـت بـە گـەراجی ئۆتۆمۆبیل!

ـ هەروەکو ژمارەیەك شوێنەواری تریشیان تێك دا، وەکو بیری (أریـس) کە ناسـرابو بە بیری پێغەمبەر، و بیری (غُرْس) ـ لە مەدینە، و تەپۆڵکەی وەسـتانی تیرهاوێـژەکان لە جـەنگی (أُحُـد) دا، و ئەشـکەوتی کێـوی (أُحُـد) کـە لـەو جەنگـەدا پێغەمبــەر و موسوڵمانەکان لە کۆتاییدا پەنایان برد بۆ سەر ئـەو کێـوە، و خەنـدەکی دەوری شـاری مەدینە کە لـە جـەنگی (الخنـدق) دا هـەڵ کەنـدرابو، و شـورای شـاری مەدینـە کـە مزگەوتێکیشی لە تەنیشت بو بە ناوی (مسجد فاطمة)، بەڵام لە (١٩٨٤) دا هەمویان تێك دا و کردیان بە گەراجێك! جگە لەمانە چەند پایەیەکی کۆنی مزگـەوتی (المسـجد الحرام) یان تێك دا کە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی ئومەوی و نمونـەی نوسـینی زۆر کـۆنی عەرەبییان لەسەر بو.

ـ لەبەر ئەوەی پێیان وایە بونی گۆڕ لە مزگەوتدا فرەپەرستیە، دەیانەوێت گومـەزی سەر گۆڕی پێغەمبەر بڕوخێنن و گۆڕەکە بخەنە دەرەوەی مزگەوتەکە! بـەڵام تـا ئێسـتا نەیانتوانیوە ئەوە بکەن، کاتێکیش میلیشیای ئیخوان دوای گـرتنی مەدینـە ویسـتیان گومەزەکە بڕوخێنن موسڵمانانی ناوچەکە ئامۆژگاری ئیبن سـەعودیان کـرد کـە رێیـان لـێ بگرێت، جگە لە فشاری موسـڵمانانی وڵاتـانی تـر، بـەم شـێوەیە گومەزەکـە لـە روخاندن رزگاری بو. مەلایەکی وەهابـییش لە یەمەن کە پێی دەڵێن (الشيخ مُقْبِل بن هادي الوادعي) کتێبۆچکەیەکی نوسیوە بە ناوی *(حول القُبَّة المبنيَّة على قَبْر الرسول)* و بە راشکاوی رایدەگەیـەنێت کـە پێویسـتە گومەزەکـە و مزگەوتەکـە بڕوخێنـرێن و گۆڕەکە ببرێتە دەرەوەی مزگەوتەکە. لەسەر ئەم کتێبۆچکەیەش کـە وەکـو نامەیـەکی ئەکادێمیایی (!!) لە زانکۆی ئیسلامیی مەدینە وەرگیراوە بڕوانامەی (ماستەر) یشـی وەرگرتوە![٢١٦]

ـ رابەرێکی وەهابیی سودانی بە ناوی (محمد هاشم الهدية) (١٩١٢ ز. ـ ...) کـە

---

(١) *هدم آثار المسلمين.*

سەرۆکی گروپی (أنصار السنة المحمدية) یە لە سودان لە (١٩٥٦ ز.) ەوە، لە وتاری نوێژی هەینیدا لە مزگەوتی (الملك فيصل) داوا دەکات لە پاشای سەعودی کە ئەوەی لە مزگەوتی (المسجد الحرام) دا پێی دەوترێت (مقام إبراهيم) بڕوخێنێت بەو پێیە کە ئەوە دیمەنێکی فرەپەرستیە[٢١٧]. لە کاتێکدا لە قورئاندا هاتوە: (و اتَّخِذوا مِن مَقام إبراهيمَ مُصَلًّى) *(البقرة: ١٢٥)*.

٢. کاتێك حیجازیان داگیر کرد کەوتنە لەناوبردنی هەمو کتێبخانەکان بە تایبەتی لە مەککەدا.. هەر بە گەیشتنیان کۆمەڵێکی زۆر لە کتێب و دەستنوسی بەنرخ ونبون و دیار نەمان. هەروەکو کتێبخانە گەورەکەی مەککەیان سوتاند وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا. دەڵێن تاکە کتێبخانەیەك مابێتەوە لە مەککەدا تەنها کتێبخانەی سوڵتان مەحمود بوە کە دوایی ئەوەشیان داخستوە. لە مەدینەیشدا کتێبخانەکانی (بشير آغا) و (الشفاء) و (السلطان عبد الحميد) و (عمر أفندي) لەناو چون، چونکە زۆربەی کتێبەکانیان تالان کران، ئەو کتێب و دەستنوسانەیشیان سوتاند کە بە دڵیان نەبون و کۆمەڵێکی تریشیان فرۆشت. دواین کتێبخانەیەکیش لەوانەی لە مەدینەدا داخراون و دەستیان بەسەردا گیراوە کتێبخانەی (عارف حكمت) بوە، کە دەربارەی ئەمەش دەڵێن نزیکەی بیست هەزار دەستنوسی لێ فەوتێنراوە و وەهابیەکان سوتاندویانە[٢١٨].

٣. وەهابیەکان لە سەعودیە و ـ بە تایبەتی ـ حیجازدا بە تەواوی دەستیان گرتوە بەسەر ژیانی ئایینی و بیری ئایینیدا و ڕێبازی حەنبەلییان کردوەتە ڕێبازی ڕەسمی و هەمو ڕێبازەکانی تریان قەدەغە کردوە و بیروباوەڕ و وانە و ڕێبازی خۆیان سەپاندوە و وانەوتنەوەی پێشەوا و وانەبێژی هەمو ڕێبازەکانی تریان قەدەغە کردوە. بۆیە شوێنکەوتەی ڕێبازەکانی تر لە حیجازدا یان کۆچیان کردوە بۆ شوێنی تر یان لە ماڵەکانی خۆیاندا قەتیس ماون و بە نهێنی لە ماڵەوە وانە دەڵێنەوە، چونکە هەمو قوتابخانەکانی ڕێبازی مالیکی و شافیعی و حەنەفییان داخستوە و دەستیان گرتوە بەسەر (وَقف) ەکانیاندا. ئەوەش بە فەرمانی (الشيخ عبد الله بن حسن آل الشيخ) کە بە تایبەتی تەنگی هەڵچنی بە قوتابخانە حەنەفیەکان لە مەدینەدا، بە تایبەتی (المدرسة النظامية) کە بەڕێوەبەرەکانی نەیانویست کتێبی *(كتاب التوحيد)* ی میتۆدی ڕەسمیی بیروباوەڕی وەهابی بڵێنەوە ئیتر لە ئابی (١٩٣٠ ز.) دا داخرا[٢١٩]. بەم شێوەیەش وەهابیەکان هەمو جیاوازی و دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگیەك لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا

---

[٢] نفسُه.

[٣] نفسُه.

[١] نفسُه. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ٢، الفصل ١٣، ص. ٢٢٩.

لەناو دەبەن. ئەمانەش لە کاتێکدا تا ئێستاش ڕێبازی حەنبەلی بە زۆری لە ناوچەی ناوەڕاست (نەجد) دا باوە و ناوچەکانی تر ڕێباز و ئایینزای تریان تێدا بڵاوە، بۆ نمونە ڕێبازی شافیعی کە لە رابردویەکی نزیکدا لەو وڵاتەدا گەورەترین جەماوەری هەبوە، تا ئێستاش لە ناوچەی خۆرئاوا (حیجاز) دا شافیعیەکان زۆرینەن و لە ناوچەی خۆرهەڵاتیش ژمارەیان زۆرە، هەرچەند بە درێژایی مێژوی ئیسلامیی سەردەمانی دوایی شافیعیەکان لە مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە و لە مزگەوتی (المسجد الحرام) دا لە مەککە پێشنوێژییان کردوە بەڵام ئێستا ئەوەی حەنبەلی نەبێت ڕێگەی پێ نادرێت هیچ کاروبارێکی ئایینی بگرێتە دەست. دامەزراوەکانی ڕێبازی شافیعی لە حیجاز و شوێنەکانی تردا وردەوردە لەناو بـراون و هـیچ زانایـەکی ئـایینیی دیـار و ناسـراویان نەماوە. هەر لە حیجازدا و بە تایبەتی لە مەککەدا شوێنکەوتەکانی ڕێبازی مـالیکی ژمارەیان زۆرە و گەورەکـەیان (الشـیخ محمـد بـن علـوي المـالكي) ـــ کـە نیشـتەجێی مەککەیە، بەڵام ئێستە هەمو کاروبارێکی ئایینییان لێ سەنراوەتەوە و ئـەو پێشـەوا مالیکیەش کە ناوی برا هەمیشە بە نوسین هێرشـی دەکرێتـە سـەر و بـە گـومڕایی و فرەپەرستی تۆمەتبار دەکرێت، ئەم نوسینانەش حکومەت لەسەر ئەرکی خـۆی بڵاویـان دەکاتەوە. حەنەفیەکانیش بە ژمارەیەکی کەمتر هەر لە حیجازدا هەن و ئەمانیش هیچ دامەزراوەکیان بە دەسـتەوە نـەماوە. ئـەوەش ئاشـکرایە کـە شـافیعی و مـالیکی و حەنەفیەکان هیچ مزگەوتێکیان لەو وڵاتەدا بە دەستەوە نیە چونکە حکومەت بۆ خـۆی پێشنوێژ و وتاربێژ بۆ مزگەوتەکان دیاری دەکات. ئەمەش هەموی سەبارەت بە ڕێبـازە سوننیەکان، سەبارەت بە ڕێبازە شیعیەکانیش ئەمانە بارودۆخیان زۆر خراپترە، چـونکە لەو وڵاتەدا سێ ڕێبـازی شـیعی هـەن: شـیعەی ئیسـماعیلی و جەعفـەری (ئیمـامیی دوازدەیی) و زەیدی.. هەڵوێستی وەهابییش بەرامبەر ئەمانە زۆر توندترە و هەمیشە بە (الرافضـة) ناویان دەبەن و بە موسڵمانیان نازانن. شیعەی ئیسـماعیلی لـە ناوچـەی (نَجْـران) دا لە باشور چڕ بونەتەوە و ژمارەیان (٢٠٠٠٠٠) تا میلیۆنێك کەس دەبێت ـ بە پێی سەرچاوە جیاوازەکان.. چەند ساڵێکیشە مامەڵـەی خراپیـان لەگـەڵ دەکرێـت، هەروەها ڕێگەیان پێ نادرێت بە شێوازی تایبەتی خۆیان بانگ بدەن بـۆ نوێـژ یـان لـە مزگەوتدا جەژن رابگەیەنن و ڕۆژێك بکەوێتە دوای یان پـێش جـەژن بـە پێـی ڕێبـازی ڕەسمی. (٢٣) ی نیسـانی (٢٠٠٠) یـش شـاری نـەجران تونـدترین هێرشـی بـۆ سـەر کەمایەتیەکی ئایینی بە خۆوە بینی، کە بە هێرشی پۆلیسی ئایینی (دەستەی فـەرمان بە چاکە و نەهێشتنی خراپە) «هیئة الأمر بالمعروف و النهي عن المنكـر» دەسـتی پـێ کـرد بـۆ سـەر مزگـەوتی (المنصـورة) کـە مزگـەوتی بنـەڕەتیی ئیسـماعیلیەکانە لـە ناوچەکەدا، ئەوەش بۆ گرتنی پیاوێکی ئـایینیی ئیسـماعیلی بـە نـاوی (الشـیخ محمـد

الخياط) کاتێك وانەی بە چەند کەسێك دەوتەوە، ئەوەش بە تۆمەتی جادوگەری! کۆمەڵێکیشیان لەبەردەم ئوتێلی (هۆلیدای) کۆبونەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و تکاکردن بۆ ئازادکردنی ناوبراو، بەڵام ئەمیر (مشعل بن سعود) کە فەرمانڕەوای ناوچەکەیە داواکەیانی رەت کردەوە، ئیتر بارودۆخەکە خراپ بو و تەقە دامەزرا و (٣٠) کاژێر پێکدادان بەردەوام بو، لە ئەنجامیشدا (٦) هاوڵاتیی ئیسماعیلیی کوژران و (٦٠٠) ی تریش گیران کە تا ئێستاش زۆربەیان ئازاد نەکراون، و دەڵێن پیاوی ئایینیی ناوبراو لەژێر پەستان و هەڕەشەدا دانی ناوە بە تۆمەتەکاندا. لە روداوێکی تریشدا بانگبێژێکی شیعەی ئیسماعیلی بە ناوی (علی الملبلب) تەمەن (٧٠) ساڵ، لە تیشرینی دوەمی (١٩٩٨ ز.) دا بە دەستی پۆلیسی ئایینی لە بارەگای دەستەی فەرمان بە چاکە و نەهێشتنی خراپە لە شاری (الجفر) کوژرا. سەبارەت بە شیعەی ئیمامیی جەعفەری، ئەوانیش زۆرینەن لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا، و لە شاری مەدینە و لە (وادي فاطمة) شدا ژمارەیان زۆرە، هەروەکو لە (جدة) و (الرياض) یش هەن، سەرجەم ژمارەیان بە (٤٠٠٠٠٠) تا دو میلیۆن کەس مەزەندە دەکرێت ـ بە پێی خەمڵاندنە جیاوازەکان. شیعەی جەعفەری هەرچەند لە مەدینەدا ژمارەیان زۆرە بەڵام لەو شارەدا هیچ مزگەوتێکیان نیە چونکە حکومەت دەستی گرتوە بەسەر مزگەوتەکەیاندا و دەیەها ساڵە حوسەینیەکەیشیانی روخاندوە. ناچار لە دەرەوەی مەدینە بە نهێنی مزگەوتێکیان لەژێر زەویدا دروست کردوە یان لە ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا نوێژی خۆیان دەکەن! سەبارەت بە شیعەی زەیدی، ئەوانیش زیاتر لە باشور لە شارەکانی (عسير) و (نجران) و هەروەها لە (جدة) و (ينبع) دا چڕ بونەتەوە. هیچ مزگەوت و پێشەوا و رابەرێکی ئایینییان نیە و ژمارەشیان نازانرێت چونکە ناچارن بیروباوەڕ و رێبازی خۆیان بشارنەوە لە زۆرینەی سوننی. چەند ساڵێکیش لەمەوبەر حکومەت مزگەوتەکەیانی لە شاری نەجران داگیر کرد و مەلایەکی حەنبەلیی کرد بە پێشەوای مزگەوتەکە. مزگەوتەکانی شیعەی ئیسماعیلی و جەعفەرییش یان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی عوثمانی یان بە نهێنی دروست دەکرێن یان سەرەتا بۆ ماڵ دروست دەکرێن ئینجا دەکرێن بە مزگەوت.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە پێشەوایان و پیاوانی ئایینیی شیعە و رێبازی تر لە وڵاتدا لەکار خراون یان بەند کراون و چەندین ساڵیان لە بەندیخانەدا بەسەر بردوە و تا ئێستاش هەندێکیان لە بەندیخانەدا ژیان بەسەر دەبەن. لە قوتابخانە و زانکۆکانیشدا رێبازی حەنبەلی ـ وەهھابی زاڵ کراوە و هەمو رێبازە فیقهی و عەقیدەییەکان قەدەغە کراون و هیچ بیروڕایەکی رێبازەکانی شافیعی و مالیکی و شیعی ناخرێنە رو. رێگەش نادرێت بە مامۆستایانی رێبازەکانی تر وانەی خۆیان بڵێنەوە ئەگەر بە تەنهاییش بێت.

زۆربەی پیاوانی ئایینیی شیعەی جەعفەری لە وڵاتانی تر خوێندویانە وەکو ئێران و عێراق و سوریا.

جگە لەوانەش هەر کتێبێك لەگەڵ ڕێبازی ڕەسمی (حەنبەلی - وەههابی) دا نەگونجێت هاوردن و فرۆشتن و خوێندنەوەی قەدەغەیە، بە تایبەتی کتێب و نوسراوی شیعە و ئەهلی تەصەووف و ئیباضیەکان، بەڵکو کاتێك دەگەنە سنوری سەعودیە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، ڕەنگە ئەو کەسەش کە کتێبەکە هاوردە دەکات یان دەفرۆشێت سزا بدرێت بە غەرامە یان دارکاری یان بەندکردن.. هاوڵاتیەکی شیعەش بە ناوی (زهراء الناصر) لەژێر باری ئازاردانداا ساڵی (١٩٨٩ ز.) کوژرا لەسەر ئەوەی کتێبێکی شیعیی پێ بو کاتێك گەیشتەوە سنوری وڵات. هەروەکو کتێبخانەکانی سەعودیە هیچ کتێبێك یان نوسراوێکی شیعە یان مالیکیەکانیان تێدا نیە. لە شاری (العوامية) یش گەلێك گەنجی شیعە گیراون لەسەر ئەوەی کتێب و نوسراوی شیعییان لە ماڵی خۆیاندا فرۆشتوە. لە بەرامبەری ئەوەدا لە سەرتاسەری وڵاتدا کتێب و نوسراوی دژ بە شیعە بە شێوەیەکی یاسایی و ئازاد دەفرۆشرێن و بڵاو دەکرێنەوە، کە هەندێکیان لەسەر ئەرکی حکومەت چاپ دەکرێن و بە خۆڕایی دابەش دەکرێن![(٢٢٠)]

هەروەها لە سەعودیە کتێبی بڕیاردراو بۆ خوێندن بەکەڵك دەهێنرێت بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی وەههابی و دروستکردنی ڕق و ڕەتکردنەوە لە بەرامبەر ڕێبازەکانی تر.. بە شێوەیەك هەر لە یەکەم قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە هەتا دوا قۆناغی زانکۆ پەروەردە و فێرکردنی ئایینی بە شێوەیەکی تایبەتی ئاڕاستە دەکرێت و کتێبە ئایینی و مێژوییەکان هەموویان بە پێی ڕێبازی ڕەسمی دادەنرێن و بواری بیروڕای هیچ ڕێبازێکی تریان تێدا نیە. جگە لەوەی کتێبەکانی بەرنامەی خوێندن دەخرێنە گەڕ بۆ بیروباوەڕی یەکتاپەرستیی دەمارگیرانەی وەههابی و پۆلێنکردنی ڕێباز و

---

[(١)] دەربارەی بارودۆخی کەمایەتیە مەزهەبییەکان لە سەعودیەدا، بڕوانە:

*الحرية الدينية للمواطنين في السعودية*. الحرمين، الدراسات، المعهد السعودي، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٤/٣/١٥.

@http://www.alhramain.com/text/drasat/19/9.htm

الحسن، الشيعة في المملكة العربية السعودية. | فاسيلييف، تاريخ العربية السعودية. ج. ٢، الفصل ١٣، ص. ٢٢٨. | عبد الله، *العلماء و العرش*. ص‌ص. ٣٢، ٣٣.

**Schwartz**, Stephen, *Shariah in Saudi Arabia, Today and Tomorrow*.Washington, DC, February 2003. PP. 5, 6.

@www.brook.edu/dybdocroot/ FP/projects/islam/schwartz20030201.pdf

بیروباوەڕەکانی تر وەکو ڕێبازی گومڕاو و لەڕێدەرچو و بیدعەچی. بۆ نمونە کتێبی *(التوحید)* (سەرنجی ناونیشانەکەی بدە) بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی بۆ سالّی خوێندنی (٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢).. لەم کتێبەدا بە رونی دەمارگیریی وەهابی دەبینرێت و خوێندکار هان دەدات بۆ کولتورێکی تیرۆریست: بە پێی ئەم کتێبە فەیلەسوفەکان دوژمنی پێغەمبەرانن و لەبەر ئەوەش خوێندنەوەی فەلسەفە قەدەغە «حرام» ـە، کە ئەمەش دژایەتیکردنی هەمو فیکرێکی روناکبیرانەیە، هەروەها لەم کتێبەدا هەڵوێستێکی دەمارگیر بەرامبەر کۆمەڵە ئیسلامیەکانی تر دەبینرێت، وەکو موعتەزیلە و ئەشعەریەکان کە لە وێناکردنی خوا و ئاکارەکانیدا جیاوازن لە ڕێبازی وەهابی، بۆیە دەڵێت ئەم کۆمەڵانە رەگوریشەی فرەپەرستییان هەیە. بەڵکو لە کتێبەکانی بەرنامەی خوێندندا بە رونی مافە فیکریەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن، ئەوەش بە دەستەواژەی هاندەر دژی کۆمەڵەکانی تر و ناشیرینکردنی بیروباوەڕەکانیان.. بۆ نمونە لە کتێبی *(التوحید)* دا بۆ پۆلی دوەمی ناوەندی بۆ سالّی خوێندنی (٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٤)، پۆلێنکردنێکی دەمارگیرانەی تێدایە بۆ کۆمەڵە ئیسلامیەکانی تری وەکو موعتەزیلە و ئەشعەریەکان وەکو کۆمەڵەی گومڕا و لادەر «منحرِف»، و ناوی مەسیحیەکان دەبات وەکو کۆمەڵێکی گومڕا و فرەپەرست بەو پێیە کە عیسا دەپەرستن. هەروەها کتێبی *(التوحید)* بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی پێناسەیەك بۆ فرەپەرستی «الشِّرْك» دەخاتە رو بە پێی ڕێبازی وەهابی کە بە پێی ئەو پێناسەیە پێکەوەژیانی نێوان هاوڵاتیان دەبێتە کارێکی ئەستەم و مەحاڵ، چونکە شوێنکەوتەی ئایین و ڕێبازە ئاینیەکانی تر بە پێی ئەو پێناسەیە فرەپەرست و بتپەرستن و ئەوەش واتە مافی ژیانیان نیە[(٢٢١)].

٤. وەهابیەکان بیروباوەڕ و ڕێباز و سیاسەتی خۆیان بەسەر هەمو موسڵمانانی جیهانیشدا دەسەپێنن، بە تایبەتی لە وەرزی حەجدا. ئەوانەی شوێنەوارە ئیسلامیەکان بەسەر دەکەنەوە لە مەککە و مەدینەدا یان حەج دەکەن هەمیشە روبەڕوی شێوازی ناشیرینی مامەڵەی وەهابیەکان دەبنەوە ئەگەر بە پێی ڕێباز و بیروباوەڕی ئەوان هەڵس وکەوت نەکەن. هەر کەسێکیش لە هەر لایەکی جیهانەوە گەیشتە ئەوێ پێش هەمو شتێك دەیپشکنن بۆ دۆزینەوە و دەست بەسەردا گرتنی کتێبێك کە لەگەڵ ڕێبازی ئەواندا نەگونجێت! سوکایەتی پێ کردن و لێدان بە قامچی و تۆمەتبار کردن بە فرەپەرستی بەشی هەر کەسێکە کە بیەوێت بە پێی ڕێباز و کولتوری خۆی پەرستشی خۆی ئەنجام بدات. بەڵکو وای لێ هاتوە پۆلیسی فرەپەرستییان لە شوێنەکاندا داناوە و سەرپێچی «مخالفة» ی فرەپەرستی «شِرْك» تۆمار دەکات! جگە لەوەی لە رابردودا

---

[(١)] بڕوانە: *الحرية الدينية للمواطنين في السعودية.*

قافڵەی حاجیان داب‌ونەریتی خۆی هەبو کە هەر ناوچەیەك بە کولتوری خۆی بەشداریی تێدا دەکرد و کەژاوەیەکیان پێك دەهێنا کە بە پلەی یەکەم بۆ مەبەستی خۆپاراستن بو لە دەستدرێژیی چەتەی بیابان، بەڵام وەهابییەکان ئەوانەیان بە بیدعە ژمارد و هەڕەشەیان بە بڕینی رێگای حەج کرد لەسەر ئەو داب‌ونەریتە[222]. بەڵام هەمو ئەمانە ئاسانن لە چاو ئەو رەشەکوژی و قەسابخانەیەی کە سەعودی ـ وەهابیەکان لە قافڵەی حاجیاندا ئەنجامیان داوە.. مێژوی سەعودی ـ وەهابی دو رەشەکوژیی لەم جۆرەی بۆ خۆی تۆمار کردوە:

یەکەمیان: رەشەکوژیی حاجیانی یەمەنی: ساڵی (١٩٢١ ز.) قافڵەیەك لە حاجیانی یەمەن کە نزیکەی (١٢٠٠) کەس دەبون بەرەو مەککە دەڕۆشتن، هێزێکی وەهابییان پێ گەیشت، دوای ئەوەی چەکدارە وەهابیەکان پەیمانی ئاسایش و سەلامەتییان پێدان ماوەیەك هاوتەریبی یەك رۆشتن، بەڵام کاتێك گەیشتنە دۆڵی (تنومة) و چەکدارەکان لە بەری سەرەوە بون و حاجیەکانیش لە خوارەوە، کەوتنە بەر دەستدرێژی چەکەکانیان، بە شێوەیەك تەنها دو کەسیان لێ دەرچو[223].

دوەم: رەشەکوژیی حاجیانی ئێرانی: ساڵی (١٩٨٦ ز.)، کاتێك حاجیانی ئێرانی بە دەم هوتافی (نه شرقی و نه غربی) و (مرگ بر آمریکا) و (مرگ بر اسرائیل) بە ریز دەڕۆشتن، کە رێپێوانەکە تەواو بو و هەمویان بەرەو حەرەم دەڕۆیشتن هێزەکانی ئاسایشی سەعودی ـ وەهابی ئابڵوقەیان دان و بە رێژنەی گوللە دایان گرتنەوە بەبێ دەستپاراستن، سەرەنجام (٣٢٩) کەسیان لێ بوە قوربانی لە ژن و پیاو، جگە لە بریندار، جگە لە حاجیانی وڵاتانی تریش[224]. ئاشکرایە کە پاڵنەری ئەم دو رەشەکوژیە پاڵنەرێکی سیاسیە بە پلەی یەك، چونکە سەبارەت بە یەمەنیەکان لەو

---

(١) بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٧٧.

(٢) صخر، *آل سعود*. ص. ٢٣. | الأمين، *كشف الارتياب*. ص. ٣٤٨.

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي. ئاماژە دەکات بۆ: | الخطيب، *صفحات من تاريخ الجزيرة العربية الحديث*. ص‌ص. ١٩٨، ١٩٩.

(٣) بريزار و داسكيه، *ابن لادن*. ٣٨.

**حسن**، عبد المنعم، *حوادث الحج بين الماضي و الحاضر، مقترحات أولية للحدّ من الخسائر البشرية*. الحرمين، المقالات و الدراسات.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/140.htm

القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٣: التاريخ الوهابي.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main6.html

کاتانەدا سەعودیەکان کێشمەکێشی سنوریان لەگەڵ یەمەندا هەبو و لەسەر چەند ناوچەیەکی هاوسنور لە کێشەدا بون، سەبارەت بە ئێرانیەکانیش ئێرانی عەجەمی ـ شیعی دوشمنی تەقلیدیی سەعودیەکانە و جگە لەوەیش دوشمنی دۆستەکانیانە!

جگە لەوەی بە درێژایی مێژوی وەهابی حەج و رێگەی حەج بە کەڵك هێنراوە بۆ مەبەستی سیاسی و ئابوری، بۆ نمونە ساڵی (١٩٥٩ ز.) کاتی یەکبونی میسر و سوریا حاجیەکانی سوریایان گەڕاندەوە، هەروەکو بەرگی کەعبە کە بە درێژایی چەندین سەدە لە میسر دروست دەکرا رەت کرایەوە، هەروەها نەیاندەهێشت خەڵکی میسر حەج بکەن تا دراوی قورس نەدەن: یان پاوندی ستێرلینی یان دۆلاری ئەمێریکایی[٢٢٥].

٥. پێشەوا وەهابیەکان وەکو هەڵوێستێکی دژ بە هەمو زانیاری و بیرێکی نوێ و روناك، دژایەتیی زانستە سروشتیە نوێیەکان دەکەن و بە قەدەغە و نارەوایان دەزانن! ئەمەش چونکە دەزانن کە هۆشیاریی زانستیی نوێ زیانی هەیە بۆ بیروباوەڕە لاواز و تاریکەکانیان. بۆ نمونە موفتیی گەورەی پێشوی سەعودیە (الشيخ عبد العزيز ابن باز) (١٩١٢ ـ ١٩٩٩ ز.) لە فەتوایەکیدا، ساڵی (١٩٧٦ ز.)، دەڵێت زەوی تەنێکی تەخت و چەسپاوە و خۆر بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، ئیتر ئەوەی باوەڕی بە گۆیەتی و سوڕانەوەی زەوی هەیە هەڵگەڕاوە «مُرْتَدّ» ە و داوای پەشیمانبونەوەی لێ دەکرێت، جا ئەگەر پەشیمان بوەوە باشە ئەگەرنا دەکوژرێت و سامانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (بيت المال) ی موسڵمانان! ساڵی (١٩٨٢ ز.) یش کتێبێکی لەو بارەیەوە بڵاو کردەوە[٢٢٦].. شایەنی باسە، یان شایەنی باس نیە، کە ئیبن باز لەم فەتوایەی پاشگەز بوەوە، بەڵام چۆن؟ کاتێك ئەمیر (سُلطان بن سَلمان بن عبد العزيز) (ساڵی ١٩٨٥ ز.) گەشتێکی کرد بۆ بۆشایی ئاسمان و دوایی بە ئیبن بازی راگەیاند کە بە چاوی خۆی بینیویەتی زەوی گۆییە![٢٢٧] نوسەرێکی تریشیان بە ناوی (الشيخ عبد الكريم بن صالح الحميد) کتێبێکی لە سەر هەمان بابەتی سوڕانەوەی زەوی نوسیوە بە ناونیشانی (*هداية الحَيْران في مسألة الدَّوَران*)! کە تێیدا دەڵێت باوەڕبون بە سوڕانەوەی زەوی خراپترە لە باوەڕبون بە گەشەکردنی مرۆڤ

---

[١] فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٣، ص. ٧٧. | السعيد، *تاريخ آل سعود*. ص. ٢٣. | صخر، *آل سعود*. ص. ٩.

[٢] القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل السابع: الفقه الحَشْوِيّ.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main10.html

[٣] بڕوانە:

Schwartz, *Shariah in Saudi Arabia.*

له مەیمونەوە![228] هەرچی (**محمّد بن صالح العُثَیْمِین**) (**١٩٢٩ ـ ٢٠٠١ ز.**) یشە کە ئەمیش پێشەوایەکی وەهھابیی تر بو، لەبەر ئەوەی تۆزێك لە ئیبن باز نەرمتر بو (!)، بە نەرمی ئامۆژگاریی مامۆستای وانەی گەردوونناسی و جیۆگرافیای دەکرد کە بیرۆکەی سوڕانەوەی زەوی نەڵێتەوە و بیپەڕێنێت![229] بەڵکو هەر زو سالّی (١٩٣٠ ز.) یش پێشەوایانی وەهھابی فەتوایان داوە بە قەدەغەکردنی فێربونی زمانی بێگانە (چونکە ڕێگایەکە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئایینی بێباوەڕان) و جیۆگرافیا (چونکە باسی گۆییبونی زەوی دەکات و دەقی قورئانییش هەیە لەسەر تەختیی زەوی) و وێنەکێشان (چونکە لاساییکردنەوەی کاری خوایە)، بەڵام ئیبن سەعود فەتواکەی لێ وەرنەگرتون و ئەو سێ ماددەیەی زیاد کرد بۆ بەرنامەی خوێندن[230]. ئەمەش هەموی لەبەر ئەوەی ئەوان ـ بۆ نمونە ـ باوەڕیان بەوە هەیە کە خوا لە سەروی بونەوەرەوەیە بە واتایەکی ڕواڵەتی، واتە باوەڕیان وایە کە خوا لە ئاسماندایە بە شێوەیەکی بەرجەستە، ئینجا ئەگەر بزانرێت کە زەوی دەسوڕێتەوە ئەمە سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی کە سەر و خوارێکی دیاریکراو لە گەردوندا نیە و ئەو مرۆڤەی ئێستە لە ژێر ئاسماندایە دوای چەند کاژێرێك بە هۆی سوڕانەوەی زەویەوە ئەو لایەی ئاسمان دەکەوێتە ژێری! ئیتر ناچارن بە هەمو شێوەیەك بیرۆکە زانستیەکە ڕەت بکەنەوە بۆ ئەوەی بیروباوەڕە تەقلیدیەکەی خۆیان لەق نەبێت! هەروەها بەرهەمەکانی تێکنۆلۆجیای نوێ بەکار ناهێنن و لە سەرەتایشدا زۆر دژایەتیی بەکارهێنانیی تەلەفۆن و تەلەگراف و ئۆتۆمۆبیلیان کرد!

٦. ڕێبازی وەهھابی هەمو ئەو گەشە و نەشونمایانەی لەناو برد کە هاتبونە کایە لە فیکر و فیقهـ و پراکتیسی ئیسلامیدا و بەوەش لە خالّی سفرەوە دەستیان پێ کردەوە و حالّەتە ئیسلامیەکەیان گەڕاندەوە بۆ سەرەتا لەگەڵ ئەو دواکەوتویی و بیابانشینی و هێرشخوازیەی کە لە پرۆسێسێکی وەهاوە دێتە کایە. لە کاتێکدا عەقلّی ئیسلامی گەشەیەکی زۆری کردبو و پێگەیشتبو و هەر کۆمەڵگا و وڵاتێکیش ئیسلامێك یان ڕێبازێکی ئیسلامیی خۆماڵی و تایبەت بە خۆی پەرە پێ دابو، بەڵام وەهھابیەت ئەو بارودۆخە جێگیرەی شێواند و سەرلەنوێ

---

[4] القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل السابع: الفقه الحَشْوِيّ. ئاماژە دەکات بۆ: | **الحميد**، عبد الكريم بن صالح، *هداية الحيران في مسألة الدوران*. مطبعة السفير، الرياض. ص. ٣٢.

[1] القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٥: نماذج من فكر القيادة الوهابية الجانح.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main8.html

ئاماژە دەکات بۆ: *مجموع فَتاوَى و رسائل فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين*. الفَتْوى رقم ٤٢٨، ج. ٣، ص. ١٥٣.

[2] الياسيني، *الدين و الدولة*. ص. ١٣. | فاسيلييف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ٢، الفصل ١٣، ص. ٢٣٨.

ئیسلامی هەنارده کردەوە، کە ئەمەش دیاره چ زنجیرەیەك لە ئالۆزی و کێشە دەخولقێنێت.. ئەم سروشتەی ڕێبازی وەهھابی کە بە بارێکدا بانگەوازێکی چاکسازیە، دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە چاکسازی «إصْلاح» ی ئایینی لە ئەنجامدا نێگەتیڤ «سلبـيّ» ـە و ئاکامێکی باشی نیە، چونکە بریتی دەبێت لە ڕوتکردنەوەی بیرە ئایینیەکە لەو گەشەکردنەی کە بینیویەتی و ئەمەش دورخستنەوەی کاریگەریی کولتوری نەتەوەییە لە بیری ئایینیدا (کە بە "بیدعە" پۆلێن دەکرێت) و سەرەنجامیش گۆڕێکی تازە دەبەخشێت بە بنەما «أصل» Fundament سەرەکیەکانی ئایینەکە بە شێوە بەراییەکەی و لەگەڵ زیندوکردنەوەی سروشتی ریشەیی بیرە ئایینییەکە، واتە سروشتی ئەو بیرە ئایینیەی یاخود ئەو چەمکە ئایینیانەی کە ڕەگوڕیشەی / دور یان نزیکی/ ئایینەکە پێك دەهێنن، بە کاری چاکسازیی ئایینی دەژێێتەوە و سەر هەڵ دەداتەوە. بۆیە هەریەکە لە چاکسازیی پڕۆتستانتی (ی مەسیحی) و وەهھابی (ی ئیسلامی) گەڕانەوە بو بۆ ڕەگوڕیشەی یەهودی کە لە یەکتاپەرستیەکی دەمارگیردا بەرجەستە دەبێت و لە ئەنجامدا سەری کێشا بۆ فڕێدانی گەشەی خۆگونجاندن لەگەڵ شارستانیێتیە دێرین و پێشەنگەکاندا. ئێستا لە جیهانی مەسیحیدا بە هۆی بیری ئایینیی پڕۆتستانتیەوە گەڕانەوەیەکی سەیر هەیە بۆ چەمکەکانی ئایینی یەهودی و، گروپی پڕۆتستانتیی توندڕەوی وەکو گەواهیدەرانی یەهواه «شُهُود يهْوه» Jehovah's Witnesses دروست بون کە پێیان وایە ناوی ڕاستەقینەی خواوەند بریتیە لە (یهْوه) و بیروبڕوایان وایە کە نابێت شوێن یاسای عەلمانی بکەون و نابێت وێنە و ئایکۆن لە پەرستشدا بەکار بهێنن و بەشداری نەکەن لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکاندا و سڵاو نەکەن بۆ ئاڵای نەتەوەیی هیچ دەوڵەتێك.. هەتاکو بەشداری ناکەن لە جەژنی لەدایکبون (ی مەسیح) Christmas دا بەو پێیە کە ڕەگوڕیشەی فرەپەرستیی هەیە[(٢٣١)]. چاکسازیی پڕۆتستانتییش بە گشتی بنەڕەتی عیبریی دەقەکانی دوپات کردەوە و شێوەیەکی یەهودیانەی بەخشیەوە بە چەمکەکان، ئێستاش ئەو مەسیحیانەی لە بانگەواز و مژدەدان «تبشیر» ی مەسیحی و دژایەتیکردن و ڕکەبەریی ئایینەکانی تری جیهان و سەرگەرمیی پێشبینیەکانی کۆتاییهاتنی جیهان و یەکتربڕینەوەی گەلان و هەمو سەرگەرمی و هیستێریاکانی تردا، چالاکن؛ پڕۆتستانتیەکانن یان لە ریشەدا پڕۆتستانتین[(٢٣٢)]. جگە لەوەی لە جیهانی

---

(١) دەربارەی کۆمەڵی گەواهیدەرانی یەهواە، بڕوانە: المسيري، *الموسوعة*. مج. ٦، ج. ٢، الباب ٣، مُدْخَل: شهود يهوه.

Encycl. Britannica. Art. *Jehovah's Witness*.

(٢) لێرەدا زیاتر مەبەستم پڕۆتستانتیزمی ئەمێریکاییە، چونکە پڕۆتستانتیزم لە ئەمێریکادا چو بەرەو ئەنجام و بەرهەمە نێگەتیڤەکانی، لەوێ گروپەکانی (گەواهیدەرانی یەهواه) و (ئەدڤێنتیستەکان) و (مۆڕمۆن) سەریان هەڵدا. هەتاکو زاراوەی Fundamentalism سەرەتا بەو گروپە مەسیحیە توندانە وتراوە کە لە بنەڕەتدا

مەسیحیی پڕۆتستانتیدا دەرگای دۆستایەتیی جولەکە کرایەوە بە شێوەیەك ئەمڕۆ لە خۆرئاوادا تەنها جیهانی لاتینیی کاثۆلیکی (ڕۆحی ئوروپا) هاوکاری زایۆنیزم نیە، ئەگەرنا جیهانی ئەنگلۆساکسۆنیی پڕۆتستانتی (نەوەی تیوتۆنە بەربەرەکان) هەموی هاوکار و پشتگیری زایۆنیزم و قەوارەی زایۆنیە. بە گشتییش کاریگەریی درێژبونەوە و لقوپۆپە نێگەتیڤەکانی کلیسای پڕۆتستانتی لە ئێستەدا خراپترە لە گەندەڵیی کلیسای کاثۆلیکی لە رابردودا.. لە بەرامبەریشدا چاکسازیی وەههابی بە هەمان شێوە شۆڕشێك بو بەسەر ئایینداریی ڕێکخراو و خۆماڵیکراو و داب‌ونەریتەکانی و گەندەڵیەکانیدا، سەرەنجامیش رەگوڕیشە یەهودیەکان دوپات کرانەوە.. هەرچەند ژمارەیەکیش لە گەشتیار و توێژەر و چاودێرانی خۆرئاواییش وەههابیەت دەچوێنن بە چاکسازیی پڕۆتستانتی لە روی رەسەنیی بیروباوەڕی ئایینیەوە، لەمانەیش: هەردو گەشتیار:

لویس ئەلێکساندر ئۆلیڤیەر **دی کۆرانسێ** Louis Alexandre Olivier **de Corancez** (١٧٧٠ - ١٨٣٢ ز.) ی فڕەنسایی، خاوەنی

*Histoire des Wahabis* *(مێژوی وەههابیەکان)* (پاریس، ١٨١٠).

و یۆحان لودڤیگ **بورکهاردت** Johann Ludwig **Burckhardt** (إبراهیم بن عبد الله) (١٧٨٤ - ١٨١٧ ز.) ی سویسەرلاندی، خاوەنی

*Travels in Arabia* *(چەند گەشتێك بە عەرەبیادا)* (لەندەن، ١٨٢٩)، و

*Notes on the Bedouins and Wahabys* *(چەند تێبینیەك لەسەر بیابانشینەکان و وەههابیەکان)* (لەندەن، ١٨٩٣)[٢٣٣].

بەڵام چاکسازیی پڕۆتستانتی بەهایەکی شارستانی و نوێگەرایی و روناکبیرانەی گەورەی هەبو و هەناسەیەك بو بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤی ئوروپایی، جگە لەوەی چاکسازیی پڕۆتستانتی نەیتوانیوە بە تەواوی رەگوڕیشەی ئوروپایی (یۆنانی و رۆمانی) لە مەسیحیەتدا بنەبڕ بکات، لەبەر ئەوانە رەوا نیە بەراوردی بکەین بە وەههابیەت، کە بە داخەوە چاکسازی و ریفۆرمی ئایینیی ئێمە لەسەر دەستی ئۆرثۆدۆکسترین گروپ هاتە کایە کە وەههابیەکان بون[٢٣٤]، کە ئەمەش حاڵەتەکەی

---

پڕۆتستانتین.

(١) بڕوانە: فاسیلییف، *تاریخ العربیة السعودیة*. ج. ١، الفصل ٢، ص. ٥٥. | دي کورانسي، *الوهابیون*. ص. ٦٨.

(٢) لێرەدا مەبەست لە (ئۆرثۆدۆکس) گروپی ئایینیی توند و رواڵەتیە لە پابەندبونیدا بە بنەما و دەقە ئایینیەکانەوە، وەکو ئەو جولەکەیەی کە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی پاراستنی (شەریعەت) لە تەوراتدا دەچێت

سەختتر کردوە. دەبێت دان بەوەشدا بنێین کە چاکسازی هیچ کاتێك لە لای ئەهلی سوننە ریشەیی نابێت و تەنها گەڕانەوە دەبێت بۆ بنچینە و بنەما سەرەکیەکان و فڕێدانی هەندێك گەشە و هەندێك توێکڵ و روپۆش دەبێت، ئەمەش تەنها بۆ هەڵکردن و گونجان لەگەڵ بارودۆخێکی نوێدا، واتە تەنها دوبارە رێکخستنەوەی هێزە یاخود لابردنی ژەنگی شمشێرە! نەك بۆ هێنانەکایەی هۆشیاریەکی راستەقینەی نوێ.

٧. دزێوترین رەوشتی وەههابی بریتیە لە مێملێی روخاندن و رەوشتی خەمساردی و بێباکی لە ئاست دەستکەوت و شانازی و شوێنەوار و جێدەستەکانی مرۆڤایەتی.. لای مرۆڤی وەههابی ئاساییە هەمو جیهان بڕوخێنێت ئەگەر ئەم جیهانە هەموی پەیکەرێك یان گۆڕێکی پیرۆز بێت، لە لای ئاساییە هەمو کەلەپور و نوسراو و دەستنوس و چاپکراوی مرۆڤایەتی بسوتێنێت ئەگەر گومانێك لە بیری ئاییینی ئەودا دروست بکەن، لە لای ئاساییە هەمو مرۆڤی جیهان لەناو ببات ئەگەر نەچنە ژێر ئالاّی کولتور و بیروباوەڕی ئەوەوە. بونی مرۆڤی وەههابی مەترسیەکە بۆ سەر دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی.

٨. بانگەوازی وەههابی لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتەوە بە شێوەیەکی خێڵەکی و لەگەڵ کێشمەکێشی خێڵەکیدا گەشەی کردوە، تا ئێستاش شێواز و ئاکار و روخسارێکی خێڵەکیی بەخشیوە بە ئاییینداری و رێکخستنی ئاییینی.. هەر لە بەکارهێنانی قوربانی و کاری خێرخوازیەوە بۆ رامهێنانی هەژار و برسیەکان (کە ئەوە هەمیشە کاری سەرۆك خێڵەکان بوە کە تاوتاو هەژارەکانیان تێر کردوە بۆ ئەوەی درێژە بە بالاّدەستیی خۆیان بدەن و هەژارەکان رام بهێنن و وایان لێ بکەن بیر لە شۆڕش نەکەنەوە و وا بزانن ژیانیان بەسراوەتەوە بە سەرۆکەکانیانەوە)، هەتاکو دەگاتە سودبینین لە دوژمنایەتی و دۆستایەتیی خێڵەکی و ناوچەیی - بۆ نمونە دەبینین تا ئێستاش پێشەوایانی وەههابی لە سەعودیە سود لە دەسەلاّتی خێڵەکانیان و خەڵکی ناوچەکانیان وەر دەگرن و لە پەنایاندا بیری خۆیان بلاّو دەکەنەوە، هەروەها دەبینین لە زۆر شوێن کاری ئیسلامی

---

چەند دێڕێك لە شەریعەتی تەوراتی لە سەر کاغەزێك دەنوسێتەوە و لە بۆکسێکی بچوکدا بە ناوچەوانی خۆیەوە هەڵی دەواسێت! بەلاّم زاراوەی (ئۆرثۆدۆکس) Orthodox لە کەلەپوری مەسیحیدا جیاوازیەکی هەیە، کە ئۆرثۆدۆکس لە جیهانی مەسیحیدا کلیساکانی خۆرهەلاّت و خۆرهەلاّتی ئوروپا دەگرێتەوە کە دابونەریتی خۆرهەلاّتیی خۆیان هەیە و نە ملکەچی کلیسای رۆمان بە دابونەریتە ئوروپایی - لاتینیەکانیەوە و نە چاکسازیەکانی کلیسای پرۆتستانتی دەیانگرێتەوە.. بە پێی ئەم زاراوەیە ئەگەر بۆ ئاڕاستەیەکی جیهانی ئیسلامی وشەی (ئۆرثۆدۆکس) بەکار بهێنین ئەوا ئاڕاستەی رێبازی ئەشعەری - صوفی دەبێتە ئۆرثۆدۆکس واتە موسڵمانی تەقلیدی یاخود ستاندارد «قیاسيّ»، و وەههابیەکانیش دەبنە پرۆتستانت!

بوەتە كاری بنەماڵەیی و خێڵەكی.. هەتاكو دەگاتە شێوازی جلوبەرگ و شێوازی مامەڵە لەگەڵ خەڵكی جیاواز و جیهانی دەرەوەدا..

٩. رامهێنانی بانگەواز و رابونی ئیسلامی بە پێترۆ ـ دۆلار، واتە بەكەڵكهێنانی لاوازی ئابوریی بانگەواز و چالاكیی ئیسلامی بۆ زاڵبون بەسەریدا.. لە رێگەی دامەزراندنی سەنتەری ئیسلامیەوە لە هەمو لایەكی جیهاندا و یارمەتیدانی ئابوریی رێكخراوە ئیسلامیەكان بۆ پرۆپاگەندا ـ لە سەرەتادا و پاشان بۆ زاڵبون و هەژمونی تەواو بەسەریاندا بە پارەداركردنیان و گۆڕینیان بۆ سەنتەری بانگەشەی ئیسلامی وەهابی[٢٣٥]. بۆیە دەبینین وەهابیەت بە تەواوی زاڵ بوە بەسەر عەقڵی ئیسلامیی نوێدا بە شێوەیەك كە دەردی سەلەفیەت بە هەمو كۆمەڵە و گروپەكاندا بڵاو بوەتەوە.

١٠. دروستكردنی ناكۆكی و ئاژاوەی مەزهەبی. مرۆڤی وەهابی لە هەر شوێنێك بێت دەكەوێتە وروژاندن و زیندوكردنەوەی ناكۆكیە مەزهەبیەكان و دوژمنایەتیی رێبازە ئیسلامیەكانی تر و كوفراندنیان و هەوڵی لەناوبردنیان، بە تایبەتی رێبازی شیعە. ئاشكرایە كە كاتێك جەنگاوەرانی ئەفغانی بۆ روبەڕوبونەوەی داگیركەری روسی و خستنی حكومەتی (پارتی دیمۆكراتی گەل) ی چەپ دەجەنگان یەك ریز بون.. بەڵام كاتێك وەهابیەكان چونە نێو ریزەكانیان ئاژاوە و دوبەرەكی سەری هەڵ دا[٢٣٦]، چونكە مرۆڤی وەهابی لە هەمو بارودۆخێكدا هەمیشە لە بیری سەپاندنی رێبازی خۆی و قەڵاچۆكردنی رێبازەكانی تردایە بە تایبەتی رێبازی شیعە. لێرەدا هەندێك قسە لەوە دەكەن كە لە بیركردنەوەی ئەو سەعودیانەدا كە چونە ریزی ئەفغانیەكانەوە تێكەڵیەكی مەبەست هەبوە لە نێوان (شیوعيّ) و (شیعيّ) دا و بە رواڵەت بۆ جەنگی روس چون بەڵام مەبەستیان روبەڕوبونەوەی شیعە بوە لە ئەفغانستان و پاكستاندا چونكە زانیویانە لەوێ ژمارەیان زۆر بوە! بە هەمان شێوە لە پاكستانیشدا سەرەتا پێكەوەژیانێكی بەتین هەبوە لە نێوان شیعە و ئەهلی سوننەدا لەو وڵاتەدا، كە لە هەردو دامەزراوەی (كۆمەڵەی زانایانی ئیسلام) و (كۆمەڵەی ئەهلی حەدیث) دا بەرجەستە دەبون، بەڵام كە گروپی وەهابی بە وڵاتدا بڵاو دەبنەوە توندوتیژی و ئاژاوە

---

[١] القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٨: الولاء الوهابي لمن؟!

@http://www.alwahabiya.20m.com/main11.html

[١] بێ گومان ئەمە تەنها فاكتەرێك بو، فاكتەرێكی تریش ئەوەیە كاتێك ئۆپۆزیسیۆنێكی چەكدار لە كۆمەڵگایەكی دواكەوتودا لە دوشمنە بنەڕەتیەكەیان دەبنەوە و رزگاریان دەبێت؛ هەست بە بۆشایی و لەدەستدانی فرمانێك دەكەن كە ئەویش چالاكیی میلیشیاكانیانە، بۆیە دەبنە دوشمنی یەكتر و شەڕی ناوخۆیی دروست دەبێت، لە كاتێكدا ئەو میلیشیایانە فرمانێكیان نەماوە و دەبێت هەڵ بوەشێرێنەوە.

و تایفەگەری دروست دەبێت، چونکە وەهھابیەکان (سوپای صەحابە) یان پێکەوە نـاوە کە رایان گەیاندوە شیعە بێباوەڕن و کوشتنی شیعەیان کردوە بە ئامانج(٢٣٧).

١١. بەرھـەمھێنانی تونـدڕەوی و توندوتیـژی و تێـرۆر، کـە ئەمـە دیـارترین و کاریگەرترین بەرھەم و دەرھاویشتەی وەهھابیەتە و ئاکـامێکی سروشـتیی ئاڕاسـتەی یەکتاپەرسـتیی تونـدڕەوە کـە رەوایـی دەدات بـە رەتکردنـەوەی رەھـای بەرامبـەر و زایەکردنی خوێن و ماڵوسامانی و روخاندنی جێدەست و شـوێنەوارەکانی. تونـدڕەویی وەهھابی لە روخاندنی مەزارگەیەکی بچوکەوە دەست پێ دەکات تا زایەکردنی خـوێن و سامانی ئەوانەی بە فرەپەرست و بێباوەڕ پۆلێن دەکـرێن و رێگەنـەدان بـە بـونی ھـەر ئایینێك یان رێبازێکی ئایینی یان شێوازێکی ئاییندارییی جیاواز، تا دەگاتە پێکھێنانی گروپی تێرۆریست و بەکارھێنانیان بۆ مەبەستی سیاسی و دروستکردنی پەستان لەسەر ھێـزە سیاسـیەکان بـۆ ھێنانەکایـەی گۆڕانکـاریی ئایینیـسیاسی یـان رێگـرتن لـە گۆڕانکاریەکی ھاوشێوە و شڵەقاندنی بارودۆخی جێگیر. ئەم توندڕەوی و تێـرۆرەش لـە ھەمو قۆناغێکدا خۆی نواندوە و سروشتی چەسـپاوی خـۆی سـەلماندوە، ئـەو تێـرۆر و تۆقاندن و تەقاندنەوە و سەربڕین و فڕاندن و خراپەکاریەی کە ئێستە لە لایەن کۆمەڵێك گروپەوە بە ھاندان و پشتگیریی ھەندێك لایەنی سیاسـیی ناحـەز و بـە سـودبینین لـە ئەزمونی کۆن و تازەی دەزگای ھـەواڵگری و سـیخوڕی و ـ بـەناو ـ ئاسایشـی رژێمـە دیکتاتۆریەکانی ناوچەکە، ئەنجام دەدرێت، پاساوی تەواوی لە بیری ئایینیی وەهھابیـدا ھەیە و ھەمان ئەو تێرۆر و تۆقاندنەیە کە بە درێژایی مێژوی وەهھابیەت ئـەنجام دراوە لەسەر دەستی (مطلق المطيري) و (عثمان المضايفي) و (ابـن شـكبان) و سـەرکردەکانی تری سوپای دەشتەکیی سەعودی ـ وەهھابیـەکانی سـەدەی ھەژدەھـەم و نۆزدەھـەم و، سەعودی یەکەم و ئەمیرە سەعودیەکانی تری دیرعییە و، ئیبن بیجاد و فەیصەل دەویش و ئیبن حیثلەین و خالید بن لوئەی و سەرکردەکانی تری بزوتنەوەی ئیخوان و، (جهیمـان العتیبـي) و ھاوەڵانی لـە گروپـی تونـدڕەوی (الجماعـة السـلفية المحتسِبة)... ئەمانـە قافڵەیەکن کە بە دوای یەکدا ریزیان بەسـتوە و ئێسـتەش کەسـانی وەکـو (أُسـامة بـن لادن) و (أيمـن الظـواهريّ) و (أبـو مصـعب الزرقـاوي) و (أبـو محمـد المقدسـي) و (أبـو قتادة)... گەیشتون بەو قافڵەیە.

لـە وەهھابیـەت و ژینگـەی وەهھابیـدا چـەند فاکتـەرێکی ھاوکـار و پەیوەسـت کۆبونەتەوە بۆ سەرھەڵدانی توندوتیژی :

---

(٢) بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* الفصل ٨. الفصل ٦: علماء أهل السنة يجابهون الحشوية.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main9.html

١. ئاڕاستەیەکی دەقگەرایی ڕواڵەتی، کە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ عەقڵ و ئازادی.

٢. ئاڕاستەیەکی یەکتاپەرستیی توند کە لە ئایینی یەکتاپەرستیەوە بۆی ماوەتەوە و تایبەتمەندیی خۆیشی پێ بەخشیوە. گرنگترین بابەتێکیش لە بیری وەهھابیدا بریتییە لە جیاکردنەوەی یەکتاپەرستی و فرەپەرستی و لق و بەشەکانیان و فرەپەرستیی گەورە و بچوك و یەکتاپەرستیی پەروەردگاریّتی و یەکتاپەرستیی پەرستراویّتی، ئیتر نوسراو و بڵاوکراوەکانیان لە بواری بیروباوەڕدا بریتین لەو کۆمەڵە باس‌وخواسە. ئەم فاکتەرە لە سەرهەڵدانی توندوتیژیی وەهھابیەتی سەعودیدا ئاشکرایە، بەڵام نمونەی تریش هەیە:

- بەشێکی زۆر لە جیهادیەکانی ئەفغانستان پەیوەندیی ڕۆحی و ماددییان بە (قوتابخانەی دیۆبەندی) Deoband School (دار العُلُوم) ەوە هەبو[٢٣٨] کە لە هیندستان بەرەوی هەبو، ئەم قوتابخانەیە ساڵی (١٨٦٧ ز.) دامەزرابو و لەژێر کاریگەریی پێشەوای ئایینی چاکساز (شاه ولـيّ الله) دا بو، بۆیە ئەم قوتابخانەیە ئاڕاستەیەکی یەکتاپەرستیی زۆر توند و ئۆرثۆدۆکسیی هەبو و تەنها زانستە ئایینیەکانی تێدا دەخوێنرا و بوارە نوێیەکان و ئەو بوارانەی کە سەردەکێشن بۆ بیدعە (!) پشت گوێ دەخران، لەگەڵ سوربون لەسەر پاکژکردنەوەی ئیسلام لە خۆماڵیبون و گەشەی ناوچەیی و نارەسەن و بانگەشەکردن بۆ ئیسلامێکی پوخت و بێخەوش و ڕێگرتن لە پیرۆزکردنی مەزارگا و گۆڕی پیاوچاکەکان[٢٣٩]. مەلا (محەممەد عومەر) یش لە بنەڕەتدا قوتابیەکی ئەم قوتابخانانە بو[٢٤٠].

- نمونەیەکی تر لە کاریگەریی یەکتاپەرستیی توند و خودی ڕێبازی وەهھابی بۆ هێنانەکایەی توندوتیژی، چاکسازی ئیسلامی و سیاسەتمەداری هیندی (سیّد أحمد بارلوي) ـە (١٨٣١ ز. مردوە) کە یەکێك بو لە شوێنکەوتوانی (شاه ولـيّ الله) و، لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا چو بۆ حەج و لەوێ کرایەوە بە ڕوی وەهھابیەتدا و گرتیە خۆی و گەڕایەوە بۆ هیندستان و بزوتنەوەیەکی پێك هێنا و پشتیوانی زۆری کۆ کردەوە، ساڵی (١٨٢٤ ز.) یش جیهادی دژی بێباوەڕان ڕاگەیاند و پاشان ساڵی (١٨٢٦ ز.) یش هێزەکانی دایان بەسەر هەرێمی (پەنجاب) دا و سیخەکانیان کوشتار

---

(١) بريزار و داسكيه، *ابن لادن*. ص.١٢.

(١) نفسُه.

Encycl. Britannica. Art. *Deoband School.*

(٢) بريزار و داسكيه، *ابن لادن*. ص. ١٢.

کرد، دواتر ساڵی (١٨٣٠ ز.) یش پیشاوەریان داگیر کرد و دەوڵەتێکیان پێك هێنا.. بەڵام بۆ ساڵی دواتر سەرۆکەکەیان، واتە سەیید ئەحمەد، کوژرا، دوای خۆیشی شوێنکەوتەکانی لە ناوچە موسڵماننشینەکانی هیندستاندا چالاك بون و جیهادیان راگەیاند دژی داگیرکەری ئینگلیزی[٢٤١].

- نمونەیەکی تریش هەر لەم بارەیەوە ژمارەیەك بو لە حاجیەکانی ئیندۆنیسیا کە لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی مەککەیان کرد و کەوتنە بەر کاریگەریی یەکتاپەرستیی وەهابی و کاتێك گەڕانەوە دەستیان دایە چالاکیەکی چاکسازی و بزوتنەوەیەکی ئایینیسیاسی پێك هات کە هەمان دروشمەکانی وەهابیەتی بەرز کردەوە، لە سەرەتایشدا کارەکانیان دژی خەڵکی ناموسڵمانی ناوخۆ بو، پاشان بونە بەرهەڵستکاری هۆڵاندیەکان، ئیتر لە ساڵی (١٨٢١ ز.) ەوە تا ماوەی (١٥) ساڵ داگیرکەرە هۆڵاندیەکان روبەڕوی وەهابیەکانی سوماترە بونەوە[٢٤٢].

- هەر لەم روەوە قسە لە رادەیەك لە کاریگەریی وەهابیەت لەسەر بزوتنەوەی سەنوسی دەکرێت[٢٤٣].

- نمونەیەکی تریش بزوتنەوەی (شێخ عوسمانی فۆدیۆیی) (عثمان بن فُودِيْ) Shehu Usman dan Fodio (١٧٥٤ - ١٨١٧ ز.) ـە لە خۆرئاوای ئەفریقا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا[٢٤٤]، ئەم کەسە کە یەکێك بوە لە سەرۆکەکانی گەلی فولانی Fulani یاخود فولبە Fulbe لە سودان و نەیجیریا و گینیا و مالی...، و موتەصەوویف و فەیلەسوف و چاکسازێکی شۆڕشگێر بوە، سەردانی حیجازی کردوە و کەوتوەتە بەر کاریگەریی وەهابیەت و پاشان لە نێوان (١٨٠٤ - ١٨٠٨ ز.) دا رابەری (جیهاد) بوە و لەم بارەیشەوە کتێبی *(نور الألباب)* ی نوسی کە بانگەشەیە بۆ جیهاد، هەتا توانی دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێت کە ئیمپراتۆریێتیی فولانی بو و پایتەختەکەی شاری سۆکۆتۆ Sokoto بو کە ئێستە دەکەوێتە وڵاتی نەیجیریاوە[٢٤٥].

---

[٣] دەربارەی (سید أحمد بارلوي)، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٥، ص. ١١٤.

[٤] نفسُه.

[٥] نفسُه.

[١] نفسُه.

[٢] دەربارەی (عوسمانی فۆدیۆیی) و ئیمپراتۆرێتیی فولانی، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ١، الفصل ٥، ص. ١١٤.

Encycl. Britannica. Arts. *Usman dan Fodio, Fulan, Fulani empire.*

لەم چەند نمونەیەیشدا سەرنجی ئەوە دەدەیــن کــە بــیری یەکتاپەرســتی ـ جیهــادی لــە پیادەکردنی توندوتیژییەوە دژی خەڵکی ناوخۆ دەست پێ دەکات پاشــان گەشــە دەکــات و دەبێتــە روبەڕوبونــەوەی داگیرکــەر.. ئــەم دیاردەیــەیش دەکرێــت بکرێتــە پێوەرێــك بــۆ جیاکردنــەوەی تێــرۆر لــە بــەرگریی نیشــتمانی. واتــە هــەر میلیشــیایەك رابــردوی لــە سەرکوتکردنی خەڵکی ناوخۆدا هەبێت ئەگەر بوە هێزێکیش بۆ روبەڕوبونەوەی داگیرکــەر سروشت و پێناسی تێرۆریستانەی خۆی لە دەست نادات.

٣. ئەو بیابانشینی «البَداوة» ی کە هەمیشە هەر بەڵا بــوە بەســەر شارســتانێتی و کۆمەڵگای نازپەروەر و ژیانی سەر روبارەکانەوە ـ ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لە چوارچێوەی وەهابییەتدا هۆکارێك بــوە بــۆ ئــەوەی ئاراســتە یەکتاپەرســتیەکە ببێتــە یەکتاپەرستیەکی توندڕەو و دەمارگیر کە بگاتە پلەی رەهایی لە توندوتیژی و ســەپاندنی بیروباوەڕدا.

ئەم سێ فاکتەرە ئەوەندە لە یەك نزیکن تا رادەی ئەوەی لە کرۆکدا هەر یەك فاکتــەر بــن، چــونکە بیابانشــینی ئاراســتە دەقگەراییــە روالەتیەکــە دەبوژێنێتــەوە، ئاراســتە یەکتاپەرستیەکەش لەگەڵیــدا دەگونجێــت، ئــەم ئاراســتە یەکتاپەرســتیەش جۆرێکــە لــە روالەتیبون و سادەکاری لە بیرکردنەوەدا و دژایەتیکردنی هونەرە، چونکە هونەر هەناســە دەهێنێتەوە بە بەری دیمەنە هەمەڕەنگ و فرەڕەگەز و جیاوازەکانــدا. هــەر ئــەم ئاراســتە یەکتاپەرستیە بە هۆی بیابانشینیەوە توندڕەوتر دەبێت یان لەگەڵیدا هەماهەنگــە یــان ـ هەندێك جار ـ هەر لە بیابانشینیەوە سەرچاوە دەگرێت.

٤. هەمیشە شوێنکەوتوانی ئەم رێبازە لە لایەن دەسەڵاتی خێڵــەکی و بنەماڵەییــەوە بۆ مەبەستی ملکەچکردنی ناوچەکان و فراوانکردنی قەڵەمڕەو و روبەری دەسەڵات بە کار هاتون، دوای ئەوەی بــە بیرکردنــەوەی تونــدڕەو گۆشــیان دەکــات و بــە بــەڵێنی پــارە و دەسکەوت دەیانکڕێت. ئێستەش گروپە تێرۆریستیەکان لە لایەن هێزە سیاسیەکانەوە بــە کەڵك دەهێنرێن و خزمەت بە ئامــانجی سیاســیی هەنــدێك لایــەنی دژ بــە گۆڕانکــاریی سیاسی لە ناوچەدا دەکەن.

٥. دەسەڵاتی بنەماڵەی سەعودی مۆرکی دیکتاتۆری و خۆسەپاندنی هەڵ گرتــوە، ئــەو بنەماڵەیە خۆیان سەپاندوە بەسەر هەمو ناوەندەکانی بڕیارداندا لەو وڵاتەدا.. بــە شــێوەیەك حکومەت تەنها رەنگدانەوەی بەرنامە و نەخشەی بنەماڵەیەکە. بۆیە ئەوەی پێی دەوترێــت هاوڵاتیی سەعودی بە تەواوی پەراوێز کەوتوە، ئەم پەراوێزخستنەش هەســتیی نیشــتمانی و

---

*المنجد في الأعلام*. مادتا (فودیو) و (فلبة).

هاولاتیبونی له لای هاولاتیان ون کردوه، بەڵکو چەمکی هاولاتیبون لەسەر بنەمای لایەنگری بۆ بنەماڵەی سەعودی داڕێژراوەتەوە و نیشتمان و ولات بوەتە بونێکی خێڵەکی - سەعودی. ئەم رژێمە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەش تەنها پێکهاتەی سیاسی و ئایینی و کۆمەلایەتیی خۆسەپێن و توندوتیژ لە کۆمەڵگادا دەهێنێتە گۆڕێ و هەمیشە پەراوێزکەوتنی هاولاتیان لەبارترین ژینگە دەخولقێنێت بۆ توندوتیژی و توندڕەوی[٢٤٦]، جگە لەوەی مێژوی دەسەلاتی سەعودی هەر لەگەڵ توندوتیژیدا هاتوەتە گۆڕێ، تەنها لە سەدەی بیستەمدا نزیکەی میلیۆنێك مرۆڤ هەر لە خودی نیمچە دورگەی عەرەبیدا کوژراوە و پاکتاو کراوە[٢٤٧]، ئەو دەسەلات و شانشینیەش لەسەر گردی کەللەسەری ئەو میلیۆنە راوەستاوە. هەروەکو رژێمی سەعودی دەنگی هەمو ئەوانەی کپ کردوە کە بانگەشە دەکەن بۆ چاکسازیی سیاسی و بە شێوازی بەندکردن و دەستبەسەرکردن روبەڕویان دەبێتەوە و دەزگاکانی راگەیاندن و دامەزراوەی ئایینیی رەسمی دەخاتە گەڕ بۆ پاساودانی ئەو شێوازە ستەمکارانەیە لە روبەڕوبونەوەیاندا، بە تایبەتی داواکارانی چاکسازیی دەستوری کە زۆربەیان بە بێ دادگاییەکی ئاشکرا و دادگەرانە لە بەندیخانەکان توند کراون[٢٤٨]. سەرەنجامیش تاك و گروپی توندڕەو و تیرۆریست بەرهەم دێن کە نەخشە دەکێشن بۆ زیانگەیاندن بە دامودەزگاکانی حکومەت و بەرژەوەندیی بێگانە لە ولاتدا، زۆرینەی هاولاتیانیش لە داخی رژێمەکە لایەنگر و هاوسۆزن لەگەڵ ئەم تاك و گروپە تیرۆریستانەدا. ئینجا کاتێك ئەم تاك و گروپە تیرۆریستانە زیان دەگەیەنن بە دامودەزگاکانی حکومەت و بەرژەوەندیی بێگانە لەو ولاتەدا ئەو رژێمە ناچار بە رێگەی سەرکوتکردن و راوەدونان و هەڵمەتی هێزەکانی ئاسایش روبەڕویان دەبێتەوە کە ئەمەش زیاتر هەڵوێستەکە دژوارتر و قەیراناویتر دەکات و ژینگەی لەبارتر دەڕەخسێنێت بۆ

---

[١] بروانە: *دور العائلة الحاكمة السعودية بين الإرهاب و احتمال تقسيم البلاد*. الحرمين، المقالات و الدراسات، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٥/٢/١٣. حديث لـ: ناجي حسن عبد الرزاق.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/59.htm

[٢] صخر، *آل سعود*. ص. ٢٤.

[٣] بروانە: دور العائلة الحاكمة السعودية بين الإرهاب و احتمال تقسيم البلاد. حديث لـ: سعد الفقيه.

**الرشيد**، الدكتورة مضاوي، *محاكمة دعاة الإصلاح في السعودية: السلفية السلطانية حاربت البدع الدينية و كرّست البدع السياسية*. الحرمين، المقالات و الدراسات، القدس العربي ٢٠٠٥/٥/١٧.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/40.htm

**شاهين**، فايز، *آل سعود و الوهابية: لا يسقط أحدهما دون الآخر!* الحرمين، الدراسات، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٥/١/١١.

@http://www.alhramain.com/text/drasat/4/1.htm

توندوتیژی و تیرۆر.

ئەم فاکتەرانە سەرجەم لە ڕێکخراوێکی وەهابیی وەکو بزوتنەوەی برایان «الإخـوان» دا هاتنە دی کە بونە پێشەنگ و ئەزمونی یەکەم بۆ هەمو کۆمەڵەیـەکی ئـاییـنیی تونـدڕەوی چەکدار لە ناوچەدا کە بە کولتـورێکی ئـاییـنیی تونـدڕەو گـۆش دەکـرێن و بـۆ مەبەسـتی سیاسی بە کەڵك دەهێنرێن و سودیان لـێ دەبینرێـت و دواتـریش لـە کـۆنترۆڵ دەردەچـن و یاخی دەبن و دەکەونە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە وڵاتدا بۆ زیانگەیاندن بە حکومـەت و بە بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانانی.

بە شێوەیەکی گشتییش دەتوانین بڵێین توندڕەوی و تیرۆر لە هەناوی وەهابیەتـەوە هـەڵ قوڵاوە، بەڵام بە شێوەی دیالێکتیك «جَدَلِيّـة» یـێك کـە زادەی کێشمەشـی نێـوان ئاراسـتە سیاسی و ئایینیەکانی عەرەبیای سەعودیە، واتـە کێشـەکە چـەند لایـەن «طَـرَف» ێکـی تێدایە: دەسەڵاتی سـەعودی. هاوپـەیمانی دەسـەڵات لـە بێگانـە: بریتانیـا لـە رابـردودا و ئەمێریکا لـە ئێسـتادا. ئاراسـتە ئیسـلامیەکان: دامـەزراوەی ئـایینیی رەسمـی، فەقیهـە سیاسیەکانی دەرەوەی دامەزراوەی ئایینیی رەسمی، جیهادیـەکان. پەیوەنـدی و هەڵوێسـتی هەر یەکە لەم ئاراسـتە ئیسـلامیانەش لەگـەڵ یـەکتردا و لەگـەڵ دەسـەڵات و هاوپـەیمانی بێگانەی دەسەڵاتدا. بۆ تێگەشتنی سروشتی ئەم کێشمەکێش و دیالێکتیکە و بـۆ ناسـینی لایەنەکانی؛ لێـرەدا ئاراسـتە ئیسـلامیە زاڵ و کاریگـەرەکانی عـەرەبیای سـەعودی جیـا دەکەینەوە و دەیانناسێنین، کە تەنها شەبەنگی جیاوازی هـەمان بـیری ئـایینیی وەهھـابین، چونکە لە سـەرەتای پێکهێنـانی دەوڵـەتی سـەعودیەوە وەهھابیـەت کولتـوری ئـایینی و بەرنامەی پەروەردە و فێرکردن و یاسـا و دادوەریـی دارشـتوە، لەبـەر ئـەوەش کاریگـەریی تەواوی لەسەر هەمو ئاراستە ئایینیە سوننیەکانی وڵات هەبوە[249].

## ئاراستە ئیسلامیەکانی عەرەبیای سەعودی

لە عەرەبیای سەعودیدا، ئیسلامیەکان، بەپێی هەڵوێستیان بەرامبـەر دەسـەڵات و میکانیزمی کارکردنیان، دەبنە چەندین ئاراستە و تەوژم، کە بە شێوەیەکی گشـتی لـە سێ ئاراستە و تەوژمی بنەڕەتیـدا پـۆلێن دەکـرێن، ئەوانـەش (دامـەزراوەی ئـایینیی رەسمی) و (ئاراستەی رابون) و (ئاراستەی جیهادی) ــن:

---

[1] المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟ ص. ٥.

## ئاڕاستەی یەکەم: دامەزراوەی ئایینیی رەسمی

ئەم ئاڕاستەیە دەسەڵاتی ئایینیی سەرەکیە و پاسەوان و پارێزەری رێبازی وەهھابیە لە وڵاتدا. پێك دێت لەو پێشەوا ئایینیە رەسمیانەی کە پۆستی موفتیی گشتیی وڵات و وەزیری (دعوة و إرشاد) وەردەگرن و دامەزراوەی ئایینیی هاوکار لەگەڵ دەسەڵاتدا بەڕێوە دەبەن. (الشیخ ابن باز) و (الشیخ ابن العُثَیْمِین) و (الشیخ مقبل) و (الشیخ الألباني)، کە هیچیان ئێستا لە ژیاندا نەماون، و (الشیخ عبد العزیز آل الشیخ)، کە موفتیی گەورەی شانشینیی سەعودیە لە ئێستادا، گرنگترینی ئەمانەن[٢٥٠].

ئەم ئاڕاستەیە (شەرعیەت) ی رژێمی دەسەڵاتدار دوپات دەکاتەوە و پاساوی ئایینی بۆ دەسەڵات فەراهەم دەهێنێت. (ئیبن باز) هەمیشە ئەوە بۆ گوێگرانی دوپات دەکاتەوە کە رێگای بەختەوەری بریتیە لە ملکەچ بون بۆ فەرمانڕەوا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەبێ دودڵی و لێکدانەوە. (ئیبن عوثەیمین) یش پێی وایە کە مادام فەرمانڕەوا هەڵ بسێت بە جێبەجێکردنی ئەرکی نوێژ (!) لە وڵاتدا ئیتر گوێڕایەڵبونی پێویست «واجِب» ـە![٢٥١] بە دوای ئەمەشدا ئەم ئاڕاستەیە پاساو ساز دەکات بۆ هاوپەیمانیی دەسەڵات لەگەڵ بێگانانادا یان ـ بە لای کەمەوە ـ لێی بێدەنگ دەبێت.

ئەم ئاڕاستەیە رۆڵی گرنگی هەیە لە گۆڕەپانی سیاسیی سەعودیەدا و هەژمونی بەسەر ناوەندە سیاسی و ئایینیەکاندا هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی بە پەیمانێك لە نێوان ئیبن عەبدولوەهھاب و دامەزرێنەری بنەماڵەی سەعودی (موحەممەدی کوڕی سەعود) دا نزیکەی (٢٦٠) ساڵە هاوپەیمان و هاوبەشی بنەماڵەی سەعودیە، هەروەها رەوایەتی «مشروعيّة» ی رژێمی دەسەڵاتداری لە دەستدایە چونکە ئەو رژێمە نەیتوانیوە لە پاشکۆیەتیی ئەم دامەزراوە ئایینیە رزگاری ببێت و پڕۆژەیەکی سیاسیی سەربەخۆ لەو دامەزراوەیە دابڕێژێت کە سەرچاوەیەکی تر بۆ رەوایەتیی دەسەڵات فەراهەم بێنێت لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم دامەزراوە ئایینیە بابەتی بیر و سیاسەتی بەستوەتەوە بە ئایینداری و بنەمای پاداشت و سزای رۆژی دواییەوە و هەڵوێستی سیاسی دەکاتە بەشێك لە ئایین. جگە لەوەی کە ئەم دامەزراوەیە توانیویەتی بیری سیاسیی خۆی لە دەرەوەی بازنەی

---

[١] دەربارەی دامەزراوەی ئایینیی رەسمی لە سەعودیەدا، بڕوانە: الخميس، *المؤسسة الدينية في السعودية*. *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص. ٥.

[٢] بڕوانە: الخميس، *المؤسسة الدينية في السعودية*.

هەڵبژاردە «نُخْبة» بڵاو بکاتەوە و بەمەش قورساییەکی جەماوەریی پەیدا کردوە و پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵکدا پێك هێناوە[٢٥٢].

بەڵام لە کۆتاییدا دامەزراوەی ئایینیی رەسمی پاشەکشە دەکات و دەبێتە پێکهێنەرێکی لاوەکی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، ئێستەش کار و فرمانی بوەتە پەسەندکردنی بێ کۆت و مەرجی بڕیارە رەسمیەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سازاندنی پاساو و رەوایەتیی ئایینی بۆیان. نمونەی ئەمەش ئەو فەتوایانەیە کە لە لایەن ئەم دامەزراوەیەوە دەرچون، وەکو ئەو فەتوایەی دەستەی گەورە زانایان «هيئة كِبار العلماء»، بە سەرۆکایەتیی ئیبن باز، (ساڵی ١٩٩٠ ز.)، کە رێگەی دا بە بونی هێزی بێگانە لە وڵاتدا و هێرشکردنە سەر عێراق و دروستیی کوشتنی عێراقیەکان ئەگەر لە نوێژیشدا بن![٢٥٣] ئەمەش بۆ پاساودانی رێگەدان بە بەڕێوەچونی جەنگی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لەسەر خاکی سەعودیە، هەروەها فەتوای پەسەندکردنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل لە لایەن هەمان ئیبن باز و هەمان دەستەی زانایانەوە، (ساڵی ١٩٩٣ ز.)[٢٥٤]، [جگە لە فەتوای ناصیروددینی ئەلبانی بەوەی کە پێویستە عەرەب فەلەستین بەجێ بهێڵن بۆ جولەکە و چاوەڕوانی لەناوبردنی جولەکە بن لە لایەن خواوە لە کۆتایی رۆژگاردا!!]، ئەمەش بۆ پاساودانی هەڵوێستی گونجاوی دەسەڵاتی سەعودی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەر لە یەکەم رۆژی هاتنەکایەی قەوارەی زایۆنیەوە هەتا ئێستا. کە بەمەش دامەزراوەی ئایینی متمانە «مصداقية» و پلەوپایەی خۆی لە دەست دا، بە شێوەیەك کە ئێستە زۆرێك لە سەعودیەکان وەکو درێژەیەکی رژێم بۆی دەڕوانن. ئیتر ئەم دامەزراوەیە توشی کێشە و ئاستەنگ هات و تەوژم و ئاراستەی ئیسلامیی تر دروست بون کە شیاوی و متمانەیان لێ سەندەوە، چونکە ئەم دامەزراوەیە چیتر لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا ناگونجێت کە بە روی جیهانێکی پڕ لە بیر و زانست و ئامراز و تێکنۆلۆجیای نوێدا کراوەتەوە کە ئەو دامەزراوەیە نەیتوانیوە لەگەڵیدا هەڵ بکات بەڵکو تا ئێستاش روبەڕوی بوەتەوە[٢٥٥].

ئەوەی نابێت لە یادی بکەین لێرەدا ئەوەیە کە پێشەوایانی ئەم ئاراستەیە ماملۆستا و بەرهەمهێنەر و پاساودەری یەکەمی توندوتیژین، چونکە بابەتی جیهاد و

---

[١] نفسُه.

[٢] بڕوانە: *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص. ٥. | عبد الله، *العلماء و العرش*. صص. ٢٥٦ ـ ٢٥٩.

[٣] *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص. ٥.

[١] بڕوانە: الخميس، *المؤسسة الدينية في السعودية*.

جەنگان لە نێو ئەو بابەتە تەقلیدیانەدایە کە دوپاتی دەکەنەوە و جەماوەری بۆ هان دەدەن، بە شێوەیەك وانە ئاینیەکانی ئەوان ئەو قوتابخانەیە بو کە یەکەم جار جیهادیەکانی ئاشنا کرد بە چەمکی جیهاد و بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرژەوەندیی بنەمای ئایینی.. سەرنجێك لە فەتوا و وەڵام و وانە ئایینیەکانی (ئیبن باز) ئەم راستیە دەسەلمێنێت.

## ئاڕاستەی دوەم: ئاڕاستەی رابون

ئەم ئاڕاستەیە ئەو چالاکی و بزاڤە ئایینی و فیکریە نوێیە دەگرێتەوە کە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە زاڵ بو بەسەر ئیسلامگەراکانی سعودیەدا و کاریگەری و جەماوەرێکی زۆری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا و لە دەرەوەی بازنەی سەلەفیەتیش پەیدا کرد. فیکری ئەم ئاڕاستەیە تێکەڵەیەکی گونجاوە لە بیری ئایینیی وەهابی بە تایبەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەگەڵ رەوتی نوێی بیری برایانی موسڵمان «الإخوان المسلمون» بە تایبەتی لە بابەتە سیاسیەکاندا. هەروەها بە پێچەوانەی دامەزراوەی وەهابیی رەسمیەوە ئامادەن بۆ بایەخدان بە بابەتە هاوچەرخ و جەوهەریەکان لە بریی چڕکردنەوەی بایەخ بە مشتومڕی وشك لەسەر بیروباوەڕ. هەروەکو بە پێچەوانەی پێشەوایانی دامەزراوە رەسمیەکەوە کرانەوە بە روی تێکنۆلۆجیای نوێدا وەکو کاسێت و ئامێری تۆمارکردن کە زوبەزو بو بە ئامڕازی سەرەکی بۆ پەیوەندی و بڵاوکردنەوەکانیان. هەروەها ئەم ئاڕاستەیە، بە پێچەوانەی دامەزراوە رەسمیەکەوە، بەرامبەر بە رەوایەتیی دەسەڵاتی سعودی هەڵوێستێکی بەگومان و نەگونجاو و بەرهەڵستکاری هەیە، بەڵام بەبێ هەڵمەتی کوفراندن یان روبەڕوبونەوەی چەکدارانە و شۆڕش دژی دەسەڵات. ئەم ئاڕاستەیە لە بنەڕەتدا وەکو قوتابخانەیەکی فیکری - ئایینی لە لایەن (الشیخ محمد سرور زین العابدین) ەوە دامەزرێنراوە، دواتریش کۆمەڵێك پێشەوای ئایینیی تر شوێنپێی ئەویان هەڵ گرتوە، وەکو (سلمان العودة) و (د. سفر الحوالي) و (عایض القرني) و (د. ناصر العمر) و (عبد المجید الریمي) و(جمال سلطان) و (د. صلاح الصاوي) و (محمد الأحمري)[256].

سەرهەڵدانی ئەم ئاڕاستەیە دەگەڕێتەوە بۆ تۆڕێك هۆکار و باکگراوند و پاڵنەر،

---

[2] دەربارەی ئاڕاستەی رابون، بڕوانە: *المملکة العربیة السعودیة: من هم الإسلامویون؟* ص. ٦. | الخمیس، *المؤسسة الدینیة في السعودیة.*

لەوانە[٢٥٧]:

١. لە شەستەکان و دواتری سەدەی رابردووەوە پەیوەندیی عەرەبیای سەعودی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا فراوان بو، ئەمەش توانایەکی بەخشی بە هاوڵاتیانی سەعودی بۆ گفتوگۆ و دیالۆگی سیاسیی بەرفراوان لە رۆژگار و قۆناغێکدا کە دەمارگیریی هەرێمایەتی زاڵ بو.

٢. رژێمی سەعودی ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی برایانی موسڵمانی میسر و سوریای پەنا دا کە لە رژێمە ناصری و بەعثیەکانی وڵاتانی خۆیان هەڵ هاتبون. ئەم پەنادانەش دو هۆکار و پاڵنەری هەبو، یەکەمیان لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە سەعودیە بە هۆی بازی خێرای پێترۆڵەوە بە قۆناغێکی نوێکردنەوەی خێرادا تێپەڕ دەبو لەبەر ئەمەش پێویستیەکی زۆری بە کارمەند و پیشەگەر و راهێنەر بو، ئیتر برایانی موسڵمان رۆڵێکی زۆریان بینی لە کارگێڕیی نوێدا بە تایبەتی لە بواری فێرکردندا کە هەستان بە ئامادەکردنی بەرنامە و میتۆدی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکاندا و بەشی زۆری دەستەی مامۆستایانیان پێك دەهێنا. پاڵنەری دوەمیش سیاسەتی ناوچەیی بو، چونکە رژێمی سەعودی شێوەی بەسیاسیکراوی ئیسلامی لای برایانی موسڵمانی بەکار هێنا وەکو چەکێك لە کێشمەکێشی ئایدیۆلۆجیایی - سیاسیی خۆیدا لەگەڵ دراوسێکانی لە ناصری و بەعثیەکان. بەم شێوەیەش برایانی موسڵمان لە سەعودیەدا رۆڵیان بوە لە بەسیاسیکردنی فیکری ئیسلامگەراکانی سەعودیەدا، کە ئەمەش بوە هۆی ئاڕاستەکردنی هاوچەرخانەی ئەو توانا شارراوەیەی توندوتیژی کە لە هەناوی وەهابیەتدا هەیە، چونکە ئەو توانا شارراوەیە بە سەوداسەری سیاسی سەر دەر دەهێنێت و دەبێتە چالاکی و کردار و رو دەکاتە بابەتە هاوچەرخ و سیاسیەکان.

٣. هاوڵاتیی سەعودی چەند دەیەیەکە پەروەردەیەکی ئایینیی چڕوپڕ وەردەگرێت، بە هۆی ئەمەشەوە باوەڕ و هەست و سۆزی ئیسلامیی تاوی سەندوە، بۆیە بە دوای پێشەوایەتیەکی ئایینیی متمانەداردا دەگەڕێت کە بتوانێت هەست و سۆزە ئیسلامیەکەی تێر بکات و بتوانێت بە پێی ئەو باوەڕ و هەست و سۆزەی خۆی وەڵامی پرسیارگەلێکی سیاسی و ئایینی و ئایینیسیاسیی بداتەوە. لەم پرسیارانەش هەڵوێست بەرامبەر خۆرئاوا و بابەتی لایەنگری لە موسڵمان «الـوَلاء» و خۆبەریکردن لە بێباوەڕ «البَراء» و بابەتی رەوایەتیی دەسەڵاتی سەعودی کە پێشتر

[١] بڕوانە: *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص. ٦. | الخميس، *المؤسسة الدينية في السعودية*.

له لایەن دامەزراوەی ئایینیی رەسمیەوە پەسەند کراوە بەو پێیە کە ئەو دەسەڵاتە شەریعەت جێبەجێ دەکات. لە کاتێکدا ئەوەی رژێمی سەعودی پراکتیزەی دەکات و ئەنجامی دەدات لەگەڵ ئەو میتۆدە دەقگەرا و رواڵەتگەرایەی ئەواندا هەرگیز یەك ناگرێتەوە، جگە لەوەی لە وڵاتدا هەندێك دیاردەی زەق هەن کە بە ئاشکرا لەگەڵ دەقە ئایینیەکاندا پێچەوانەن، وەکو رێگەدان بە بونی ئەو بانکانەی کە بە سود «الرِّبا» مامەڵە دەکەن، هەروەها وەکو پەیمانبەستن لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە ئەوان بە بێباوەڕ و فرەپەرست پۆلێنیان دەکەن. هەروەها سستی لە جێبەجێکردنی شەریعەتدا و گەندەڵیی رەوشتیی بنەماڵەی سەعودی و رێگەدان بە بونی هێزە ئەمێریکاییەکان لەسەر خاکی سەعودیە. ئەو یاسایانەش کە دانراون و کاریان پێ دەکرێت بۆ بنەبڕکردنی تاوانی - بۆ نمونە - دزی؛ تەنها بەسەر هاوڵاتیانی بێدەسەڵاتدا جێبەجێ دەکرێن، کە تا ئێستا سزای بڕینی دەست بەسەر (٧٠٠٠) هاوڵاتیدا جێبەجێ کراوە[٢٥٨]، لە کاتێکدا ئەو چوار هەزار ئەمیرەی کە بونەتە خاوەنی هەمو سەعودیە و پێترۆڵەکەی و بە ملیارەها دەدزن و بە فیڕۆ دەدەن هیچ یاسایەك نایانگرێتەوە بە یاسای دژی بازرگانی بە مرۆڤیشەوە. کە هەمو ئەمانە بونەتە مایەی نیگەرانیی هاوڵاتیانی گۆشکراو بە باوەڕ و بیری ئایینیی توند، بە تایبەتی کە دەبینن دامەزراوەی ئایینیی رەسمی لە ئاست ئەو کێشانەدا بێدەنگە بەڵکو زۆر جار پاساو دەهێنێتەوە بۆ کاروکرداری دەسەڵات.

٤. وەکو رابورد، دامەزراوەی ئایینیی رەسمی بوەتە پاشکۆیەکی دەسەڵات و پاساودەرێکی هەرزان بۆ سیاسەتەکانی. ئەمەش سەری کێشاوە بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوەیە بکەوێتە پاساودانی هەندێك سیاسەتی دەسەڵاتەوە کە لە لایەن جەماوەری رابونی ئیسلامیەوە بە هەڵەیەکی لێنەبوردە دادەنرێت. وەکو فەتوای ئیبن باز بە رەوایی رێککەوتن و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل. کە ئەمەش وای کردوە زۆربەی ئیسلامیەکان لە سایەی ئەو دامەزراوەیە خۆیان قوتار بکەن و پەنا ببەن بۆ ئاراستە و تەوژمی تر.

ئەوەی کە ئاراستەی رابونی بەهێز کرد دو روداوی سەرەکی بو، ئەوانیش[٢٥٩]:

یەکەمیان: قەیرانی حەرەمی مەککە لە ساڵی ١٩٧٩ دا:

---

(١) صخر، *آل سعود*. ص. ٢١.

(٢) *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* صص. ٦ ـ ١٠. | الياسيني، *الدين و الدولة*. ص. ٨١. | عبد الله، *العلماء و العرش*. صص. ٢٦٠ ـ ٢٦٢.

کۆمەڵێك، کە ژمارەیان بە (٤٠٠ ـ ١٠٠٠) کەس خەملێنراوە و لە بنەڕەتدا لە گرووپی (الجماعة السلفية المحتسِبة) بون و بە درێژبونەوەی بزوتنەوەی ئیخوان دادەنرێن، بە شێوەیەك پێیان دەوترێت (ئیخوانی نوێ)، بە سەرۆکایەتیی کەسێك بە ناوی (جُهَيْمان | بن محمّد بن سَيْف | العُتَيْبـيّ) (١٩٣٦ ـ ١٩٨٠ ز.) کە ئەزمونی (١٨) ساڵی لە گاردی نیشتمانیی سەعودیدا هەبو، لە (١) ی (محرَّم) ی (١٤٠٠ ك.) (١٩٧٩/١١/٢٠ ز.) دا، هەڵیان کوتایە سەر مزگەوتی (المسجد الحرام) و کۆنترۆڵیان کرد.. گرنگترین پاڵنەریش لەم کارەدا گەندەڵیی ئابوری و رەوشتیی بنەماڵەی سەعودی بو، بۆیە داوایان دەکرد بنەماڵەی سەعودی لەکار بخرێن و هەمو رێککەوتنێك لەگەڵ بێگانان هەڵ بوەشێنرێتەوە و چیتر نەوت بە خۆرئاوا نەفرۆشرێت.. جوهەیمان پێی وابو بنەماڵەی سەعودی هەر لە بنەڕەتەوە مافی پاشایەتییان نیە بەو پێیە کە پاشایەتی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامی نیە و جگە لەوەش فەرمانڕەوای ئیسلامی دەبێت لە خێڵی قورەیش بێت! ئەمەش لەگەڵ هیوای دەرکەوتنی مەهدی لە کەسێتیی پێشەوای رۆحییاندا کە کەسێك بو بە ناوی (محمد بن عبد الله القحطاني) و مێردی خوشکی جوهەیمان بو و لە بنەڕەتدا قوتابیەکی (ابن باز) بو، بەو پێیە کە وڵات پڕ بوە لە ستەم و خراپەکاری و ئەمەش سەرەتای هاتنی مەهدیە بەپێی دەقەکان.. جگە لەوەش بە پێی گێڕانەوەکان ناوی (مەهدی) وەکو ناوی پێغەمبەر خۆی دەبێت کە ئەم مەرجەش لە ناوی (القحطاني) دا هەبو چونکە ئەمیش ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا بو. جگە لەمانەش لە گێڕانەوەکاندا هاتوە کە مەهدی خۆی لە (المسجد الحرام) دا قایم دەکات، ئەمانیش بە هەمان شێوە (القحطاني) یان بە مەهدی راگەیاند لە (المسجد الحرام) دا و (بەیعەت) یان پێ دا و ئەمەش پاڵنەری سەرەکیی کۆنترۆڵکردنی (المسجد الحرام) بو.. هەروەها کاتەکەش سەرەتای ساڵێکی نوێ /بەڵکو سەدەیەکی نوێ/ ی کۆچی بو.. ژمارەیەکی زۆری نوێژکەریشیان لە مزگەوتەکەدا بە بارمتە هێشتەوە.. ئیتر هێزەکانی ئاسایشی سەعودی بە پشتگیریی هێزەکانی کۆماندۆزی سەعودی و تانك و زرێپۆشی سوپای سەعودی داباریننە سەریان، جگە لە هاوکاریی سوپای پاکستانی و هێزێکی فەرەنسایی، بە تایبەتی سێ سەربازی فەرەنسایی هەڵبژاردە و ئەفسەرێکی بێبەزەیی بە ناوی (پۆل باریل)، کە روبەڕوی شۆڕشەکە بونەوە و ئەمەش سەدان کوژراوی لێ کەوتەوە، کە (٦١) کەسیان هەر لە بەر چاوی خەڵکدا کوشت بە مل پەڕاندن، تا توانیان شۆڕشەکە لە بەرژەوەندیی بنەماڵەی سەعودی دابمرکێننەوە[٢٦٠].

---

(١) دەربارەی قەیرانی حەرەمی مەککە، بڕوانە: فاسیلییف، *تاريخ العربية السعودية*. ج. ٢، الفصل ١٨: الوضع



**جوهەیمانی عوتەیبی**

دوای خۆبەدەستەوەدانی

---

الداخلي و السياسة الخارجية في السبعينات و مطلع الثمانينات، ص. ٣٢٠. | *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* صص. ٦ ـ ٨. | بريزار و داسكيه، *ابن لادن*. ٤١. | الياسيني، *الدين و الدولة*. صص. ٧٧ ـ ٨١.

**القحطاني**، فهد، *زلزال جهيمان في مكة*. منظمة الثورة الإسلامية في الجزيرة العربية. الطبعة الأولى، ١٩٨٧. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

Wikipedia. Art. *Juhayman al-Otaibi*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Juhayman_al-Otaibi

**ويكيبيديا**، الموسوعة الحرة. الإصدار العربي (ar.wikipedia.org). مادة: *جهيمان العتيبي*.

@http://ar.wikipedia.org/wiki/جهيمان العتيبي



شوێنکەوتەکانی جوهەیمان
دوای کۆنترۆڵ و دەستبەسەر کردنیان

سەرەنجامیش ئەم روداوە بوە قۆناغێکی نوێ لە گەشەکردن و بەهێزبونی تەوژمی رابوندا، چونکە رژێم لە بریی ئەوەی هەلەکە بە کەڵك بهێنێت بۆ گۆڕانکاریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەستی دایە بەهێزکردنی دامەزراوەی ئایینی و بودجەی زیاتری بۆ تەرخان کرد، ئەوەش بە نیازی توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و دامەزراوەی ئایینی و گێڕانەوەی رەوایەتی بۆ هەردو لا.. ئیتر ئەمە بە شێوەیەکی نامەبەست بوە هۆی بەهێزبونی ئاڕاستەی رابون کە لە رێگەی ژمارەی زۆری کارمەندیانەوە لە کەرتەی فێرکردندا توانیان سود ببینن لەو بودجە گەورەیەی تەرخان کرابو بۆ قوتابخانە و ناوەندە ئایینیەکان. ئیتر رابەرانی رابون هەلەکەیان قۆستەوە و بەشداریەکی چڕیان کرد لە مشتومڕ و سیمینارەکاندا و هەڵوێستی خۆیان دژ بە هەریەکە لە لیبرالیەکان و دامەزراوەی وەهابیی رەسمی پێشان دا، لیبرالیەکان بەو پێیە کە کۆمەڵگای سەعودی بنکەنشت دەکەن لە رێگەی عەلمانیەتەوە، دامەزراوەی وەهابیی رەسمییش بەو پێیە کە هیچ بایەخێك نادات بە بابەتە زیندو و هاوچەرخەکان و بەبێ هیچ کۆت و مەرجێك پشتگیریی رژێم دەکەن. دواتریش لە نەوەدەکاندا هەڵوێستی پێشەوا ئایینیەکانی رابون بەرەو پێشەوە چو کە رەخنەیان لە دەوڵەتی سەعودی گرت لەسەر پابەندنەبونی بە بەها ئیسلامیەکانەوە و پاشکۆیەتیی بۆ ئەمێریکا، هەروەها رەخنەیان ئاڕاستەی دامەزراوەی ئایینیی پاشکۆی دەسەڵات کرد لەسەر بێدەنگبونی لەو دیاردانە.

دوەمیان: جەنگی یەکەمی کەنداو (١٩٩٠ ـ ١٩٩١):

جەنگی یەکەمی کەنداو گرنگترین خاڵی وەرچەرخان بو لە مێژوی ئیسلامگەرایی سەعودیدا. حکومەتی سەعودی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی صەددام حسێن بۆ سەر کوەیت لە ئابی (١٩٩٠) دا بانگهێشتی هێزێکی فرەڕەگەزی کرد بە سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا بۆ ئەوەی لەسەر خاکی سەعودی بارگە بخەن. ئیتر ئەم بڕیارە، کە لە لایەن دامەزراوەی وەهابیی ڕەسمییشەوە پەسەند کرابو، بوە تێکچونی هاوسەنگی ناوخۆیی لە وڵاتدا و کۆمەڵی رابونی زیاتر برد بەرەو توندڕەوی و بەسیاسیبون. ئیتر رابەرانی تەوژمی رابون رەخنەیان تەنها لە رۆشنبیرە لیبراڵیەکان و دامەزراوەی ئایینی رەسمی نەدەگرت، بەڵکو دەستیان دایە رەخنەی توند لە دەوڵەت و دامەزراوەکانی. هەردو رابەری دیار و کاریگەری تەوژمی رابون (سلمان العودة) و (سفر الحوالي) لە رێگەی وتاری هەستبزوێن و بەجۆشەوە رەخنەیان گرت لە دەسەڵات لەسەر رێگەدانی بە سوپای بێباوەڕان «الكُفّار» بۆ ئەوەی بچنە خاکی سەعودیەوە. (سلمان العودة) دوای کۆچی دوایی (ابن العُثَـيْمِين) پلەوپایەی ئایینیی پێکەوەنا و خۆی وەکو پێشەوایەکی سەربەخۆ لە دەسەڵات ناساند و توانی جەماوەرێکی ئیسلامیی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە لە ناوچەی (القصيم) و گەلێك شوێنی تردا لە ناوچەی ناوەڕاستدا، ئیتر دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی وتار و وانەکانی لە مزگەوتەکەی خۆیدا لەسەر چاکسازی لە دەوڵەت و دامودەزگاکانیدا، لەم بارەیشەوە کاسێتێکی بەناوبانگی هەیە بە ناوی (هۆکارەکانی روخانی دەوڵەتان) «أسباب سُقُوط الدُّوَل» کە بەرنامە و دید و بۆچونی دەربارەی چاکسازی رون دەکاتەوە. لە خۆرئاوای وڵاتیشدا (سفر الحوالي) بە هەمان شێواز کەوتە چالاکی و روبەڕوی دەسەڵات بوەوە لە کاتی هێرشی صەددامدا بۆ سەر کوەیت. (د. غازي القصيبي) (١٩٤٠ ز. ـ ...) وەزیری کاری سەعودی، بەم شێوەیە لە هەڵوێستەکە دەدوێت: {صەددام حسێن رێگەی چەند کاژێرێك لە (الظهران) ەوە دورە، لە (الرياض) یشەوە رێگەی دو رۆژ، زانایانی وڵاتیش گرنگترین بڕیارێك لە مێژوی وڵاتدا پەسەند دەکەن، بە رێگەدان بەو نەخشەیەی کە دەسەڵات «وَلـيّ الأمـر» کێشاویەتی بۆ بەرگریکردن لە وڵات. لەم کاتە ناسکەدا فەقیهی سیاسی (سفر الحوالي) کاسێتێك دەر دەکات بە ناوی (بەرەو لای خوا خۆتان قوتار بکەن) «فِرُّوا إلى الله» کە تێیدا دەڵێت ئەو هێزانەی کە دەسەڵات داوای یارمەتیی لێ کردون خراپتر و مەترسیدارترن لەو هێزەی کە تەنها چەند کاژێرێك لە (الظهران) ەوە دورە. ئەم کاسێتە دەروازەیەك بو بۆ ئاژاوە و گێژاوێکی زۆری دروست کرد و کەلێنێکی لە ناوجەرگەی یەکدەنگیەکەدا دروست کرد. ئەوەندەی پێ نەچو فەقیهی سیاسی (سلمان العودة) پێش کاسێتێکی تری دەر کرد بە ناوی (هۆکارەکانی روخانی دەوڵەتان) «أسباب سُقُوط

الدُّوَل» که تێیدا بـاوەڕی وایـە داوای یارمـەتی و پشـتیوانی لـە گـەلانی ناموسـڵمان هەمیشە لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی روخانی دەوڵەتان بوە. ئیتر دەروازە ئـاوەڵا بـو و کاسێت و وتار و بڵاوکراوەی تر بە دوای ئەوانەدا هاتن بە شێوەیەك کە لە کۆمـەڵگادا شتی وامان نەبینیبو، چونکە ئێمە پێشتر چینی فەقیهە سیاسیەکانمان نەناسیبو}[٢٦١].

بە دوای ئەمانەدا رژێمی سەعودی ماوەیەك ئەو دو پێشەوایەی رابونی بەند کرد و، ئیتر ناوبانگ و جەماوەریان زیادی کرد و کاسێتەکانیان بە ژمارەی بێشومار بە هـەمو لایەکی وڵاتدا بڵاو بونەوە. بەم شێوەیەش ئـەم تەوژمـە گەشـەی تـەواوی کـرد و بـوە رێخۆشکەرێك بۆ سەرهەڵدانی تەوژمی سێیەم کە جیهادیەکانن.

## ئاڕاستەی سێیەم: ئاڕاستەی جیهادی

ئەم ئاڕاستەیە ئێستە لە روی ژمارە و لە روی فیکریشـەوە زاڵ بـوە لـە گۆڕەپـانی سەلەفیەتدا، ئەوەش دوای ئەزمونی جەنگی ئەفغانستان و دوای ئـەو روبەڕوبونەوانـەی کە رویانـدا لەگـەڵ رژێمـی میسـری و سـوریاییدا لـە هەشـتاکاندا و لەگـەڵ رژێمـی جەزائیریدا لە نەوەدەکاندا. ئەم ئاڕاستەیە بە راشکاوی رژێمی دەسەڵات رەت دەکاتەوە و بە رونی دان دەنێت بە نەبونی رەوایەتی «شرعيّة» بۆ ئەو رژێمە و بانگەشـە دەکـات بۆ روبەڕوبونەوەی و لابردنـی لـە رێگـەی هێـزەوە. گـرنگترینی نـاوە دیارەکـانی ئـەم ئاڕاستەیە بریتین لـە (أسـامة ابـن لادن) و، (علـي الخضـير) و (ناصـر الفهـد) و (أحمـد الخالـدي) و کەسانی تر لەوانەی ئەندام یان لایەنگر و هاوسـۆزی رێکخـراوی (القاعـدة) ـن، لە دەرەوەی سەعودیەش ئەوانـەی هاوشـێوەیانن لـە بیرکردنـەوە و بەرنامەیانـدا: (الشیخ عمر عبد الرحمن) و (محمد المقرئ) کە کۆمەڵی ئیسلامی «الجماعة الاسلامیة» ی میسـرییان لەگەڵدایـە، (د. أیمـن الظـواهري) و (د. عبـد القـادر عبـد العزیـز) کـە کۆمەڵی جیهاد «جماعة الجهاد» ی میسرییان لەگەڵدایە، هەروەها (أبو محمـد المقدسـي) و (الشیخ عمر أبو عمر) یاخود (أبو قَتادة) و (محمد الرَّحّال) و (عصام البرقاوي) یاخود (أبو عصام المقدسي) و (أبو مصعب السوري) یاخود (عمر عبد الحکیم) و ـ هـەروەها تا ئەم دواییانە ـ (أبو مصعب الزرقاوي)، کە ئێستە ئەمانە تیۆریساز «منظِّر» ەکـانی تەوژمی سەلەفیی جیهادیین لە جیهاندا[٢٦٢]. ئەمە سـەبارەت بـە تـەوژمی جیهـادیی کردەیی «عَمَلـيّ»، تەوژمێکی تریش هەیە کە دەکرێت پێی بوترێت تەوژمی جیهـادیی

---

[١] بڕوانە: الخمیس، *المؤسسة الدینیة في السعودیة*.

[١] دەربارەی ئاڕاستەی جیهادی، بڕوانە: *المملکة العربیة السعودیة: من هم الإسلامویون؟* ص. ٨. | الخمیس، *المؤسسة الدینیة في السعودیة*.

تیۆری «نَظَريّ»، که پرۆژەی جیهاد له چوارچێوەیەکی گشتیدا دەخاته رو و ناچێته بواری فەتوادان و وردەکاریی بابەته جیهادیەکان و دیاریکردنی ئەو رژێم و دەسەڵاتانەی که لێیان دەدوێت، واته هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانەیان بەرامبەر رژێمەکان هەیە بەڵام به ئاماژە و بەبێ ناوبردنیان و بەبێ کوفراندنی سەرانی ئەو رژێمانە و ئەو کەسانەی که سەر به دامودەزگای فەرمانڕەوان.. لەو کەسێتیە ئیسلامیانەی لەم تەوژمەدا پۆلێن دەکرێن و کاریگەرییان هەیە: (محمد قطب) و (الشیخ الفزازي) و (الشیخ غازي التوبة) و (الشیخ عبد المجید الشاذلي)[٢٦٣]، که ئەمانەش کاریگەریی خۆیان له بیری ئیسلامیی نوێدا هەیە، به تایبەتی محەممەد قوطب، که له جەماوەری برایانی موسڵمانیشدا کاریگەریی هەیە، له رێگەی هەندێك نوسینی وەکو *(مَذاهِبُ فكريّةٌ مُعاصِرة)* و *(جاهليّة القرن العشرين)* ەوە.

ئەوەی بەشداریی کردوە له پێکهێنانی ئایدیۆلۆجیا و جیهانبینیی جیهادیەکاندا چەند سەرچاوە و تەوژم و پێشهاتێك بو:

- لەوانە هاندانی پێشەوایانی دامەزراوەی وەهابیی رەسمی که هەمیشه هەمو تاکێکی سەعودییان هان داوە بۆ پرینسیپی جیهاد و جەنگان له پێناوی بیروباوەڕ و دەسەڵاتی راستەقینەی ئاییندا.

- له لایەکی تریشەوە فیکری (سیّد قُطْب) بەوەی که هەڵنانی تێدایه بۆ شۆڕش بەسەر رژێمەکانی دەسەڵاتدا له وڵاته ئیسلامیەکاندا بەو پێیەی که گەڕانەوەن بۆ نەفامی «جاهليّة» ی یەکەم و رێگرن له (حُكْم) ی ئیسلامی و گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی خیلافەت؛ کاریگەریی هەبوە له گەشەکردنی گروپی توندوتیژدا بەرامبەر دەسەڵات، به شێوەیەك که (کۆمەڵی جیهاد) ی میسری به بەرجەستەکردنی قوتابخانەی سەیید قوطب دادەنرێت. له سەعودیەش هەمان کاریگەری هەبوە، چونکه بیری وەهابیی تەقلیدی له خۆیدا ناچێت به ئاقاری کوفراندن و روبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی ناوخۆدا، بۆیه کاتێك جیهادیەکان و (بن لادن) به تایبەتی دەکەونه کوفراندن و بەرهەڵستیی رژێمی سەعودی ئەمه جۆرە دەرچونێکه له سروشتی وەهابیەت و گومانی تێدا نیه که کاریگەریی قوتابخانەی سەیید قوطبی تێدایە، هەتاکو هەندێك رۆشنبیر و چاودێر جیهادیەکان و بن لادن به (قوطبی) ناوزەد دەکەن له بریی (وەهابی)[٢٦٤].. بەڵام ئەم بیرۆکەیەش تەنها تا رادەیەك راستە، چونکه وەهابیەتیش

---

[٢] نفسُه.

[١] دەربارەی رۆڵی ئیخوان موسلیمین له (بزاڤاندن) ی توندڕەویی وەهابیدا له سەعودیە، بڕوانە: *أدبيات الفكر*

له خۆیدا ئەزمونی بزوتنەوەی (ئیخوان) و گروپەکەی (جهیمان) ی هەیە کە پێشتر رونمان کردەوە. جگە لەوەش لە بیری برایانی موسڵماندا جیاوازی هەیە لە نێوان هێڵی (بەننا) و هێڵی (قوطب) دا و (شوێنکەوتوانی بەننا) جیاوازن لە (شوێنکەوتوانی قوطب)، واتە ئاشکرایە کە بیری (حَسَن البنّا) (١٩٠٦ ـ ١٩٤٩ ز.) بەو رادەیەی بیری سەیید قوطب نیە کە باس کرا.

ـ هەروەها کاریگەریی پێشەوایانی تەوژمی رابون کە رێچکەی روبەڕوبونەوەی ئایینیانەی دەسەڵاتیان شکاند و ویستیان بە چەمکە فیقهیە تەقلیدیەکانیان رەوتی بڕیار و پێشهاتە سیاسیەکان بگۆڕن و بنچینەیەکیان دانا بۆ روبەڕوبونەوەی چەکدارانەی دەسەڵات و هاوپەیمانانی بێگانەی دەسەڵات.

ـ دوای ئەوانە جەنگی کەنداو و بڵاوبونەوەی هێزەکانی ئەمێریکا بە سەعودیەدا کاری زۆری کردە سەر بیرکردنەوەی ئیسلامگەراکانی سەعودیە و گەیشتە ئەوەی کە دوژمنی خۆیان لە رژێمی دەسەڵات و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکادا ببیننەوە.

ـ بەڵام ئەوەی بزوتنەوەی جیهادیی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا خستە گەڕ و گەنجێکی زۆری بۆ ئەو بزوتنەوەیە ساخ کردەوە ئەزمونی جیهاد بو لە ئەفغانستان، چونکە چەند هەزارێك لە سەعودیەکان بەشدارییان کرد لە جەنگی ئەفغانیەکاندا لە دژی یەکێتیی سۆڤیێتیی جاران و حکومەتی (پارتی دیمۆکراتی گەلی ئەفغانستان) ی پاشکۆی، کە ئەو کاتە رژێمی سەعودی، بۆ روبەڕوبونەوەی ئێرانی شیعی و بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی وەهابی ـ پێترۆڵی و رەنگە بە ئاماژەی ئەمێریکایش! [چونکە رێکخراوێکی ئەمێریکاییش هەبو بە ناوی (دۆستانی ئەفغانستان) بۆ هەمان مەبەست![٢٦٥]]، پشتگیریی لەو ئامانجە دەکرد و ئاسانکاریی بۆ دەکرد، بۆیە یارمەتیی و ئاسانکاریی لۆجیستی و پارەی زۆری بۆ ئەوانەی دەیانویست ببنە جەنگاوەر فەراهەم دەهێنا، وەکو پاسپۆرت بۆ پاکستان، جگە لەوەی پێش هەمو شتێك لە وڵاتدا راگەیەنرا کە جەنگان و جیهاد لە ئەفغانستاندا (فەرضی کیفایە) یە لەسەر موسڵمانان، ئەم فەتوایەش لە لایەن ئیبن بازەوە دەر چو. ئەو ئەزمونەی کە ئەو گەنجانە پێیدا تێپەڕ بون لە جەنگی ئەفغانستاندا گۆڕانکاریەکی قوڵی لە سایکۆلۆجیا و لە بیرکردنەوە و جیهانبینیاندا هێنایە کایە و کولتورێکی رۆمانسیی بەرەنگاربونەوەی

---

*الإخواني مهّدت للعنف في السعودية*. الحرمين، المقالات و الدراسات، العربية ١٨/٥/٢٠٠٥.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/22.htm

(٢) بريزار و داسكيه، *ابن لادن*. ص. ٧.

توندی لەناو ئەو عەرەبە بەشداربوانەی جەنگی ئەفغانیـدا پێـك هێنـا. سـەرەنجام ئـەم بەشداربونە دو ئاكامی لـێ كەوتەوە، یەكەمیان: ئەوەی كـە ئـەو جەنگاوەرانـە دیـد و بۆچونێكیان دەربارەی جیهان و دەوروبەر پەرە پێدا كە حەزێكی زۆری لە توندوتیـژی و جەنگ لە هەناودا هەڵ گرتوە، دوەمیشیان: ئەوانـە لـە دەرەوەی وڵاتـی خۆیـان تـامی رابون و بەئاگاهاتنەوەی سیاسیی سەرەتایی خۆیـان چەشـت، كاتێـك ئـەو جـەنگاوەرە سـەعودیانە گەیشـتنە ئەفغانسـتان بـە فیكرێكـی سیاسـیی سـاكار و بەرنامـە و ئەجێندەیەكی ناوچەیی و ئایدیۆلۆجیایەكی سادەوە گەیشتن سەبارەت بـە بەرهەڵسـتیی رژێمی سەعودی، بەڵام بـە هـۆی ئـەو ئەزمونـەوە گەشـەیان كـرد و بـیری سیاسـی و بەرهەڵستكارانەیان پێگەیشت و رویەكی جیهانیی وەرگرت. لە لایـەكی تریشـەوە ئـەم جیهادیە سەعودیانە لە ساڵانی نەوەدەكاندا ئازاد بـون لـە سـەفەركردن و گەڕانـەوەدا، هەر بۆیە توانیویانە بەردەوام بنكەیان هەبێت لـە وڵاتـدا و كـار بكەنـە سـەر گـەنجی سەعودی، بۆیە لەگەڵ تـەواوبونی جـەنگ لـە ئەفغانسـتاندا رۆشـنبیریەكی جیهـادیی نێودەوڵەتی وردەوردە لە گەلێك ناوەندی ئیسلامیدا لە سەعودیە تەشەنەی كردبو(٢٦٦).

سەبارەت بـە (أُسامة بـن محمـد بـن لادِن) (١٩٥٧ ـ ...) یـش بـە تایبـەتی، كـە سەركردەی یەكەمی جیهادیەكانە لە هەشتاكانی سەدەی رابردوەوە، لە سـەرەتادا و لـە روی ئایدیۆلۆجیاییەوە، بە تەواوی لەژێر كاریگـەریی تـەوژمی رابونـدا بـو كـە (سـفر الحـوالي) و (سـلمان العـودة) و (ناصـر العمـر) و ئـەوانی تـر ئاڕاسـتەیان دەكـرد. لـە سەرەتایشدا هەواڵنێری دەزگای هەواڵگری «استـخبارات» ی سەعودی بو و نێررابو بـۆ ئەفغانستان(٢٦٧)، جگە لەوەی رێكخراوەیەكی بە ناوی (العصبة الإسـلامية) دامەزرانـد بۆ هەناردەكردنی جیهاد و موجاهیدان بـۆ ئەفغانسـتان، ئەمـەش بـە داوای سـەرۆكی دەزگای هەواڵگریی سەعودی ئەمیر (تُرْكي الفیصـل)(٢٦٨). دواتـریش كاتێـك دەچـێتە (پیشاوەر) ی پاكستان سەعودیەكان تا دەرەنگێكیش پشتگیریی دەكەن(٢٦٩). كەواتە لە بنەڕەتدا دروستكراوی وەهابیەت و سەعودیە خۆیەتی(٢٧٠)، بەڵام هێرشی صەددام بـۆ سەر كوەیت و، رەتكردنەوەی دەسەڵاتی سەعودی بۆ پێشـنیاری كوەیـت سـەبارەت بـە نـاردنی موجاهیـدانی سـەعودی بـۆ بـەرگریكردن دژی هێـزە عێراقیـەكان و، پاشـان

---

(١) بڕوانە: *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص‌ص. ٨، ٩.

(٢) المصدر السابق. ص. ١٢.

(٣) المصدر نفسه. ص. ٤٥.

(٤) المصدر نفسه. ص. ٤٦.

(١) المصدر نفسه. ص. ٥٤.

بڵاوبونەوەی هێزەکانی ئەمێریکا بە وڵاتدا، و لەمەش زیاتر بەندکردنی ژمارەیەك لە پێشەوایانی ئاڕاستەی رابون وەکو (الحوالي) و (العودة) کاتێك نارەزایی خۆیان دەربڕی لە هاوکاریی رژێم لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ لێدانی عێراق؛ ئەمانە هەمو شۆك «صدمة» ێك بون کە بن لادن و زۆر کەسی تری لە جەماوەری رابون راچڵەکاند. بن لادن لەگەڵ زیادبونی رەخنەکانی لە رژێمی سەعودی و لە هاوپەیمانیی ئەو رژێمە لەگەڵ ئەمێریکادا؛ ساڵی ١٩٩١ کۆچی کرد بۆ سودان و ساڵی ١٩٩٤ یش رەگەزنامەی سەعودیی لێ سەندرایەوە.. ئیتر ئاڕاستەی بیرکردنەوەی بن لادن گۆڕا و لە بیرکردنەوەی کۆمەڵی رابونیش تێپەڕی کرد و وای لێ هات وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکای وەکو رێگری سەرەکی لە هێنانەکایەی هەر گۆڕانکاریەکی سیاسی لە ناوچەدا دەبینی، بەڵکو بە هەڕەشەیەکی میلیتاریی راستەوخۆی دادەنا لەسەر گەلانی ئیسلامی، واتە دەستی هەڵ نەدەگرت بە رەخنەگرتن لە رژێمی دەسەڵات.. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە روبەڕوبونەوەیەکی جیهانیی راستەوخۆ هەبێت دژی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا[٢٧١]. بەم شێوەیەش جەنگی کەنداو بارودۆخێکی سازاند کە جیهادیەکان توندتر رەخنەیان گرت لە رژێمی دەسەڵاتی سەعودی و ئاشکراتر دوژمنایەتیی خۆیان بۆ ئەمێریکا راگەیاند.

بەم شێوەیەش رون بوەوە کە تیرۆر و توندوتیژی لە جیهانیی ئیسلامیی هاوچەرخدا لە رێگەی دیالێکتیکێکەوە لە وەهابیەت و دامەزراوەکانی و لقوپۆپەکانی و کاریگەریە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانیەوە هەڵ قوڵاوە. لە سەرەتادا وەهابیەت بوەتە ئایدیۆلۆجیایەك بۆ دەوڵەتێك کە شانشینیەکی رەهای خۆسەپێنە و دامەزراوەی وەهابیی رەسمی و بنەماڵەی فەرمانڕەوا داهاتو و سەرەنجامی خۆیان پێکەوە گرێ داوە، جگە لەوەی گوتاری وەهابیی توندڕەو بە قوڵایی عەقڵی هاوڵاتیاندا دەچێتە خوارەوە و دەیانکاتە بارستەیەك لە رق و رەتکردنەوەی بەرامبەر.. دەسەڵاتیش وەکو سروشتی خۆی ئەو دامەزراوە بەکار دەهێنێت بۆ چەسپاندنی جێپێی خۆی و لەناوبردنی رکەبەرانی خۆی و مستی ئاسنینی خۆی لە وڵات قایم دەکات و بەم شێوەیەش ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی توندوتیژی دەسازێت. جگە لەوەی دەسەڵات کە دەیەوێت وەکو هەر دەسەڵاتێکی تر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆی پەرە پێ بدات، بۆیە پەیوەندیی خۆی درێژە پێ دەدات لەگەڵ بێگانەاندا و دەیەوێت بکرێتەوە بە

---

[٢] دەربارەی (بن لادن) و گەشەکردنی ئاڕاستە و بیرکردنەوەی، بڕوانە: *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص‌ص. ١٠، ١١، ٢٤. | بریزار و داسکیە، *ابن لادن*.

Encycl. Britannica. Art. *bin Laden, Osama*. By John Philip Jenkins.

روی جیهانێکی پێشکەوتو و پڕ لە تێکنۆلۆجیای نوێ و لـە پێشـبڕکێی ئـابوری.. لـە بەرامبەریشەوە بیری ئایینیی وەهابیی توندڕەو شـێوازێکی رواڵەتگـەر و توندوتیـژی ئاییندارییی لە کۆمەڵگادا پەرە پێ داوە و جۆش‌وخرۆش و خوێنگەرمی و دڵگەرمیەکی ئایینیی توندی لە سایکۆلۆجیای تاکەکاندا رواندوە، ئـەم کۆمەڵگایـەش کاتێـك چـاو دەکاتـــەوە و لـــە سیاســـەت و کـــاروکرداری دەســـەڵات و بنەماڵـــەی فـــەرمانڕەوا و هاوپەیمانێتی و دۆستایەتیەکانی لەگەڵ (بێباوەڕان) دا دەڕوانن و دەبینن کـە ناگونجێـت لەگەڵ بیری ئایینی و هەست و باوەڕی ئەواندا دەکەونە بەرهەڵستیی دەسەڵات و رەخنە لە دەسەڵات و لە دامەزراوەی ئایینیی پاشکۆی، بـە شـێوەیەك رەوایـەتیی دەســەڵاتی دنیایی (سەعودی) و ئایینی (وەهابیی تەقلیدی) دەکەوێتـە لـەرزە و دەکەوێتـە بـەر هەڕەشەی پێشەوای ئایینیی سەربەخۆ.. دواتر هەندێك پێشهات و بارودۆخی نوێ دێنە گۆڕێ کە زیـاتر هەسـت و بـاوەڕی ئـایینیی جـەماوەری بەرهەڵسـتکار دەوروژێـنن و چەندین تاك و گروپ دەهێننـە سـەر ئـەو بڕوایـەی کـە پێویسـتە لـە رێگـەی هێـز و توندوتیژیەوە روبەڕوی دەسەڵات ببنەوە و زیـان بگەیـەنن بـە بەرژەونـدیی دەوڵـەتانی بێگانـەی هاوپـەیمانی دەسـەڵات لـە وڵاتـدا.. کـاتێکیش دەبیـنن کـە سیاسـەتەکانی دەسەڵات رەنگدانەوەی سیاسەتی دەوڵەتانی بێگانەیە بە تایبەتی وڵاتە یـەکگرتوەکانی ئەمێریکا دێنە سەر ئەو بڕوایەی کـە دوژمـنی سـەرەکی و راسـتەقینە ئەمێریکایـە و پێویستە بەرژەوندیەکانی لە نیمچە دورگەی عەرەبی و لە هەر ناوچەیەکی تردا بکرێنـە ئامانجی کاری تیرۆریستی.

ئێستاش، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە (١٥) هـاوڵاتیی سـەعودی (لـە کـۆی ١٩) بەشـدارییان کـرد لـە هەڵمەتـە تێرۆریسـتیەکەی (١١) ی ئـەیلولی (٢٠٠١) دا، کـە دەوڵەتی سەعودی تۆمەتبارە بەوەی وڵاتەکەی هێلانە و هەڵهێنەری تیرۆر و توندوتیژیە و تیرۆر هەناردەی وڵاتان دەکات؛ کەوتوەتە خۆ و دەیەوێت ئەو تۆمەتـە لـە خـۆی دور بخاتەوە و بیسەلمێنێت کە دژی توندوتیژیە و ئامادەیە بۆ هەر هەنگاوێکی پێویست بـۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر.. لـەم چوارچێوەیەدا سـەعودیە میوانـداریی هەنـدێك کـۆنگرەی پەیوەندیدار دەکات بۆ (الریاض) ی پایتەخت، کۆنگرەی (مافەکانی مرۆڤ لە ئاشـتی و جەنگدا) لە هـەردو رۆژی (١٤) و (١٥) ی تیشـرینی یەکـەمی (٢٠٠٣ ز.) دا لـە (الریاض) بەسرا، هەروەها کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر تیرۆر لە زانکۆی (الإمام محمد بن سعود[٢٧٢]) بەڕێوە چو[٢٧٣].. بەڵام لە راسـتیدا هـیچ

---

[١] ئەم ئیمامە سەنگینە هەر ئەو ئەمیرەی شارۆچکەی دیرعییە بو کە لەگەڵ ئیبن عەبدولوەهاب رێك کەوت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دولایەنەی خۆیان بەسەر خێڵەکانی بیابانی نەجددا.

هیوایەك نیە بەوەی کە ئەو رژێمە بتوانێت هەنگاوی کاریگەر بنێت بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی لە وڵاتەکەیدا، چونکە دەرکی ئەوە دەکات کە ڕەوایەتیی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەسراوەتەوە بە ڕێبازی وەهابی و دامەزراوە وەهابیە ڕەسمیەکەوە و بەبێ وەهابیەت ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بدات، بۆیە نکولی دەکات لەوەی وەهابیەت لە خۆیدا لێپرسراو بێت لە تیرۆر و ڕەگوڕیشەی تیرۆری تێدا بێت و دان بەوەشدا نانێت کە ئەم بیرە وەهابیە توندوتیژە بە قوڵایی عەقڵ و سایکۆلۆجیای تاکەکاندا چوەتە خوارەوە و کردونیەتە بارستەیەك لە رق بەرامبەر خەڵکانی جیاواز. پێشەوایانی وەهابییش ڕۆڵێکی زۆریان گێڕاوە لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بیری وەهابیی توندوتیژدا و لە هاندانی هاوڵاتیاندا بۆ تیرۆر لە ڕێگەی فەتوای جیهاد و ڕێکخستنی قافڵەی موجاهیدان بەرەو وڵاتانی دەوروبەر.. بەبێ ئەوەی ئەو رژێمە هیچ هەڵوێستێکی پێویست وەرگرێت لە ئاست ئەو پێشەوا وەهابیانەی کە بازاڕی تیرۆر گەرم دەکەن. بۆ نمونە (د. ناصر العمر) کە یەکێکە لە فەقیهە سیاسیەکانی تەوژمی رابون، داوا لە حکومەتی سەعودی دەکات ئازادیی شیعە لە وڵاتدا نەهێڵێت و حکومەت هان دەدات بۆ سەرکوتکردنیان، ئەمە جگە لەوەی کە یەکێك بو لەو (٢٦) کەسەی کە فەتوایەکیان ئیمزا کرد بۆ جیهاد (تیرۆر) لە عێراقدا[٢٧٤].. لە هەمان کاتیشدا (د. ناصر العمر) و هەمو ئەوانەی کە ئاگری توندوتیژی و دەمارگیری خۆش دەکەن ئازادیی تەواویان هەیە لە دەربڕینی بیروڕا و هاتوچویاندا بۆ دەرەوە و ناوەوەی وڵات[٢٧٥]. ئەوەی کە رژێمی سەعودی کردویەتی بۆ دژایەتیی تیرۆر تەنها ئەوەندەیە کاتێك کردەوەیەکی تیرۆریستی یەخەی وڵاتەکەی خۆی دەگرێت؛ بە هێزی پۆلیس و ئاسایش روبەڕوی گروپە چەکدارەکان دەبێتەوە و ئینجا دامەزراوەی وەهابیی ڕەسمی و هەندێك لە پێشەوایانی تەوژمی رابونیش بە کەڵك دەهێنێت بۆ بەرپەرچدانەوەی جیهادیەکان، واتە دەستبەرداری بیری وەهابی نابێت بەڵکو هەندێك باڵ و گروپی

---

[٢] **عبد الرزاق**، ناجي حسن، *حقوق الإنسان و التفسير الديني.. مزاوجة سعودية خاصة*. لجنة الدفاع عن حقوق الإنسان في شبه الجزيرة العربية، بحوث و دراسات.

@http://www.cdhrap.net/text/bohoth/53.htm

هەروەها بڕوانە: **راشد**، أسعد، *الإرهابيون السعوديون يعقدون مؤتمر «مكافحة الإرهاب» في الرياض!* الحرمين، المقالات و الدراسات، شبكة راصد الإخبارية ٢٠٠٥/٢/٨.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/64.htm

[١] بڕوانە: *دور العائلة الحاكمة السعودية بين الإرهاب و احتمال تقسيم البلاد*. حديث لـ: سعد الفقيه.

[٢] نفسُه.

وەهابی بەکار دەهێنێت دژی هەندێکی تریان[٢٧٦].. ئەمەش درێژەدانە بە بونی ژینگە و دەوروبەرێك کە هەمیشە توانای بەرهەمهێنانی توندوتیژیی هەیە. ئەو هەندە نارەزاییەش کە پێشەوایانی رابون لە رێگەی هەندێك بلاوکراوەوە رای دەگەیەنن لە هێرشە تێرۆریستیەکان تەنها ئاراستەی ئەو کارە تێرۆریستیانە دەبێت کە روبەروی ولاتی خۆیان دەبنەوە و ئامانجیشیان خۆشەویستکردنی خۆیانە لە لای رژێم بۆ ئەوەی جێی پێشەوایانی کۆچکردوی دامەزراوەی رەسمی بگرنەوە.

لێرەدا سەرنجی ئەوەش دەدەین کە مێژوی باڵی جیهادیەکان لە ئیسلامگەراکانی سەعودیە، بەو شێوەیەی رون بوەوە، مێژوی بزوتنەوەی ئیخوان بیر دەخاتەوە. بزوتنەوەی ئیخوان لەو خێڵە بیاباننشینانە پێك دەهات کە کۆچیان پێ کرابو و ئەزمونێکیان لە کۆچ و نامۆبون بینیبو و بە کولتورێکی ئایینیی توندرەو پەروەردە کرابون و لەسەر شێوازی جەنگ و کوشتار مەشقیان پێ کرابو. بە هەمان شێوەیش ئەوانەی بونە ماددەی باڵی جیهادی لە سەعودیەکان ئەوانە بون کە بە بیری وەهابیی توندرەو گۆش کرابون و پاشان - بە هەر پاڵنەرێك بوبێت - کۆچیان کردبو بۆ پاکستان و لەوێوە بۆ ئەفغانستان بۆ بەشداریکردن لە جیهادی ئەفغانیدا و دواتریش راهێنان و مەشقیان بینی لەسەر ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی. سەرەنجامیش بزوتنەوەی ئیخوان، دوای ئەوەی سودێکی زۆریان بۆ ئیبن سەعود بینی لە داگیرکردنی هەرێمەکان و ملکەچکردنی رکەبەرەکاندا؛ بە هۆی هەست و باوەری ئایینیی توندیانەوە کەوتنە بەرهەڵستیی ئیبن سەعود بە بیانوی ئایینی و تۆمەتباریان کرد بە هێنانەکایەی بیدعە و بە لایەنگری لە بێباوەران، تا هەڵوێست گەیشتە ئەوەی هێزەکانی ئیخوان لە ئیبن سەعود یاخی بون و لە چەندین روداودا زیانیان بە ئیبن سەعود گەیاند و کەوتنە زیانگەیاندنیش بە بەرژەوەندیی هاوپەیمانانی کە بریتانیەکان بون، لە کۆتاییشدا ئیبن سەعود روبەرویان بوەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر لاوازی کردن و سەرەنجامیش ناچاری کردن خۆ بدەن بە دەستی هێزەکانی بریتانیاوە. ئەمەش هەمان چیرۆکی بزوتنەوەی جیهادیی نوێیە، چونکە ئەو گەنجانەی کە رژێمی سەعودی هانی دەدان و ئاسانکاریی بۆ دەکردن بۆ جیهاد لە دەرەوەی ولات دوایی گەرانەوە بۆ ولات و بەرەنگاری خودی رژێمەکە بونەوە و بنکە «قاعدة» یەکیان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا دامەزراند بۆ تێرۆر دژی رژێم و بەرژەوەندیی خۆرئاواییەکان بە تایبەتی ئەمێریکا.. ئێستەش رژێمی سەعودی بۆ خۆی روبەروی گروپە توندرەوەکان دەبێتەوە و دەیەوێت بیانداتە دەستی ئەمێریکا، بۆیە سەرەنجامی هەر رابەر و پێشەوایەکی جیهادی هەمان سەرەنجامی ئیبن

---

[٣] نفسُه.

بیجاد و فەیصەل دەویش دەبێت، واتە یان ئەو رژێمە بۆ خۆی پاکتاوی دەکات یان دەیداتە دەست ئەمێریکا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو رژێمە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی وەهابیدا سەری هەڵ داوە و لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئایینیی وەهابیدا سەرەنجامی خۆی گرێ داوە، بۆیە چارەسەری بنەڕەتیی تیرۆر لەو وڵاتەدا تەنها بریتیە لە چاکسازیەکی گشتگیر کە لە ڕێگەیەوە رژێمی دەسەڵات بگۆڕێت و دەستورێکی پێشکەوتو و گونجاو لەگەڵ فرەیی مەزهەبی لە وڵاتدا بچەسپێنرێت و چاکسازییش لە دامەزراوەی ئایینی و بەرنامەی خوێندن و فێرکردن و دامودەزگای دادا بکرێت.

هەرچەند ئێستەیش وا دەردەکەوێت رژێمی سەعودی هەندێك هەنگاوی سەرەتایی نابێت بۆ سوککردنی هەژمونی ڕێبازی وەهابی بەسەر راگەیاندن و بوارەکانی تردا، ئەوەش لەوەدا دەبینرێتەوە کە کەناڵە ئاسمانیەکانی سەعودیە لە رابردودا یادی سەریساڵی کۆچییشیان نەدەکرد بە ئاهەنگ، بەڵام ئێستە ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی سەری ساڵی زایینیەوە، بە شێوەیەك کە تەنها بابا نوێل و درەختی کریسمسیان کەمە!(٢٧٧) هەروەکو سیاسەتی نوێی شا (عەبدوڵڵا) یش هەندێك جیاوازیی هەیە لەوانی پێشتر، ئەمەش لە سێیەمین کۆنگرەی نائاسایی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی (٢٠٠٥/١٢/٨) لە مەککە دەر کەوت، کە لەم کۆنگرەیەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر رەتکردنەوەی تیرۆریزم و هەروەها دوبەرەکی و ئاژاوەی مەزهەبی و دیاردەی (تەکفیر) ی ڕێبازە ئیسلامیە جیاوازەکان.. ئەمەش هەوڵێکە بۆ سوککردنی ئاکامە نێگەتیڤەکانی وەهابیەت و سەرەتایەکی باشە ئەگەر پەرەی پێ بدرێت و بخرێتە بواری پراکتیس و جێبەجێکردنەوە.

* * *

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین وەهابیەت و لقوپۆپ و کاریگەری و درێژبونەوەکانی لێپرسراون لەو توندوتیژیە ئایینیەی کە هاتوەتە کایە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا و هەروەها لەو رەهایی و گشتگیریەی کە بوەتە مۆرکێك بۆ فیکری ئیسلامیی ـ ناوزەد بە ـ رەسەن، هەروەها لەو سادەیی و دواکەوتویی و بێئاگاییەی کە بوەتە نیشانەیەك بۆ ئەو فیکرە ئیسلامیەی کە ـ تازە بە تازە ـ دەیەوێت لە کانیاوی رەسەنی دەقەکان هەڵگۆزێت. ئەمانە هەموی رەشەبایەکی گەرمن لە بیابانی نەجدەوە کە هێلانەی

(١) بڕوانە: **الباز**، محمد، *الوهابية تُعلِن إفلاسَها!* الوكالة الشيعية للأنباء، وجهة نظر، ٢٠٠٣/١/٢١.
@http://www.ebaa.net/wjhat-nadar/005/220.htm

وەهابییەتە. ئەوەی جێی نیگەرانیە لێرەدا ئەوەیە کە بزاڤ و کۆمەڵە ئیسلامیەکان هەمویان بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان بە وەهابیەتەوە هەیە و ئیسلامی وەهابی بوەتە ئیسلامی راستەقینە و وەکو کاریگەری و چالاکییش بوەتە ئاڕاستەی زاڵ و دیار و نوێنەر.. بە تایبەتی لە بەر چاوی خۆرئاوادا. کە ئەم حاڵەتەیش بە ئاسانی چارەسەر نابێت و تەنها کات دەتوانێت گۆڕانی بەسەردا بهێنێت.

# بەشی پێنجەم

# عیرفانگەرایی و لێکبوردن

عیرفانگـەرایی یـاخود گنۆسـیزم «الغنوصيّة» یـاخود (التصوّف) Theosophy یاخود Mysticism، ئەم ئاراستەیە لەگەڵ ئایینە فرەپەرستیەکاندا پێك دەگەنـەوە، و لە ئیسلامدا لەو ئاراستەیەدا بەرجەستە دەبێت کە ڕێبازی ئەشـعەری و تەصـەووف و عیرفانی لێك دابو یان لەو ئاراستەیەدا کە فەلسەفە و تەصـەووفی کـۆ کردبـوەوە یـان پلاتۆنیزمی نوێ و عیرفانی خۆرهەڵاتیی پێکـەوە گونجانـدبو (فەلسـەفەی خۆرهـەڵاتی «إشراقيّ» Illuminism). لەم جۆرەدا لـە بیرکردنـەوەی ئـایینی درێژبونـەوەی بـیری ئایینیی فرەپەرستی دەبینرێتەوە.. یەکتاپەرستی بە توندی دوپات ناکرێتەوە، هەنـدێك بیرۆکە و چەمکی بەسەردا زاڵە کە دەگەڕێنەوە بۆ ئایینـە دێرینـەکان، چـونکە ڕێگـا دەدات بە مانەوەی هەندێك ڕەگەزی ئایینیی دێرین لە سیستەمە ئایینیـە نوێیەکـەدا، وەکو (التَوَسُّل) و تکاکاری بە پێغەمبەران و هەندێك شتی هاوشێوە، هـەروەها وەکـو سـروتە دەروێشـیە دیۆنیسوسـیەکان[1] و تیـۆریی سـەرڕێژی «نظريـة الفَـيْض»

---

[1] دیۆنیسوس Dionysus (Διόνυσος) خواوەندێکی یۆنانی بوە (باخوس Bacchus ی ڕۆمانیەکان) و خواوەندی بەروبوم و شینایی سروشت بوە، لێرەیشەوە بوەتە خواوەندی مەی (کە لە بەروبومی وەکو ترێ دروست دەکرێت) و ئەو خۆشی و گەشەونەشەیەی کە لە مەینۆشیەوە هەستی پێ دەکرێت.. بەم شێوەیەش پەرستشی ئەم خواوەندە بریتی بو لە چەند سروت و ئاهەنگێك کە (مەی) یان تێدا بەکار دەهات بۆ گەیشتن بە حاڵەتی بێخودی و دورکەوتنەوە لە خود و لکان بە خواوەندەوە.. ئەوەی لێرەدا سەرنج دەدرێت ئەگەر بەراوردی بکەین بە سروت و حاڵی تەصەووف، ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتی تەصەووفدا ڕەگەزی (مەی) و (بادە) و مەستبون ئامادەیی زۆری هەیە، جگە لەوەی لە هەندێك تەریقەتدا بە واقیعی مەی بەکار هاتوە، وەکو تەریقەتی بەکتاشی کە لە سەدەی (١٦ ز.) دا لە باکوری ئەنادۆڵ سەری هەڵ داوە کە ئەم ناوچەیەش مەڵبەندێکی دێرینی کولتوری یۆنانی بوە و هاوسایەی وڵاتی یۆنانە، تەریقەتەکەیش لە ناو سەربازانی سوپای یەنیچەریدا بڵاو بوەتەوە کە بە بنەڕەت یۆنانی و ئەلبانیایی و ڕۆمانیایی.. بون. ئەمە جگە لەوەی پەرستشکارانی خواوەند دیۆنیسوس لە کۆبونەوەکانیاندا کۆمەڵێك سروتی توند و خوێناوییان ئەنجام داوە بۆ بێئاگابون و دەرچون لە قەفەسی جەستە و گەیشتن بە حاڵ.. ئەم دیمەنەیش لە سروتی دەروێشاندا دەبینرێتەوە، بەڵکو لە پەرستشی هاوشێوەی گەلانی بەراییشدا ناسراوە، بە شێوەی سەما و دەهۆڵ لێدانی توند. جگە لەوەی ئافرەتانیش بەشداریەکی تەواویان لە سروتەکانی پەرستشی خواوەند دیۆنیسوسدا دەکرد (لە ڕاستیدا سروتەکانی بەپیتیی سروشت ئیمتیازی ژن خۆی بوە)، ئەم دیاردەیەیش لە تەریقەتی بەکتاشیدا هەبوە.

Emanationism ی گنۆسی (ی ـ بە بنەڕەت ـ داڕێژراوی پلاتۆنیزمی نوێ) و کۆمەڵێك بیرۆکەی لەو جۆرە. لێرەوە تۆمەتی فرەپەرستی «الشرك» لە لایەن وەهابیەتەوە بۆ ئەم ئاڕاستەیە بە رەوا دەبینرێت. بە پێچەوانەوە دەقگەرایی وەهابی هەمو پەیوەندیەك لە نێوان سیستەمە ئایینیە نوێیەکەدا و سیستەمە دێرینەکاندا دەبڕێت، تەنها لە سنوری رواڵەتی دەقە چەسپاوەکاندا نەبێت، ئیتر هەمو هاوبەشی و پێکگەیشتنەوەیەك لە دەرەوەی رواڵەتی دەقەکان دەبڕێت و لاواز دەکات. بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەم سوربونە لەسەر دەق و رواڵەتی دەق وا دەکات بیری ئایینیی وەهابییش زیاتر بچێتەوە سەر هەندێك بیری ئایینیی دێرین وەکو بیری ئایینیی یەهودی کە ئەمیش لە خۆیدا پەیوەستە بە ئایینەکانی سوریای دێرین و عێراقی دێرینەوە، بۆیە لە بیری ئایینیی وەهابییشدا کۆمەڵێك چیرۆکی ئەفسانەیی «أسطوريّ» و ئەفسانەیی میللی «خُرافيّ» برەوێکی زۆریان هەیە چونکە ئەم چیرۆکانە لە کەلەپوری ئیسلامیدا بە شێوەی فەرمودەیەك هاتون و پاڵپشت «سَنَد» یکیان بۆ هەڵ کەوتوە یان ساز کراوە. بۆیە لەناو گروپە ئیسلامیەکاندا سەلەفیەکان باوەڕیان هەیە بە (دەست) و (قاچ) و (پێ) و (چاو).. بۆ خوا و ئەوەی کە خوا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردوە[٢٧٩] (کە ئەمە بیرۆکەیەکی تەوراتیە: *خولقاندن*: ١/ ٢٧) و دانیشتنی خوا لەسەر تەخت «عرش» بە شێوەیەك کە تەخت لەژێریدا جیڕەی دێت وەکو جیڕەی کۆپانی وشتر لە ژێر سواردا![٢٨٠] و بینینی خوا بە چاوی سەر لە رۆژی دواییدا

---

[١] (خَلَقَ اللهُ آدَمَ على صُورَتِهِ). بڕوانە:

البخاري، *الصحيح*. الكتاب ٨٢: كتاب الاستئذان، الباب ١: باب بدء السلام. ج. ٥، ص. ٢٢٩٩. الحديث رقم ٥٨٧٣.

مسلم، *الصحيح*. الكتاب ٤٥: كتاب البر و الصلة و الآداب، الباب ٣٢: باب النهى عن ضرب الوجه، ج.، ص. ٢٠١٧، الحديث رقم ٢٦١٢. الكتاب ٥١: كتاب الجنة و صفة نعيمها و أهلها، الباب ١١: باب يدخل الجنة أقوام أفئدتهم مثل أفئدة الطير، ج. ٤، ص. ٢١٨٣، الحديث رقم ٢٨٤١.

[٢] (إن عرشه على سماواته كهكذا ـ و قال بأصابعه مثل القبة عليه ـ و إنّه لَيَئِطُّ به أطِيطَ الرَّحْل بالراكِب). بڕوانە:

أبو داود، *السنن*. الكتاب ٣٥: كتاب السنة، الباب ١٩: باب في الجهمية، ج. ٤، ص. ٢٣٢، الحديث رقم ٤٧٢٦.

**الدارمي**، *سنن الدارمي*. تحقيق: فواز أحمد زمرلي، خالد السبع العلمي. دار الكتاب العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٧ هـ. الكتاب ٢٠: كتاب الرقائق، الباب ٨٠: باب في شأن الساعة و نزول الرب تعالى، ج. ٢، ص. ٤١٩، الحديث رقم ٢٨٠٠.

**الطبراني**، *المعجم الكبير*. تحقيق: حمدي بن عبد المجيد السلفي. مكتبة العلوم و الحكم، الموصل، الطبعة الثانية،

و دابەزینی خوا بۆ ئاسمانی هەرەنزیك «السماء الدنیا»[281] و دابەزینی لە شەوی ناوەڕاستی مانگی (شَعْبان) دا![282] و ئەوەی کە لە ڕۆژی دواییدا دۆزەخ داوای مرۆڤی تر دەکات ناچار خوا پێ «رِجْل» دەخاتە سەری تا بێدەنگ دەبێت![283] کە ئەم بیرۆکانەش هەموی بە شێوەی فەرمودە هاتون و پاڵپشت «سَنَد» یان بۆ ساز کراوە [هەندێکیشیان چیرۆکێکن و بە گەمەیەکی خەیاڵی لە پەراوێزی دەقە قورئانیەکاندا دروست بون، بۆ نمونە لە قورئاندا هاتوە: (يَوْمَ يُكْشَفُ عَنْ ساقٍ) *(القلم: ٤٢)* کە ئەمە گوزارشێکی ئەدەبیانەیە لە دژواری و جیددیبونی هەلۆیست لە ڕۆژی دواییدا (بنەڕەتی گوزارشەکەش ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ کاری جیددی قولی هەڵ دەکات بۆ ئەوەی گورج‌وگۆڵ بێت)، بەڵام لە ئەدەبیاتی ئیسلامیی دوای قورئاندا چیرۆکێکی خەیاڵی بە

---

١٩٨٣. أحاديث الصحابي رقم ١٧٧: جبير بن مطعم، ج. ٢، ص. ١٢٨، الحديث رقم ١٥٤٧.

[3] (ينزل ربُّنا تبارك و تعالى كلَّ ليلة إلى السماء الدنيا حين يبقى ثُلُثُ الليل الآخِرُ، يقول: مَنْ يدعوني فأستجيبَ له، مَنْ يسألُني فأعطيَه، مَن يستغفرُني فأغفِرَ له). بۆ نمونە، بڕوانە:

البخاري، *الصحيح*. الكتاب ٢٥: كتاب التهجد، الباب ١٤: باب الدعاء و الصلاة من آخر الليل، ج. ١، ص. ٣٨٣، الحديث رقم ١٠٩٤.

مسلم، *الصحيح*. الكتاب ٦: كتاب الدعاء، الباب ٢٤: باب الترغيب في الدعاء و الذكر في آخر الليل و الإجابة فيه، ج. ١، ص. ٥٢١، الحديث رقم ٧٥٨.

[1] (إن الله عزّ وجلّ ينزل ليلةَ النصف من شعبان إلى السماء الدنيا...)، بڕوانە:

**الترمذي**، *الجامع الصحيح سنن الترمذي*. *تحقيق*: أحمد محمد شاكر و آخرين. دار إحياء التراث العربي، بيروت. الكتاب ٦: كتاب الصوم، الباب ٣٩: باب ما جاء في ليلة النصف من شعبان، ج. ٣، ص. ٦٦، الحديث رقم ٧٣٩.

**ابن ماجه**، *سنن ابن ماجه*. *تحقيق*: محمد فؤاد عبد الباقي. دار الفكر، بيروت. الباب ١٩١: باب ما جاء في ليلة النصف من شعبان، ج. ١، ص. ٤٤٤، الحديث رقم ١٣٨٨.

أحمد بن حنبل، *المسند*. مسند السيدة عائشة. ج. ٦، ص. ٢٣٨، الحديث رقم ٢٦٠٦٠.

[2] (فأمّا النار فلا تمتلئ فيضع قَدَمَه عليها فتقول: قَطٍ قَطٍ! فهنالك تمتلئ و يُزْوَى بعضُها إلى بعض)، بۆ نمونە، بڕوانە:

مسلم، *الصحيح*. الكتاب ٥١: كتاب الجنة و صفة نعيمها و أهلها، الباب ١٣: باب النار يدخلها الجبارون و الجنة يدخلها الضعفاء، ج. ٤، ص. ٢١٨٦، الحديث رقم ٢٨٤٦.

البخاري، *الصحيح*. الكتاب ٦٨: كتاب التفسير، الباب ٣٣٣: باب قوله (و تقول: هل مِن مَزيد؟)، ج. ٤، ص. ١٨٣٥، الحديث رقم ٤٥٦٧ و ٤٥٦٨.

الترمذي، *السنن*. الكتاب ٤٨: كتاب تفسير القرآن، الباب ٥٠: باب و من سورة ق، ج. ٥، ص. ٣٩٠، الحديث رقم ٣٢٧٢.

ناوی فەرمودەوە دروست بوە کە باسی ئەوە دەکات کە خوا لە رۆژی دواییدا لاقی خۆی هەڵ دەماڵێت بۆ خەڵك تا بیبینن![٢٨٤] باوەڕبون بـەم (لاق هـەڵماڵین) ـــە ئێستە لای وەهھابیەکان بەشێکە لە باوەڕی ئیسلامی!! ئەم جۆرە چیرۆکە ئیسلامیە خەیاڵیانـەش کە لە پەراوێزی دەقە سەرەکیەکاندا دروست بون چیرۆکە خەیاڵیەکانی هـەگاداﻫ הגדה ی یەهودی (کە پێی دەوترێت {إسرائیلیات} لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا) دەخەنـەوە بـیر کـە کۆمـەڵێك چـیرۆکی خـەیاڵین لـە تەلـــمود و میدراشـدا و لـە پـەراوێزی دەقـە تەوراتیەکاندا دروست بون، گومانیشی تێدا نیە کە هـەگادای یـەهودی کـاری تـەواوی کردوەتە سەر هەگادای ئیسلامی و دواتر هەگادای ئیسلامییش هەندێك کاری کردوەتە سـەر هـەگادای یـەهودی!]، لـە کاتێکـدا گروپـە ئیسـلامیەکانی تـر (بـە تایبـەتی موعتەزیلە و شیعە و ئەشعەریەکان) زۆربەی ئەم دەقانەیان پشت گوێ خستوە یـان بـە شێوەیەکی ئاوەڵواتایی «مجازي» مامەڵەیان لەگەڵدا کـردون.. هـەر بۆیـە دەقگـەرایی وەهھابی رواڵـەتیبون و دەقگەراییـەکی میکانیکیـە، هـەر گێڕانەوەیـەك لـە رێگـای متمانەوە گەیشتبێت باوەڕی پێیەتی بەبێ وردبونـەوە لـە ناوەڕۆکەکـەی، دیـاریکردنی (متمانە) ش دەگەڕێتەوە بۆ زانستێکی ئایینیی ترادیسیۆنی کە ناسراوە بە زانستەکانی فەرمودە «علوم الحدیث» کە لەسەر کۆمەڵێك گوتە و رێسـای تەقلیـدی وەسـتاوە کـە زادەی کۆمەڵێك بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و فیکرین لە کۆمـەڵگای عەرەبیدا بە سـەدەیەك تـا دو سـەدە دوای سـەرهەڵدانی ئیسـلامی بنـەڕەتی، لەبـەر ئەمەش زۆرجار بنەمای راستەقینەی دیاریکردنی بەها و متمانـەی گێڕانـەوە «روایة» یێك بریتیە لە ئاراستەی سیاسیی خاوەنەکەی یان ئەو بیرە ئایینیەی کە، بە کاریگەریی ئایینێکی تر یان بارودۆخێکی سیاسی یان گۆڕان و گەشەکردنێك لە بیرە ئایینیەکـەدا، جێگیر بوە و هەوڵی چەسپاندنی دەدرێت بە سازکردنی بەڵگە بـۆی لـە دەقـی وتـراوی پێغەمبەر. لەبەر ئەمانە ئـەم زانسـتە تەقلیدیـە کـە ناسـراوە بـە زانسـتی فـەرمودە مەعریفەیەکی زۆر سادە و ساکارە و دەرکێکی واقیعی نیە بـۆ چـۆنێتیی سـەرهەڵدانی فەرمودە و یاسادانان و بیری ئایینیی ئیسلامی بەم شـێوە و وردەکاریـەی کـە ئێسـتە هەیە. بەڵام لە رێبازی وەهھابیدا ئەم زانستە تەقلیدیە بوەتـە پێـوەری ئیسـلام رەنگـە زیاتر لە قورئانیش [بۆیە زیاتر بایەخ بە زانسـتی فـەرمودە دەدەن تـاکو لێکدانـەوەی قورئان، تا بتوانن هیچ دەقێکی قورئانییش بەبێ پاڵپشتی فەرمودە ناکەن بـە بەڵگـە،

---

[٣] (ثُمَّ یَكشِف ربُّنا عن ساقه فیسجد له كلُّ مؤمن و مؤمنة). بۆ نمونە، بڕوانە:
البخاري، *الصحیح*. الكتاب ٤٨: كتاب تفسیر القرآن، الباب ٣٩٤: باب (یومَ یُكْشَف عن ساق)، ج. ٤، ص. ١٨٧١، الحدیث رقم ٤٦٣٥.

به شێوەیەك دەتوانین بڵێین ئەوانە تەلـــمودیەكانی كولتـوری ئیسـلامین! كـە ئەمـەش زۆرتـر بەسـەر ئاڕاسـتەی فەرمودەبێـژی سـوریایی (ناصـر الـدین الألبـاني) (١٩٠٩ ـ ١٩٩٩ ز.) دا دەچەسپێت، كە پێی وابوە فەرمودە و دەق بە گشتی سەرچاوەی تەنهای ئیجتیهاد و فیقهی ئیسلامیە[285]]، لەبەر ئەمەش ئیسلامی وەهابی زیـاتر شـێوە و رواڵەتی ئیسلامی ئومەوی وەردەگرێـت، چـونكە سـەردەمی ئومەویـەكان سـەردەمی سەرهەڵدان و گەشەكردنی بزوتنەوەی كۆكردنەوە و سازكردنی سیستەمی فەرمودەكانـە و سەردەمی داڕشتنی ئیسلامی نمونەییە دوای سەرهەڵدانی چەندین گروپ و بزوتنەوەی سیاسی لە كرۆكـدا و فیكـری ـ ئـایینی لـە رواڵەتـدا كـە تـا ئێسـتاش كاریگـەری و دەنگوباسیان لە ئەدەبیاتی ئیسلامدا ماوە ئەگەرچی ناڕۆشن و شێواویش بێت.

لە بەرامبەردا عیرفانگەرایی ئاڕاستەیەكی واتادۆزی قوڵە كە دەچێتە قوڵاییـەكانی بـیری ئـایینی و بوارەكـانی پێكگەیشـتنەوە لـە نێـوان سیسـتەمی ئـایینیی نـوێ و سیستەمە رابردوەكانـدا دەدۆزێتــەوە و پەیوەسـتیان دەكـات و چـەمكە هاوبەشـەكان پێكەوە رێك دەخات و قاڵبی دەقەكان و ناوەكان و زمانەكان تێ دەپەڕێنێت. ئەنجامـە واقیعیەكەش ئەوەیە كە ئەم عیرفانگەراییە لێكبوردنێكی زۆری تێدایـە لەگـەڵ هـەمو ئایینەكاندا و هەمو ئایینەكان بە هاوبەش و رەوا دادەنێت، هەر یەكەی بـۆ كولتـور و زێد و نیشتمانی خۆی. زمانحاڵی ئەم ئاڕاستەیە ئیبن عەرەبیـە كە دەڵێت[286]:

لَقَدْ كُنتُ قَبْلَ اليَومِ أُنْكِرُ صاحِبِي
إذا لَمْ يَكُنْ دِيني إلى دِينِهِ دانِي
وَ قَدْ صارَ قَلبِي قابِلاً كُلَّ صُورَةٍ
فَمَرعىً لِغُزلانٍ وَ دَيْرٌ لِرُهْبانِ
وَ بَيْتٌ لأَوثانٍ وَ كَعْبَةُ طائفٍ
وَ أَلْواحُ تَوْراةٍ وَ مُصْحَفُ قُرآنٍ
أَدِينُ بِدِينِ الحُبِّ أَنَّى تَوَجَّهَتْ
رَكائِبُهُ، فَالْحُبُّ دِينِي وَ إِيمانِي

دەڵێت: (پێش ئەمڕۆ هاوڕێكەم پێ نامۆ بو ئەگەر ئایینەكەی لە ئایینەكەی منەوە نزیك نەبوایە. بەڵام ئێستە دڵم هەمو وێنەیەك وەردەگرێت: ئیتر دڵـم لەوەڕگایەكـە بـۆ

---

[1] بڕوانە: *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* ص. ٧.

[1] ابن عربي، *ترجمان الأشواق.*

ئاسکەکان، دێرێکە بۆ رەبەنەکان، خانەیەکە بۆ بتەکان، کەعبەیەکە بـۆ تەوافگـەردان، تەختەبەردە بۆ تەورات و موصحەفێکە بۆ قورئان. ئایینی خۆشەویستی ئایینی منە بۆ هەر کوێ کاروانی بەرێ کەوێت، ئیتر خۆشەویستی ئایین و باوەڕی منـە). لەبـەر ئـەوە سەرنج دەدەین ئەو توندوتیژیە ئایینیەی کە ئەمڕۆ بوەتە کێشـە هـیچ دەسـتێکی ئـەم ئاراستەیەی تێدا نیە، چونکە بیرکردنەوەیان رەها و گشتگیر نیە، بەڵکو ماف بە هەمو لایەك دەدەن و خۆیشیان بە تـەنها کۆمەڵەیـەك دەزانـن. بـۆ نمونـە لـە نێـو خۆیانـدا شـوێنکەوتوانی تەریقـەتی نەقشـبەندی دەڵـێن: ئێمـە تەریقـەتی خۆمـان هەیـە و قادریەکانیش تەریقەتی خۆیان هەیـە، ئەگـەر لـە رابـردودا کێشـەیەکیش لـە نێوانـدا هەبوبێت کێشەی قەڵەمڕەو «نفوذ» بوە و کێبەرکێی بڵاوبونەوە بوە، گرنگ ئەوەیە دان دەنێن بەوەدا کە رێگە «طریقة» ی فرە هەیە بەرەو خوا. هەروەها دەبینین خۆیـان نـاو دەنێن ئەهلی (حەقیقەت)، زانـای ئـایینی یـان ئایینـداری سـادە نـاو دەنـێن ئـەهلی (شەریعەت)، دەزانن کە ناکرێت هەمو جیهان ئەهلی حەقیقەت بێت و دەکرێت کەسێك سەرفراز بێت و حەقیقەتی تەواوی لای ئەوان نـەزانێت. هـەتاکو مـاف و ناونیشـانێك دەدەن بە خەڵك و لائیك و دەڵێن ئێمە ئەهلی (ئاخیرەت) ـین و ئەوان ئـەهلی (دنیـا) ن. بۆیە ئەهلی تەصەووف ناسراون بەوەی کە خۆیان دور گرتوە لە سیاسەت و کاروباری خەڵك، لە هەمو کۆمەڵگایەکیشـدا بـەزویی رویـەکی خۆمـاڵی وەردەگـرن و مـۆرك و تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگایە هـەڵ دەگـرن، بەڵگەیـەکی ئەمـەش ئـەو ژمـارە زۆرەی تەریقەتەکانی تەصەووفە لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە شێوەیەك رەنگە ژماردن و نـاوبردنی هەمویان لە تواناادا نەبێت:

ئەدهەمی، ئەکبەری، ئەکمەلی، ئەنصاری، ئیدریسی، بەدەوی (یـاخود ئەحمـەدی)، بەکتاشی، بەیرەمی، بورهانی، بیسطامی (یاخود طـەیفـوری)، تیجـانی (و لقـەکانی)، جەڕراحی، جەعفەری (جافـەری)، جـوزولی، جونەیـدی، جیبـاوی (یـاخود سـەعدی)، جیلـوەتی، چیشـتی (و لقـەکانی: زاهـوری، حـەبیبی، قـادری)، حـەددادی، حـەربی، حەریری، حـەرقاوی، حەصصـافی، حـەیاتی، حـوروفی، خـەتمی، خـەڵوەتی، دەرقـاوی، دەسوقی، دەقوقی، رەجەبی، رەحمانی، رەشیدی، رەمەزانی، ریفاعی، زاهیدی، زەروقی، زەینی، سالیمی، سەبعینی، سەممانی، سەنوسـی، سـەهلی، سـونبولی، سـوهرەوەردی، شاذیلی، شەرقاوی، شەمسی، شـەنقیطی، شـەیخی، صـابیری، صـالیحی، صـەدیقی، صەفاوی، صـیددیقی، عـەدەوی، عەروسـی، عەششـاقی، عـەظیمـی، عەیدەروسـی، عیساوی، عیشقی، فیردەوسی، قادری (و لقەکانی)، قەلەندەری، کازەرونی، کـەتتانی، کـەفتاری، کـوبرەوی (یـاخود ذەهـەبی)، گولشـەنی، گوڵنورجیهـانی، مـەجذوبـی، مەریەمی، مەولەوی، موریدی، میرغەنی، ناصری، نەصوحی، نەقشبەندی (و لقەکانی:

ئوەیسی، جەهری، حەققانی، خالیدی، خوفی، موجەددیدی..)، نوری، نورانی، نوربەخشی، نیظامی، نیعمەتئیلاهی، هەنسەلی، هیندی، وەحیدی، یوسفی، یونسی... هتد[٢٨٧].

کە ئەم زۆری و فرەییەش بە زۆری فرەییەکی مرۆیی و ناوچەییە و جیاوازی و نەگونجانێکی بنەڕەتی یان ئایینیی ئەوتۆیان لە نێواندا نیە، هیچ تەریقەتێکیش دژایەتیی ئەوی تر ناکات لەسەر بنەمایەکی ئایینی و بە دابەشکردن و ناوزەدکردن و ناووناتۆرەی ئایینی، بەڵام هەر یەکە ناوچەیەکی برەو و بڵاوبونەوەی هەبوە کە داکۆکیی لێ کردوە.

ئەم ڕێباز و تەریقەتانەی تەصەووف بە درێژایی مێژوی ئیسلامی ڕۆڵێکی زۆریان بینیوە لە خۆماڵیکردنی ئیسلام و گونجاندنی لەگەڵ کولتورە جیاوازەکاندا و بونەتە کەناڵی جەماوەریانەی گفتوگۆ و کارلێکی نێوان کولتور و شارستانێتیە جیاوازەکان. یەکێك لە نمونەکانی ئەمە تەریقەتی (چیشتی) ـە کە لە بنەڕەتدا (خواجە ئەبو ئیسحاقی دیمەشقی) یان (شامی) (٩٤١ ز. مردوە) دایمەزراندوە و ئینجا (خواجە موعینوددین حەسەنی چیشتیی ئەجمیری) (١١٤١ ـ ١٢٣٦ ز.) لە هیندستان بڵاوی کردوەتەوە کە ئێستە بڵاوترین و سەرەکیترین تەریقەتە لە هیندستاندا. ئەم تەریقەتە بەوەی کە ئیسلامی خۆماڵی کردوە و لەگەڵ کولتوری هیندۆسیدا گونجاندویەتی (بۆ نمونە بنەمای گشتخوایی تێدایە کە لە ئایینی هیندۆسیدا ئاشکرایە) و نەرمی و ئاسانکاریی پێ بەخشیوە؛ بوەتە هۆکاری سەرەکیی بڵاوبونەوەی ئیسلام بە هیندستاندا، بەڵام ئیسلامێکی هیندەواریانە (!) و گونجاو لەگەڵ کولتور و ئایینەکانی تردا، شوێنکەوتەکانیشی ناسراون بەوەی ئاشتیخواز و گونجاون، بە شێوەیەك کە لە یادی ساڵانەی کۆچی دوایی خواجە (موعینوددینی غەریب نەواز) ی ناوبراودا تا ئێستاش هیندۆسەکان و موسڵمانەکان وەکو یەك پێکەوە دەچنە سەر گۆڕەکەی و ئەو یادە دەکەنەوە[٢٨٨].

---

[١] بڕوانە:

Wikipedia. Art. *Tariqah*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Tariqah

**Wikipedia**. (Nederlands). @http://nl.wikipedia.org. Art. *Lijst van tariqas*.

@http://nl.wikipedia.org/wiki/Soefisme:_Tariqat

[١] دەربارەی تەریقەتی چیشتی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Chishtiyah*.




مەزارگەی خواجە موعینوددینی غەریب نەواز

نمونەیەكی تر تەریقەتی (عەدەوی) ــە كـە (شـێخ عـەدی) لـە كـوردی هەكاریـدا دامەزراندوە و بوە بە شێوازێكی ئایینداری كە ئیسلامەتی و یەزدیەتیی تێدا كۆبوەتەوە و پێكەوە گونجاون كە تەنها لەم ڕێگەیەوە ئیسلام (یان هەنـدێك بیرۆكـەی ئیسـلامی) توانیویەتی دزە بكاتە ناو ئایینی یەزدی نەك لە ڕێگەی سـەپاندن و توندوتیژیـەوە كـە یەزدیەكان زۆریان لەم شێوازەش چەشتوە.

نمونەیەكی تریش تەریقەتی (بەكتاشی) ــە كە (حاجی بـەكتاش وەلیـی خۆراسـانی) (سەدەی ١٣ ز.) لە شاری (ئەماسیە) ی توركیای عوثمانیدا دیمەزراندوە و لـە سـەدەی (١٦ ز.) دا شێوەی ئێستای وەرگرتوە و بوە بە ڕێنومای سەربازانی سوپای یەنیچـەری (ئەوانەی لە بنەچەی ئورۆپایی و مەسیحی بون)، ئەم تەریقەتـە، سـەرباری ئـەوەی لـە بنەڕەتدا لقێكی ڕێبازی شـیعەیە، گونجانـدنێك بـوە لـە نێـوان ئیسـلام (ی شـیعی) و كۆمـەڵێك ڕەگـەز و پێكهێنـەری تـر لـە ئـایینی مەسـیحی و ئایینـە فرەپەرسـتیە دێرینەكانی ناوچـەكە و فەلسـەفەی پـیثاگـۆرایی «فیثاغوريّ»[٢٨٩] كـە ئەمانـەش

---

Wikipedia. Art. *Chishti Order*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Chishti

*المنجد في الأعلام*. مادتا (جِشتي) و (الجِشتية).

[١] دەربارەی تەریقەتی بەكتاشی، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Bektashi*.

Wikipedia. Arts. *Bektashi*, *Hajji Bektash Wali*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Bektashi

کولتوری دێرینەی ناوچەکە و ئەو سەربازانە بون، جگە لەوەی ئەم تەریقەتە بوە هۆی بڵاوبونەوەی ئیسلام بە باشوری ئەلبانیا و باکوری یۆناندا چونکە لەگەڵ کولتوری ئەو ناوچەیەدا دەگونجێت.



قیددیس جیرۆم St. Jerome و شێر

نیگاری کۆلانتۆنیۆ Colantonio. دەوروبەری ١٤٤٥ ز. ـ مۆزەخانەی کاپۆدیمۆنتێ Museo di Capodimonte. ناپۆلی، ئیتالیا



حاجی بەکتاش و دڕندەی دەستەمۆ

وێنەیەکی مەسیحیانەی حاجی بەکتاش، کە لە وێنەیەکی قیددیس جیرۆمەوە وەرگیراوە

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەصەووف و تەریقەتەکانی ڕێگە «طريقة» ێکن بۆ بڵاوبونەوە و بەردەوامیی (ئایینێکی یەکتاپەرستیانەی وەکو) ئیسلام لەو ناوچانەدا کە فرەیی «تعدُّد» ی کولتوری یان هاوسایەتی «تجاوُر» ی کولتورییان تێدایە.. بە شێوەیەك کە توندوتیژی و پێکداکێشان ڕو نەدات.

لەم سەردەمەشدا تەریقەت و ئاڕاستەکانی تەصەووف هیچ میلیشیایەك و هیچ ڕێکخراوێکیان نیە بە ناوی جیهاد و جەنگەوە لە پێناوی ئاییندا و دژی دوشمنی ئایینی، بەڵکو تەنها کۆمەڵەی ڕۆحی و پەروەردەیی و خێرخوازییان هەیە. ئەمان

---

@http://en.wikipedia.org/wiki/Hajji_Bektash_Wali

**Weir**, Anthony, *The Bektashi Order of Dervishes*. Beyond the Pale.

@http://www.beyond-the-pale.co.uk/albanian4.htm

**توتل**، فردينان، *المنجد في الأدب و العلوم ـ معجم لأعلام الشرق و الغرب*. المطبعة الكاثوليكية، بيروت. ١٩٥٦. مادة: *البكتاشية*.

زادەی شارن و پەراوێزی ژیانی شارستانین نەك سالاری ژیانی بیاباننشینی. ئەوەنـدەش پێ داناگرن لەسەر یەکتاپەرستی و خەڵك تۆمەتبار ناکەن بـە فرەپەرسـتی «الشِّرْك»، بەڵکو خۆیان تۆمەتبارن پێی. لێرەوە نهێنیی ئـەو جەنگـە دەبینینـەوە کـە بـەردەوام هەبوە لە نێوان سەلەفیەت و تەصەووفدا. هەر لێرەوەش هەست بە گرنگیی پێشـەوایان و پیرانـی تەصـەووف و ئیسـلامی ئەشـعەری دەکـەین لـە وڵاتـی کوردەواریـدا و لـە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بە گشتی. بە راستی ئەو گەشەکردنەی کە بیری ئایینی و ژیانی ئایینی بە خۆیەوە بینیبوی لەم سەردەمانەی دواییدا گەیشتبوە قۆناغێك کە گونجاو بـو بۆ پێشوازیی بـیری نـوێ و ژیـانی نـوێ، بـەڵام گروپـە ئایینیـە نوێیـە ـ بـە ریشـە ـ وەهابیەکان بیری ئایینی و ژیانی ئایینییان لە سفرەوە دەست پێ کردەوە. جگە لـەوە بیری ئایینی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەوەندەی تایبەتمەندیی خۆماڵی وەرگرتبـو تـا لـە کولتوردا جێگە و خانەی گونجاوی خۆی بدۆزێتەوە، بـۆ نمونـە گـەلی کـورد لـە لایـەن خۆیەوە ئیسلامێکی کوردیانـەی پـەرە پـێ دابـو و روالـەت و ئاکـار و تایبەتمەنـدیی کوردەواریانەی پێ بەخشیبو و خۆماڵی کرابو کە بەبێ ئەم خۆماڵیکردنەش ئیسلام لـە هیچ کۆمەڵگایەك (ی جیاواز) دا ریشە داناکوتێت و تا سەر بەردەوام نابێـت و لەگـەڵ کولتوری بنەڕەتیدا هەڵ ناکات، بەڵام گروپە ئایینیە نوێیەکان سـەرلەنوێ تایبەتمەندیـە عەرەبیەکانی بیری ئایینییان دوپات کردەوە، بەوەش کۆمەڵێك کێشـە و ئالۆزییـان لـە سەردەمێکی رابردووەوە گواستەوە بۆ قۆناغی ئێستا.

لێرەوە دەچمەوە سەر وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیەم پێ دەسـت پـێ کرد، ئێستەش وەڵامی ئەو پرسیارە رون بوەتەوە کـە لـە جیهـانیی ئیسـلامیی چـەند سەدەیەك لەمەوپێشدا ئەوەی زاڵ بوە ئیسـلامی ئەشـعەری و ئاراسـتەی تەصـەووف و عیرفان و بیرێکی ئایینیی گـونجێنراو و خۆمـاڵیکراو بـوە، بـەڵام وەهابیـەت مێـژوی چەندین سەدەی لە گەشـەکردنی بـیری ئـایینی سـڕیەوە و سـەرلەنوێ و بـە گیـانێکی خێڵەکی و بیابانشـینیەوە ئیسـلامی هـەناردە کـردەوە و لەگـەڵ ئـەو پڕۆسێسەشدا توندوتیژی هاتە کایە.

# بەشی شەشەم

# بابەتگەلێکی تر کە رونکردنەوەیان پێویستە

## - I -

کاتێك وتم لە عیرفانگەراییدا لێکبوردن دێتە کایە لە نێوان ئایینەکاندا، رەنگە بوترێت لێکبوردنی ئایینەکان و رێبازە ئایینیەکان لە نێوان خۆیاندا سودی چیە بۆ کۆمەڵگای نوێ کاتێك ئەو ئایین و رێبازە ئایینیانە مرۆڤی بێئایین یان مرۆڤ لە دەرەوەی ئایین بە بێباوەڕ و مرۆڤی ناسروشتی و ناتەواو و بێئاکام دادەنێن؟ بەڵام ئەگەر لە هەر ئایینێك و رێبازێکی ئایینی ورد ببینەوە، بە تایبەتی یەکتاپەرستیەکان، دەبینین هەمیشە بایەخ بە پەیوەندیەکانیان دەدەن لەگەڵ ئایین و رێبازە ئایینیەکانی تردا، واتە ئایین لەگەڵ ئاییندا مامەڵە دەکات و ناکۆك دەبێت یان ـ کەم تا زۆر ـ دەگونجێت، واتە ئایین رکەبەری ئایینە، هەر بۆیە سروشتی هەر ئایینێك یان رێبازێکی ئایینی لە روی لێکبوردن و توندوتیژیەوە لە رێگەی سروشتی مامەڵەیەوە لەگەڵ ئایین و رێبازی ئایینیی تردا دەناسرێت و دەردەکەوێت. هەتاکو لە گوتاری ئایینیی ئیسلامیی هاوچەرخیشدا زۆر جار مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی نوێ و بیری نوێ و کۆمەڵگای نوێدا دەکرێت و پۆلێن دەکرێت وەکو ئایینێك یان جۆرە ئاییندارییەك، بۆ نمونە کەسێك دەڵێت ئێستە مرۆڤی وا هەیە هیچ خوایەك ناپەرستێت و شوێن هیچ ئایینێك نەکەوتوە، بەڵام رۆشنبیری ئیسلامی دەڵێت نەخێر ئەوە ئارەزوی خۆی دەپەرستێت و ئارەزو و (نفس) ی خۆی کردوە بە خوا، دەقێکیش بە بەڵگە دەهێنێتەوە، وەکو: (أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَـٰهَهُ هَوَاهُ؟...) *(الفرقان: ٤٣)*. یان هەمومان دەزانین کە خۆرئاوا لە جەوهەردا زۆر دور کەوتوەتەوە لە ئایینی مەسیحی و بەڵکو لە بیرۆکەی پیرۆز و میتافیزیك و باڵا و رەهایش، بەڵام رۆشنبیری ئیسلامی سورە لەسەر ئەوەی خۆرئاوا ناوزەد بکات بە خۆرئاوای خاچپەرست «الغرب الصليبيّ» و هەمو جوڵە و بزاوتێکی خۆرئاوایی بە ئامانجێکی مەسیحی لێك دەداتەوە، جگە لەوەی کێشەی جولەکە و قەوارەی زایۆنییش لە رۆشنبیریی ئیسلامیی نوێدا هەمیشە بە بارێکی ئایینیی روتدا لێك دەدرێتەوە و بە گیانێکی ئایینیەوە روبەڕوبونەوەی لەگەڵدا دەکرێت و بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك چەمکی ئایینیی پەیوەست بە کۆتایی جیهانەوە بیر لە سەرەنجامی قەوارەی زایۆنی دەکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەوانە هەموی بێئاگابونن لە کرۆکی راستەقینەی زایۆنیزم کە چارەسەرێکی ئەوروپاییانەیە بۆ رزگاربون لە کێشەی

جولەکە لە ئورۆپادا. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە هەمیشە پۆلێن و دەرکی رۆشنبیری ئایینی پۆلێن و دەرکێکی ئایینیە. لەبەر ئەمە هەر ئایینێك یان هەر رێبازێکی ئایینی لەگەڵ ئایین و رێبازە ئایینیەکانی تردا لێکبوردنی هەبێت و بگونجێت ئەوە بێ گومان لەگەڵ مرۆڤی دەرەوەی کۆمەڵگای ئایینییش لێکبوردنی دەبێت، ئەگەریش لەگەڵ ئایین و رێبازە ئایینیەکانی تردا توندوتیژ بێت و نەگونجێت ئەوە ئاشکرایە کە لەگەڵ کۆمەڵگای نائایینییشدا توندوتیژ دەبێت. سەبارەت بە رێبازێکی ئایینیی وەکو وەهابیەتیش، ئاشکرایە کە توندوتیژیی وەهابی زیاتر زیانی لە رێبازە ئیسلامیەکانی تر داوە، بە تایبەتی رێبازی شیعی و ئەشعەری. نزیکەی سێ سەدەیە کە وەهابیەکان توندوتیژی دژی موسڵمانانی جیاواز لە خۆیان پیادە دەکەن، ئەوانەی کە یەکەم جار روبەڕوی زەبری تیرۆری وەهابی بونەتەوە شوێنکەوتەی رێبازە ئایینیەکانی تری نیمچە دورگەی عەرەبی و دەوروبەری بون، بە تایبەتی کە نیمچە دورگەی عەرەبی و شانشینیی سەعودی لە هەمو وڵاتانی ناوچە زیاتر فرەیی مەزهەبیی تێدایە. بە درێژایی مێژوی وەهابیەت زیانێکی ئەوتۆ نەگەیەنراوە بە هێزە خۆرئاواییەکان، تەنها لەم دواییانەدا نەبێت کە چیرۆکی ئەمەش ئاشکرایە (واتە ئاشکرایە کە ئەوە لە لایەن خودی دامەزراوە وەهابیە رەسمیەکەوە نیە)، بەڵام وەهابیەت رۆژگارێکە توندوتیژی و تیرۆر پیادە دەکات دژی کەمایەتیە ئایینیەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا، ئەوانەی کە زۆرینە بون و وردەوردە کراونەتە کەمایەتی.

## - II -

بابەتێکی تریش کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە ئایا پێگەی رێبازی شیعە لە بیرۆکەی ئەم بەراوردەدا لە نێوان (یەکتاپەرستی ـ دەقگەرایی ـ توندوتیژی) و (فرەپەرستی ـ عیرفانگەرایی ـ لێکبوردن) دا، چیە؟ بۆ وەڵامی ئەمەش دەبێت سەرنج لەوە بدرێت کە بیری ئایینیی شیعە زۆر دورە لە ئاڕاستەی دەقگەرایی و پێشینگەرایی «السلفیة».. کەلەپوری شیعە میراتگری کەلەپوری فەلسەفیی فەیلەسوفە ئیسلامیە شیعەکانی وەکو (الفارابيّ) و (ابن سينا) و (صدر الدين الشيرازي) و کەلەپوری ئیۆلۆجیایی کۆمەڵی (المعتزلة)[290] و کەلەپوری عیرفانیی موتەصەوویف و عاریفە

---

[1] لێرەدا سەرنج دەدەین نوسەرە موعتەزیلیە دواییینەکان شیعە یان نیمچە شیعەن، وەکو (ابن أبي الحديد) (١١٩٠ ـ ١٢٥٧ ز.) خاوەنی *(شرح نهج البلاغة)*. هەروەها یەکێك لە مەڵبەندە دواییینەکانی موعتەزیلە یەمەن بوە کە هەندێك نوسراوی زۆر گرنگی قوتابخانەی ئیعتیزال لەم دواییەدا لە یەمەن دەستنوسیان دۆزرایەوە، وەکو یازدە بەرگەکەی *(المُغْني في أبواب العدل و التوحيد)* لە نوسینی (القاضي عبد الجبار) (١٠٢٥ ز. مردوە)

ئیسلامیەکانی رابردوە، هەروەکو بیری ئایینیی شیعە کە لە باشوری عێراقدا گەشەی کردوە هەندێك شوێنەواری ئایینی عێراقیی کۆنی پێوە دیارە [ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان شین و گریان بۆ هەریەکە لە ـ (خواوەند تەموز) و (حوسەین) ـ ی کوژراو و ستەملێکراو].. جگە لەوەی شیعەگەری لە رابردودا بوەتە دالّدەیەکی باش بۆ ئەو تەوژمە کولتوری و نەتەوەییانەی کە لە لایەن زۆرینەی عەرەبی ـ سونییەوە سەرکوت کراون، بۆیە وا باوە کە شیعەگەری و مسقۆفی «الزَّنْدَقَة» پێکەوە پەیوەستن، عەبباسیەکانیش کاتێك بەرهەلّستکارانی دەسەلاّتیان سەرکوت دەکرد کەسانی مسقۆف «زِنْدِیق» و شیعی یاخود (رافضيّ) یان پێکەوە ریز دەکرد و سەر دەبڕی. جگە لەمانەش بیری ئایینیی شیعی لە دواییدا لە لایەن پێشەوا ئایینیە دوایینەکانیەوە پەرەی پێ دراوە و زیاتر خۆماڵی کراوە و لەگەلّ کولتوری ناوچەییدا گونجێنراوە.. لەبەر هەمو ئەمانە رێبازی شیعە تەنها دەکرێت بە شێوەیەکی ئاراستەی عیرفانگەرایی پۆلێن بکرێت. بەلاّم لە هەمان کاتدا رێبازی شیعە بە گشتی رێبازێکی ئایینی یەکتاپەرستیی ئیسلامە و ئەمەش وا دەکات تا رادەیەك تایبەتمەندیی ئایینی یەکتاپەرستیی تێدا بێت، جگە لەمەش شیعەگەری «التَّشيُّع» رەگوڕیشەی سیاسیی رونی هەیە و پێشەوای شیعی هەمیشە هەولّی کۆکردنەوەی دەسەلاّتی ئایینی و دەسەلاّتی سیاسی لە خۆیدا دەدات، بە تایبەتی دوای هاتنەکایەی بیرۆکەی (ولایة الفقیه) و دروستبونی قەوارەیەکی سیاسیی ئایینیی شیعی لە ئێراندا.. لەبەر ئەمانە لە کۆمەلّ و گروپە شیعیەکانیش چاوەڕوانیی توندوتیژی دەکرێت، بەلاّم گومانی تێدا نیە کە بە رادەیەکی کەمتر دەبێت بە بەراورد بەو توندوتیژیەی کە لە ئەهلی سوننە چاوەڕوان دەکرێت و، زۆرتر سروشتێکی سیاسی و نەتەوەیی دەبێت و توندوتیژیی سیستەماتیکی دەولّەت دەبێت نەك توندوتیژیی گروپی نهێنی و یاخی و تۆقێنەر،

---

کە ئێنسایکلۆپیدیایەکی ئیعتیزالیە.. لەمەوە دیارە کە یەمەن و رێبازی شیعەی زەیدی دوایین پێگەیەکی گرنگی رێبازی موعتەزیلە بوە. بەلّکو هەر لە سەرەتایشەوە (زەیدی کوڕی عەلی) ی پێشەوای شیعەی زەیدی قوتابیی (واصیلی کوڕی عەطاء) ی دامەزرێنەری رێبازی موعتەزیلە بوە و خۆی و هاوەلّ و شوێنکەوتەکانی لەسەر ئەو رێبازە بون. جگە لەوەی ثیۆلۆجیا «علم الكلام» ی شیعە، بابەتی پێشەوایەتی «الإمامة» ی لێ دەرچێت، هەمان ثیۆلۆجیای موعتەزیلەیە، واتە ـ بۆ نمونە ـ شیعەیش وەکو موعتەزیلە پێیان وایە کە قورئان دروستکراو «مخلوق» ـە. هەروەها موعتەزیلە هەر لە سەرەتایشەوە کە دژی ئومەویەکان هاتونەتە کایە دەبینین رێز و نرخاندنێکی زۆریان بۆ عەلی و ئەهلی بەیت و بەنو هاشم هەبوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە رەگێکی شیعەگەری لە ئیعتیزالدا هەبوە، بەلاّم عەقلانیەتی موعتەزیلە لەوەدا دەردەکەوێت کە پێیان وابوە دەسەلاّت و فەرمانڕەوایی بە هەلّبژاردنی جەماوەر دەبێت و پڕۆسێسێکی دونیاییە و پەیوەندیی بە دیاریکردنی خواییەوە نیە.

چونکە ئاینداری لە ڕێبازی شیعەدا بەسراوەتەوە بە (مَرْجِع) ـەوە و هەر تاك و گروپێك ناتوانێت بە ئارەزوی خۆی چەمکە ئاینیەکان بخاتە گەڕ و دایانبەزێنێتە سەر زەمینەی واقیع، مەرجیعی شیعییش دەتوانێت لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئاینیی خۆیەوە شوێنکەوتەکانی لە دۆخێکی هێور و گونجاودا بهێڵێتەوە، مەگەر تەنها لە حاڵەتێکدا پێشەوایەکی شیعی مەرامی سیاسیی تایبەتیی خۆی هەبێت، وەکو لە حاڵەتی (مُقْتَدَى الصدر) دا کە گەنجێکە و سەودا و هیوا و ئاواتیی سیاسیی خۆی هەیە، سەرباری ئەوەی رابردویەکی هەماهەنگیی لەگەڵ ڕژێمی روخاوی بەعث هەیە.

## - III -

هۆکارێکی تری سەرباری دروستبونی توندوتیژی لە گروپی ئاینیدا، بریتیە لە هەستی زۆرینەیی و گرتنەبەری شارێگە و بەخاوەنبونی ڕێبازی زۆرینەی (ئوممەت)، کە ئەم هەستەش هەمیشە لە سایکۆلۆجیای مرۆڤی موسڵمانی سوننیدا هەیە، ئەوەش ـ لە لایەکەوە ـ لەبەر ئەوەی ئیسلامی سوننی، کەم (وەکو ڕێبازی ئەشعەری) تا زۆر (وەکو ڕێبازی حەنبەلی ـ وەهابی)، خۆی لە خۆماڵیبون و کاریگەریی کولتورەکانی تر پاراستوە و پارێزگاریی لە ڕەسەنایەتیی ئاینی کردوە، لە لایەکی تریشەوە ئیسلامی سوننی ئەزمونێکی زۆری لە دەسەلات و فەرمانڕەواییدا هەیە و توانیویەتی هەژمونی هەبێت بەسەر بیری ئاینی و ژیانی ئاینیی خەڵکدا و بەڵکو ـ لەژێر سایەی دەسەڵاتدا ـ توانیویەتی شێوەیەکی ستاندارد و جێگیری ئیسلام دابڕێژێت و بیکاتە نوێنەری ئیسلام.. لەبەر ئەوە ئەهلی سوننە هەرگیز خۆیان بە کۆمەڵێك یان گروپێکی ئیسلامی نازانن و ڕێبازی خۆیان بە ڕاستە ڕێگە و ڕێبازەکانی تر بە کوێرە ڕێگە و لادان دەزانن.. کە ئەمەش وای کردوە توانایەکی هەمیشەیی لە ئەهلی سوننەدا هەبێت بۆ توندوتیژی و سەپاندنی مۆدێلێکی تایبەتی لە بیری ئاینی و ئاینداری، ئەمەش سروشتێکە لە ئەهلی سوننەدا کە بە جیاوازیی ڕێبازەکان و کۆمەڵگاکان تەنها بە پلە و رادە جیاوازیی تێ دەکەوێت، واتە لە شەبەنگی سوننیدا ئەو سروشتە کەم تا زۆر و بە پلە و رادەی جیاواز هەیە، هەر بۆیە مێژوی ئەهلی سوننە، ئاڕاستەی ئەشعەری بێت یان حەنبەلی ـ وەهابی، تێرە لە ئازاردان و سەرکوتکردن و نابودکردنی ڕێبازە ناسوننیەکان.. لە بەرامبەرەوە هەستی کەمینەیی و شوێنکەوتەیی کۆمەڵ و ڕێبازی تایبەتی و ناوچەیی و کەمینە، لە سایکۆلۆجیای شوێنکەوتوانی ڕێبازە ناسوننیەکاندا چەسپاوە و ڕەگی دیار و نادیاری داکوتاوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ـ لە لایەکەوە ـ هەست دەکەن کە، بە بەراورد بە ئیسلامی ستانداردی سوننی، بەشێك لە ڕەسەنایەتیی ئاینییان ون کردوە و لەگەڵ

کولتوری ناوچەییدا گونجاون، لە لایەکی تریشەوە لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوی ئیسلامدا ژێردەستەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیی سوننی بون. بۆیە ڕێبازە ناسوننیەکان، وەکو ڕێبازە شیعیەکان (جەعفەری و زەیدی و ئیسماعیلی و نوصەیری) و خاریجیەکان «الخَوارِج» (وەکو ئیباضیەکان «الإباضيّة») و باطینیەکان (وەکو دەرەزیەکان «الدُّروز»)، هەمیشە خۆیان بە گروپێکی تایبەتی زانیوە و رازی بون بەوەی بە تاکە کۆمەڵەیەکی ئیسلامی دابنرێن، هەر بۆیە، جگە لە هەندێك ئەزمونی شۆڕش و کودەتا دژی دەسەڵاتی سیاسیی ستەمکاری ڕۆژگاری خۆیان (بە تایبەتی عەبباسیەکان)، توندوتیژیان دژی گروپ و ڕێبازەکانی تر پیادە نەکردوە، بەڵام هەندێکیان، وەکو بزوتنەوەی قەرمەطیەکان «القَرامِطة»، شۆڕشێکی سۆسیالیستی بون لە چینی کۆیلە و چەوساوەدا و سوپایەکیان پێکەوە ناوە و سەرەنجام ئاژاوە و خراپەکاریەکی زۆریان ناوەتەوە و لە تۆڵەی ستەمی کۆمەڵایەتیی ڕۆژگاری پێشویاندا مەککەیان داگیر کردوە و کوشتارێکی ترسناکیان تێدا کردوە و بەردە ڕەشەکەیان بردوە و نزیکەی بیست ساڵ لای خۆیان هێشتویانەتەوە[٢٩١].. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لە لایەکەوە وەکو ئاماژەی بۆ کرا شۆڕشێکی سۆسیالیستیی خوێناوی و توند بوە و شۆڕشی کرێکار و جوتیار و کۆیلە بوە، نەك کۆمەڵەیەکی فیکری ئایینیی روت و، لە لایەکی تریشەوە هەڵگری کولتورێکی دەشتەکی و بیابانشین بوە بە شێوەیەك کە وەهابیەکان بیر دەخاتەوە، بەڵکو هەندێك وتویانە رەنگە وەهابیەکان لە هەمان بنچینەی قەرمەطیەکان بن[٢٩٢] چونکە قەرمەطیەکان لە بەحرەین و کەنارەکانی کەنداوی عەرەبیدا سەریان هەڵداوە و لە ناوچەکانی نەجد و ئەحساء و قەطیف و یەمامەدا فەرمانڕەوا بون و ئینجا لە روی کولتوری بیابانشینیەوە هاوشێوەن.. بەڵام لە لایەکەوە ئاشکرایە کە بیری ئایینیی وەهابی لەگەڵ بزوتنەوەی قەرمەطیدا جیاوازیی زۆرە بە شێوەیەك کە ئەو گریمانەیە هەڵ دەوەشێنێتەوە، لە لایەکی تریشەوە هیچ پێکگەشتنەوەیەك لە لایەنی مرۆیی و لایەنی مەزهەبیەوە نابینینەوە لە نێوان قەرمەطیەکان و وەهابیەکاندا، چونکە لە لایەنی مرۆییەوە قەرمەطیەکان دوای لەناوچونی بزوتنەوەکەیان لەناو خەڵکەکەدا تواونەتەوە و پێشتریش جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بیابانشینانی (خۆرهەڵات و ناوەڕاستی) نیمچە

---

[١] دەربارەی قەرمەطیەکان، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Qarmatian*.

Wikipedia. Art. *Carmathians*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Carmathians

*المنجد في الأعلام*. مادة (القرامطة).

[٢] دي كورانسي، *الوهابيون*. ص. ١٢.

دورگەی عەرەبیدا نەبوە، وەهھابیەکانیش لە بنەڕەتدا کۆمەڵێك خێڵی عەرەبیی ڕەسەنی ناوچەی نەجد و دەوروبەری بون، لە لایەنی مەزهەبییشەوە دەزانین کە خەڵکی نەجد زۆر پێش وەهھابیەتیش حەنبەلی بون. لە کۆتاییشدا کۆمەڵێك سەرۆك خێڵی بەحرەینی (عویونیەکان) بزوتنەوەکەیان لەناو برد[٢٩٣]، کەواتە بزوتنەوەی قەرمەطی لە لایەنێکیەوە نمونەیەکە لەو کێشانەی بیابان دروستیان دەکات و هەر بیابانیش بۆ خۆی چارەسەریان دەکات. ئەمە وەکو بزوتنەوەکە، بەڵام (قەرمەطیەکان) وەکو کۆمەڵەی فیکری ئایینی، کە لە سەرەتادا باڵێك بون لە شیعەی ئیسماعیلی، هەڵگری بیرێکی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی بون و بیرێکی ئایینی فەلسەفییان پەرە پێ داوە کە لەگەڵ هەمو ئایینەکان و نەتەوەکاندا بگونجێت، واتە هەڵسەنگاندنی جیاوازە لە هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەکە.

جگە لە قەرمەطیەکانیش دەبێت هەڵوێستەیەك لەسەر کۆمەڵەی (حەشیشەکێشەکان) «الحشّاشين» Assassins بکەین: ئەم کۆمەڵەیە لە بنەڕەتدا گروپێکی ئایینیـسیاسی بون لە ئیسماعیلیەکان، بە تایبەتی لە باڵی (نیزاریەکان) «النِّزاريّون» یاخود «النِّزاريّة»، ئەمانەش ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (نزار) (١٠٩٥ ز. مردوە) کوڕی (المستنصِر) (ی هەشتەم خەلیفەی فاطیمی ١٠٣٥ ـ ١٠٩٤ ز.)، ئەم نیزارە دوای مردنی باوکی بێبەش دەکرێت لە مافی پشتاوپشتی خیلافەتی فاطیمی و بە زیندویی دیوارێکی بە ڕودا دروست دەکرێت (!)، دوای ئەوەش کاتێك خەلیفەی فاطیمیی نوێ دێتە سەر کار کەسێك بە ناوی (الحَسَن بن الصَّبّاح) و کۆمەڵێك ئیسماعیلیی تر لە ئێراندا کەوتنە بانگەشە بۆ مافی نیزاری ناوبراو و نەوەکانی لە خیلافەتدا و، ئیتر بونە دوژمنی سەرسەختی خەلیفەی فاطیمی لە قاهیرە و خەلیفەی عەبباسی لە بەغداد، بەم شێوەیەش لە ئێراندا کۆمەڵێك لە ئیسماعیلیەکان پەیدا دەبن بە ناوی (نیزاریەکان) کە هەندێك گۆڕانکارییان لە ڕێبازی ئیسماعیلیدا هێنایە کایە، وەکو ئەوەی نیزاری ناوبراو بە (مەهدی) ی چاوەڕوانکراو دەزانن و باوەڕ بە هاتنەوەی دەکەن، لەمەش گرنگتر شێوازی تیرۆر و تۆقاندنیان کرد بە ئەرکێکی ئایینیی پیرۆز لەسەر ئەندامەکانیان کە کۆمەڵێك مرۆڤی پیاوکوژ بون و کوێرانە گوێڕایەڵیی پێشەواکانیان دەکرد و بە (گیانبازان) «الفدائيّين» دەناسران، دژ بە دوژمنە سیاسی ـ مەزهەبیەکانیان بە تایبەتی دەسەڵاتی عەبباسی و سەلجوقی. ئەم پیاوکوژانە بە ناوی (حەشیشەکێشەکان) «الحشّاشين» ناسران، ئەوەش بەو پێیە کە گوایە حەشیشە (خاشخاش) یان کێشاوە بۆ ئەوەی سڕ بن و بکەونە خەون و خەیاڵی بەهەشت و ئینجا

---

[٣] بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Qarmatian*.

ئامادە بن بۆ کردەوەی خۆکوژی و (شەهیدبون)، یان بۆ ئەوەی شێتگیرانە بکوژن و بیر لە ئازار و ترس نەکەنەوە (وەکو چۆن سەربازە چینیەکان لە جەنگی کۆریاییدا، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، کە چین هاوکاری کۆریای باکور بو، ئەپیوم «أفیون» یان دەدرایە)، یان گوایە بە حەشیش سڕ کراون بۆ ئەوەی وا بزانن مردون و پاشان کە رابون و هاتونەتەوە هۆش خۆیان لە باخێکی پڕ لە مەی و کچدا بینیوەتەوە بۆ ئەوەی هەستی ئەوەیان بۆ دروست ببێت کە لە بەهەشتدان، ئینجا حەسەنی صەبباحیش خاوەنی ئەم بەهەشتەیە و پێویستە لەسەریان بە هەمو شێوەیەك و بۆ هەر مەبەستێك گوێڕایەڵیی بکەن و ئامادەی مردن بن لەو پێناوەدا [کە ئەم لێکدانەوەیان لە گێڕانەوەی گەشتیاری ئیتالیایی مارکۆ پۆلۆ Marco Polo (١٢٥٤ ـ ١٣٢٤ ز.) ەوە وەرگیراوە کە ساڵی (١٢٧٣ ز.) و دوای هێرشی مۆغۆلی سەردانی ئەلەموتی کردوە]، یان گوایە پیاوکوژەکان هەر لە منداڵیەوە هێنراون و کە پێگەیشتون بە سڕی و سەرخۆشی و نازداری راهێنراون، پاشان ماددەی سڕکەریان لێ گیراوەتەوە و خراونەتە زیندانەوە و پێیان وتراوە ئەگەر دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ بەهەشت دەبێت تا رادەی خۆ قوربانیکردن گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حەسەنی صەبباح بن، یان گوایە (حەشیشەکێشان) لە پێگەیاندنی رۆحیی ئەندامەکانیاندا بەکار هێنراوە بۆ ئەوەی بگەنە حاڵەتێك کە هەست بە جیهانی رۆح و خۆشیەکانی دوای مردن بکەن. هەرچەند بیرۆکەکە لە روی مێژوییەوە گومانی تێدایە و سەرچاوە ئیسماعیلیەکان و ئەرشیڤی ئەلەموت خۆیان پشتگیریی ئەو جۆرە چیرۆکانە ناکەن، سەرباری ئەوەی دەربارەی ریشەی وشەی (ئەساسین) بیروڕای تریش هەیە جگە لە واتای (حەشیشەکێشەکان) «الحشّاشین»، وەکو ئەوەی وشەکە لە (حَسّاس) ی عەرەبیەوە هاتوە واتە (بکوژ) چونکە فرمانی (حَسَّ) لە عەرەبیدا بە واتای (قَتَلَ) دێت.. یان قەڵای ئەلەموت ناونراوە (ئەساس) واتە (قاعیدە) (!) ی چالاکی و بانگەواز و، ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەلەموتیش بە پێی ئەوە پێیان وتراوە (ئەساسین)، یان بە ئەندامە باڵاکان وتراوە (أساسیّین) واتە دڵسۆزانی (ئەساس) بە واتای دامەزراوەی باوەڕ (ئەم لێکدانەوەیە ئەرشیڤی نهێنیی ئەلەموت پشتگیریی دەکات)، یان وتراوە کە وشەی (ئەساسین) لە بنەڕەتدا شێواندنی وشەیەکی وەکو (حەسەنی) ـە واتە شوێنکەوتەی حەسەن (ی صەبباح).. ئەگەر وشەکە بە راستییش لە (حەششاشین) ەوە هاتبێت رەنگە بابەتەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (حەشیشەکێش) بە هەمو تاوانکار و پیاوکوژێك وتراوە و پەیوەندیی بە حەشیشەکێشانێکی واقیعیەوە نیە. گرنگ ئەوەیە ئەمانە کوشتنی دوژمنەکانیان بە هەمو شێوەیەك بە ئەرکێکی ئایینی دەزانی و خۆیان بۆ تەرخان کردبو، بە شێوەیەك ناوەکەیان (حەششاشین) بوە بنەڕەتی ئەو وشە ئورۆپاییەی کە واتای (غافڵکوژی)

«الاغتيال» دەگەیەنێت، چونکە وشەکە لە ڕێگەی جەنگاوەرە خاچیەکانەوە لە سوریاوە گواسترایەوە بۆ ئوروپا بۆ لاتینیی ناوەند بە شێوەی *assassinus* و لە ئینگلیزییشدا بوەتە assassin (پیاوکوژ، غافڵکوژ) و assassination (غافڵکوژی، بە تایبەتی کوشتنی کەسایەتیی سیاسیی گرنگ بۆ پارە یان بە دەمارگیری و پاڵنەری ئایدیۆلۆجیایی). ئینجا یەکەم دەرکەوتنی ئاشکرای حەششاشین بە سەرۆکایەتیی (حەسەنی صەبباح) ی ناوبراو ئەوە بو کە ساڵی (١٠٩٠ ز.) توانیان قەڵای (ئەلەموت) «قلعة الموت» (یاخود: هێلانەی هەڵۆ) نزیك شاری (قەزوین) داگیر بکەن، ئینجا لەوێوە هەمو قەڵاکانیان لە هەمو لایەکی ئێران و عێراقدا و تۆڕی بانگخوازانیان و خانە تیرۆریستەکانیان سەرپەرشتی دەکران، ئیتر دەوڵەتێکی بەهێزی نهێنییان دامەزراند کە ترس و تۆقینی لە دڵی خەڵکدا دەڕواند، و بەرپرسیاریەتیی خۆیان لە کوژرانی چەندین کەسی سەرکردە و پیاوی دەوڵەت و کەسایەتیی گرنگ لە عەبباسیەکان رادەگەیاند. سەلجوقیەکان زۆر هەوڵیان دا بۆ گرتنی قەڵای ئەلەموت و لەناوبردنی سەرانی کۆمەڵەکە بەلام هیچ سەرکەوتنێکیان بە دەست نەهێنا. لە سەرەتای سەدەی (١٢ ز.) یشدا لە سوریادا چالاکییان پەیدا کرد و قەڵاکانی چیاکانی نوصەیریەکانیان داگیر کرد لە باکوری سوریا، بە تایبەتی قەڵای (مِصْیاف) کە ساڵی (١١٤١ ز.) سەرۆکی ئیسماعیلی (رشید الدین سنان) داگیری کرد و کردیە مەکۆ و بارەگای فەرمانڕەوایەتیی خۆی کە تا رادەیەك سەربەخۆ بو لە ئەلەموت. ئیتر دەسەڵات و رۆڵی خۆیان درێژە پێ دا هەتا مۆغۆلیەکان بە سەرۆکایەتیی (هولاگو خان) (١٢١٧ ـ ١٢٦٥ ز.) هاتن و هەمو قەڵاکانیان لە ئێراندا داگیر کران و (ئەلەموت) یش لە (١٢٥٦ ز.) دا گیرا، لە سوریایشدا سوڵتانە مەملوکیەکان، بە تایبەتی (بەیبەرس) «الملك الظاهر» (١٢٢٣ ـ ١٢٧٧ ز.) ساڵی (١٢٧٥ ز.)، زاڵ بون بەسەر قەڵاکانیاندا. ئێستەش شوێنکەوتوانی کۆمەڵەکە وەکو گروپێکی ئایینیی سادە ماونەتەوە کە لەو رابردوە توندەیان ناچێت و بونەتە کەمایەتیەکی ئایینیی بەبەردبو، و بە زۆری لە سوریا و ئێراندان و بەشێکیشیان لە ئاسیای ناوەڕاست و باشوردان، بە تایبەتی هیند و پاکستان، کە لەوێ پێیان دەوترێت (خواجەکان) و پێشەواکانیان پێیان دەوترێت (ئاغا خان)[٢٩٤].

---

[٢٩٤] دەربارەی (حەششاشین)، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Assassin*.

Wikipedia. Art. *Hashshashin*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Hashshashin

ئەوەی دوای ئەم پانۆڕاما مێژوییە دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئەم گروپە - وەکو رون بووەوە - رەگوریشەیەکی سیاسیی ئاشکرای هەیە و لە بنەڕەتدا زادەی کێشمەکێشی ناوخۆیی بنەماڵەی فاطیمی بوە، پێش ئەوەش فاطیمیەکان دوژمنی دەوڵەتی عەبباسی بون و، بەمەش بونەتە دوژمنی هەردو دەوڵەتی فاطیمی و عەبباسی و ئەمەش بوەتە ئایدیۆلۆجیای سیاسییان و، دوای ئەوەش ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی یاخود ئایینیسیاسییان بە دەوری کەسێتیی (نیزار) دا پێکەوە ناوە کە ئەمیش هەر کەسێتیەکی سیاسی بوە. پاشان رەهەندی بەرهەڵستیی سیاسی و نەتەوایەتی و مەزهەبیی دەوڵەتی عەبباسی لە رەوتی کۆمەڵەکەدا ئاشکرایە و ئامانجی بنەڕەتییان زیانگەیاندن بوە بە دەسەڵاتی عەبباسی کە هێمای دەسەڵاتی عەرەبیی سوننی بوە و هەروەها سەلجوقیەکانیش کە هەمیشە هەڵمەتی چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدانیان دژی ئیسماعیلیەکان رێك خستوە. جگە لەمانەش رۆڵی سەرۆکایەتیی نیمچە ئەفسانەیی هەردو (حەسەنی صەبباح) و (رەشیدوددین سینان) وەکو دو کاریزما و دامەزرێنەر بە رونی لە مێژوی کۆمەڵەکەدا دیارە و ئەوەش ئاشکرایە کە تاکەکەس چەندە رۆڵی هەیە لە بردنی گروپ و کۆمەڵە و بزاڤدا بەرەو ئامانجی کێشمەکێشی سیاسی و ئاوات و مەرامی تاکەکەسی و چەندە بە ئاقاری توندوتیژی و دیکتاتۆریدا دەبیات، چونکە گوێڕایەڵیی تاکەکەس لەو حاڵەتەدا جێگەی بنەما «مبدأ» دەگرێتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە لە مێژو و ئاکاری ئەم کۆمەڵەیەدا ئەو شێوازی تیرۆریزمە نمونەییەیە کە هەیەتی: خۆقایمکردن لە شوێنێکی چەپەك و دورەدەست و یاخیدا، بونی ئایدیۆلۆجیای جیاخوازی و، بەکارهێنانی شێوازی تیرۆر و غافڵکوژی و هەڕەشەی تیرۆریستی دژی دوژمنە سیاسیەکان، پێگەیاندن و بەکەڵکهێنانی ئەندامی گوێڕایەڵ و گیانباز کە ئامادە بێت بۆ کوشتن و کوژران و کوشتنی کەسی دەستنیشانکراو بە ئاشکرا و لەناو خەڵکدا و ئینجا ئەگەر دڵنیا بو کە دەکەوێتە دەستی دوژمنان خۆی بکوژێت.. ئەم ئاکار و ئامادەییانەش خەڵکی خستوەتە ئەو بڕوایەوە کە ئەم گیانبازانە سڕ و مەستن و بە شێوازێکی نائاسایی ئامادە کراون، گومانیشی تێدا نیە کە حەسەنی صەبباح شێوازی تایبەتی و سەرکەوتوی بۆ پێگەیاندنی ئەوانە بەکار هێناوە کە مەرج نیە سڕکردن بێت بەڵکو کارکردن لەسەر بیر و هۆش و بڕوا رێگەی سەرکەوتوی ئامادەکردنی مرۆڤی گیانبازە، بە تایبەتی باوەڕی تەواو بەوەی کە پاداشتی ئەو کارە بەهەشتە و مردن گەشتێکی راستەوخۆیە بۆ ئەو بەهەشتە. لێرەدا دەبێت ئەوەمان لە

---

Wikipedia. Art. *Hassan-i-Sabah*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Hassan-i-Sabah

یاد نەچێت کە هاتنەکایەی کۆمەڵەیەکی توندوتیژ و تیرۆریستی لەم جۆرە بریتی نیە لە هاتنەکایەی هێزێك کە بە سروشتی خۆی مەیلی کوشتن و خراپەکاری بێت، بەڵکو هاتنەکایەی کتوپڕی هێزێکی توندوتیژ و زەبروەشێنی لەم شێوەیە زادەی کاریگەریی هێزێکی ستەمکار و سەرکوتکەر و توندوتیژە کە بە شێنەیی و لەسەرخۆ و بە شێوەیەکی رێکخراو بە درێژایی چەندین سەدە کەمایەتیە ئایینی و نەتەوایەتیەکانی چەوساندوەتەوە، مەبەستیش لەمە دەسەڵاتی عەبباسی و سەلجوقیە. ئاشکرایشە هەر کاتێك جەنگ و کێشمەکێش لاسەنگ و نابەرامبەر بو ئەو لایەنەی ژمارە و هێزی کەمە و دامودەزگای نیە پەنا دەبات بۆ شێوازی هێرشی لەناکاو و نهێنی و دەیەوێت بە خۆکوژی و دەستوەشاندنی کتوپڕ گرەوەکان بباتەوە. هەروەها ناتوانرێت ئەزمونی حەششاشین و قەرمەطیەکان و ـ پێشتریش ـ خاریجیەکان کە چەندە ئەزمونێکی نمونەییشە بۆ تیرۆر و توندوتیژی، بکرێتە پێشینەی ئەو توندوتیژیە ئایینیە ئیسلامیەی کە ئێستە لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، چونکە ئەگەر کاریگەریی ئەو گروپە کۆنانە درێژ ببێتەوە بۆ ئەزمونێکی نوێ دەبێت راستەوخۆ لە نەوەی نوێی ئەو گروپانەدا رەنگ بداتەوە، لە کاتێکدا نەوەی نوێی خاریجیەکان و ئیسماعیلیەکان لە هەندێك کەمایەتیی ئایینیی شێوەبەستودا بەرجەستە دەبن کە بە کەمی سەرنج رادەکێشن و ئەو رابردوەیان لێ ناخوێنرێتەوە کە لە مێژودا دەیخوێنینەوە، بەڵکو لە زۆر شوێن ژێردەستەی زۆرینەی سوننین و دەچەوسێنرێنەوە.. ئەو لایەنەی کە ئێستە لە جیهانی ئیسلامیدا توندوتیژی و تیرۆری هێناوەتە کایە ئەو لایەنە سوننی ـ سەلەفیەیە کە هەمیشە دوژمن و سەرکوتکەری رێبازە خاریجی و شیعی و باطینیەکان بوە و ئەدەبیات و بیری ئایینییشی زۆر دورە لە ئەدەبیات و بیری ئایینیی ئەو رێبازە ناسوننیانەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا لە رێبازە ناسوننیەکان رێبازی زۆر لێکبوردە و میانەڕەو هەیە، وەکو رێبازی زەیدیەکان کە چەندین سەدەیە لەگەڵ شافیعیەکاندا لە یەمەن پێکەوە گونجاون، هەرچەند پێشەوایەتیی ئایینیسیاسییشیان هەبوە کە لە پێشەوا زەیدیەکان «الزُّیود» دا بەرجەستە دەبێت. هەروەها وەکو رێبازی ئیباضی کە باڵێکی میانەڕەوی خەواریجە و فیقهێکی گەشەکردوی هەیە، هەرچەند رابردویەکیان لە دەسەڵاتی سیاسییشدا هەبوە، یەکێك لە زانا و پێشەواکانی ئیباضیەکانی عومان (نور الدین عبد الله بن حمّید السالميّ) (١٩١٤ ز.) بوە، کە نمونەیەك بوە لە لێکبوردنی ئایینیدا، بۆ نمونە هەرچەند خۆی فیقهزانێکی ئیباضی بوە بەڵام دەچوە ناوچەی (جعلان) لە عومان کە خەڵکەکەی لەسەر رێبازی حەنبەلی بون و فیقهی حەنبەلیی فێر دەکردن، لە کاتێکدا ئەو پێشەوای رێبازی ئیباضی بو و لە عوماندا دەستڕۆیشتو بو چونکە رابەری

گەل بو لە روبەڕوبونەوەی داگیرکەری ئینگلیزیدا[٢٩٥].

بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا هەر ڕێبازێکی ئیسلامی کاتێك بوە زۆرینە و دەسەڵاتی هاتە دەست یان بە هەر شێوەیەك بوە ڕێبازی رەسمیی دەوڵەت؛ چاوەڕوان دەکرێت توندوتیژی لە دژی ڕێبازەکانی تر پیادە بکات و ڕێبازی خۆی بسەپێنێت، نەك هەر ئەهلی سوننە، بەڵکو موعتەزیلە کە دروشمیان بریتی بو لە (عەقڵانیەت، ئازادی، دادپەروەری)، کاتێك لە سەردەمی (المأمون) و (المعتصم) دا بونە ڕێبازی دەوڵەت دەستیان دایە سەپاندنی ڕێبازی خۆیان و خەڵکێکیان توشی ئەشکەنجەدان کرد، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەر کەسێك دانی نەنایە بەوەدا کە قورئان دروستکراوە بە گومڕا و بێباوەڕیان دادەنا، واتە بە هەمان گیانی ئایینیی ئەهلی سوننە ڕێبازی خۆیان دەسەپاند.. لێرەدا دەبێت ئەوە لە یاد نەچێت کە ئیعتیزالیش ڕێبازێکی ئایینی یەکتاپەرستیی ئیسلامە و جگە لەوەش یەکەم بنەما لە پێنج بنەماکەی موعتەزیلە یەکتاپەرستی «التوحید» بو هەرچەند شێوازێکی عەقڵانیی هەبو، بەڵام ئەم راستیە تەنها بەشێکی ئەو ئەزمونە توندەی موعتەزیلە لێك دەداتەوە، بەڵکو بۆ لێکدانەوەی تەواو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قسەی سەرەتا کە وتمان تیرۆر و توندوتیژی لە بنەڕەتدا پرۆسێسێکی سیاسیە.

## - IV -

سەرباری هەموی، بیروباوەڕی ئایینی، هەر جۆرە ئایینێك بێت، دەمارگیری و توندی و کەللەڕەقی لە مرۆڤدا دروست دەکات، چونکە هەر ئایینێك دۆگما «عقیدة» یێکی هەیە کە باوەڕدار بە هەمو شێوەیەك و لە هەمو بارێکدا پابەندە پێوەی، ئینجا کاتێکیش ئەو بیروباوەڕە ئایینیە دەگاتە بواری سیاسەت و بەڕێوەبردن ئاشکرایە کە - لای کەمی - پەستان دەخاتە سەر ئازادیی مرۆڤەکان.. لە راستیدا بیروباوەڕی ئایینی ئەو جۆرەی کولتوری مرۆڤە کە گەشەکردن و گۆڕان و زیندوێتی وەرناگرێت، چونکە بیرۆکەی بنەڕەتی لە ئاییندا شوێنکەوتن «الاتّباع» و پابەندبون «الالتزام» ـە، کە ئەوەش لە ئازادی و بەهای تاك کەم دەکاتەوە، ئەمەش سەرەتای کێشەکەیە. جگە لەوەی ئایین کاتێك دێتە کایە لە قۆناغ و کات و شوێنی خۆیدا گیانێکی نوێکردنەوە و شۆڕشگێڕیی تێدایە، بەڵام لە قۆناغ و کات و شوێنێکی تردا دەبێتە دابونەریت «تقلید» ێکی بێ گیان و ناوەڕۆك و پەیوەندیی بە واقیع و کۆمەڵگاوە نامێنێت و

---

(١) بڕوانە: القحطاني، *من هم الخوارج؟* مقدمة الطبعة الثانية.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main2.html

دەبێتە ڕێگرێك لە هەر هەوڵێكی نوێ بۆ نوێكردنـەوە و شـۆڕش[٢٩٦]، بـەم شـێوەیەش گیان و نـاوەڕۆكی یەكـەم دەڕوات و كۆمـەڵێك دەق و وشـە و ڕواڵـەت و داب‌ونـەریت (توێكـڵ) دەمێنێتـەوە، ئـەم كۆمەڵـە دەق و داب‌ونەریتـەش كۆمـەڵێك هـەڵگر و پاسەوانیان هەیە كە بە هەمو شێوەیەك سـورن لەسـەر گەیانـدنیان بـە نـەوەی نـوێ و ئامادەكردنەوەیان لە واقیعی نوێدا، واقیعی نوێش پێویستیی بە گیانێكی نوێیـە نـەك جەستەیەكی كۆن.

[١] ئەم ڕاستیە شوێنكەوتەی هەر ئایینێك لە ئایینەكانی تردا دەیبینێتەوە و دەركی دەكات و بە خۆشحاڵیەوە باسی دەكات، بەڵام لە ئایینەكەی خۆیدا نایبینێتەوە! بەڵام ئێمە هەمویان دەبینین!

# بىبلىيوگرافىيا


١. ئېنسايكلوپېدىيا:

1-4. **Catholic Encycl**opedia. Robert Appleton Company, 1907. (Online Edition, 2003). Articles on: *Aurelian. Essenes. Heliogabalus. Original Sin.*

5-31. **Encycl**opædia **Britannica** 2005 Deluxe Edition CD-ROM (*from* Fifteenth Edition). Articles on: *Akhenaton. Amon. Asherah. Aton. Aurelian. Bektashi. bin Laden, Osama. Chishtiyah. Deism. Deoband School. Elagabalus. Essenes. Fulani. Fulani empir. Ikhwa̲n. Janissary. Jehovah's Witness. Mani. Manichaeism. Molech. Monotheism. Original Sin. Pantheism. Qarmatian. Saudi Arabia. Terrorism. Usman dan Fodio. Wahhāb, Muhammad ibn Abd al-. Wali Allah, Shah. Yazīdī. Zoroastrianism.*

32. **Encycl**opedia **Iranica**. Edited By Ehsan Yarshater. Columbia University, New York. @iranica.com. An Article on: *Yazidis.*

34. **Encyclopaedia of the Orient**. 1996-2006 LexicOrient. @i-cias.com/e.o/. An Article on: *Mithraism.*

35. **Encycl**opædia **of Relig**ion **and Eth**ics (Online). Edited by James Hastings. An Article on: *Zoroastrianism.*

36-43. **Jewish Encycl**opedia. Published between 1901-1906. (Online Version 2002). Articles on: *'Abodah Zarah. Abraham. Amos. Ba'al and Ba'al-Worship. Essenes. Gabriel. Names of God.*

44. Microsoft **Encarta** Reference Library Premium 2006 DVD. Redmond, WA: Microsoft Corporation, 2005. An Article on: *Original Sin.*

45-51. The **I**nternational **S**tandard **B**ible **E**ncyclopedia (**ISBE**) (On studylight.org). Orr, James, M.A., D.D. General Editor. Articles on: *Asherah. God. God, Names of. Amos. Gabriel. Molech.*

**Wikipedia**, the Free Encyclopedia. (English). @http://en.wikipedia.org. Articles on:

52. *Bektashi*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Bektashi

53. *Carmathians*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Carmathians

54. *Chishti Order*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Chishti

55. *Deism*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Deism
56. *Elagabalus*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Elagabulus
57. *Elegabalus*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Elegabalus
58. *Hajji Bektash Wali*. @http://en.wikipedia.org/wiki/ Hajji_ Bektash_Wali
59. *Hashshashin*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Hashshashin
60. *Hassan-i-Sabah*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Hassan-i-Sabah
61. *Henotheism*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Henotheism
62. *Ibn Saud of Saudi Arabia.* @http://en.wikipedia.org/wiki/Ibn_Saud
63. *Juhayman al-Otaibi*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Juhayman_al-Otaibi
64. *Slimane of Morocco*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Slimane_of_Morocco
65. *Pantheism*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Pantheism
66. *Panentheism*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Panentheism
67. *Tariqah*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Tariqah
68. *Yazidi*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Yazidi
69. *Zoroaster*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Zoroaster
70. *Zoroastrianism*. @http://en.wikipedia.org/wiki/Zoroastrianism

**Wikipedia**. (Nederlandsch). @http://nl.wikipedia.org. An Artikel auf:

71. *Lijst van tariqas*. @http://nl.wikipedia.org/wiki/Soefisme:_Tariqat

٧٢. **توتل**، فردينان، *المنجد في الأدب و العلوم ـ معجم لأعلام الشرق و الغرب*. المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٥٦. مادة: *البكتاشية*.

٧٣ ـ ٨٥. **المسيري**، د. عبد الوهاب، *موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية* (CD-R). بيت العرب للتوثيق العصري و النظم، الزمالك، القاهرة. مداخل: *إبراهيم. الأسينيون. الأغيار (جوييم). بَعْل. شهود يهوه. عاموس. مخطوطات البحر الميت. المسيح (عيسى بن مريم). نقد العهد القديم. وحدة الوجود. يهوه (يهوڤاه).*

٨٦ ـ ٩٢. **المنجد في الأعلام**. مواد: *جِشتي. الجِشتية. فلبة. فوديو. القرامطة. ولي الله شاه.*

٩٣. **ويكيبيديا**، الموسوعة الحرة، الإصدار العربي (ar.wikipedia.org). مادة: *جهيمان العتيبي*.

@http://ar.wikipedia.org/wiki/جهيمان العتيبي

## ٢. كتێب:

ا. به ئینگلیزی (E-Book):

94. **Brown**, Brian (Editor), *The Wisdom of the Egyptians - The Story of the Egyptians, the Religion of the Ancient Egyptians, the Ptah-Hotep and the Ke'gemini, the "Book of the Dead," the Wisdom of Hermes Trismegistus, Egyptian Magic, the*

*Book of Thoth*. New York: Brentano's, 1923.

95. **Cumont**, Franz, *The Oriental Religions in Roman Paganism* (With an Introductory Essay by Grant Showerman). Chicago: Open Court, London: Kegan Paul, Trench, Trübner, 1911.

96. **Ibn Battuta**, *Travels in Asia and Africa 1325-1354*. Translation and Edition: H. A. R. Gibb. London, Broadway House, 1929. *from* Internet Medieval Source Book.

@http://www.fordham.edu/halsall/source/1354-ibnbattuta.html

97. **John of Nikiu**, *The Chronicle*. Translated from Zotenberg's Ethiopic Text, by R. H. Charles, D. Litt, D.D. (Canon of Westminster, Fellow of the British Academy). Published for the Text and Translation Society by Williams & Norgate, 14 Henrietta Street, Covent Garden, London, And 7 Broad Street, Oxford. Oxford University Press, 1916.

ب. به عەرەبی:

٩٨. **الآلوسي**، *روح المعاني في تفسير القرآن العظيم و السبع المثاني*. دار إحياء التراث العربي، بيروت.

٩٩. **ابن بطوطة**، *رحلة ابن بطوطة (تُحْفة النُّظَّار في غرائب الأمصار و عجائب الأسفار)*. تحقيق: د. علي المنتصر الكتاني. مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الرابعة، ١٤٠٥ هـ.

**ابن تيمية**،

١٠٠. *الاستقامة*. تحقيق: د. محمد رشاد سالم. جامعة الإمام محمد بن سعود، المدينة المنورة، الطبعة الأولى، ١٤٠٣ هـ.

١٠١. *اقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم*. تحقيق: محمد حامد الفقي. مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٣٦٩ هـ.

١٠٢. *بيان تلبيس الجهمية في تأسيس بِدَعهم الكلامية*. تحقيق: محمد بن عبد الرحمن بن قاسم. مطبعة الحكومة، مكة المكرمة، الطبعة الأولى، ١٣٩٢ هـ.

١٠٣. *الحسنة و السيئة*. تحقيق: د. محمد جميل غازي. مطبعة المدني، القاهرة.

١٠٤. *دَرْءُ تعارُض العقل و النقل*. تحقيق: محمد رشاد سالم. دار الكنوز الأدبية، الرياض، ١٣٩١ هـ.

١٠٥. *الرَّدُّ على المنطقيّين*. دار المعرفة، بيروت.

١٠٦. *شرح العقيدة الأصفهانية*. تحقيق: إبراهيم سعيداي. مكتبة الرشد، الرياض، الطبعة الأولى، ١٤١٥ هـ.

١٠٧. *الصَّفَدِيّة*. تحقيق: د. محمد رشاد سالم. الطبعة الثانية، ١٤٠٦ هـ.

١٠٨. *منهاج السنة النبوية*. تحقيق: د. محمد رشاد سالم. مؤسسة قرطبة، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ.
١٠٩. *نَقْض المنطق*. تحقيق: محمد بن عبد الرزاق حمزة، سليمان بن عبد الرحمن الصنيع. تصحيح: محمد حامد الفقي. مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٥١,
١١٠. **ابن الجوزي**، *صِفة الصَّفْوَة*. تحقيق: محمود فاخوري، د. محمد رواس قلعهجي. دار المعرفة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٧٩.
١١١. **ابن حِبَّان**، *صحيح ابن حبان* بترتيب ابن بلبان. تحقيق: شُعَيب الأرْنَؤُوط. مؤسسة الرسالة ـ بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٣,
١١٢. **ابن عبد البَرّ**، *الاستيعاب في معرفة الأصحاب*. تحقيق: علي محمد البجاوي. الطبعة الأولى، دار الجيل ـ بيروت،١٩٩٢.
١١٣. **ابن عبد الوهاب**، سليمان بن عبد الله بن محمد، *تيسير العزيز الحميد في شرح كتاب التوحيد*. مكتبة الرياض الحديثة، الرياض.
**ابن كثير**،
١١٤. *البداية و النهاية*. مكتبة المعارف، بيروت.
١١٥. *تفسير القرآن العظيم*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠١هـ.
١١٦. **ابن ماجه**، *سنن ابن ماجه*. تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. دار الفكر، بيروت.
١١٧. **ابن مَنْظور**، *لسان العرب*. دار صادر، بيروت، الطبعة الأولى.
١١٨. **ابن هشام** (عن ابن إسحاق)، *السيرة النبوية*. تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد. دار الجيل، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤١١ هـ.
١١٩. **أبو داود**، *سنن أبي داود*. تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد. طبع دار الفكر.
١٢٠. **أبو رحمة**، محمد، *أسرار وراء الحجاب* (ترجمة و إعداد). الطبعة الأولى، ١٩٨٩. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٢١. **أبو السعود**، *إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم*. دار إحياء التراث العربي، بيروت.
١٢٢. **أحمد بن حنبل**، *المُسْنَد*. مؤسسة قرطبة، مصر.
١٢٣. **إمام**، حمادة، *دور الأسرة السعودية في إقامة الدولة الإسرائيلية*. مكتبة مدبولي الصغير، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٧. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٢٤. **الأمين**، السيد محسن، *كشف الارتياب في أتباع محمد بن عبد الوهاب*. تحقيق: حسن الأمين. الطبعة الثانية، ١٩٦٢. ضمن: *تاريخ آل سعود*. مكتبة الحرمين على الإنترنت (. Word

.(Doc

١٢٥. **البُخاري**، *الجامع الصحيح المختصر*. تحقيق: د. مصطفى ديب البغا. دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٧.

١٢٦. **البدري**، جمال عبد الرزاق (عضو اتحاد المؤرخين العرب)، *نَبِيِّ العراق و العرب* ـ رؤية تحليلية معاصرة في الشخصية التاريخية و الدينية و العصر السياسي للرسول العراقي العربي الكريم إبراهيم الخليل خارج المنظور الصهيوني. طبع الدار العربية، بغداد، ١٩٨٩.

١٢٧. **بريزار**، جان شارل و **داسكيه**، غيوم، *ابن لادن ـ الحقيقة المحظورة*. الطبعة الأولى ٢٠٠٢. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٢٨. **البيضاوي**، *أنوار التنزيل و أسرار التأويل*. تحقيق: عبد القادر عرفات العشا حسونة. دار الفكر، بيروت، ,١٩٩٦

١٢٩. **البَيْهَقيّ**، *سنن البيهقي الكبرى*. تحقيق: محمد عبد القادر عطا. مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، ١٩٩٤.

١٣٠. **الترمذي**، *الجامع الصحيح سنن الترمذي*. تحقيق: أحمد محمد شاكر و آخرين. دار إحياء التراث العربي، بيروت.

١٣١. **توكاريف**، سيرغي ا.، *الأديان في تاريخ شعوب العالم*. ترجمة: د. أحمد م. فاضل. الأهالي ـ دمشق، الطبعة الأولى، ,١٩٩٨

١٣٢. **الجبرتي**، *عجائب الآثار في التراجم و الأخبار*. تحقيق و شرح: حسن محمد جوهر، عمر الدسوقي، السيد إبراهيم سالم. لجنة البيان العربي، الطبعة الأولى، ١٩٦٦.

١٣٣. **جنيبير**، شارل، *المسيحية ـ نشأتها و تطوّرها*. ترجمة: د. عبد الحليم محمود. المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.

١٣٤. **حاجي خليفة** (مصطفى بن عبدالله القسطنطيني)، *كَشْف الظُّنُون عن أسامي الكُتُب و الفُنُون*. دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢.

١٣٥. **الحاكم**، *المستدرك على الصحيحين*. تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا. دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى، ,١٩٩٠

١٣٦. **الحسن**، حمزة، *الشيعة في المملكة العربية السعودية*. مؤسسة البقيع لإحياء التراث، الطبعة الأولى، ١٩٩٣. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٣٧. **الدارمي**، *سنن الدارمي*. تحقيق: فواز أحمد زمرلي, خالد السبع العلمي. دار الكتاب العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٧ هـ.

١٣٨. **دي كورانسي**، لويس، *الوهابيون ـ تاريخ ما أهمله التاريخ*. ترجمة: مجموعة من الباحثين.

رياض الريّس للكتب و النشر، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.
١٣٩. **الذهبي**، *سِيَر أعلام النُّبَلاء*. تحقيق: شعيب الأرناؤوط, محمد نعيم العرقسوسي. مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة التاسعة، ١٤١٣ هـ.
١٤٠. رزوق، د. أسعد، *التلمود و الصهيونية*. سلسلة كتب فلسطينية (٣١) ـ منظمة التحرير الفلسطينية، مركز الأبحاث، بيروت، ,١٩٧٠
١٤١. **الريِّس**، رياض نجيب، *رياح السَّمُوم ـ السعودية و دول الجزيرة بعد حرب الخليج ١٩٩١ ـ ١٩٩٤*. للكتب و النشر، لندن، الطبعة الخامسة، ,٢٠٠٢
١٤٢. سعيد، محمد علي، *بريطانيا و ابن سعود ـ العلاقات السياسية و تأثيرها على المشكلة الفلسطينية*. دار الجزيرة للنشر، الطبعة الأولى، ١٩٨٢. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
**السعيد**، ناصر،
١٤٣. *تاريخ آل سعود*. منشورات اتحاد شعب الجزيرة العربية. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٤٤. *حقائق عن القهر السعودي*. الصفا للنشر و التوزيع، لندن، الطبعة الأولى، ١٩٨٨. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
**السوَّاح**، فراس،
١٤٥. *آرام دمشق و إسرائيل، في التأريخ و التأريخ التوراتي*. دار علاء الدين، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٥.
١٤٦. *دين الإنسان ـ بحث في ماهيّة الدين و منشأ الدافع الديني*. دار علاء الدين، دمشق، الطبعة الرابعة، ,٢٠٠٢
١٤٧. *الوجه الآخر للمسيح ـ موقف يسوع من اليهود و اليهودية و إله العهد القديم، و مقدمة في المسيحية الغنوصية*. دار علاء الدين، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.
١٤٨. سوسه، د. أحمد، *مفصل العرب و اليهود في التاريخ*. الطبعة الخامسة، دار الحرية للطباعة ـ بغداد، ١٩٨١.
**السيوطي**،
١٤٩. *الإتقان في علوم القرآن*. مطبعة حجازي، القاهرة، ١٣٦٨ هـ.
١٥٠. *الدر المنثور في التفسير بالمأثور*. دار الفكر، بيروت، ١٩٩٣.
١٥١. **شلحت**، د. يوسف، *نحو نظرية جديدة في علم الاجتماع الديني (الطوطمية ـ اليهودية ـ النصرانية ـ الإسلام)*. تحقيق و تقديم: د. خليل أحمد خليل. دار الفارابي، بيروت، الطبعة الأولى،

٢٠٠٣.
١٥٢. **الشمراني**، عبد الرحمن ناصر، *مملكة الفضائح - أسرار القصور الملكية (السعودية)*. دار الإنسان، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٨. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٥٣. **صخر**، محمد، *آل سعود، من أين؟ إلى أين؟*. دار القصيم للطباعة و النشر، الطبعة الأولى، ١٩٨١. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٥٤. **الصفدي**، *الوافي بالوفيات*. باعتناء: إحسان عباس. طُبِع بمساعدة المعهد الألماني للأبحاث الشرقية، فرانز شتاينر، ڤيسبادن، مطابع دار صادر، بيروت، ١٩٦٩.
**الطبري**،
١٥٥. *تاريخ الأمم و الملوك*. دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٧ هـ.
١٥٦. *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥هـ.
**الطَّبَراني**،
١٥٧. *المعجم الأوسط*. تحقيق: طارق بن عوض الله بن محمد, عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني. دار الحرمين، القاهرة، ١٤١٥ هـ.
١٥٨. *المعجم الكبير*. تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي. مكتبة العلوم والحكم، الموصل، الطبعة الثانية، ١٩٨٣.
١٥٩. **عبد الله**، د. انور، *العلماء و العرش - ثنائية السلطة في السعودية*. مؤسسة الرافد للنشر و التوزيع، لندن، الطبعة الأولى، ١٩٩٥. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٦٠. **عثمان**، د. أحمد، *الأصول المصرية في اليهودية و المسيحية*. مكتبة الشروق، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.
**العَسْقَلاني**، ابن حَجَر،
١٦١. *الإصابة في تمييز الصحابة*. تحقيق: علي محمد البجاوي. الطبعة الأولى، دار الجيل - بيروت، ١٩٩٢.
١٦٢. *الدُّرَر الكامِنة في أعيان المئة الثامِنة*. دار الجيل، بيروت (عن الطبعة الأصلية بمطبعة دائرة المعارف، حيدرآباد الدكن، ١٣٤٩ هـ.).
١٦٣. **العقبى**، د. أحمد حسين، *أسرار لقاء الملك عبد العزيز و الرئيس روزفلت*. دار بساط، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٤. مكتبة الحرمين على الإنترنت (.Word Doc).
١٦٤. **علي**، د. جواد، *تاريخ العرب قبل الإسلام*. مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٥٤.
١٦٥. **فاسيلييف**، أليكسي، *تاريخ العربية السعودية*. شركة المطبوعات، بيروت، الطبعة

الثانية، ٢٠٠٠. مكتبة الحرمين على الإنترنت (PDF).

١٦٦. **الفرج**، ناصر، *قيام العرش السعودي ـ دراسة تاريخية للعلاقات السعودية البريطانية*. الصفا للنشر و التوزيع، لندن، الطبعة الأولى، ١٩٨٨. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٦٧. **فرويد**، سيغموند، *موسى و التوحيد*. ترجمة: جورج طرابيشي. دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٣.

١٦٨. **فوييه**، كلود، *النظام السعودي، بعد إيران.. هل جاء دور الجزيرة العربية؟* الوكالة العالمية للطباعة و النشر، الطبعة الأولى، ١٩٨٣. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٦٩. **الفغالي**، بولس، *في رحاب الكتاب، العهد الأول*. على موقع المؤلف (paulfeghali.org).

١٧٠. **الفيروزآبادي**، *القاموس المُحيط*.

١٧١. **القرطبي**، *الجامع لأحكام القرآن*. تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني. دار الشعب، الطبعة الثانية، ١٣٧٢هـ.

**القحطاني**، فهد،

١٧٢. *الإسلام و الوثنية السعودية*. ١٩٨٦. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٧٣. *زلزال جهيمان في مكة*. منظمة الثورة الإسلامية في الجزيرة العربية. الطبعة الأولى، ١٩٨٧. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٧٤. **المختار**، صلاح الدين، *تأريخ المملكة العربية، في ماضيها و حاضرها*. دار مكتبة الحياة، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٥٧.

١٧٥. **مُسْلِم**، *صحيح مسلم*. تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. دار إحياء التراث العربي، بيروت.

١٧٦. **مكلوغلن**، لزلي، *بن سعود ـ مؤسس مملكة*. ترجمة: د. محمد شيا. شركة المطبوعات، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٥. مكتبة الحرمين على الإنترنت. (Word Doc.).

١٧٧. **النّجّار**، د. كامل، *قراءة نقدية للإسلام*.

١٧٨. **النَّسَائيّ**، *السُّنَن الكبرى*. تحقيق: د. عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن. دار الكتب العلمية ـ بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩١.

١٧٩. **النيرب**، د. محمد، *أصول العلاقات السعودية الأمريكية*. مكتبة مدبولي، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٤. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

١٨٠. الهيثمي، *مَجْمَع الزوائد و مَنْبَع الفوائد*. دار الريان للتراث، دار الكتاب العربي، القاهرة، بيروت، ١٤٠٧ هـ.

١٨١. الوردي، د. علي، *دراسة في طبيعة المجتمع العراقي - محاولة تمهيدية لدراسة المجتمع العربي الأكبر في ضوء علم الاجتماع الحديث*. مطبعة العاني، بغداد، ,١٩٦٥

١٨٢. وِلْسُن، كولِن، *الإنسان و قُواه الخفّية*. ترجمة: سامي خشبة. دار الآداب، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٠.

١٨٣. الياسيني، أيمن، *الدين و الدولة في المملكة العربية السعودية*. دار الساقي، لندن، الطبعة الأولى، ١٩٨٧. مكتبة الحرمين على الإنترنت (Word Doc.).

٣. وتار:

ا. ويّب:

- به ئينگليزى:

184. **Beck**, Sanderson, *Assyrian, Babylonian, and Persian Empires*. Literary Works of Sanderson Beck Website, Ethics of Civilization. Vol. 1: Middle East & Africa to 1875 - Assyrian, Babylonian, and Persian Empires, Assyrian Empire. 2004.
@http://www.san.beck.org/1-6-Persia.html

185. **Beck**, Sanderson, *Ottoman and Persian Empires 1730-1875, Wahhabis and Saudi Arabia*. Literary Works of Sanderson Beck Website, Ethics of Civilization. Vol. 1: Middle East & Africa to 1875 - Ottoman and Persian Empires 1730-1875. 2004.
@http://www.san.beck.org/1-11-Ottoman1730-1875.html

186. **Lauren van Zoonen**, *Heliogabalus*. Livius. 2005.
@http://www.livius.org/he-hg/heliogabalus/heliogabalus.htm

187. **Lauren van Zoonen**, *Elagabal*. Livius. 2005.
@http://www.livius.org/ei-er/elagabal/elagabal.html

188. **Nathan**, Geoffrey S. (University of California - Los Angeles), *Theodosius II*. An Online Encyclopedia of Roman Emperors.
@http://www.roman-emperors.org/theo2.htm

189. *Shah Wali Ullah*. Story of Pakistan 2003.
@http://www.storyofpakistan.com/person.asp?perid=P064

190. *Saudi Arabia Backgrounder: Who are the Islamists?* ICG Middle East Report N°31, 21 September 2004.
@http://www.icg.org//library/documents/middle_east___north_africa/iraq_ira

n_gulf/31_saudi_arabia_backgrounder.pdf

191. **Schwartz**, Stephen, *Shariah in Saudi Arabia, Today and Tomorrow*.Washington, DC, February 2003.
@www.brook.edu/dybdocroot/FP/projects/islam/schwartz20030201.pdf

192. **Smith**, Mark S. (Skirball Professor of Bible and Near Eastern Studies, New York University), *The Origins of Biblical Monotheism: Israel's Polytheistic, Background and the Ugaritic Texts*. The Bible and Interpretation, 2000.
@http://www.bibleinterp.com/articles/MSmith_BiblicalMonotheism.htm

193. **Weir**, Anthony, *The Bektashi Order of Dervishes*. Beyond the Pale.
@http://www.beyond-the-pale.co.uk/albanian4.htm

- به عەرەبی:

١٩٤. *آل سعود يدمّرون الأماكن المقدسة في مكة المكرمة*. الحرمين، المقالات و الدراسات.
@http://www.alhramain.com/text/mkalat/139.htm

١٩٥. *أدبيات الفكر الإخواني مهّدت للعنف في السعودية*. الحرمين، المقالات و الدراسات، العربية ٢٠٠٥/٥/١٨.
@http://www.alhramain.com/text/mkalat/22.htm

١٩٦. **الباز، محمد**، *الوهابية تُعلِن إفلاسَها!* الوكالة الشيعية للأنباء، وِجْهة نظر، ٢٠٠٣/١/٢١.
@http://www.ebaa.net/wjhat-nadar/005/220.htm

١٩٧. **بلوند، فيليب و باست، أدريان**، *جذور الإرهاب الإسلامي*. صحيفة (إنترناشونال هيرالد تريبيون)، ٢٨ يوليو ٢٠٠٥. إسلام ديلي، ١٥ ذو القعدة ١٤٢٦ هـ.
@http://www.islamdaily.net/AR/Contents.aspx?AID=3576

١٩٨. **الحربي**، *مشكلة المعارضين من الاخوان للملك عبد العزيز - الجزء الاول*. شبكة شمّر. ٢٠٠٢/٨/٧.
@http://shmmr.net/vb/showthread.php?t=6829

١٩٩. **حسن، عبد المنعم**، *حوادث الحج بين الماضي و الحاضر، مقترحات أولية للحدّ من الخسائر البشرية*. الحرمين، المقالات و الدراسات.
@http://www.alhramain.com/text/mkalat/140.htm

٢٠٠. *الحرية الدينية للمواطنين في السعودية*. الحرمين، الدراسات، المعهد السعودي، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٤/٣/١٥.
@http://www.alhramain.com/text/drasat/19/9.htm

٢٠١. **الخميس، عبد العزيز**، *المؤسسة الدينية في السعودية: التيارات، التفاعلات، الخيارات الاصلاحية*. الحرمين، الدراسات، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٤/٩/٢١.

@http://www.alhramain.com/text/drasat/21.htm

٢٠٢. *الخيانة (السعودية) للقضية الفلسطينية منذ بدء العهد (السعودي) و حتى العهد الفهدي*. الحرمين، المقالات و الدراسات، رسالة الحرمين، السنة ٣، العدد ٢٧، آذار ١٩٩١.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/161.htm

٢٠٣. *دور العائلة الحاكمة السعودية بين الإرهاب و احتمال تقسيم البلاد*. الحرمين، المقالات و الدراسات، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٥/٢/١٣.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/59.htm

٢٠٤. **راشد**، أسعد، *الإرهابيون السعوديون يعقدون مؤتمر «مكافحة الإرهاب» في الرياض!* الحرمين، المقالات و الدراسات، شبكة راصد الإخبارية ٢٠٠٥/٢/٨.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/64.htm

٢٠٥. **الرشيد**، الدكتورة مضاوي، *محاكمة دعاة الإصلاح في السعودية: السلفية السلطانية حاربت البدع الدينية و كرّست البدع السياسية*. الحرمين، المقالات و الدراسات، القدس العربي ٢٠٠٥/٥/١٧.

@http://www.alhramain.com/text/mkalat/40.htm

٢٠٦. *سلطان بن بجاد ـ شخصية قيادية قوية*. منتدى قبيلة عتيبة. ٢٠٠٤/١١/٢٠.

@http://www.otaibah.net/m/showthread.php?t=11554

٢٠٧. **شاهين**، فايز، *آل سعود و الوهابية: لا يسقط أحدها دون الآخر!* الحرمين، الدراسات، شبكة راصد الاخبارية ٢٠٠٥/١/١١.

@http://www.alhramain.com/text/drasat/4/1.htm

٢٠٨. **عبد الرزاق**، ناجي حسن، *حقوق الإنسان و التفسير الديني.. مزاوجة سعودية خاصة*. لجنة الدفاع عن حقوق الإنسان في شبه الجزيرة العربية، بحوث و دراسات.

@http://www.cdhrap.net/text/bohoth/53.htm

٢٠٩. **العتيبي**، محمد، *معركة السَّبَلَة*. موقع قبيلة الخييلات.

@http://www.alkhyeyelat.com/vb/showthread.php?p=5254

**القحطاني**، عبد الله، *مَن هُم الخَوارِج*. موقع من هم الخوارج. ٢٠٠٣.

٢١٠. مقدمة الطبعة الثانية.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main2.html

٢١١. الفصل ١: التعريف بالوهابية.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main4.html

٢١٢. الفصل ٢: الجغرافية الوهابية.

@http://www.alwahabiya.20m.com/main5.html

٢١٣. الفصل ٣: التاريخ الوهابي.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main6.html
٢١٤. الفصل ٤: العقيدة الحشوية.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main7.html
٢١٥. الفصل ٥: نماذج من فكر القيادة الوهابية الجانح.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main8.html
٢١٦. الفصل ٦: علماء أهل السنة يجابهون الحشوية.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main9.html
٢١٧. الفصل ٧: الفقه الحَشْوِيّ.
@http://www.alwahabiya.20m.com/main10.html
٢١٨. الفصل ٨: الولاء الوهابي لمن؟!
@http://www.alwahabiya.20m.com/main11.html
٢١٩. **الكحل**، سعيد، *خرافة إنكار علاقة الإرهاب بالتعليم الديني* ٢/٣. صحيفة الحوار المتمدن، العدد (١٣٢٦)، ٢٠٠٥/٩/٢٣.
@http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=46231
٢٢٠. *المملكة العربية السعودية: من هم الإسلامويون؟* التقرير رقم ٣١ للمجموعة الدولية لمعالجة الأزمات (الشرق الأوسط)، ٢١ أيلول ٢٠٠٤. (Word Doc.).
٢٢١. *هدم آثار المسلمين و ترك آثار اليهود!!* منتديات الغريب، ٢٠٠٤.
@http://ghrib.net/vb/printthread.php?t=10063
٢٢٢. **الهشومي**، كمال، *الحقل الديني بالمغرب ـ الكرونولوجيا و إعادة الهيكلة*. صحيفة الحوار المتمدن، العدد (١٤٤٨)، ٢٠٠٦/٢/١.
@http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=56164

ب. گۆڤار و رۆژنامە:

٢٢٣. **فرحان**، د. ممو، *ضوء على الديانة اليزيدية*. مجلة الثقافة الجديدة، العدد (٢٤٣)، آذار ١٩٩٢.
٢٢٤. **هيكل**، محمد حسنين. صحيفة السفير، العدد (٨٩٣٨)، السبت، ٣٠ حزيران، ٢٠٠١.

# پێڕست


وتەیەك ........ ٣
دەروازە ........ ٨
◘ بەشی یەکەم: کورتەی مێژوی یەکتاپەرستی ........ ١٣
◘ بەشی دوەم: یەکتاپەرستی و توندوتیژی ........ ٤٣
◘ بەشی سێیەم: فرەپەرستی و لێکبوردن ........ ٦٠
◘ بەشی چوارەم: دەقگەرایی و توندوتیژی ........ ٦٥
● ئیبن حەنبەل ........ ٧٠
● ئیبن تەیمییە ........ ٧١
● ئیبن عەبدولوەهاب ........ ٨٣
● هێرشە وەهابییەکان ........ ٨٩
● قۆناغەکانی دەسەڵاتی سەعودی ـ وەهابی ........ ١٠١
■ کۆتایی قۆناغی یەکەم ........ ـــ
■ قۆناغی دوەم ........ ١٠٣
■ قۆناغی سێیەم ........ ١٠٤
♦ دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیخوان ........ ١٠٥
♦ ئیبن سەعود و بریتانیەکان ........ ١٠٧
♦ یاخیبونی ئیخوان ........ ١١٦
● هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕێبازی وەهابی ........ ١٢٣
● کاریگەری و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی ڕێبازی وەهابی ........ ١٣٥
● ئاڕاستە ئیسلامیەکانی عەرەبیای سەعودی ........ ١٥٩
■ ئاڕاستەی یەکەم: دامەزراوەی ئایینیی رەسمی ........ ١٦٠
■ ئاڕاستەی دوەم: ئاڕاستەی رابون ........ ١٦٢
■ ئاڕاستەی سێیەم: ئاڕاستەی جیهادی ........ ١٦٩
◘ بەشی پێنجەم: عیرفانگەرایی و لێکبوردن ........ ١٧٩
◘ بەشی شەشەم: بابەتگەلێکی تر کە رونکردنەوەیان پێویستە ........ ١٨٩
بیبلیۆگرافیا ........ ٢٠١

سرور عبد الرحمن البنجويني

# جذور العنف الديني

الطبعة الأولى
٢٠٠٧